گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

ژمارە ٧٩، ساڵی حەوتەم، گەلاوێژ ٢٧١٢ی کوردی، ئۆگێست ٢٠١٢ی زاینی

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەریی و نەخشەسازیی
پەیام ئەحمەد

web:www.henar.org
Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران، بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ
تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩

# هەنار


دەستەی نووسەران:

کارزان عەبدوڵڵا

ئەکرەم محەمەد ئەمین

نەورۆز جەمال

مستەفا زاهیدی

هەڵەچن:

مونا عەبدوڵڵا

ئاشنا جەمال

مۆتیف:

سیڤەر جەلال



تیراژ

٥٠٠


داوای لێبووردن لە خوێنەران و هەردوو هونەرمەند (ڕۆژگار مەحمود و ڕۆژگار عەبدوڵلا) دەکەین کە بە هەڵە لە ژمارەی (٧٨)دا، لە جیاتی (ڕۆژگار عەبدوڵلا) نووسرابوو (ڕۆژگار مەحمود).

# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| ئەزمونی ئانتۆلۆژیکاڵی شیعریی کورد... | عادل قادری | ٧ |
| دۆزینەوەی خود لە شیعردا... | ئارام سدیق | ٢٢ |
| ئارەزووی هەڵسەنگاندنی رۆمانێک... | بەختیار محەمەد | ٣١ |
| مرۆڤ لەنێوان "هیچ" و "ناکۆتا"دا... | ئومێد حەمە عەلی | ٤٨ |
| ماڵ لە ناشوێنەوە بۆ شوێن... | هیمداد شاهین | ٧٦ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| ١- یارییەکی کۆن و نوێ... | لەتیف هەڵمەت | ٨٥ |
| ئاسمان نابینم... | حەمە کاکەڕەش | ٨٨ |
| نائومێدم مەکە هاوڕێم، من ئەمرم،... | گۆران رەئوف | ٩٠ |
| چوار کورتە شیعر... | سارا زینەتی | ٩٤ |
| بەیانییەک... | داستان مارف ناسراو | ٩٦ |
| فریشتەی سووتاو... | ئارام کاکەی فەلاح | ٩٩ |
| سینەما خەیام... | غەفور ساڵح عەبدوڵڵا | ١٠٤ |
| چیرۆکێکی ئەبەدیی لە نامەیەکدا... | سیروان کەریم | ١١١ |

## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| گەشتێ بەناو کەشی شیعریی سۆهراب... | ناسر حەقپەرەست | ١١٩ |
| مۆراڵ، کێ دروستی کردووە؟... | سامان عەلی حامید | ١٣١ |
| SOUVENIRS یادەوەرییەکان...!! | حسێن ئەحمەد | ١٥٣ |
| کەنار دەریا... | محەمەد هاشمی | ١٥٩ |
| مردوویەک بە هەڵە... | حەمە قادر | ١٦٤ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| پەیکەرسازیی سەردەمی نوێ... | تەها ئەحمەد رەسوڵ | ١٧٣ |
| پێگەی سینەما لە رۆژهەڵاتی کوردستان و... | شەریف فەلاح | ١٨٢ |
| دیدار لەگەڵ فۆتۆگرافەری جەنگ (کەیت... | و. ئارا ئەمین | ١٨٧ |
| لەیلا حاتەمی: سینەما شوناسی منە... | و. جەواد حەیدەری | ١٩٣ |

# لێکۆڵینەوە

# لێکۆڵینەوە


- ئەزموونی ئانتۆلۆژیکاڵی شیعری کورد لە شیعری نوێدا — **عادل قادری**
- دۆزینەوەی خود لە شیعردا — **ئارام سدیق**
- ئارەزووی هەڵسەنگاندنی رۆمانێک — **بەختیار محەمەد**
- مرۆڤ لەنێوان "هیچ" و "ناکۆتا"دا — **ئومێد حەمە عەلی**
- ماڵ لە ناشوێنەوە بۆ شوێن — **هیمداد شاهین**

# ئەزموونی ئانتۆلۆژیکاڵی شیعری نوێی کوردی

عادل قادری

**هەر شتێک کە ئێمە ئەزموونی دەکەین، نە زۆرتر لە راڤەیەکە (تەئویلێکە) و نە کەمتر لە راڤەیەک، شتەکانی جیهان لە قـەوارەی دیسیپلینە بەهاییەکانی زەینی ئێمەدا راڤە دەکرێن و بەم چەشنە تاقانە جیهانێک کە دەشێت بناسرێت، جیهانی جیاوازییەکان، واتە جیهانی راڤەکانە.**

**(جیڤانی ڤاتیمۆ)**

**د.رەفیق سابیر و نێرۆڤانا**

ئەزموونی ئانتۆلۆژیکاڵ، یان بوونناسانەی د.رەفیق سابیر هەر وەکو لە ناوی شیعرە درێژەکەیشیدا واتە ((مێدیتاسیۆن)) دەردەکەوێت، نزیکە لە سۆفیگەری و عیرفانی بوودایی. ئەم ئەزموونە، بە قووڵبوونەوە یان باشترە بڵێم تێکەڵاو بوون و واڵاکردنەوەی خۆی لە هەمبەر جیهان و بوون، دەست پێدەکات و بە تێپەڕاندنی چوار ئەپیزۆد، کە هێمایە بۆ چوار قۆناغی تاقیکراو و پڕهەڵچوون و داچوونی ئانتۆلۆژیکاڵ، لە زەریای هێوری و پرسرەوتی"بوون"دا لەنگەر دەگرێت. ئەگەر گشتییەتی ئەم قۆناغە بچەمکێنم و تیۆریزەی بکەم، قۆناغی یەکەم بە قووڵبوونەوە لە بوون و سەرەتای هەڵنیشتنی چەمکەکانی تر لە قۆناغەکانی دواتردا ناوزەد دەکەم. هەر لەم قۆناغەشە کە رۆنان و پێکئانینی میتافیزیکێکی زەمینی واتە؛ ئەڤین، دەخرێتە روو، بە لێکدانەوەی جەستەی"تۆ"

یەکی زەمینی و کردنە رووگەی ئەم"تۆ"یە، ئەزموونێکی تر دەژی، بەڵام هەر زوو گومان و نیهیلیزم و لە هەمانکاتدا یاخیبوونێک دەردەکەوێت، کە بەرەو ئاسۆی روون و هەرێمی قۆناغی سێهەم، چاوبردوو و سەرنجراکێشمان دەکات، کە بە دەسپێکردنێکی نەرم و هێواشی گومان و نیهیلیزم کۆتایی پێدێت. قۆناغی دووهەم بە سەرەتای فامکردنی "زەمان" وەکو هاوکێشەیەک لەگەڵ بوون دەزانم و بە دەرکەوتنی ئەم هاوکێشەیە دازاین دەکەوێتە داوی حەقیقەت، هەبوون و ناسینی خۆی لە ئاوێنەی ئەوانیتردا و چەمک و زمانی بوونی جیهان ئەزموون دەکرێت و پرسیار و گومانی ئاگراوی، ئۆقرەی لێبڕیوە، تا شوێنێک سامناکی بوون باوەشی دایکی وەکو پەناگەیەک بە خەیاڵدا دێنێت و دازاین دەکەوێتە گریان و پەڵپ گرتنەوە. لە قۆناغی سێهەمدا دازاین بەسەر ترسی خۆیدا زاڵ دەبێتەوە، بەڵام خەمۆکی و پووچییەک جێگیری ترسەکە دەبن و ماوەیەک تێیدا پەلەقاژە دەکات، هەر ماوەیەک دوای ئەم نیهیلیزمی میتافیزیکییە، دازاین رووگەی خۆی لە "مێتافیزیکدا دەدۆزێتەوە و روودەکاتە ئاسمان، بۆ فڕین لە شەقەی باڵدەدات. لە قۆناغی کۆتاییدا وەگێڕ(راوی) واتە "دازاین"ی ناو ئەم شیعرە، بە گەییشتن بە یەقین و کەشفی حەقیقەتی "بوون"، قووڵبوونەوەی زیاتر و واڵاکردنی خەستری خۆی لە هەمبەر"تۆ"یەکی زەمینی و ئاسمانی، هەموو پرسیار و گومانەکانی خۆی کە پێشتر بۆی روویدابوو رەت دەکاتەوە و بە گوناه دەیاننرخێنێت، لە کۆتایدا و لە هەرێم و کەنارێکی ئارامدا و بەئیمانەوە، لە رۆخێکدا لەنگەر دەگرێت و بە مانایەک لە ئۆتۆپییایەکدا دەنیشێتەوە. واتە دەکرێت بڵێین گەیشتۆتە دۆخ و حاڵەتی نێرۆڤانا[1].

### بەختیار عەلی و شۆڕشی میتافیزیکی

ئەزموونی بەختیار عەلی ئەزموونێکی یاخیترە و هیچ کات پرسیار و گومانی لێ ناڕەوێتەوە و قەت ئەو یۆتۆپیا و شاری خەونەی کە لای رەفیق سابیر دێتە کایەوە، لێرەدا دەرناکەوێت. "بوون" وەکو ناوەرۆک و تیمێکی سەرەکی شیعرەکانی بەختیار عەلی بـەردەوام ئامادەیە و بە چەشنی جۆراوجۆر؛ ئاشکرا و نهێنی، دەردەکــەوێــت. بـەڵام ئـەم ئەزموونی ئانتۆلۆژیکاڵە، لە قەسیدەی "گوناە"دا زەقترین لایەنی هزری و پرسیار ئامێز



و گومان ئالوودی خۆی بە شێوازێکی ئیستاتیکی و جوانیناسانەی تایبەت بە جیهانی نووسەرێک بە ناوی "بەختیار عەلی" دەخاتە روو. ئەم قەسیدەیە کە لە هەشت ئەپیزۆد پێکهاتووە، لە گەڵ بنەڕەتی بووندا کێشەیەکی ئەوتۆی نییە لە سەرەتادا، ئەوەی کە پرسیار و گومان و یەخەگرتنی "خوا" لەم قەسیدەیەدا تۆخ و خەست دەکاتەوە، شێواز و چۆنیاتی بوونە، واتە؛ لە دیدی وەگێڕی ناو دنیای ئەم شیعرەدا میتافیزیکە ئاسمانییەکان و ئایدۆلۆژییە ئایدیالیستییە زەمینییەکان وەڵام دەرەوەی پرسیار و گومان و خەون و مۆتەکەکانی نین، بۆیە لەم روانگە و سۆنگەیەوە کە بنەڕەتی بوون دەخرێتە ژێر کۆمەڵێک پرسیارەوە و بە هۆی نەبوونی وەڵامێکی شیاو"نیهیلیزمێکی پرسیاری" لەم دەقەدا خۆی دەردەخات. لێکدانەوە و بەدواداچوونی ئەم قەسیدەیە کاری هەنووکەمان نییە و دەرفەتیشمان نییە، بەڵام وەکو دوا وتە ئەزموونی بەختیار وەکو چەشنێک لە "شۆڕش و یاخیبوونی میتافیزیکی" دەردەکەوێت، ئەگەر چی بێبەری نییە لە خواست و مەیلێک بەرەو داسەکنان و نیرۆڤانایەکی عیرفانی.

**شێرکۆ بێکەس و "تەسەووفی کوردایەتی"**

ئەزموونی شێرکۆ بێکەس، ئەزموونێکە کە زۆر لەگەڵ چەمک و هزر و تێڕامانی ئانتۆلۆژیکاڵ گرێ نادرێت، چوونکە نە ئاوڕێکی ئەوتۆ لە بنەڕەتی بوون دەداتەوە و نە پرسیارگەل و گومانگەلێکی قووڵ رووبەڕووی بوون دەکاتەوە. بەڵام ئەوەی شیاوی سەرەنجە، گێڕانەوە و ریوایەتێکە لە بوونێکی مێژوویی-رۆحی نەتەوەیەک لە دەقەکانیدا وەکو رۆمانە شیعری دەربەندی پەپوولە، کە دیدارێکی خەیاڵی و شیعرییانەی لەگەڵ "مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی میکاییلی" واتە نالی؛ دەبێتە هۆی هەڵهێنجانی ئیستاتیکای نالی بۆ ناو دەقەکەی خۆی و سامانێک کە نالی لە عەشقی "حەبیبە" هەیەتی، دەقۆزێتەوە و وەکو بوونێکی کوردییانەی ناو هەناوی مێژوو ئیستاتیکایەکی تایبەتی هەیە. شێرکۆ لە روانگە و گۆشەنیگای کوردێکەوە دەڕوانێتە بوون و جیهان و پرسیاریان بەرەوڕوو دەکاتەوە. کە ئەم روانگە کوردییەی شێرکۆ بێگومان خاڵی نییە لە هەندێک پرسیار و گومانی


Foto Alazawy. B

جیددی و زەق، کە زۆرتر لەسۆنگە و بە هۆی ئەو کارەساتانە کە بەسەر کورددا هاتووە، دەیخاتە ڕوو. کارەساتگەلێکی وەکو ئەنفال، هەڵەبجە، کۆڕەو، نیشتمانی پارچەکراو و... زۆرترین میکانیزم و لۆسەن بۆ تێرامان و پرسیار و گومانەکانی شێرکۆ بێکەس لە هەمبەر "بوون"دا. شێرکۆ بێکەس یەکێک لەو هەوڵ و ڕۆحانەیە کە "ڕەسەنایەتی" لە پێگەی کوردێکدا کە لەدۆخێکی تایبەتی "بوون"دا ژیاوە، بە شێوازێکی سەرکەوتووانە گێڕاوەتەوە. بۆ نموونە لە گۆڕستانی چراکاندا کە بۆ ئەنفال نووسراوە، ئەنفالە کە گومانی شێرکۆ بێکەس بە ئایدۆلۆژییە زەمینی و ئاسمانییەکان دەورووژێنێت و تووڕەی دەکات. یان لە دەقێکی تریدا(خۆم، ئەو کاتەی کە باڵندەم) "عومەری خاوەر" وەک هێما و سەمبوولێکی چەوسێندراو "شەهیدکراو"ی کورد(هەڵەبجە) بە سەرتاپای گۆی زەویدا دەفڕێت و هاوڕێکانی خۆی لە ژاپۆن و کوورەکانی ئاشۆیتس و بیرکناو و داخائۆ دەدۆزێتەوە و گومان لە ئۆمانیزم و دینەکان دەکات، بەڵام سەرەڕای ئەم تایبەتمەندییە زەقەی ناو دەقەکانی شێرکۆ توخمێکیتر کە هەردەم ژیان و مان بە بەر ئەم "بوونە"دا دەکاتەوە و لە پاکتاو بوون و کۆکوژی دایدەتەکێنێت، حەماسەتێکە کە وزەی هیوابەخشی شێرکۆ دەیداتە دەقەکانی. بۆیە عومەری خاوەر لەو گێڕانەوە خەیاڵییەدا و لە ڕێگەی فڕینەوە دواتر وەکو ڕێبەرێک داوەتی گەورە مرۆڤ دۆستانی جیهان دەبێت و لە کۆتاییدایە کە "نێلسۆن ماندێلا" و "حوسێن حوزنی موکریانی" دیاری تاقانەی خۆیان پێشکەشی دەکەن. دەکرێت شیعری شێرکۆ بەم تایبەتمەندییانەوە لە ژێر ڕێبازێکی گشتی "بوونی مێژوویی — ڕۆحی" کورد بە ناوی "تەسەوفی کوردایەتی" وێنا بکەین . جیهانی شێرکۆ زۆر دەوڵەمەندە کە دەبێت ئیشی زۆری لەسەر بکرێت و لێرەدا بەهۆی نەبوونی دەرفەت درێژەدادڕی ناکەم.

دەبێت لە دواجاردا بڵێم کە ناوهێنان و ڕیزکردنی ئەم شاعیرانە لێرەدا تەنها لەسەر پێوەری "ڕەسەنایەتی"، "بوونە" کە لە دەقەکاندا دەرکەوتوون، نەک بە گوێرەی مێژووی دەرچوون و نووسینی ئەم دەقانەوە. با ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە وشەی"بوون" هەر چەندە پاشگر بگرێتە خۆی و لەگەڵ وشەگەل و چەمکگەلی تردا لێکبدرێت و تێکەڵاو بێت، ڕەسەنایەتی خۆی لە دەست دەدات. بۆ نموونە بوون لای ڕەفیق سابیر بوونێکی بنەڕەتییە، بەڵام لای شێرکۆ بێکەس بوونێکی نەتەوەییە، کە ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە بوون لە جیهانی شێرکۆوە لە بنەڕەت و مرۆڤەوە، هاتۆتە سەر چینێک یان گرووپێکی کۆیی لە مرۆڤ کە نەتەوەیە.

**رەفیق سابیر و مێدیتاسیۆن**

((ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ "ڕووبەری کراوە" لەپێگەی بووندا))



هەروەکو لەسەرەوە و بە گشتی باسمانکرد "بوون" لە تێڕوانینی هایدیگەردا لە چەشنی فەزا و ڕووبەرێکی کراوە پێناسە دەکرێت و دواتر ئەم ڕووبەری کراوە پانتاکەی تەنکتر و تایبەتیتر دەبێت بۆ سەر چوار ڕووبەر، کە ناونراوە بە ڕووبەرە چوارینەکان و بریتیین لە: زەمین، ئاسمان، فانییەکان و خودا. شیعری مێدیتاسیۆن ڕووبەڕووبوونەوە و ئەزموونێکی دەروونییە کە لە هەمبەر ڕووبەری کراودا دەرکەوتووە و بێبەری نییە لە توخمەکانی ناو ڕووبەرە چوارینەکان. مێدیتاسیۆن (Meditation) کە ئەزموونێکی دەروونی کولتوور و بوونی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە، هەڵقوڵاوی کلتوور و بوونێکە کە (بوودا) و (دائۆ) ئەزموونیان کردووە و هایدیگەریش گەڕاوەتە سەریان. ئەم شیعرە وەکو پێکهاتە لە پێنج ئەپیزۆد پێکهاتووە و هەر ئەپیزۆد یان بەشێکی، هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەمسەرێکی زەمانی تایبەت کە بگێڕ یان دازایـن، تێیدا لە هەڵچوون و داچـوون دایە، دەستپێدەکات. لە سەرەتای دەسپێکی شیعرەکەدا بگێڕ(ڕاوی)ی ناو دەقەکە دەڵێ لەخەون یان زیندەخەونێکی میتافیزیکی تایبەت، سرەوتن و هێورییەکی قووڵ لە فەزایەکی دەرەزەمانیدا ئەزموون دەکات. "ڕاکشاو لەناو سرەوتندا وەک سێبەر/ بێدار وەک درەوشانەوەی ئاگر، دەڕوانم و/ یادەکان برووسکە ئاسا بە پڕتاو ڕەت دەبن". لەم سەرەتایەدا کە بگێڕەوە یان"ئاخێوەر" کە دوو دۆخی دژ لەیەکی بۆ گێڕانەوەی خۆی هەڵبژاردووە، واتە وەک سێبەر و وەک درەوشانەوەی ئاگر، هەر کام لەم دوو پێشوبهێندراوە(مشبەبە) دوو تایبەتمەندی جیاواز و تایبەت بە خۆیان لە پێشدا بۆ هاتووە. ڕاکشاو لە ناو سرەوت بۆ سێبەر و بێدار بۆ وەک درەوشانەوەی ئاگر هاتووە، ئەم تایبەتمەندییە دژانە کە هاوکات بۆ یەک بگێڕ وەک یەکەیەک کۆ کراوەتەوە، دەرخەری ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ جیهانێکی ناسرووشتی و بەدەر لە یاسا هەمەکی و ڕۆژانەییەکانی ناو واقیع دا ڕووبەڕووین و هەر لەسەرەتادا "غەرقی ئاو و ئاگرین"[٢] درێژەی شیعرەکە هێمایە بۆ سەردەمێک کە

لەناو بازنەی زەمان و واقیعی وشیاریدا ژیاوە ...دەڕوانم و/یادەکان برووسکە ئاسا بە پڕتاو ڕەت دەبن/ دەروازەکانی ڕوانین ئاواڵە بە ڕووی غەیبدا، بە ڕووی ئەبەدییەتدا کە وەک بەیان/ لە تافی لاویدایە"، ئەم دێڕانە بەشێوەیەکی سەیر دەرخەری ڕووبەرێکی کراوەن کە هەم جیهانی ناوزەمانی "بەیانی تافی لاوەتی" دەگرێتەوە و هەمیش "ئەبەدییەتی دەرە زەمان" ئەمانە هەمووی لە ...شوێن: هەموو جێیەک و هیچ شوێنێک/ فەزا: سارا/ کات: هەموو ساتێک و هیچ کاتێک، ڕوودەدەن. تائێرە دوو ڕووبەر لە ڕووبەری کراوە بە ڕاشکاوی و ڕووبەرێک لە قەوارەی ئاماژەدا دەرکەوتوون. ئەم ڕووبەرانە کە لە جیهانی هایدیگەردا جێگەی خۆیان هەیە، هەر بە ڕیزەوە فانییەکان، شوێن و کات، واتە زەمین لە خۆ دەگرێت. "من لەخۆمدا بۆ سێبەرەکانی بوون دەڕوانـم/ ڕیشەی خۆڵەمێشی ڕابردوو دەپشکنم و/ گوێ لەپەیڤینی ڕازەکان دەگرم،" لەم چەند دێڕەدا ئیرادە و وزەی کرداریيانەی وەگێڕ لەهەمبەر ڕووبەری کراوە، دەکەوێتە ڕوو، ئەگەر ڕووبەری کراوە واتە پانتای بوون بە زەینی ناوشیار بشوبهێنین، ئەم زەینە ناوشیارە ناتوانێت بە بێ زەینی وشیاربوونی هەبێت و دیالیکتیک و دانوستان یاسایەکی حاشاهەڵنەگریانەی، ئەگەر تەنانەت بەدواداهات و ئەنجامی دانوستانەکەش نادیار بێت، بەڵام تا ئێستەی شیعرەکە وەگێڕ لە هەمبەر بووندا وشیاربۆتەوە و دەیەوێت بۆ هەڵکۆڵینی پەیڤینی ڕازەکان بکەوێتە چالاکی، بۆیە؛ "لە خۆمدا بۆ سەرەتاکان دەگەڕێم/ کە وەک زەمان بێ سەرەتا و/ وەک خەون و زایەڵە بێ شوێنەوارن/ لەو دیو شتەکانەوە چاو بۆ ڕوونی دەگێڕم/ دەستەکانم لە سپێدە هەڵدەکێشم و/ گزینگ بێدار دەکەمەوە" دوای کەوتنە گەڕی وزەی وشیاری لە هەمبەر بووندا و پێوانی چەند وێستگەیەکی شوێنکاتی، وەگێڕ تووشی داچڵەکان و سەرسووڕمانێک دەبێت لە هەمبەر ڕازاوی و ڕووتبوونەوەی هاوکاتی ڕووبەری کراوە و وەکو بڵێی بەرگەی بوون ناگرێت و لەم هەرێمە بەرفراوانەی بووندا، خەریکە ون دەبێت؛"ئەی تاکبوونەوەی ڕۆح مەوداکانم چێ بکە!/ڕووەو لووتکەی درەوشانەوەم بەرە! من گەڕانم بۆ دۆزینەوەی ونبوونە/ دیالۆگە لەگەڵ ڕووناکی،/ دابڕانم ڕامانە لە ڕاماندا/سەفەرێکی ئەبەدییە بە گوماندا" ئەم ونبوون و داچڵەکانەی ئەو لە هەمبەر بووندا دەبێتە چرای ڕێگای: "لە تاکبوونەوەمدا ڕازەکان ئازادم دەکان/ پەیڤینم: هێمایە/ تەنیاییم: سەربەستی ڕوانین و پرسین". لەئاکامدا زەین یان ڕۆح(Geist) باوەڕ بە بوونی جەستە دێنێت و دەیدۆزێتەوە؛ ئەی خولیاکانی جەستە سەرروەری خۆتان دەرخەن/ بەهانەی مانەوەو مانای چاوەڕوانی و سەفەرم بدرکێنن!" بە گەییشتنی سووژە(دازاین) بە ئاوەها

قۆناغێک کە تێگەییوە لە سەرەتای سەفەرێکدایە تا ژووری مەرگ پرسیارەکان لە دایک دەبن؛"بەڵام چۆن بە تەنیا تینوویّتی گڵ بشکێنم؟چۆن بەهانەی سەفەر و مانای مانەوەم بسەلمێنم؟" هەر دوای ئەم پرسیارانەشە کە ئەزموونی خۆی لە ناو بووندا دەست پێدەکات و دەکەوێتە دڵەڕاوکێی چاکە و خراپە؛ "وەک تاڵە تیشکی گومڕا لە سێبەری تەڵخی دارستان و تاریکی ئالاوین/...ئەوە چارەنووسی جەستەیە کە لە دالانی گوناە و لەزەتدا/ مەوداکان وندەکات و/ پشت دەکاتە سەرەتا و کۆتایی خۆی،" بەسەرنجدان بەوەی کە لەم دێڕانەدا جێناو لە تاکەوە دەبێتە کۆ، واتە لەمنەوە بۆ ئێمە دەگۆڕێت، بۆمان دەردەکەوێت کە سووژە بوونی گشتی لێردا بۆ دەرکەوتووە و خۆدی "بوون" وەکو ڕووداوێکی نەرێنی پێناسە دەکات، کە یەخەی کۆی مرۆڤی گرتووە؛ چۆن ڕازەکان بدوێنین کاتێک پەیڤەکان لە مانا تەنگترن/ چۆن ئامادەبوون بۆ بەسەرچوون،/فۆرم بۆ ڕوانین دابێنین" تا ئەم قۆناغە سەرەتا و کۆتایی سەفەرەکە ئاسۆی خۆی لە ڕووبەری کراوەدا بۆ سووژە دەرخستووە و ژیان و مەرگ و عەدەم و هەرمانەوە دەهۆنێتەوە و بووە بە کەڵکەڵە و دڵەڕاوکێی و لە ئاکامدا دەڵێت ؛ "بڕوانە چ نەهاتێک ڕووی تێکردووین!". درێژەی هەوڵی مەعریفی سووژە بە فراوانی و ناکۆتابوونی "بوون" شڵەژان و ونبوونی بە دیاری بۆ دێنێت؛ "شتەکان ئاوێنەی سەرەتاکانیان بوون/ ڕاستیش بە ئاوکردنی سەراب/ من وەک چاوەکانت ڕوونی ئاو و شینی سامالم پۆشیبوو/ لە لێواری ونبووندا/ مات وەک پەلکەزێڕینە چاوەڕێ بووم/ تۆ شێوەی شتەکان بوویت و نوورت ئاسۆ و ئاوەدانی". لەم سەفەری بوون و"نەبوونەدا" دازاین(سووژە) شتێک دەدۆزێتەوە و دادەبەزێتە هەرێمێک کە بە وشەی بانگکردن واتە "تۆ" دەیگێڕێتەوە، ئەمە قۆناغی ئەڤین و عەشقە کە لە چاوەکانی"تۆ" وە دەستپێدەکات و لە لێواری ونبووندا چاوەڕوانی دەکات، "تۆ" بڵێی ئەم قۆناغە، بوونێکی ترە یان قۆناغێکە لەو سەفەرەی؟! کە دەڵێت؛ "خۆت ڕووت کەوە!/ با جیۆگرافیای ڕۆح ببینم/ بە لەسەر جەستەت شوێنەواری خۆم بخوێنمەوە./ خۆت ڕووت کەوە!/تا ڕوونی غەیب و کۆتاییەکان ببینم" ئەپیزۆدی یەکەم بە جەمسەرێکی زەمانی"نازەمانییەوە" درێژەی دەدات؛ "هەوا باراناوی/ بەیان ڕەنگەکانی خۆی دەچنێتەوە،/ سارا ماوەی نێوان من و بوون پڕ دەکاتەوە/... من سەفەرم لە وەستاندا/ درەوشانەوی هەقیقەتم لە گوماندا/...ئەم دەربڕینانە لە چەمکی ئەلسێئیا نێزیکمان دەکەنەوە، کە مەبەستیانە بڵێن تاریکی بۆیە دیارە چوونکە ڕووناکی و ڕۆژ لەو ساتە دا نیین و بە پێچەوانەشەوە؛

"من کوژانەوەم هەڵبوونە/ زایەڵەیە بێدەنگیم/ بوونم جەوهەری بوونە، من

پارسەنگی شتەکانم بە هارمۆنیای رۆح راگرتووە". کەواتە ئەپیزۆدی یەکەم لە خەونی "بوون"ەوە تا تێگەییشتن لە بوون و ئەزموونە رۆحییەکانی "مرۆڤ" لە ئاوێنەی "تۆ" دا سەفەر دەکات.

ئەپیزۆدی دووهەم بە تێگەییشتن لە زەمان دەستپێدەکات، زەمانێک کە بەدەرە لە مانا رێکەوتوویەکەی و ناخرێتە بازنەی پێوەر و پێوانەی ژمارەکانەوە؛ زەمان لای هایدیگەر نە درێژاییە و نە ئەندازەیی و هێڵییە، بەڵکوو قووڵبوونەوەیەکە بۆ فام و درکی"بوون". شەو وەک منداڵێک لەسەر باسکم پاڵکەوتووە/ من شەونخوونی شەو دەخوێنمەوە/ دەمەوێت مەودایەک چێبکەم بۆ سەفەر.../... روو لە داهاتوو بکەم کە غەیبی هەڵگرتووە/ دەشێت زەمانی من لەو دیو زەمانەوە سەرهەڵبدات/ مێژووی من لەو دیو مێژووەوە دەست پێ بکات/ من لە ناخی خۆم رادەمێنم تا رازەکانی جەستە بدرکێنم". لێرەدا هەمدیس تێڕامنە لە بوون و زەمان، بەتێکڕایی؛ "بێهوودە بوو کاتێک ئاسۆم دەخستە سەر ڕان و/ جەستەم وەک مێرگێکی تینوو بۆ باران رادەخست، زەمانیش وەکو یادەکان بە پڕتاو رەت دەبوو/ دالآنی سەرابی مەحاڵم دەپشکنی و.../بە نیازی خۆرووناک کردنەوە بە قووڵایی/ تاریکیدا رۆدەچووم/ لە ناخی بەستەڵەکدا خۆم گەرم دەکردەوە". لێرەش دیسانەوە ئاماژەیەک بە ئەلسێئیا هەیە ؛ "بۆ رووناک بوونەوە بە قووڵایی تاریکی دەبێت رۆ بچێت؛ واتە تاریکی دەبێت باش بناسرێت تا هێزی رووناکیمان بۆ دەرکەوێت." بەڵام هەر دوای ئەم ئەزموونەشە کە پرۆتێست و ناڕازی بوونی دازاین لە "هاتنە بوون" دەردەکەوێت؛ ئەو خۆی تەنانەت بە جەستەش کە وەکو جەستەی مێرمنداڵێک نیگاری دەکات، تەیار و ئامادەی ئەم سەفەرە نەبینیوە. ؛ "کوا رەوا بوو بە جەستەی مێرمنداڵانەم پەناگەیەک لە ونبوون و بۆشایی،/ ئارامگەیەک لە ترس چێبکەم! بە پێیە ساواکانم مێژوویەک لەسەر بەرد بنووسمەوە، یان بەتاقی تەنیا تەرمە شپرزەکان ئارام کەمەوە، مردووشۆر و گۆرهەڵکەن و زێوان هەر تەنیا خۆم بم!/ چ شەڕێکی نابەرابەر و دۆڕاو بوو!/ گەڵایەکم وەک شمشێر لە رووی ئاسماندا هەڵدەبڕی و هاوارم دەکرد: کوا رەوای هەقە؟کە من نازانم بۆ لێرەم!/ کە پەنا دەبەم بۆ مردن داڵدەم نادات!/ بڕوانە! رێکەوت چ ئاژاوەیەکی ناوەتەوە، زەرورەت چ بەڵایەک". ئەم دوو دێڕەی کۆتایی واتە دیالیکتێکی نێوان زەروورەت و رێکەوت کە دەرخەری هاوکێشەی ململانێی بوون-زەرورەت-رێکەوتە، زەینی (ستیڤەن مالارمێ) شی بە خۆوە سەرقاڵ کرد بوو و لە ئەنجامدا بەرەو چەشنێک لە میتافیزیک و پرسی فەلسەفی خۆکوژی رایکێشا، هەر ئەو پرسە فەلسەفییەی کە ئالبێر کامۆی نووسەریش

بە ڕەسەنترین پرس و تاقانەترین پرسی فەلسەفی دایدەنێت. ئایا زەروورەت ڕێکەوتە یان ڕێکەوت زەروورەتە؟

با ڕێگای شیعرەکە بگرین؛ "باسکەکانم وەکو دوو لقە ڕووناکی بەرەو رووت ڕاگرتووە./ تۆ لە دایکبوونێکی دیکەیت و / شێوەی غەیبت گرتووە/ تۆ شتێکت لەگەڵ خۆت هێناوە نە لە بەیان دەچێت/نەلە شێوان/ نە لە بوون دەچێت نە لە نەبوون/ من خۆم داوەتە دەستە ڕازگرەکانت/ هەر خۆت چارەنووسی منیت". تۆ وەکو ئارکی تایپێک (Arche taype)[٣] کە لە مێژووی بوونی مرۆڤدا دەشێت باسی لێبکرێت و بە یەکێک لە قودسی و پیرۆزییەکانی مرۆڤ ناوزەد دەکرێت و دواتر دەچێتە بازنەی ئەفسانە و پەرستشەوە و یاساکانی دەتوانن پاساوهێنەوەی بوون و بەدواداهاتەکانی بن. لێرەش "تۆی ئەڤین" خەریکە ڕاز و پرسیارەکانی دازاین دەکاتەوە و ئەمەش دازاین خۆی گەییشتۆتە ئەو قەناعەتە کە خۆی "بداتە دەستە ڕازگرەکانت" و ڕازیبوون و زەمانی بۆ بگێڕدرێتەوە، بەڵام ڕەوتی زەمان بۆ دازاینی دەردەخات کە ئەم ڕووگەیە دەبێت پرسیاری لە سەر بکرێتەوە، چوونکە بوونی ئەویش لە ناو بوون و ڕووبەری کراوەدایە و "تۆ" داهێنەری بوون نییە. ؛ "ڕێگاکان بە داڵانی تاریکیدا شۆڕدەبنەوە/ هەق ڕەشماڵی سەرکەوتووانە/ مێژووش ئاوێنەی دەسەڵات./بۆ هەر پەیامێک بە خەون دەستپێدەکات کەچی بە خوێنباران تەواو دەبێت؟/ چەند پێک دەچن پەیامەکانی ئاسمان و زەمین!

بۆ تا ئێستە زەمین دیلی ئاسمانە؟/ ڕاستی: سەراب/ بۆ تا ئێستا زەمان تەختی بکوژانە؟/ کە وێنەی لێڵ و سەرەوخواری خۆم ڕواڵەتی بوونمە/ کە بیرچوونەوە ڕووناکترین هەقیقەتە.../ مەرگ تاکە شایەتە و ئێمەش نازانین لە کوێین، ئەمە ئەڤینە یان ونبوون؟" هەر وەکو لەم دێڕانەدا سەرابییەت و زەمنییەت و کۆتایی بوون باڵی بەسەر ئەم تۆیەی ئەڤینیشدا کێشا و ڕووبەڕووی پرسیاری کردەوە، بۆیە دازاین هەمدیسان لە داڵانەکانی ونبووندا شۆڕدەبێتەوە و نۆستالۆژیایەک بۆ سەرچاوەی بوونی جەستەیانە و بیۆلۆژیکانەی خۆی، واتە دایکی دێتە ئاراوە؛ "ڕێگاکان بە کۆڵانی ونبووندا شۆڕدەبنەوە/ وەکو جۆگەلە باران لە کەناری هیچدا کوێردەبنەوە/ئەگەر ئێستا لەوێ مانگەشەوە یان ئەنگوستە چاو، بەیانە یان شێوان/ بەمن چی!/ من بیری باوەشی دایکم دەکەم/ ... من چیم داوە لە ناو و شێوەی بتەکەم/ چیم داوە لە ڕەنگی کفنەکەم/ لە ناسنامەی بکوژەکەم/... من بیری باوەشی دایکم دەکەم./کوا ئەم کۆچە سەرەتا بوو؟" هەر وەکو دیارە لەم قۆناغەی تەمنی زەینی و ڕۆحی دازایندا بە زەخت و ونبوون و شڵەژانێک کە بوون بەسەریدا هێناوە، تووشی نۆستالۆژیای ڕابردوو دەبێتەوە و ئامێزی

دایکی دەکاتە پەناگە و وەک لە دەربڕینی شیعریانەی دازاینیشدا دیارە لەم قۆناغەدا وەک منداڵێکە کە پەڵپ و وڕک دەگرێت و بە رووبەری کراوە کە خۆیشی بەشێکە لەو رووبەرە، منداڵئاسا دەڵێت: کوا ئەم کۆچە سەرەتا بوو؟ واتە بیانوو لە دەستپێکردنی سەفەر دەگرێت.

ئەپیزۆدی سێیەمیش بە جەمسەر و دەروازەیەکی زەمانی دەستپێدەکات ئەگەر لە ئەپیزۆدی یەکەمدا جەمسەری زەمان شەو بوو لێرەدا رۆژە، کە وەک دەردەکەوێت لەم دوو ئەپیزۆدەدا ئەلسێئیا لە نێوان شەو و رۆژ، تاریکی و رووناکی لە سووڕدایە و دەکرێت هەر کام لەم حاڵەتانە رێگە و دەربیجەیەک بۆ ناسین و درکی ئەویدی بکەنەوە. "رۆژەکان رەتدەبن و تەمێکی پەمەیی وەک سێبەر دامدەپۆشێت/ شەو بەسەر دەستمدا دەچەمێتەوە./ تاریکی سنووری خۆی دەبەزێنێت،/ رۆژەکان بۆشایی نێوان من و بوون پڕدەکەنەوە/.. من لەو دیو تاریکییەوە چاو دەگێڕم.../ئەو رازانە دەخوێنمەوە کە خۆڵ و ئاو و هەتاو لە سەر هەڵچوونی درەخت، تینووێتی/ لەسەر گەڵا دەینووسنەوە/لەو دیو چاکە و گوناهەوە خولیاکانی جەستە دەلاوێنمەوە/ بە بۆشاییدا دەڕوانم/ ... پەنا دەبەم بۆ کیمیای شتەکان کە بە خۆم نامۆ دەکەن./ من خۆمم و خۆشم نیم/ شتەکانیش تەنیا وێنەی کاڵ و بەخۆ نەچووی خۆیانن" ئەمە سەرەتای نیهیلیزم و پووچی و بۆشایەتییە لە درێژەی ئەزموونی دازایندا؛ "من چرایەکی تاریک و پشکۆیەکی سەهۆڵینم، تاوێرێکی نەرم و هەورێکی رەقهەڵاتوو، تەرمێکی گەڕۆکم تەنراوم بە نەفرەتی خودا و پەشیمانی،/ بە مەترسییەکەوە کە لە ژیان سەرچاوە دەگرێت". دیسانەوە دەگەڕێتەو بۆ پرسیارگەلێک کە پەیام و مانای جیاوازیان پێیە؛ "سەر لە نوێ دەگەڕێمەوە بۆ پەنایەکانی رۆح، کە پڕن لە گومان و حەسرەت، پڕن لە پڕی و بۆشایی، مەودای نێوان خۆم و ئایندە بە پرسیار دەتەنم/ من کێم؟ لەکوێڕا هاتووم؟ کۆ سنوورەکانی نێوان بوون و نەبوونم داپۆشیوە./ من چیم؟ کە ئەم بۆشاییەم پڕکردۆتەوە و سێبەرەکەم رواڵەتی بوونمە!/ چۆن رێم کەوتۆتە ناو ئەم قوڵاییە" هەر وەکو دیارە پەیامی ئەم پرسیارانە کە هەندێکیان کە پێشتریش کراون جیاوازە و تێمێکی پووچخوازانەی تێدایە، وەک بڵێی دازاین دوای ماوەیەک تێپەڕاندنی سەفەرەکەی و ئەزموونی ئاڵۆز و پێچەڵپڵووچی، لە پڕێکدا کەوتۆتە سەر خۆ و هەڵوێستە و رامانێکی قووڵتری کردووە و هەستێک لە سووک بوون و بابراوی دایدەگرێت. ؛ "هەڵەبوو یان سیستەمی تەبایی دژەکان، رێکەوت بوو یان سزا: سزای خوێندنەوەی تاریکی و پڕکردنەوەی بۆشایی، ... سزای گوناهی باوەشلێکدانی من و خەون./ ئەمە رێکەوتە یان زەروورەت؟"

ئەگەر چی ئەم وشانە جۆرێک بانگەشەی ئیمان و باوەڕیان تێدایە و دازاین پانتای رووبەری کراوەی دابەزاندووە بۆ یەک رووبەر و رەهەند کە ئەویش ئاسمانە؛ "من عەودالْی فڕینم، فەزام سەردابە و... وێڵی رووناکی و رەهابوونی رۆحم"بەڵام ئەم باوەڕە بە ئاسمان باوەڕیشە بە زەمین، ئیمان بە مەرگ و ماهییەتی مەرگ، ئیمان و باوەڕێکی قووڵیشە بە ژیان و لێرەدایە کە سێ رووبەر لە رووبەرە چوارینەکانی هایدیگەر دەردەکەوێت؛ واتە ئاسمان، زەمین، فانییەکان، ئەگەر درێژەی شیعرەکە بگرین رووبەری چوارەمیش کە خودایە دەردەکەوێت و بە دەربڕینێکی سکالاّئامێزەوە بوونی رەنگدەداتەوە و "تۆ" یەک دێنێتە ئاراوە کە بانگی خودای دەکات؛ "مردن هات و تۆ نەهاتی،/دەشێت من لە ونبوون و چاوەڕوانیدا بەند بم، بەندی گومان، بەندی گوناە و پەشیمانی، بەندی پەیڤە بێدەنگ و ماناکان، یان بەندی تەنیایی و خەیالاّتی خۆم". ئەم دۆخە کە بەم وشانە نیگار کراوە دەتوانین بە قۆناغی "نیهیلیزمی مێتافیزیکی"[٤] ناوزەدی بکەین کە بە جۆرێکی سۆفیانە و عەبدانە، گلەیی لە بوونێک دەکات کە خراوەتە ناوی و تاسەی دووری و هیجرانی خۆی لە خودا دەردەخات. بەڵام ئەمەش شتێکی تێپەڕ و کاتییە و پرسیار و گومانی دازاین کۆتایی بۆ نییە، بۆیە دەست بە داوێنی میتۆلۆژیا و خودایەکی ئووستوورەیی یۆنانی کەونارا دەبێت کە ناوی سیبیلە و خودا و ئیلاهەی پێشگۆیی و پێشبینییە؛ "سیبیل! ئەمە پێشبینییە، یان راستی؟/ سەرەتایە یان کۆتایی؟ کە من نازانم لە کوێم!/ بۆشاییەک بە جێدێڵم قووڵاییەک لەسەر رێمە/ قووڵاییەک دەکەمە شوێن بۆشاییەک چاوەڕێمە/ کەچی..." لێرە بەدواوە وەگێڕ هەندێ میتافۆڕ یان خوازە دەخاتەروو کە بەدەرن لە سرووشت و هەناوی بنەڕەتی "بوون" بەڵکوو دەستکرد و سازێندراوی هێزگەلێکە کە گوتار و مانیفێستی جۆربەجۆر دەیخەنە بەردەمی تاکەکانی کۆمەڵگا و زۆربەی کات لە سرووشت و حەقیقەتی بوون دایاندەبڕن، بۆ نموونە "با" و "شەو" لێرە دا مانای چەشنێک هێز و هەیمەنە و دەسەڵاتە کە بەسەر دازایندا دەسەپێت ؛ " لە ئێوارەوە "با" دوام کەوتووە/ "با" یاری بە سێبەرە باراناوییەکەم دەکات/ شەویش باڵای خۆی وەک ئاوێنەیەکی لێڵ لە روومدا راگرتووە.../ یادەکان تێکەڵاوی یادەکان دەبن، زەمان تێکەڵاوی زەمان، دیمەنەکانیش برووسکە ئاسا تێدەپەڕن....گەلە سەگێک کە بە وەڕین شەو دەپشکنن/ یاری بە شۆڕە لقی درەختەکان دەکەن و بۆن بە تریفەوە دەکەن.../ من بۆ لێرەم؟/ بۆ ((با)) بەرۆکم بەرنادات؟/ کۆردێلا! ئەگەر ژەهراوت هێناوە بێنە بینۆشم/ ئەمە زیندە خەونە، یان راستی کە من نازانم بۆ لێرەم.../کوا ئەمە پیشەی منە؟/ کوا ئەمە جێگەی منە؟" وەکو باسمان کرد

دازاین لە ئاڵمانیدا بە واتای "لەوێندەرێ بوون" دێت و ئەم زاراوەیە هەڵگری یەکەم بیرۆکە و تاقانە گریمانەیەکە لە هەمبەر "بوون" دا ئەویش بەو واتایەیە کە پێشمەرجی"بوون" لەوێندەرێ بوونە ، لە ئێستای شیعرەکەدا دازاین شەکەتی پێوە دیارە و بۆن وبەرامەی نیهیلیزمی هێشتا لێ نەڕەویوەتەوە، بۆیە دووجار پرسیار لە جێگە و"ئەمێندەرێ بوون" کە مەبەست هەر هەمان لەوێندەرێ بوونە، دەکات، من بۆ لێرەم؟ کوا ئەمە جێگەی منە؟ ئەم هەڵچوون و داچوونە دازاین بە باوەڕێکی رەها ناگەیەنێت و بوار بۆ خواستێکی پۆزیتیڤیستیانە و یەقینی کە لە ناخیایەتی ناکاتەوە، بۆیە بڕیار دەدات؛ "کوا ئەمە شێوەی منە؟کوا ئەمە رێگای منە؟/ با رێگام بەرەو هەر گۆشەیەکی دنیا بێت/ تەرمەکەم خۆڵەمێش و گۆڕەکەم دەریا بێت". ئەم دێڕانە کە کۆتایی ئەپیزۆدی سێهەمن، تێهەڵچوونەوە و نۆژەنبوونەوەیەک لە وەگێڕ دەخاتە روو و خواستی تێکەڵبوونەوە و رژانەناو رووبەری کراوە لە قەوارەی میتافۆڕی دەریا و خۆڵەمێش دا شەپۆلان دەدا.

ئەپیزۆدی چوارەم و کۆتایی وەکو باقی ئەپیزۆدەکانی تر بە زایەڵەی زەمانەوە دەستپێدەکات، بوونی ئەم هێما زەمانییانە لە سەرەتا و دێڕی سەرەتای سێ ئەپیزۆدی کۆتایی و پێشتر لە دووتوێی ئەپیزۆدی یەکەمدا بە شێوەکی راشکاوانە و لە قەوارەی پێکهاتدا، زەمان بە رەهەندێکی بەرین لە بوونایەتی دازاین و وەگێڕ دەزانێت. لە سەرەتای ئەم بەشەدا و دواتر لە درێژەشدا گۆڕانێک دێتە بەرچاو، کە دازاین لە ناو سرەوتن و هێورییەکی سۆفیانەدا دادەسکنێت، تەنانەت وشەی شەو کە هێمایە بۆ زەمان لە گەڵ وشەی بخووردا لێکدراون و تێکەڵ کراون، کە واتای ئەوە دەگەیەنێت دازاین ماهییەت و چییەتییەکی بۆ زەمان دۆزیوەتەوە. ؛"بخوورە شەوێک، دارستانێک لە ئەستێرە/ کە لە قووڵایی ساماڵدا وەک پاپۆڕ مەلە دەکات/ تەختە خەوێک لە تریفە و زەردەگەڵا کە بۆنی جەستەی گرتووە/ راکشاوم لە ناو سرەوتندا بێباک وەک تەرم،" ... لەم بەشەدا گۆڕان بە زەقی دەرکەوتووە و زایەڵە و وێنەکان و مێتافۆڕەکانی ئەم بەشە بە تەواوەتی لە بەشەکانی پێش جیاوازن. ؛"گژەبا لە گەڵ خۆی گەڵا وەریوەکان و شەپۆلی تاریکی دەشڵەژێنێت/ رازەکان و پاشماوەی یادەکان دەورووژێنێت./ شەوێکی ئاوێنە بەندە، شتەکان سەرمەستی درەوشانەوەن.../ شەو بەلەمێکی سرەوتگرتووە و منیش لە ناویدا/ وەک ماسیگرێکی ماندوو لە سەر پشت راکشاوم/ خەونەکان دێن و بەخێرایی لە کۆڵانی بێداریدا ون دەبن/ ئاخۆ زەمان خەونئاسا ئاواڵەیە یان وێنەی بێداری تەنراو/ سەفەرەکەم سەرەتایە یان کۆتایی؟" لەم بەشەدا ماهییەت و پەیامی ئەم پرسیارانە لە هێمنی و سرەوتنەوە دێت، نەک شڵەژان و گومانەوە،

ئەو دەیەوێت بزانێت ئەم سەفەرە چەندی ماوە کە ئەو لە بێدارییەکەیدا خەونەکانی ببینێت و بیهۆنێتەوە. ؛" گژەبا یاری بە رەنگەکان دەکات و چەند گەڵایەک لەسەر جەستەم بەجێدێڵێت/ دیمەنەکان لە تافی درەوشانەوەیاندا، دەڵێی دەچنە ژوان/ بە پڕتاو رەتدەبن: منداڵیم کە وەک نەناسێک بۆم دەڕوانێت/ مردن، کە بە نێو شەپۆلەکاندا دێت/ نیوەی شەوین/ نیوەی وەک تریفە زیوین". لەم دێڕانەدا مەرگ کە بەردەوام مۆتەکەی فەناکەر و کۆتایی هێنەری دازاین بوو، لێرەدا جێگەی خۆی وەردەگرێت و مانایەکی ئەرێنی و سرەوتئاسا بە خۆی دەگرێت، هەر چەند هۆکاری ئەمەش رەنگە لە دوا رستەی هایدیگەردا ببینینەوە کە گووتبووی: مەگەر لە ئەنجامدا خودایەک بە هانامانەوە بێت. لە تێڕوانینی هایدیگەردا مردن یەکێکە لە تواناییەکانی دازاین و ئەوەی کە دازاین دەمرێت خۆی شتێکی ئەرێنییە و مردن(نەک مەرگ) هیچ کات یەکێک نییە لە کێشە چارەنەکراوەکانی مرۆڤ. لەم بەشەی شیعردا وا دەردەکەوێت کە خودا بە هانای دازاینەوە چووە. لە درێژەشدا هەر ئەم تێم و مانایە بەردەوامە؛ "رۆژە سیما پایزییەکان، کە لە شەقامی نەهاتدا بێ شوێنەوار ون دەبن/ روخساری دۆستێکی دێرین: ئەبەدییەت،/ کە لە فەزای ئەندێشەدا خەرمانەی داوە". ئێستا کە لە درێژەدا دیسان بە شێوازێکی زەقتر دۆزینەوە و ئەلسێئیای خوا بۆ دازاین دەسەلمێت و تەنانەت حاشا لە گومان و پرسیارگەلێک دەکات کە لەسەرەتای تەمەنییەوە گەڵاڵەی کردبوون، تەنانەت لێرەدا بە هاوردنەوەی دێڕە شیعرێکی مەولانا خالیدی نەقشبەندی[٥] عارف و سۆفی کورد بەندایەتی و عەبدایەتی خۆی بۆ خودا دەردەخات؛ "من چۆن بەسەر ئەم رێکەوتەدا کەوتم؟/ لە کوێ ساتە کورتەکانی ئازادیم ون کرد؟/ چۆن لە سۆراخی خەون و مەحاڵدا/ بوومە سەرحەڵقەی گوناهکاران؟ چۆن هەقیقەتم گۆڕییەوە بە گومان؟/ خۆت رووت کەوە! تا لەبەر ئاوێنەی جەستەتدا رۆح ببینم،/ خۆت رووت کەوە!/ من لە روونیدا پێدەگەم، لە روونیدا رادەبمەوە". دێڕی"خۆت رووت کەوە!" ئەگەر لە بەشەکانی پێشودا ئاماژە و هێمایەک بوو بە ئەڤین و عەشقێکی زەمینی، لێرەدا ئاماژەیە بە خۆشەویستییەکی ئاسمانی و ژوورەزەمینی، کە سەرچاوەی رووناکییە و دەبێتە هۆی پێگەیین و رابوونی دازاین. "لە سۆراخی پارچەکانمدا بێ ئاگا دەڕژێمە ناو تەوژمی رووناکییەوە./ تۆ وەرزێکت داهێنا بۆ پرسین و سەفەر، پەیڤێنت پێشنیاری خەون و ئازادی بوو./ بدوێ! تا شتەکان درەوشانەوەی خۆیان دەربخەن،/ تا لە سەر لووتکەی بێکۆتایی بتبینین و راستی وەک مەشخەڵ هەڵببڕین..../ بدوێ تا ژیان بێتە پەیڤین./ ئیدی لە کوێ بۆت بگەڕێم؟/ خۆتیت جەوهەری شتەکان/ خۆتیت سەرەتا و کۆتایی،/

مانای بوون و مان و زەمان.../ خۆت زەرووڕەت، جەبری ڕێکەوت بەتۆوە ژیانە، ژیان."/ ئەم رستە و دێرانە لە دۆزینەوە و کەشف و شهوودێک هەڵدەقوڵێن و مانایەکی کۆتایی و هەتاهەتایی بۆ حەقیقەت بینراوەتەوە، ئەگەرچی هەر لەم بەشەدا دێڕگەل و رستەگەلێک کە لە قۆناغی ئەویندا دەربڕابوون، لێرەش و بۆ نموونە لەو دێڕانەی کە ئێستا دێمە سەریان دووپات دەبێتەوە، بەڵام واتایەکی زەمینی بەو وشانە ناهێڵێتەوە و لە رووی ئیستاتیکا و جوانیناسییەوە، شتێکی ئەفسووناویە کە لە ڕێگەی میتافۆرێکی زەمینییەوە تەعبیر لە بوونێکی ئاسمانی و دەرەزەمینی بکرێت، واتە ڕێگەی گەییشتن بە ئاسمان لە زەمینەوە دەستپێ بکەی. "باسکم وێنەی دوو لقە ڕووناکی/ بەرەو رووت هەڵدەبڕم./ تۆ سپێدەیت لە شێواندا/ درەوشانەوەی حەقیقەتیت لە گوماندا/ لە تۆ دا ماناکان یەکتری تەواو دەکەن/ وەکو شەپۆل یەکتری دەسڕنەوە/

ئاینەکان بەیەک دەگەن/ دژەکان تەبا دەبنەوە". وەکو دیارە ئەم "تۆ" یە لێرەدا "تۆ" یەکی جیاواز و میتافیزیکێکی بان زەمینییە و لەو تۆیە دایە کە رووبەری کراوە هەموو پانتای خۆی دەگوشرێت و دەگوشرێت تا تەنکتر بێتەوە بۆ دازاین، تا بیکات بە رووبەرە چوارینەکان و لە رووبەرە چوارینەکانیشدا کە بریتین لە زەمین، ئاسمان، فانییەکان(مرۆڤ یان دازاین) و خودا، بە یەکیەتی و یەکانگیرییەک بگات کە هەمووی لە میتافۆڕی "تۆ" یەکی ئەفسووناوی و رازاویدا چڕ دەبێتەوە. درک و تێگەییشتنی دازاین لەم یەکیەتی و هاوتەباییەی "بوون" کە تەنانەت دژەکانیش تەبا بوونەتەوە، ڕێبازێک و ڕێگایەک دەخاتە بەردەمی دازاین کە زۆر جیاوازترە لە ڕێگا گوماناوی و دواتر یەقین خوازەکانی پێشوو. با بزانین لە کۆتایی شیعرەکەدا و بەو پێناسە و تێگەییشتنەی کە دازاین لەو "تۆ"یە چڕ و تەژییە دەیکات، دازاین چی بە سەر دێت. ؛"تۆ لە دایکبوونێکی دیکەیت شێوەی غەیبت گرتووە/ منیش لەسەردەمێکی دیکەدا وەک زارۆکێک بۆ باوەشت هاتوومەوە./وەنەوشەییین پەڵە شەونماوییەکانی رووم/ هەتاو گرن نسارەکانی دڵ./ هاتوومەوە لە خەڵوەتدا سۆز دەکەم و لە بەر چۆڕاوگەی ڕووناکیتدا دادەگیرسێم و ناسووتێم،/ دەسووتێم و وەکو قەقنەس جارێکی دی رادەبمەوە/ بەدەم ژانی سووتان و شەکەتیی بەرزە فڕییەوە/ لە فەزای تۆ دا سۆز دەکەم.../ تۆ وەک زەمان بێ سەرەتا و بێ کۆتاییت/ وەک ڕووناکی بێ شێوازیت.../ بەمن چی سەرەتا گوڵ بووبێت یان هەوا.../ سەرەتای من: لەگەڵ تۆدا دەستپێدەکات/ سەرەتای من: لەو دیو تۆوە تەواو دەبێت". ئەم کۆتاییەی کە دازاین وەکو ڕێگە و ڕێباز بانگەشەی چی بۆ دەکات، هەمان باوەڕ و ئیمان و میتافیزیکی خۆرهەڵاتییە،

که هایدیگەر بەرەو بوودا و دائۆ و ڕێبازی زێن[٦] ڕاکێشا، چڕبوونەوە و یەکانگیری بوون لە "تۆ"دا. کە خەون و واقیعی ڕۆژهەلأت بووە بە گشتی، سەرزەمینی شیعر و سۆفیگەری و قەقنەس و ئەفسانە. ڕەنگە ئەم شیعرە دوا وتەکەی هایدیگەر ((لە چاوەڕوانی خودایەکدا کە دەبوایە بەهانامانەوە بێت))، هاوردبێتە دی. هەر بۆیەشە لێکۆڵەران هایدیگەر بە دواهەمین میتافیزیکخوازی ڕۆژئاوایی ناوزەد کرد و برایان مەگیش بە شتێکی "پێش مەزهەبی" ناوی لێدەبات.

### ژێدەرەکان:


١- هایدگر- جف کالینز، هاوارد سلینا- ترجمە صالح نجفی
٢- شعر، زبان و اندیشەی رهایی، مارتین هایدگر- ترجمە:د.عباس منوچهری
٣- اگزیستانسیالیسم و اصالت بشر، ژان پل سارتر، ترجمەی **مصطفی** رحیمی
٤- مردان اندیشە، برایان مگی، ترجمە: عزت الله فولادوند
٥- هایدگر و شاعران، ورونیک،م، فوتی، ترجمەی عبدالعلی دست غیب
٦- بە تەنیا جێی مەهێڵن، سەرجەمی شیعرەکانی ڕەفیق سابیر
٧- تا ماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە، بەرهەمە شیعرییەکان- بەختیار عەلی
٨- ئۆنتۆلۆژی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، پرۆفیسۆر محەمەد کەماڵ
٩- خوێنەری کوشندە، بەختیار عەلی
١٠- زەوی سەخت و ئاسمان دوور، مارف ئاغایی
١١- ژمارەیەکی؟ ڕۆژنامەی ئێران


### پەراوێز:

(١)نێرۆڤانا، دواهەمین قۆناغی عیرفانی بوودابیە و لە عیرفانی ئیسلامیدا هاوواتای پلەی کەماڵ دێت، نیرۆڤانا بە واتای "ڕزگار بوو" دێت.

(٢)ئاماژەیە بە شیعری سۆفی و عارفێکی کورد کە ناوەکەیم لە بیر نییە.

(٣)واتە نازەمانی دەبێتە پێوەری پێشڤەچوون لە ناو زەماندا.

(٤)چەمک و تێزێکی دەروونناس و وەک دەیڵێن فەیلەسووفی سویسرایی کارل یۆنگ، کە بە واتای پێکهاتگەل و ڕۆنراوگەلی کۆیی بیچمگرتوو لە بەستێنی مێژوودا.

(٥)من کە سەر حەڵقەی گوناهکارانم - سەرتۆقی جەرگەی شەرمەسارانم
سەرتا پا غەریق لوجەی عوسیانم - سفتەی نائیرەی نار حیرمانم

(٦)ڕێبازێکی فەلسەفی و یان عیرفانیە کە یەکێکە لە ڕێبازەکەنی لقی مەهیانەی ئایینی بوودا، وەکو نەریتیش دەڵێن زێن بریتییە لە کردار و ئەزموونگەلی سۆفییەکی پارێزکار بە ناوی "بۆدی دارمایە".

# دۆزینەوەی خود لە شیعردا

## خوێندنەوەی شیعری (مۆبایلەکەم وەک پشکۆ لە خوێنەکەمدا دەکوژێنمەوە)ی پشتیوان عەلی



ئارام سدیق

شیعر چییە؟ لە ئێستادا بە چ جۆرە تێکستێک دەوترێت شیعر؟ ئایا شیعر چ پێناسەیەک بەسەریدا دەبڕێت و دەکرێت پێناسە بکرێت، یان ژانرێکی بەدەرە لە پێناسە و هەر هەوڵێکیش بۆ پێناسەکردنی شیعر بێجگە لە هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوە لەماڵی شیعر هیچی تر نییە. هاوکات دەکرێت بپرسین بۆ هەندێک شیعر چێژبەخشە و هەندێک شیعری تر بێزارکەرە؟ یان بۆ هەندێک تێکستی شیعریی لامان دەمێننەوە و هەندێکی تر تەنها لە کاتی خوێندنەوەیدا بەری دەکەوین و دواتر دەسرێنەوە؟

ئایا شیعر تەنها دەبێت بەرهەمی هەست و سۆز بێت، یان فیکریش ئامادەیی هەبێت تێیدا؟ ئەگەر فیکر ئامادەیی لە شیعردا هەبێت، ئایا هەست و سۆز و ئیقاع و ریتم نابنە قوربانی؟ ئەگەر دەبنە قوربانی ئەی شیعرە جوانەکان لەچی

پێکهاتوون. بێگومان دەکرێت بێسنوور پرسیاری تر لەمەڕ شیعر بخەینەڕوو، بەڵام ڕەنگە پێناسە ریزکردن نەمانگەیەنێتە هیچ مەنزڵگەیەک، بۆیە باشترە خۆمان بۆ چنگکەوتنی وەڵامی ئەو پرسیارە سادانەی سەرەوە ئامادە بکەین.

بێگومان شیعر ناتوانێت وەڵامـدەرەوەی هەموو پرسیارەکانی مرۆڤ بێت، هەر بۆیە مرۆڤ پەنای بۆ داهێنانی ژانری تری ئەدەبی و ڕێگەی تری گوزارشتکردن بـردووە و بەردەوامیش بـەدوای دۆزینەوەی ڕێگەی تردا دەگەڕێت. هەربۆیە شیعر تەنها لە توانایدایە هەندێک لە پرسیارەکانی مرۆڤ وەڵام بداتەوە و زۆرجار زیاد لەو ڕۆڵەی وەکو ژانرێک لەسەر شانییەتی، دەیگرێتە ئەستۆ، بۆیە زۆرجار زیانی جۆراوجۆری بەرکەوتووە. بۆنموونە زۆر تەوزیفکردنی فیکر لەنێو شیعردا دواجار بە زیانی شیعرییەت و خودی شیعر تەواو دەبێت. هاوکات زاڵکردن و ڕەنگدانەوەی (گوتاری شۆڕشگێڕی) لە شیعردا دیسان بە زیانی شیعر کۆتایی دێت، بەو پێیەی هەمیشە گوتاری شۆڕشگێڕی بەرئەنجامی قۆناغێکە و ڕەنگە پاش چەند ساڵێک، یان تێپەڕبوونی ئەو قۆناغە ئەو دەقە شیعرییانە ئەو هێزەی پێشوویان لەدەست بدەن. ئەی چۆن هەندێک دەقی شیعر لە یۆنانەوە گەیشتووە بە ئێمە و تا ئێستاش هەر چێژبەخشە و نەمردووە؟

بێگومان ئەمە نهێنی شیعرە؟ کاری شیعر دۆزینەوە و کەشفکردنی ئەو نهێنییەیە، یان هەوڵدانییەتی بۆ گەیشتن بەو نهێنییە، کە ڕەنگە هەندێکجار مەرج نییە بدۆزرێتەوە، هاوکات شیعر کارکردنە لەسەر کێشە خودییەکانی ئینسان. ئەو تێکستانەی نەمرن و تا ئێستا توانای خوێندنەوەییمان هەیە، ئەو تێکستانە کە (مرۆڤ) تێیدا سەنتەرە و کێشە خودییەکانی مرۆڤ تێیدا ڕەنگدانەوەی هەیە.

بۆ ئەوەی زیاتر لە باسەکە دوور نەکەومەوە، ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ قسەکردن لەسەر ئەو پرسیارانەی سەرەوە و هاوکات خوێندنەوەی دەقێکی (پشتیوان عەلی) بەناوی (مۆبایلەکەم وەک پشکۆ لە خوێنەکەمدا دەکوژێنمەوە) کە لە ژمارە (٧٣)ی گۆڤاری هەناردا بڵاوکراوەتەوە. ئەم شیعرە جیا لە شیعرەکانی تری ئەم شاعیرە دەکرێت قسەی لەسەر بکرێت و لەم نووسینەدا هەوڵی خستنەڕووی چەند لایەنێکی دەدەم.

**لە شیعرەوە بۆ نائومێدیی**

ڕەنگە باشتر بێت لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، کە شیعر لە کوێی ژیاندایە

و مرۆڤ چی لە شیعر دەوێت؟ یان مرۆڤ بۆ شیعر دەنووسێت؟ ئەگەر شیعر نەبێت، ژیان چۆن دەبێت؟ لەڕاستیدا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە زۆر گرنگ و قورسن. هەر بۆیە رەنگە بەئاسانی وەڵام نەدرێنەوە. ئەوەی هەیە ئەوەیە شیعر زیاتر گوزارشتکەرە لە چرکەساتەکانی نائومێدیی مرۆڤ. ئەگەرچی دەیان دەقی شیعری بۆ دەربڕینی ئاسوودەیی مرۆڤەکان نووسراوە، بەڵام لە بەرامبەردا بە ملیۆنان دەقی تر هەیە، کە هەموویان لێوانلێون لە نائومێدیی و ئەو چرکەساتانەیان نووسیوەتەوە، کە مرۆڤ نائومێدە لە ژیان و دەوروبەر.

شاعیری پۆلەندی شیمبۆرسکا لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: "دواجار من خەریکم ژیان دەکەم، دەبینم، دەبیستم، هەست دەکەم و سەراسیمە دەبم. ئەگەر شتێک ئازارم بدات، لەبارەیەوە شیعر دەنووسم. رازی شیعر نووسینی من لەمەدایە". ئەگەر لەم قسەیەی (شیمبۆرسکا) وردبینەوە، دەبینین شیعر کاتێک دێت، کە ئازار ئامادەیی هەیە. بۆیە دوانەی (شیعر) و (ئازار) هاونشینن و پێکیشەوە ئاوێتە دەبن. لەبارەی نەمریی شیعریشەوە (شیمبۆرسکا) دەڵێت: "شیعر هەرگیز نامرێت. لەبەر ئەوەی هەمیشە شتانێک هەن، کە جگە لە شیعر ناتوانی بە شتیتر دەریانببڕی".

لە شیعری کلاسیکەوە تا ئێستا بەردەوام نائومێدیی ئامادەییەکی تەواوی لەنێو شیعری کوردییدا هەبووە و هەریەکە لە نالی و مەحوی نموونەی ئەو شاعیرە نائومێدانەن، کە بەشی هەرە زۆری دیوانەکەیان بۆ نائومێدیی تەرخان کراوە. هاوکات لە شیعری نوێشدا لەگەڵ هاتنە ناوەوەی دەیان تێمای تر ئەم نائومێدییە بەردەوامی هەیە تا لای (حەمە عومەر عوسمان) دەگاتە ترۆپک و لە دیوانی (لەغوربەتا)دا مانیفێستی رەشبینی خۆی تۆمار دەکات. لە ئێستادا شیعری نەوەی نوێ بەدەر نییە لەو نائومێدییەی کە درێژکراوەی ئەو ئەزموونانەی پێشوو و هاوکات ژیانی ئێستای نەوەیەکە، کە نائومێدیی بەرۆکی بەرنادات. ئەگەر (پشتیوان) وەکو نموونەی ئەو نەوەیە وەربگرین کە نائومێدیی لە خوێنیاندایە و لەوێوە دەبێتە شیعر، دەبینین لەم شیعرەدا نائومێدیی دەنووسرێتەوە و هەر لە یەکەم دێڕەوە ئەوە بۆ خوێنەر بەیان دەکرێت، کە ئەو تا دوا ئاست نائومێدە.

شاعیر لە دەستپێکی شیعرەکەدا دەنووسێت:

**ئیدی تەواو**
**وەک چۆن ئەمرۆیەک هات**
**رۆژێکیش دێ پەنجەرەکانم بە کراوەیی ئەخەمە سەر پشت**
**لە دووڕیانێکدا پڕ بە سینەم مردن هەڵدەمژم**
**رۆژێک دێت هەردوو گوێم بەتاریکی بئاخنم.**

لە یەکەم دێڕەوە شاعیر کۆتایی خۆی و ترۆپکی نائومێدیی بەیان دەکات، کە ئەمەش لای من پەڕینەوەیەکی نوێیی نائومێدییە لەڕێی شیعرەوە. پەڕینەوەیەک کە پێشتر لای (بەرزان هەستیار) لە شیعری (ئێوارەیەک بۆ خۆکوشتن)دا رەنگدانەوەی هەبووە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە ئەمجارە (نائومێدیی) بە فۆرمێکی نوێ و بە وێنەی نوێوە و لای شاعیرێکی نوێ و نەوەیەکی نوێ خۆی مانیفێست دەکات. نەوەیەک دنیا لەبەردەمیدا کراوەیە، بەڵام ژیان لەبەردەمیدا داخراوە. نەوەیەک هیچ بەختەوەری ناکات و هەست دەکات بووەتە بار بەسەر ژیانەوە. وەک چۆن پاڵەوانی فیلمی (دەریا لە ناوەوە– The Sen Inslde) کە پاڵەوانێکی ئیفلیجە و بڕیاری خۆکوشتن دەدات. پاڵەوانی ئەم فیلمە هەست دەکات بووەتە بار بەسەر ژیانەوە و هیچ سوودێکی، نەک بۆ کۆمەڵگە نییە، بەڵکو بارە بەسەر خێزان و برا و کەسەکانییەوە. (رامۆن) ناوی پاڵەوانی ئەو فیلمە، بۆیە بڕیاری هەڵبژاردنی مردن دەدات، چونکە تەنها بەسەر زیندووە و لاشەیەکی مردوو و بێهەستی هەیە. لەم شیعرەی پشیتوانەوە تەواو ڕووبەڕووی (رامون)ی پاڵەوان دەبینەوە، کە نەوەیەک هەیە خۆی بە زیادە دەزانێت بەسەر کۆڵی ژیانەوە، بۆیە بڕیاری مەرگی خۆی دەدات، یان مەرگ بەتەواوی ئامادەیی لەم دەقەدا هەیە.

یەکێک لە جوانییەکانی ئەم تێکستە ئەوەیە کە هەر لە دەستپێکەکەوە شاعیر دوا نوقتەی ژیانێک دادەنێت، کە ئەو تێدا دەژی و خوێنەر بەری دەکەوێت، کە شاعیر چیدی نایەوێت لەو ژیانەدا بمێنێتەوە. بۆیە ئەم پەڕینەوەیەی (پشتیوان) لەڕێی شیعرەوە بۆ نائومێدیی ئەگەرچی بەدەر نییە لەو پێشینانەی خستمانەڕوو، بەڵام دەکرێت وەکو مانیفێستی نەوەیەکی نوێی نائومێد بیخوێنینەوە، کە ئەم نەوەیە وەکو (رامون) خۆیان بەبار بەسەر ژیانەوە دەبینن.

**وێنەکانی خۆکوشتن**

وێنەکانی خۆکوشتن لە شیعری کوردییدا وێنەگەلێکی زۆرن. ڕەنگە نەتوانین ئاماژە بە (هەموو، یان بەشی هەرە زۆریان بکەین)، بەڵام لێرەدا چەند نموونەیەکی هەرە دیار باس دەکەین و دواتر دەچینە لای شیعرەکەی (پشتیوان) و بەرهەمهێنانی وێنەکانی خۆکوشتن لەم شیعرەدا.

مەحوی نموونەی ئەو شاعیرانەیە، کە بە ڕاستەوخۆی هەستی خۆکوشتنی لە شیعردا دەربڕیوە و لە چەند شیعرێکدا ڕەنگدانەوەی ئەمە دەبینین. ڕەنگە دیارترین نموونە، شیعری (کە دیم ئاڵۆزە چاوی)بێت. کە لێرەدا دوا بەیتی شیعرەکە وەکو نموونەیەک لێوەردەگرین:

**بەخۆکوشتن نەجاتی خۆ بدە (مەحوی) وەکو فەرهاد**
**لە زۆری قاهرەمانی عیشق ئەفەندم هەر ئەجەل بەشتە**

لـەم بەیتە شیعرەوە هەستی (خۆکوژیی ڕاستەوخۆ) لای مەحوی ڕەنگدەداتەوە، کە ئەم خۆکوژییە لە شیعری نوێدا لای (حەمە عومەر عوسمان) دیسان بەهەمان ڕاستەوخۆی ئامادەییە و بەتایبەت لە شیعری (خۆکوشتن)دا. هاوکات ئەم هەستی نامۆیی و نائومێدییە لە شیعری نوێدا تۆختر دەبێتەوە و لە دوای ڕاپەڕیندا لای (بەرزان هەستیار) بەتەواوی ڕەنگدەداتەوە و بەتایبەت لە بەشی هەرە زۆری دەقەکانی نێو کۆمەڵە شیعری (گوناهەکانی دڵنیایی)، کە بەهەمان شێوەی (مەحوی و حەمە عومەر عوسمان) شاعیر هەستی (خۆکوژیی ڕاستەوخۆ)ی دەربڕیوە.

بۆ ئەوەی زیاتر لە باسەکە دوور نەکەومەوە دەمەوێت لێرەوە باس لە وێنەکانی خۆکوژیی بکەم لای (پشتیوان). لای ئەم شاعیرە وێنەکانی خۆکوژیی تـەواوی ئەم شیعرەیان داگیر کـردووە و هاوکات لەگەڵ ئەوەی بەهەمان شێوەی شاعیرانی سەرەوە (خۆکوژیی ڕاستەوخۆ) دەبینرێت، بەڵام وێنەی ناڕاستەوخۆی خۆکوژیشی تێدا دەبینرێتەوە، کە لێرەدا دەمەوێت وێنەکان دەستنیشان بکەم:

بەر لەوەی باس لە وێنەکانی خۆکوژیی بکەم، حەز دەکەم ئاماژە بەو زەمینەسازییە شیعرییە بکەم، کە شاعیر بۆ میوانداری خۆکوژیی پەیڕەوی کـردووە هەر لە یەکەم دێـڕەوە کە دەنووسێت (ئیدی تـەواو)، کە یەکەم

زەمینەسازییە بۆ ئەو نائومێدییە قوڵەی لەم شیعرەدا رەنگدانەوەی هەیە. هەروەها لە شوێنێکی تر دەنووسێت (بەم نزیکانە کوژرانم شێوازی خۆی وەردەگرێت). پاش ئەم رستەیە بە چەند دێڕێک یەکەم وێنەی خۆکوشتن دەردەکەوێت، کە لەم دێڕەدا دەیبینینەوە (پێویست بوو لە کوژانەوەکانی سەرم بەئاگابیت). ئەگەر بە وردی لەم وێنەیە وردبینەوە تێبینی ئەوە دەکەین، شاعیر وێنەیەکی ناڕاستەوخۆی خۆکوژیی کێشاوە. (کوژانەوەی سەر) وێنەیەکە خوێنەر لەبەردەم خۆیدا رادەگرێت.

وێنەی دووەم لەم دوو دێڕە شیعرەدا دەردەکەوێت: (ئەمجارە گەر ویستم بمرم/ خۆم بە بورج و تاوەرەکانی تۆ ئەپێوم)، ئەم وێنەیەش وێنەیەکی راستەخۆی خۆکوشتن دەنووسێتەوە، بەو پێیەی شاعیر خۆی مردنەکانی خۆی هەڵدەبژێرێت.

وێنەی سێیەم ئەو کاتە بەیان دەبێت، کە شاعیر دەنووسێت: (کە دڵ دوایین لێدانی خۆی ئاوارەکرد)، ئەم وێنەیەش دیسان شاعیر لەبەردەم وێنەیەکی ناڕاستەخۆی خۆکوژیدا رامان دەگرێت. بەهەمان شێوەی وێنەی چوارەم کە شاعیر دەنووسێت (سەرم رۆژەکانی خۆی ناژی/ بەگشتی من ئالەتێکی باشم بۆ لەبیرچوونەوە)، بەڵام ئەوەی لە دوا وێنەدا دەدەکەوێت وێنەیەکی راستەوخۆی خۆکوژییە، بەڵام شاعیر دان بەوە دەنێت، کە هەموو ئەم خۆکوژییانە فیزیکییە و کە لە دوا دێڕدا دەنووسێت (خەڵکی لەڕێی چەقۆیەکەوە/ من لەڕێی... باس لە خۆکوژیی دەکەم).

لەم پێنج وێنەیەی سەرەوەدا کە لەم شیعرەدا دەستنیشانمان کرد، بەتەواوی هەستی خۆکوژیی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی رەنگدانەوەی هەیە، بەڵام وەکو شاعیر لە وێنەی پێنجەمدا ئاماژەی بۆ کردووە، تەواوی ئەو وێنانە باسکردنە لە خۆکوژیی، نەک جێبەجێکردنی پرۆسەکە. واتە وەکو رەزا بەراهەنی دەڵێت: "شیعر پردێکی وشەیە لەنێوان چاوی نابینا و چاوی بینادا". ئەم شاعیرەش توانیویەتی لەڕێی پیشاندانی ئەم پێنج وێنەیە ئەو پردە وشەیە دروست بکات و لێرەدا شاعیر چاوە بیناکەیە و موتەلەقی (وەرگر/ خوێنەر) ئەو چاوە نابینایەیە، کە لەڕێی ئەم شیعرەوە پردێک لە وشە دروست بووە و ئەویش بەر ئەو دنیایە دەکەوێت.

**دۆزینەوەی خود لە شیعردا**

بۆ دەسپێکی ئەم بەشەی نووسینەکەم دیسان ئاماژە بە قسەیەکی (رەزا بەراهەنی) دەکەم لەسەر شیعر کە دەڵێت: "شیعر لە سرووشت باڵاترە، باڵاترییەکەی لەمەدایە، کە ئەگەر سرووشت شتێکی واقیعی و قابیلی گرتن بێت، ئەوا شیعر شتێکە هەم قابیلی گرتنە و هەم قابیلی نەگرتن. هەم واقیعییە و هەم ناواقیعی، هەم موجەڕەدە و هەم ناموجەڕەد". ئەگەر لەڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە ئەم شیعرەی پشتیوان بخوێنینەوە ئەوا دەبینین ئەوەی شاعیر بەرهەمی هێناوە شتێکە هەم واقیعە و هەمیش فەنتازی. بۆیە ئەم جۆلانەکردنەی شاعیر لەنێوان ئەم دوو دنیایەدا توانیویەتی هێزێکی تایبەتی بە دەقەکە ببەخشێت.

ئەدۆنیس لە کتێبی (دەقی قورئان و ئاسۆکانی نووسین)دا لەبارەی پەیوەندی خۆی بە شیعرەوە دەنووسێت:

"شیعرم بریتییە لە من، لە کەسێتیم. ئەز بە بێگەردی شاعیرم. هەروەها من یەکێتی وشە و ژیانم. مەحاڵە مرۆڤ ببێتە شاعیر، ئەگەر لەنێوان ئاخاوتن و ژیانیدا، یەکێتی دانەمەزرێنێت. من باوەڕم بە شاعیرێک نییە کە ژیانی شتێک و شیعریشی شتێکی تر بێت".

دەکرێت لە ئێستادا لەژێر رۆشنایی ئەم پەیوەندییەی (ئەدۆنیس) بە شیعرەوە بپرسین، ئایا ئەم نەوەیە خۆیان بریتین لە شیعر، یان نا؟ بێگومان بە وردبوونەوە لە بەشێکی ئەم نەوەیە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە شیعری نەوەی نوێ توانایەکی سەیری تێدایە بۆ خۆنووسینەوە. بۆیە رەنگە لە رووی تەکنیک و زمانی شیعرییەوە شیعری کوردی نەوەی نوێ هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆی نەنابێت کە شایستەی باسکردن بێت، بەڵام ئەوەی کە لای من بووەتە جێگەی سەرنج ئەوەیە کە ئەم نەوە نوێیە توانایەکی زیاتریان هەیە بۆ نووسینەوەی خود لەنێو شیعردا و هەتا زیادەڕەویی نییە ئەگەر بڵێین لە ئێستادا جۆرێک لە دۆزینەوەی خود لە شیعردا لای ئەم نەوە نوێیە سەریهەڵداوە و بەردەوامیش تۆختر و تۆختر دەبێتەوە. (پشتیوان) نموونەی ئەو نەوەیەیە کە لە شیعردا بۆ بوونی خۆی دەگەڕێت، یان بوونی خۆی لەنێو سنگی وشەدا دەنووسێتەوە. لەم دەقە و لە چەند دەقێکی پێشووتری ئەم شاعیرەدا من بەتەواوی هەستم بەم حاڵەتە کردووە. بەجۆرێک هەست بە توانەوە لەنێو وشەکاندا دەکرێت. یان وەکو (ربیع جابر) دۆخی ئەم توانەوەیە لە قۆناغێکی فراوانتردا پیشان دەدات و دەنووسێت: "نووسەر لە کتێبدا دەتوێتەوە و ون دەبێت". بێگومان ونبوونی نووسەر لەنێو

وشەکاندا شتێکی نوێ نییە، بەڵام ئەوەی نوێیە خولقاندن و چێکردنی ژیانێکی ترە لەنێو وشەدا و نەفرەتکردنە لەو ژیانە واقیعییەی هەیە. نووسەرانی پێشوو ژیانی خۆیان ژیاون و لە شیعرەکانیشیاندا تواونەتەوە.

(پشتیوان) کە لە دەسپێکی شیعرەکەدا دەنووسێت (ئیدی تەواو) ئیتر ئەمە خاڵی کۆتایی ژیانێکی داناوە و بڕیاردانێکە بۆ ئەوەی لە ژیانێکی نوێدا کە سوچ و کەلەبەرەکانی وشەیە لەوێدا بژی. ئەو ژیانەی شاعیر لەم دەقەدا هەڵیبژاردووە. تەواو ژیانێکە وێران. وێرانییەک، کە دروستکردن و نۆژەنکردنەوە مەحاڵ بێت. بۆیە هەر لەڕێی ئەم نائومێدیی و گەڕانە بەدوای ژیانێکی تردا پرسیاری بوون و ژیان خۆی مانیفێست دەکات. لەبارەی تەوزیفکردنی پرسی مەرگ لە شیعردا لە چاوپێکەوتنێکدا لە (مەحمود دەروێش) دەپرسن و ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت:

"لە شیعری مندا، رەنگە پرسیاری مەرگ پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەبێت بە رەهەندی میتافیزییکەوە. دوو جۆر روانین بۆ مەرگ هەیە: یەکەم روانینێکی ئایینی کە دەڵێت: مەرگ گواستنەوەیە لە نەمانەوە بۆ نەمریی و لە فانەوە بۆ مانەوە، لە دونیاوە بۆ ئاخیرەت. روانینەکەی تریش یاخود روانینە فەلسەفییەکە، مەرگ بە جۆرێک لە وەرگەڕان لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر (الصیرورە) دادەنێت و ژیان و مردنیش وەها دەبینێت، کە دوو شتی پێکەوەیین لە دیالیکتیکێکی زەمەنیدا".

ئەوەی (پشتیوان) دەیەوێت بەرهەمی بهێنێت، یان لە شیعرەکەیدا هەستی پێدەکەین ئەوەیە، کە مەرگ، یان پرۆسەی خۆکوشتن وەکو جۆرێک لە وەرگەڕان دەبینێت لە حاڵەتێکی پڕ لە نائومێدییەوە بۆ حاڵەتێکی تر کە چێکردنی ژیانە لەنێو وشەدا و ئیختیارکردنی جۆرێک لە ژیانی ترە. هەر بۆیە ئەم دەقە راماندەکێشێت و پەلکێشی نێو دنیای خۆیمان دەکات. هەر ئەم رەهەندەی گواستنەوەیەیە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی نوێ خوێنەر وا لێدەکات دێڕ دوای دێڕ لەگەڵ شیعرەکەدا بەردەوام بێت و دەستبەرداری دەقەکە نەبێت، کە دواجار خودێکی شیعری لەنێو دەقەکەدا بەر خوێنەر دەکەوێت، یان دەتوانین بڵێین ئەم بۆچوونەمان تەواو کۆکە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی (بەختیار عەلی) کە دەڵێت: "شیعر هونەری دروستکردنەوەی دونیایە". بۆیە (پشتیوان)یش دەیەوێت لەڕێی شیعرەوە دونیایەکی نوێ بخولقێنێت، کە ئارامی بە رۆحی ببەخشێت.

**بەر لە کۆتایی**

یەکێک لەو خاڵانەی تا ئێستا لای من جێی پرسیارە ئەوەیە، تا ئێستا ئەم نەوە نوێیە نەیانتوانیوە ببنە خاوەنی زمانێکی نوێ و تایبەت بە خۆیان، کە گوزارشتی پێ بکەن. ئەو زمانە دەربڕینەی لای ئەم نەوە نوێیە هەیە زیاتر لەژێر سێبەی نەوەکانی پێشووتردایە. بێگومان ئەمە تاڕادەیەکی کەم و تەمەنێکی کورتی نووسین مەعقولییەتی تێدایە، بەڵام بەردەوامبوونی ئەم سێبەرە بەسەر ئەزموونی شاعیرەوە زیان بە داهاتووی ئەزموونی شیعری دەگەیەنێت و سیماکانی لەنێو سیما شیعرییەکانی تردا ناناسرێتەوە. (پشتیوان) لەو شاعیرانەیە کە لەم دەقەوە و لە چەند دەقێکی پێشترییەوە دەیەوێت سیمایەکی تایبەت بە تێکستەکانی ببەخشێت. سیمایەک کە بۆن و رەنگی خۆی پێوە بێت. بێگومان ئەم هەوڵە و ئەم سەرەتایە بەلای منەوە گرنگە، بەو پێیەی شاعیر وشیار بێت بەوەی پێویستە رێگای خۆی بدۆزێتەوە.

**ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێوەرگیراوە:**

– دیوانی مەحوی، کۆکردنەوەی و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٧.

– ئەدۆنیس، دەقی قورئان و ئاسۆکانی نووسین، وەرگێڕانی: ئومێد عوسمان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی، ٢٠٠٨.

– مەحمود دەروێش، هەڵدانەوەی دەفتەرەکانی شیعر و سیاسەت– گفتوگۆ، وەرگێڕانی: جەمال غەمبار، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای سەردەم، ٢٠٠٦.

– پشتیوان عەلی، مۆبایلەکەم وەک پشکۆ لە خوێنەکەمدا دەکوژێنمەوە– شیعر، گۆڤاری هەنار، ژمارە (٧٣)، ساڵی ٢٠١٢، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

# ئارەزووی هەڵسەنگاندنی رۆمانێک




**بەختیار محەمەد**

## ١ – ٢

بێگومان رۆمان لە مێژووی ئەدەبی ئێمەدا، تا رادەیەک هونەرێکی (ژانرێکی) نوێیە؛ یان با بڵێین، هونەرێکی هەندێک دانسقەیە؛ ئەمەش بەر لە هەر شتێک، لە ژمارەی کەمی رۆماننووسەکانمان بەدەر دەکەوێ. ئێمە دەتوانین بڵێین، هەر لە سەرەتای مێژووی سەرهەڵدانی ئەم ژانرە لە ئەدەبی کوردیدا – لە هەر نەوەیەکی رۆشنبیرییماندا – تەنها یەک، دوو رۆماننووسی جددی و بەرچاو بەدی دەکەین. ئەوەی راستی بێ ئەمرۆش هەر وەک دوێنێ، ئەدەبی هاوچەرخی ئێمە، لە قەیرانی گوتاری گێڕانەوەدا دەژی؛ بۆیە چیرۆکی باش و رۆمانی باش کەم بەدی دەکەین. دەشێ بڵێین، کێشە هەرە گەورەکەی ئەدەبی گێڕانەوەی کوردی (وەک هەموو ئەدەبی کوردی) ئەوەیە، کە یان زمانی ئایدیۆلۆژیا، یانیش زمانی ئەبستراکت بەسەریدا زاڵە: زۆر جاریش زمانە ئایدیۆلۆژییەکە لە گوتاری گێڕانەوەی هەواڵی رۆژنامەییدا بەرجەستە دەبێت؛ زمانە ئەبستراکتەکەش لە گوتاری نووسینی دارِشتنێکی سادەدا – وەک ئەوەی کە قوتابیان بۆ وانەی دارِشتن لە فێرگەکانی بنەڕەتی و دواناوەندیدا دەینووسن– بەرجەستە دەبێت؛ بۆیە زۆربەی چیرۆک و

رۆمانەکانی ئێمە کەس تاقەتی نییە بیانخوێنێتەوە[١]. گرفتی زمانی گێڕانەوە لە ئەدەبی ئێمەدا ئەوەیە، کە ناتوانێ قووڵ بێت و ئازاد بێت؛ ناتوانێ بە قووڵی و بە ئازادی و بە بێلایەنی بچێتە ناو جیهانی فراوانی رۆحی کەسایەتی و کارەکتەرەکان، ئەمەش وا دەکات حاڵەتێکی میکانیکانە بەسەر ئەدەبی گێڕانەوەی کوردیدا زاڵ ببێت، یانیش لە باشترین حاڵەتدا زمانی عاتیفەی شیعر (وەک سەرمەشقی سەرلەبەری ژیانی رۆشنبیرییمان) بەسەر ئەم ئەدەبەشدا زاڵ دەبێت، بۆیە گەلێکجار چیرۆکنووس و رۆماننووسەکانیشمان، بە هەناسەی (رۆحی) شاعیر دەقەکانیان دەنووسن. لێرەشدا ئێمە لە بری وەسفی دیاردە و گێڕانەوەی رووداوی کۆنکرێت و بەرجەستە، وەسف و رووداوی ئەبستراکت بەدی دەکەین، بۆیەش رۆمان و چیرۆک وەک شیعر، تەنیا وەسفی شتەکانمان بۆ دەکەن و ناتوانن بە شێوەیەکی بەرجەستە رووداوەکانمان بۆ بگێڕنەوە (واتە رۆمان و چیرۆکەکانیش وەک شیعر، بە زمانێکی زۆر زاتیانە دەنووسرێن)[٢]. پێشدەچێ ئەمە بە پلەی یەکەم دەلالەت لە غیابی عەقلانییەت بکا لە ئەدەبی (رۆشنبیریی) ئێمەدا: عەقلانییەتی مەعریفیی. یەکێکیش لە نیشانە هەرە زەقەکانی ئەم غیابە ئەمڕۆ بە رای ئێمە، زۆری قەڵەم بە دەست و زۆر و بۆری بێت وێنەی نووسینی کرچوکاڵ و بێزاربوون و کەمی خوێنەری جددییە؛ یان با بڵێم کەمی دەقی جددییە، کە خوێنەری جددی بە دوایدا بگەڕێت. دەبێت ئەوەش بزانین، کە دەقی باش هەمیشە خوێنەری باش و زۆر بەرهەمدەهێنێ. ئێمە ناتوانین خوێنەر ببینین، هەتا دەقی باش نەبینین. دەقی باشیش وەک ئیلهام و سروش لە ئاسمانەوە بۆ کەس نایەتە خوارێ، بەڵکو بەرهەمی ماندوبوون و عەقڵێکی مەعریفییە. مەعریفەش بە ئاسانی پەیدا نابێت، بەڵکو ماندوو بوون و هێزی عەقلانییەتی دەوێ. ئا لێرەدا رۆشنبیریی کوردی کێشەی گەورەی لەگەڵ ماهیەتی عەقڵدا هەیە. ئێمە ئەوەش دەبینین، کە لە ئاکامی نەبوونی عەقلانییەتدا، رەخنەشمان بە مانا مەعریفییە قووڵەکەی نییە. هەڵبەت ماهیەتی عەقڵ لە ئەدەبدا – وەک هەر کایەیەکی دیکەی رۆشنبیریی– ئەوەیە، کە پڕ لە مەعریفە بێت: ئەدەبێک بێت بە قووڵی تەماشای جیهان و تەماشای کێشەکانی ژیانی مرۆڤ بکات، کەچی بە داخەوە، ئەدەبی ئێمە وەک سەرلەبەری ژیانی رۆشنبیرییمان بە سادەیی دەدوێ و بە سادەییش بیر دەکاتەوە؛ بە سادەیی و نابەرپرسانەش وشە دەردەبڕێ؛ بە دەگمەنیش نەبێ هەرگیز رانامێنێت لە قووڵایی دەلالەتی وشە؛ رانامێنێ لە قووڵایی دیاردە و شتەکان؛ بۆیە بە رواڵەت و سەرپێی بیردەکاتەوە و دەدوێ. لێرەشەوە دەقە مەعریفییەکان (داهێنەرەکان) لە ئەدەبی (رۆشنبیریی) ئێمەدا یەکجار کەمن. ئێمە لێرە لە خۆمان دەپرسین: ئایا چەمکی داهێنان چییە؟ لە وەڵامدا دەڵێین: بێگومان ئەم چەمکە وەسفێکی (پێناسەیەکی)

دیاریکراوی نییە. ئەم چەمکە فرە رەهەندە: دەشێ دیتنی قووڵایی شتەکان بێت و دەشێ دیتنی جوانناسانەی رووکەشی دیاردە و شتەکان بێت، بەڵام هەمیشە لە ساتەوەختی داهێناندا، مەعریفە و ئیستێتیکا پێکەوە کۆدەبنەوە (بە واتای ئەدەبیش لە دەرەوەی مەعریفەیەکی رەخنەییدا، ناتوانێت بەهای ئیستێتیکا بەرهەم بهێنێ؛ ئەدەب لە دەرەوەی ئەم مەعریفەیەدا ناتوانێ حاڵەتێکی ئیستێتیکیی بێت. بە واتایەکی دیکە بڵێین: ئەدەب ناتوانێ خۆی لە خۆیدا ئیستێتیکا بەرهەم بهێنێ، ئەگەر هەستێکی – یان عەقڵێکی – مەعریفیی لە پشتیدا نەبوو؛ تەنانەت ئەو شیعرەی، کە تەنیا بە رووتی باسی جوانی سروشتیش دەکا، بەبێ ئەم هەستە و ئەم عەقڵە بە باشی لە دایک نابێ). دیسان لێرە جارێکی دیکە جەخت دەکەینەوە، کە گرفتی ئەدەبی ئێمە (بەڵکو سەرلەبەری ژیانی رۆشنبیریمان) ئەوەیە، کە عیشقی زمانی شیعرە (واتە هەموو ژانرە ئەدەبییەکان حەز لەم زمانە دەکەن)؛ عیشقی ئەو زمانەیە، کە ناتوانێت سنوورەکانی ببەزێنێ (دیارە ئەم زمانەش بە تەنیا ناتوانێ مەعریفە و رەخنەی مەعریفی بنیاد بنێت)؛ کەواتە رۆشنبیریی ئێمە رۆشنبیرییەکی عاتیفی و رۆشنبیرییەکی ناعەقڵانییە (ئەم قسەیە بەو مانایە نییە، کە لە شیعردا رەگەزی عەقڵانییەت بوونی نییە، بەڵام هەموومان دەزانین، کە لە شیعردا بە پلەی یەکەم زمانی سۆز و زمانی رۆحێکی ناعەقڵانی زاڵن؛ ئەمە خەسڵەتی شیعرە، تا بتوانێ بە زمانێکی میتافیزیکیی ناعەقڵانی — بە زمانی خوازە – لەگەڵ دیاردەکانی جیهاندا بدوێ؛ ئەگەر وا نەبێت، شیعر ناتوانێ کۆتوبەندی عەقڵانییەت تێک بشکێنێ. عەقڵانییەت تاکە هێزێکە، کە شیعر کۆتوبەند دەکات. بەم شێوەیە دەشێ گوتاری شیعر، دژ بە گوتاری عەقلانییەت بێ). لێرەدا ناودژێکی (موفارەقەیەکی) سەیریش بەدی دەکرێ، ئەویش ئەوەیە، کە ئەدیبانی ئێمە زۆر باسی چەمکی ئیستێتیکا دەکەن و خوویان بەم چەمکەوە گرتووە، کەچی زۆر کەم دەقی داهێنەری جوان دەنووسن. زۆر باسی (هەڵبەت بە شێوەیەکی ئەبستراکتانە) چەمکی داهێنانیش دەکەن، کەچی ئێمە داهێنانمان یەکجار کەم و دەگمەنە: دیارە کاری داهێنان — وەک پێشتریش گوتمان – ئیرادەیەکی مەعریفیی بەهێزی دەوێ؛ ئیرادەیەکی دەوێ، کە عیشقی مانای داهێنان بێت و بەهای داهێنان بخاتە سەرووی هەموو بەها و هەموو شتێکەوە. ئەوەش ئاشکرایە، کە دەقی باش خۆی لە خۆیدا پرۆسەی بەرهەمهێنانی مەعریفەشە، بۆیە پێدەچێ — پێشتر ئاماژەمان بەم خاڵەش کرد – کە لە ناو هەموو مەعریفەیەکی قووڵدا بەهای ئیستێتیکاش هەبێت. ئێمە پێشمانوایە ئەو ئەدەبەی، کە بە رووتی (تجرید) تەماشای مانای ئیستێتیکا دەکات، ناتوانێ بەهای ئیستێتیکای راستەقینە بەرهەم بهێنێ. ئەو ئەدەبەی، کە ئیستێتیکا لە عەقڵ و هزر، لە رەهەندی بابەتەکی (مەوزوعی) دادەبڕێنێ، ناتوانێ ئیستێتیکا بەرهەم

بهێنێ و ناشتوانێ ئەدەبێکی داهێنەر بێت. لە هەمان کاتدا ئەو ئەدەبەی هیچ وەزیفەیەک بە خۆی نابەخشێ، ناتوانێ ئەدەبێکی سەرکەوتوو و داهێنەر بێت. ئەو ئەدەبەی، کە پێی وایە وەزیفەی ئەو ئەوە نییە، کە لە ژیان تێبگات؛ وەزیفەی ئەو ئەوە نییە، کە قسە لەسەر کێشە گەورە و بچووکەکانی ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بکات؛ ئەوە ئەم ئەدەبە نە دەتوانێ ئیستێتیکا بەرهەم بهێنێ، نە دەشتوانێ ئەدەبێکی نەمر و داهێنەر بێت (دیارە هیچ داهێنانێکی ئەدەبیش لە ئاستە تەکنیکییەکەی نووسین دانابڕێ. تەکنیک رۆحی فۆرمی نوێ و جوان پێکدەهێنێ). هەڵبەت لەم جوغزەدا سەنتەری هەموو شتێکیش دەبێ مرۆڤ بێت؛ مرۆڤ بە هەموو شتە باش و خراپەکانییەوە؛ بە هەموو شتە جوان و ناشیرینییەکانییەوە. ئەدەب وەزیفەی ئەوەیە، کە جیهان (رۆحە نەخۆشەکەی مرۆڤ) باشتر و جوانتر بکات. چەند فریو خواردوون ئەوانەی پێیانوایە، کە ئەدەب هیچ وەزیفەیەکی ئاکارەکی (ئەخلاقیی) نییە! لە راستیدا نووسین (ئـەدەب) خۆی لە خۆیدا وەزیفەیەکی ئاکارییشە. دەبێت بزانین، هەموو وەزیفەیەکیش لە دەرەوەی مانا و بەها ئاکارییەکاندا، دەبێتە وەزیفەیەکی بێهوودە و بێمانا و رەنگە لە ئاکامدا ببێتە وەزیفەیەکی نەرێنی و وێرانکەریش (هەر بۆیەشە، کە مرۆڤ لە بەها ئاکارییەکان دابڕا، دەشێ ببێتە بوونەوەرێکی دڕندە). بەهەر حاڵ ئێمە لێرە لە روانگەی ئەم پێشەکییە کورتە تیۆرییەوە، دەمانەوێت قسە لەسەر رۆمانێکی نووسەرێکی هاوچەرخی دیـاری کورد بکەین، کە ئەویش رۆمـــانی ((کۆشکی باڵندە غەمگینەکان))ی بەختیار عەلی – یە. پێمان وایە ئەم رۆمانەش وەکو هەموو رۆمانەکانی دیکەی ئەم نووسەرە، ئەوە دەهێنێ، کە خوێندنەوەیەکی جددی و سەرنجراکێشی بۆ بکرێت، چونکە هەرچەندە لەم رۆمانانەدا، وەک هەموو نووسینەکانی دیکەی بەختیار، بابەت و بیرۆکە و مانای زیندوو هەن؛ ئەوە بێجگە لەوەی زمانیش بە فۆرمێکی شیعرییانەی جوان خۆی دەنوێنێ (ئەگەرچیش زمانی نووسینی بەختیار لە رووی رێزمانەوە گرفتی زۆری تێدایە، کە دواتر دەچینە سەری و هەندێک نموونەی لێ دەهێنینەوە...)؛ ئەوەی جێی سەرنجە، هەمیشە لە نووسینەکانی ئەم نووسەرەدا، تێڕوانینێکی قووڵ و بەر فراوانی ئاکارەکی (ئەخلاقیی) بەدی دەکرێت. لە لای ئەو نووسین بەدەر نییە لە دەسەڵاتی فیکر و لە بەها ئاکارییەکان؛ لێرەش ئیستێتیکا لەسەر ئەم بنەمایانە بەرهەم دێت. بەختیار هەمیشە –لە نووسینەکانیدا– بەرگری لە کێشە گرنگ و گەورەکانی مرۆڤ دەکات و هاودەمێکی نزیکی رۆحە ماندووەکەی مرۆڤە. هەمیشە واقیعی ژیان (ژیانی مرۆڤ)، گەوهەر و چوارچێوەی رۆمانەکانی ئەو پێکدەهێنێ، بۆیە گوتارێکی ئەدەبی و فیکری زیندوو لە رۆمانەکانی ئەودا هەن. لەسەر ئەم بنەمایەش ئێمە لە

خۆمان دەپرسین: ئایا هیچ زیندوویەتییەک (داهێنانێک) هەیە، کە لە واقیعی ژیانی مرۆڤایەتی بە دوور بێت؟ لە وەڵامدا دەڵێین: بێگومان ئەدەب، ئەگەر ئەدەبێکی واقیعیش نەبێت (واتە بە پێی ڕێبازێکی واقیعیش نەنووسرا بێت)، بەڵام نابێت لە ڕۆحی واقیعی سەردەمەکەی خۆی دابڕێت. لەم بارەیەوە پۆستاین گاردەر لە ڕۆمانی مایا- دا، لەسەر زاری جۆن سپۆک دبێژە: ((من وا ڕاهاتووم ڕۆمانەکانم لەسەر بنەمایەکی واقیعی هەڵبچنم، بەڵام ئەمە بەم مانایە نییە کە من کەسێکی بێ فانتازیا بم))[٣]. ئێمەش لەلای خۆمانەوە بە تەواویی ئەم مۆرکە فانتازییە -کە وەک دەشزانین فانتازیا جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەدەبی گێڕانەوە - لە ڕۆمانەکەی (ڕۆمانەکانی) بەختیاردا بەدی دەکەین؛ بەڵکو دەشێ بڵێین، کە ئەم ڕۆمانەی بەختیار — وەک سەرلەبەری ڕۆمانەکانی دیکەشی - ڕۆمانێکی واقیعییە، بەڵام لە ((بەرگی فانتازیا)) دا؛ هەر دەستەواژەی ((کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)) بەخۆی ناونیشانێکی فانتازییە. ناوی زۆربەی پاڵەوانەکانیش ئەم دەلالەتەمان پێدەبەخشن: (گوڵدانچی، ئاموون، مەنگوڕی بابە گەورە، قەلەندەر، کامەرانی سەلما، مەنسوور ئەسرین...). تەنانەت بەهای ((جوانیی))ش لەم ڕۆمانەدا، مانایەکی ڕەمزیی هەیە، ئەمەش بە تەواوی لە وەسفکردنی کەسایەتی سەوسەندا بەدەر دەکەوێت؛ ئەو کەسایەتییەی — بە ڕوواڵەت- جوانییەکی پڕ لە ((تەناقووز))مان پێشکەش دەکات: لە سەرێکەوە نەخۆشە و لە سەرێکی دیکەشەوە بە جوانییە نائاساییەکەی، خەڵکێکی زۆری حەپەساو و گیرۆدە و سەرگەردان کردووە. ئەم تەناقووزە لێرە تەناقووزێکی مەعریفییە (ڕۆشنبیرییە)؛ تەناقووزێکە لە نێوان زمانی خۆشەویستی و ئەو واقیعەی، کە ئەم زمانە ناناسێ. لێرەشدا ئایدیۆلۆژیای (ناوەڕۆکی فیکری) ڕۆمانەکە لەناو ئـەم تـەنـاقـووزەدا، خۆشەویستییەکی ئایدیالیستیمان (ئەفلاتوونانەمان) بۆ بەرهەم دەهێنێ: خۆشەویستییە نموونەییەکەی نێوان سەوسەن و هەر سێ گەنجە پاڵەوانەکە. هەموومان دەزانین کەسایەتی سەوسەن تەوەری سەرەکی هەموو ڕووداوەکانە. ئەم کچە هێمای نموونەیی عیشقێکە، کە لەدایک نابێت (ئەو عیشقەی هەرگیز لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە دایک نابێت). هەموو ڕووداوە (چیرۆکە) تراژیدییەکان لە ڕۆمانەکەدا، دەلالەت لەم لە دایک نەبوونە دەکەن. ئەو لە دایک نەبوونەی بەندە بەوەی، کە خۆشەویستی نەبووەتە بەشێک لە ئاکار و ئیرادەی ژیانمان. لەم بارەیەوە مارکیز دبێژە: ((هەردەم باوەڕم بەوە هەیە، کە خۆشەویستی دەتوانێ ڕەگەزی مرۆ لە وێران بوون ڕزگار بکا...))[٤]. بەختیار (ڕۆماننووس = گێڕەرەوە) دەیەوێت پێمان بڵێ، خۆشەویستی ئەزموونە؛ ئەزموونێکی گەورەی مەعریفییە. لێرەشدا مەعریفە بەندە بە کتێب و سەفەرەوە. سەوسەن بە مانای وشە وەک هەموو پاڵەوانێکی نموونەیی، کەسایەتییەکی

دروستکراوە (دەشێ بڵێین رۆماننووس لەم خاڵەدا، کەڵکی لە شێوازی نووسینی ئەدەبی – رۆمانی – واقیعی ئەفسووناویی وەرگرتووە و دەیەوێت خۆشەویستی بکاتە حاڵەتێکی ئەفسانەیی؛ مارکیزیش لە رۆمانی ((ئەڤین لە سەردەمی کۆلێرادا)) بەم زمانە ئەفسانەییە چیرۆکی خۆشەویستیمان بۆ دەگێڕێتەوە). ئەم کچە لە هەندێک خەسڵەتدا بەو کچە خوێندەوار و رۆشنبیرە دەگمەنانەی ساڵانی دەیەی حەفتا و هەشتای سەدەی رابردووی کۆمەڵگەی ئێمە دەچێت، کە هەندێجار بەشداری کاری سیاسیشیان دەکرد، بۆیە لە ژیانی باوی زۆربەی هەرە زۆری کچانی کۆمەڵگە دادەبڕان، بەڵام لەگەڵ ئەوەش سەوسەن وەک هەر تاکێکی دیکە، بەندەواری داب و نەریتی کۆنی کۆمەڵگەیە. ئەوەتە بابی، کە پێی دەڵێ: ((سەوسەن گەر بە راستی لە تواناتدایە بەرگە بگریت، دەتوانم هەوڵێک بدەم بۆ ئەوەی سەفەر بکەیت و برۆیت بۆ دەرەوەی وڵات، ئەگەر دەزانیت بەوە ئاسوودە دەبیت برۆ، لەوێ بە ئارەزووی خۆت دنیا ببینە، من لاریم نییە و رێگریت ناکەم))[٥]. لە وەڵامدا کچەکە بە باوکی دەڵێت: ((بابە من لەوە لاوازترم کە تۆ تێم دەگەیت... تۆ زوو لە یادی دەکەیت کە من کچێکی نەخۆشم، دوای ئەوە تۆ پارەت نییە، تێدەگەیت سەفەرێکی وەها پارەیەکی زۆری دەوێ، ئینجا چی بە تۆ دەڵێن...؟))[٦]. دەشێ ئەم ناکۆکییە لە حەز و ویستی سەوسەندا، بەهانەیەکی باش بێت بۆ لە دایکبوون و بەردەوامبوونی پرۆسەی گێڕانەوەی رۆمانەکە. سەوسەن کەسایەتییەکی سەرەکییە (چەقی کار و رووداوەکانە)؛ ئەگەر لە شار (وڵاتدا) نەمێنێتەوە، دەشێ پەرەستاندنی رووداوەکـان (واقیعی گێڕانەوە) بەو شێوەیەی، کە گێڕەرەوە دیتوویەتی و دەیگێڕێتەوە، نەگاتە ئاکام، چونکە گێڕەرەوە خۆی پاڵەوانێکی ((شایەد حاڵێکی)) ناو رووداوەکانی کوردستانە. تەکنیکی گێڕانەوەی ئەم رۆمانەش جیاوازییەکی وەهای لەگەڵ تەکنیکی گێڕانەوەی رۆمانەکانی دیکەی بەختیار – دا نییە. هەمیشە گێڕەرەوە کەسی یەکەمی تاکە و (هەندێکجار لە قاڵبی وشەی ئێمەدا) هەموو شتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە و بۆ باس دەکات. بە زمانێک دەدوێ، کە زۆر جار لە گوتاری زمانی شیعرەوە نزیکە و بە خەیاڵێکیش بیر دەکاتەوە، کە هەندێجار لە خەیاڵ و فانتازیای حیکایەتە ئەفسانەییەکان نزیکە. دەشێ بڵێین، سەوسەن وێنەیەکی هاوچەرخانەی کچە شازادەی حیکایەتە کۆنەکانی هەیە: ئەو خاوەنی سێ عاشقی تراژیدییە؛ سێ عاشق، کە وەک سێ پاڵەوانی ئەفسانەیی بە ناو دارستانەکانی جیهاندا دەگەڕێن. بێگومان لە ناو ئەم رۆمانەدا گێڕەرەوە لاوەکییەکانیش – لە چوارچێوەی هەندێک کەسایەتی سەرەکیدا – هەن، وەک: مەنگوڕی بابە گەورە و ساقی مەحموود ...، کە یارمەتی (من)ی گێڕەرەوە دەدەن (دیارە، ئەگەرچی گێڕەرەوە هەرگیز بە سیغەی راناوی کەسی یەکەمی تاک – من–

قسە ناکا، بەڵکو بە سیغەی راناوی کەسی یەکەمی کۆ - ئێمە- قسە دەکا، بەڵام لێرە ((من)) لە ناو ((ئێمە)) دا قسە دەکا و منێکە باڵادەست و زانای یەکەمە: ئەو گێڕەرەوەی هەموو چیرۆک و رووداوەکانە). بێجگە لەمە هەندێکجار بە رووالەتیش وەها دیارە، کە گێڕەرەوە نادیارەکانیش هەن، زۆربەی چیرۆک و رووداوەکان (یان وردەکاری هەندێک چیرۆک و رووداو لە شوێنی دوورە دەستدا)، بۆ گێڕەرەوەی یەکەم (نووسەر) دەگێڕنەوە. لەمەوە ئەم گێڕەرەوەیە زۆرجار لە پێواری (غیابی) خۆیدا باسی کەسایەتییەکانی دیکە دەکا و رەفتار و خەسڵەتەکانیان وەسف دەکا و چیرۆک و رووداوەکانی ژیانیان دەگێڕێتەوە، بەڵام لێرە دەبێت لە خۆمان بپرسین: ئەو چۆن لە پێواری (غیابی) خۆیدا، ئاگاداری ورد و درشتی ئەو هەموو چیرۆک و رووداوانەیە و بە هەمان وردبینی و وردەکاریش بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین: بێگومان لە جیهانی دەسەڵاتی نووسین (نووسەران) دا نەبێ، ئەم شتە ئەستەمە، بەڵام لێرە داهێنەرێک هەیە، جیهانێک بە هەموو وردەکارییەکانییەوە دەخوڵقێنێ. پێدەچێ لە سیاقی ئەم جیهانەدا، گێڕەرەوە نادیارە – ئامادەکان، هەموو شتێک بۆ گێڕەرەوەی یەکەمیش بگێڕنەوە و ئەویش لە ئاکامدا بە هەموو چیرۆک و رووداوەکان بزانێ و بۆ ئێمەی خوێنەری بگێڕێتەوە. پێدەچێ ئەم گێڕەرەوە ئامادە – نادیارانە، بە بێ ئەوەی راستەوخۆ ناویان بهێندرێ و ئاماژەیان پێبدرێ، هەر بە خۆیان کەسایەتی ناو رۆمانەکان بن، ئەو کەسایەتییانە بن، کە هاوڕێی گێڕەرەوەی یەکەمن و پێوەندییەکی توند و تۆڵیان لەگەڵیدا هەیە، بە نموونە، کەسێکی وەک کامەرانی سەلما لەم جۆرە کەسایەتییانەیە. ئێمە ئەم راستییەش لەو دیمەن و هەواڵانە دەزانین، کە هەر گێڕەرەوەی یەکەم (سەرەکی) بۆمانی وەسف دەکات و بۆمانی دەگێڕێتەوە، وەک: ((کامەران نزیکی سەعاتێک لەگەڵ سەوسەن گوڵدانچیدا مایەوە، دواتر دووقۆڵی چایەکی لەگەڵ فکرەت گوڵدانچیدا خواردەوە و گەڕایەوە بۆ لای ئێمە...))[٧]، یان ((لەو ساتەوەی کامەرانی سەلما گەڕایەوە و دواهەواڵی بە جۆرێکی راست و دروست پێڕاگەیاندین، ئاهەنگەکان دەستیان پێکرد...))[٨]. لە شوێنێکی دیکەشدا گێڕەرەوە خۆی دەڵێت: ((ئێمە وردەکارییەکانی شەوی یەکەمی بووکێنی سەوسەنمان لە هاوڕێیەکی پڕوشەوە بیست کە ئەویش کۆی چیرۆکەکەی لە زاری سەوسەن خۆیەوە بیست بوو...))[٩]، ئەگەر نا (من)ی گێڕەرەوە، چۆن وەها بە رەهایی وردەکاری هەموو رووداوەکان دەزانێ و زۆرجار لە غیابی خۆیدا هەموو شتێک دەزانێت؟ چۆن دەزانێ، کە کامەران و فکرەت لەماڵی فکرەتدا پێکەوە چایان خواردەوە؟ ئایا ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە نووسەر (گێڕەرەوەی یەکەم)، دەسەڵاتی رەهای بە سەر هەموو شتێکدا هەیە و لە ئاکامدا ئەو داهێنەر و

خولّقێنەری هەموو شتەکانە و خاوەنی نهێنییەکانی جیهانی نووسینە؟ ئێمە ئەوەش دەزانین، کە نابێت ((گێڕەرەوەی خەیاڵی و نووسەری واقیعی تێکەڵی یەک بکرێن... گێڕەرەوە کەسایەتییەکی جیاوازە و بە تەواوی سەر بە کاری ئەدەبیە))[١٠]. بارت لەم بارەیەوە دبێژە: ((گێڕەرەوە و کەسایەتییەکان لە بنچینەدا بوونەوەری کاغەزین، بۆیە ناشێ دانەری (ماددی) حیکایەت، لەگەڵ گێڕەرەوەی ئەم حیکایەتە تێکەڵی یەک بکرێن))[١١]، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا نووسەر خولّقێنەری هەموو شتەکانە. بەهەرحاڵ، دەشێت بڵێین ئەم رۆمانەی بەختیار لە یەک وەختدا، هەم رۆمانێکی کۆمەڵایەتییە و هەم رۆمانێکی دەروونییشە؛ چونکە هەم بە درێژی و بە وردی – هەندێکجار بە رادەی درێژدادڕییەکی زۆر لە وەسفکردنی حاڵەت و دیاردەکاندا – باسی حاڵەتە دەروونییەکانی کەسایەتییەکانمان بۆ دەکات؛ هەم بە درێژی و بە چڕیش باسی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانمان بۆ دەکات؛ ئەو باسکردن و وەسفکردن و گێڕانەوەیەی، کە لە مۆرکی گوتارێکی ئایدیۆلۆژیی و ئاکارەکی رەخنەگرانە بەدی دەکرێت (ئەم گوتارە تەواوی ئایدیۆلۆژیای ناو رۆمانەکە پێکدەهێنێ)؛ ئەو مۆرکەی کە دەتوانم بڵێم، سەرلەبەری دەقە ئەدەبی و سیاسییەکانی بەختیاری پێ دەناسرێتەوە (بێگومان ئەم مۆرکە مۆرکێکی عەلمانی چەپڕۆیانەیە، کە بانگەشە بۆ ئازادی و دیموکراسی دەکات)، بۆیەش نووسەر هەندێکجار لە رۆمانەکانیشیدا رەخنەگرێکی بڕیاردەرە لەسەر واقیعی شتەکان و کار و کردەوە و چارەنووسی کەسایەتییەکاندا، یان هەر چ نا وا دێتە بەر چاومان و حوکمە ئایدیۆلۆژیی و ئاکارییەکانی ناو رۆمانەکە وامان پێدەڵێن. پێشدەچێ لە هەموو رۆمانێکی (گوتارێکی) واقیعیدا، ئەم جۆرە بڕیاردان و حوکمدانە هەبێ. بەنموونە: گێڕەرەوە لە رۆمانی برایانی کارامازۆف –ی دیستۆیڤسکی –دا، بە خراپترین و بەدکارترین شێوە وێنەی کەسایەتی فیۆدۆر پاولۆویچ – مان بۆ دەکێشێت. بەختیار –یش بە زمانێکی ریپۆرتاژانەی رەخنەگرانە، کە ئاوسە بە هەڵسەنگاندنە سیاسییەکان، لە رۆمانەکەیدا دەڵێت: ((لەو ئێوارەیەوە ساقی مەحمود و فکرەت گوڵدانچی بوون بە دۆستێکی زۆر نزیک... تاکە شتێک کە هەردووکیان سوێندیان لەسەر خوارد بوو نەیکەن باسی سیاسەت بوو، بە تایبەتی باسی دوو حزبە گەورەکەی وڵات، هەردووکیان لەو باوەڕەدا بوون هەر مرۆڤێک بتوانێت غەمی ئەو دوو هێزە لە دڵ نەگرێت، دەبێت بە بەختەوەرترین مرۆڤی ئەم مەملەکەتە))[١٢]. {لەم بڕگەیەدا بە بۆچوونی ئێمە وا باش بوو، کە لە بری دەستەواژەی ((هەر مرۆڤێک)) دەستەواژەی ((هەر کەسێک)) بەکار بهێندرێت، چونکە کەسەکە دیارە، کە کەسی کوردە (کوردستانییە)، بەڵام مرۆڤ چەمکێکی گشتی ئەبستراکتی بێ شوناسە؛ پتر بۆ ئینتیمای جیهان بەکار دێ، نەک مەملەکەتێکی دیاریکراو}. دیارە

– وەک زەمەنی گوتاری گێڕانەوە و ئاکامی ڕووداوەکان پێمانی دەڵێن – گێڕەرەوە (یان با بڵێین خەیاڵی نووسەر)، لایەنگری لە هەندێک لەو کەسایەتییانە دەکات، کە بە خۆی خۆشی دەوێن، بەڵام ئەم لایەنگرییە ڕاشکاو و ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو لەناو هێڵی فیکری (ئایدیۆلۆژیای) ڕۆمانەکەدا پەنامە. لەسەر ئەم بنەمایە بەختیار (نووسەر = گێڕەرەوە)، پاڵەوانی نەرێنی و پاڵەوانی ئەرێنی بۆ دیاری کردووین: بنەماڵەی گوڵدانچی و بنەماڵەی ئاموونییەکان؛ هەر لە ناوەکانیشڕا ئەم ڕاستییە بەدەر دەکەوێ. ئەم ناوانە هێمان بۆ حوکمە ئایدیۆلۆژیی و ئاکارییەکان و خراپ و باش لە یەکدی جودا دەکەنەوە؛ گوڵدانچییەکان پاڵەوانە فریشتەییە ئەرێنییەکانن و ئاموونی و هاوشێوەکانیشیان، پاڵەوانە نەرێنییەکانن؛ بۆیە هەر چەندە خالید ئاموون وەک عاشقەکانی دیکە، قوربانی زۆر بۆ خۆشەویستی سەوسەن دەدا، بەڵام بێهوودەیە و وەک بڵێی قەدەری وەها بێت و لە چارەی نووسرابێت، کە هەر دەبێ کەسێکی نەرێنی بێت. ئەم وێناکردنەی بەختیار بۆ حەقیقەتی مۆدی کەسایەتییەکان، ڕاستییەکی زۆری تێدایە لە واقیعی کۆمەڵگەی ئێمەدا؛ ئەو کۆمەڵگەیەی، کە هەرگیزا و هەرگیز بڕوای بە مانای چەمکی خۆشەویستیی نییە، بۆیە نووسەر ئەم قەیرانە (قەیرانی نەبوونی خۆشەویستی)، دەکاتە بەردی بناغەی گوتاری گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی. ئەو لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتەشدا یەکجار سەرکەوتووە: عیشق هەم بەهایەکی گەردوونیی و مرۆڤایەتییە، هەم نیشانەی قەیرانێکی کۆمەڵایەتی گەورەی کۆمەڵگەی ئێمەشە. لەم ڕۆمانەدا دوو بیرۆکەی (تیمەی) سەرەکی و ناکۆک هەن: جەنگ و خۆشەویستیی. خەریکە گێڕەرەوە پێمان بڵێ، کە خۆشەویستی نەبێت جەنگ هەیە. دەشێ پێچەوانەی ئەمەش هەر ڕاست بێت. ڕاستییەکەی مرۆڤ کە نەیتوانی خۆشەویستی بکات، جەنگ بەرپا دەکات، چونکە لە غیابی خۆشەویستیدا، لۆژیکی بێزاری و قین زاڵ دەبن و ئەم حاڵەتانەش سەرەتای شەڕ پێفرۆشتن و جەنگ لە پێناو ستەمکردن و دەسەڵات و پاوانخوازیدا پێکدەهێنن. سەوسەن دەیەوێت ئەم ڕاستییە بە عاشقەکانی بڵێت، بۆیە ڕەوانەی سەفەرێکی دوور و درێژی جیۆ – مەعریفیان دەکات، تا لە مانای فراوانی چەمکی خۆشەویستی تێبگەن و نە ببنە جەنگاوەر و نە لە جەنگیشدا بکوژرێن، بەڵام لە ئاکامدا جەنگ هەموو شتێک لەناو دەبات. گرفتەکە ئەوەیە لێرە جەنگ هەیە، نەک خۆشەویستی؛ تەنانەت لە ناو خودی خۆشەویستیشدا جەنگێکی سەخت هەیە {کاتی خۆیشی بەختیار لە قەسیدەی (عەشق) دا ئەم دەستەواژەیەی بەکارهێنا بوو: عەشق سەختترە لە جەنگ؛ کاتێک لە نیوە بەیتێکدا دەڵێت: ((عەشق سەختترە لە خەیاڵ... سەختترە لە جەنگ))}[١٣]. سەوسەن – یش بە بێ ئەوەی بیەوێت، ئەویش تەماشاکەرێکی (یان کارەکتەرێکی ناو) ئەم جەنگەیە. ئەم جەنگە

جەنگێکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە (ئەمەش وەک گوتمان، مۆرکی گوتاری گێڕانەوەی ڕۆمانەکەیە)؛ ئەو جەنگەی، کە خەسڵەتێکی ژیانی دەروونــی و کۆمەڵایەتی هەموو تاکێکی کۆمەڵگەی ئێمەیە. لێرەشدا قین و دڵپیسی و بێزار ی و تاوان سەر هەڵدەدەن و لە کاری خراپدا بەرجەستە دەبن؛ بە نموونە: کاتێک کە کامەرانی سەلما بە چەقۆ لە مەنسوور ئەسرین دەدا و ئامۆونییەکانیش، کە کامەران دەکوژن. وەک دەشبینین، سەرەتای ڕۆمانەکە بە شەڕ دەستپێدەکات و کۆتاییەکەشی بە جەنگ و کوشتار تەواو دەبێت: جەنگی ناوخۆ، کوشتنی کامەران...، کەواتە ئەم ڕۆمانە ((واقیعیە – فانتازیەی)) بەختیار، مۆرکێکی تراژیدیشی پێوەیە، ئەمەش لە گێڕانەوەی زنجیرە چیرۆک و ڕووداوە تراژیدییەکان (لە گرێچنە تراژیدیەکەی)دا بەدەر دەکــەوێ: زنجیرە چیرۆک و ڕووداوە تراژیدییەکانی عیشق و جەنگ و سیاسەتکردن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا (لە ڕاستیدا ئەم ڕۆمانەی بەختیار – وەک هەموو ڕۆمانەکانی دیکەی – دەشێت چەند جۆر لە ڕۆمان لەخۆ بگرێت، وەک: ڕۆمانی واقیعی، ڕۆمانی فانتازیی، ڕۆمانی کۆمەڵایەتی، ڕۆمانی دەروونیی، ڕۆمانی ڕۆمانتیکی...ئەمەش خەسڵەت و شێوازە ناتەقلیدییەکەی سەرلەبەری ڕۆمانەکانی بەختیارن). وەک دەشزانین ئەم ڕۆمانە بە بێ هیچ پێشەکییەک، یەکسەر دەچێتە ناوجەرگەی ململانێ و ڕووداوەکانەوە؛ لێرەشەوە سەرەتا بێ پێشەکییە دراماتیکییەکەی ڕۆمانەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات: ((یەکێک لە ئێوارە ساردەکانی زستان بوو کە مەنگوڕی بابە گەورە و کامەرانی سەلما لەسەر سیلەی یەکێک لە کۆڵانەکاندا مەنسور ئەسرینیان بینی. سەعاتێک بوو بە تایبەت لەوێدا وەستا بوون بۆ ئەوەی ئەو ببینن. کامەرانی سەلما سوێندی خوارد بوو گەر قسەکانی لەگەڵ ئەسریندا نەگەنە ئەنجام، بیکوژێت. سووک و سادە بیکوژێت...))[١٤]. بەم شێوەیە خوێنەر دەکەوێتە ناو مەراقێکی گەورەوە، تا بزانێت پاشان چ ڕوو دەدا؛ ئا ئەم تاسەی زانینەیە وا دەکات، کە خوێنەر بوروژێ و بچێتە ناو پرۆسەی خوێندنەوەی دەقــەوە؛ ئەمە حاڵەتی تامەزرۆکردنی (تەشویقی) سەرەتای هەموو دەقێکی زیندووە؛ هەمیشە لە ڕۆماندا شێوازی (تەکنیکی) گێڕانەوە یەکجار گرنگە؛ لەم حاڵەتەدا بچووکترین کار و دیاردە و ڕووداویش پڕ لە تاسە و چێژ دەبن. بەنموونە دەڵێم، یۆستابین گاردەر لە ڕۆمانی مایادا بە شێوازێکی وەها کاریگەر باس و وەسفی مارمێلکە دەکات، کە هەتا هەتایێ ئەم گیانلەبەرەمان خۆشبوێت و لێی نەترسێین و بێزی لێ نەکەینەوە (وەک کە قێز لێ بوونەوە و کوشتنی ئەم گیانلەبەرە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دیاردەیەکی باوە). ئەوەی ئەم ڕۆمانە بخوێنێتەوە، لە نرخی ژیانی هەموو گیانلەبەرێک تێدەگات. دەزانێ، کە ژیان نرخێکی مەزنی هەیە. ژیان نرخی خۆی هەیە: چ هی مارمێلکە، چ

هی مرۆڤ بێت. هەڵبەت ئەوەی ڕێزی مرۆڤ بگرێت، ڕێزی هەموو گیانلەبەرێکیش دەگرێ. ئێمە ئەم گوتارە مرۆییە لە ڕۆمانەکەی بەختیار – یشدا بەدی دەکەین؛ بەڵام گرفتی شێوازی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی (ڕۆمانەکانی) بەختیار– ئەگەرچی شێوازێکی کاریگەر و سەرنجڕاکێشە– وەک نووسەر، نەک وەک گێڕەرەوە (چونکە ئەمە گرفتی هەموو نووسینەکانی بەختیار – ە)، لە چۆنیەتی دەربڕینی زمانەکەیدایە. واتە کێشەی هەرە گەورەی زمانی بەختیار کێشەیەکی ڕێزمانییە؛ ئەمەش کێشەیەکی بنەماگەرانەیە و کێشەیەکی سەرەکییە لە بنەمای دەقدا؛ کە زۆر جار نووسەری کورد – بە داخەوە – بایەخ بەم بنەمایە نادات. بێگومان ئەم بنەمایە بەندە بە بنەمای شێوازیشەوە (شێوازی نووسین و گێڕانەوە). واتە زمان یەکێکە لە بنەما هەرە گرنگەکانی دەق؛ ئەگەر دەقێک گرفتی زمانی هەبوو، ئەوا ئەم گرفتە کار لە ئاستی داهێنانی ئەم دەقە دەکات؛ ئا ڕێک ئەمە گرفتی دەقەکانی بەختیار –ە، بە ڕۆمانەکەی لەمەڕ خۆشمانەوە: (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان). ئێمە وای دەبینین، کە تەناقوزێکی یەکجار گەورە لە نێوان ئاستی پەیامی فیکر و ئاستی بنەمای زمانی بەختیار – دا هەیە. من بۆیە وا دەڵێم، چونکە بەختیار هەڵەی ڕێزمانیی یەکجار سادە و بچووک دەکات: ئەو لە چوارچێوەی ڕستەی سادە و ئاساییدا، وشەی زۆر سادە و ئاسان بە هەڵە بەکار دەهێنێت. بە نموونە ئەو دەڵێت: ((سەری هەندێک لە باڵندە کوژراوەکان لە دەلاقەی نێوان شیشەکانەوە شۆڕ بوو بووەوە))[١٥] سەیرە، دەلاقەی دیواران لە کوێ و کەلێنی نێوان شیشان لە کوێ! ئەم جۆرە هەڵەیە نووسەرێکی هەرە سادە و سەرەتاییش نایکات؛ یانیش دەڵێت: ((باڵندەکانی خالید بێ ئەندازە بێ دەنگ بوون، چرکەیان لێوە نەدەهات))[١٦]. هەمووومان دەزانین چرکە – ئەگەر هەڵەی چاپ نەبێ – بۆ ئامێری ماددی بێ گیانی وەک سەعات بەکار دێت، بەڵام بۆ باڵندە چریکە (جوکە، جیکە، جریوە) بە کار دێت. ئایا ئەمە تەناقوزێکی یەکجار سەیر و گەورە نییە، لە نێوان ئاستی ڕۆشنبیریی و ئاستی زمانی بەختیار –دا، لە کاتێکدا ئەو کوردێکی شاری سلێمانی – یە؟ یانیش دەڵێت: ((تۆزێک بە جدییەتەوە چاوی داچەقاند))[١٧]. لێرە نازانین مەبەستی لە چاو داچەقاندن چییە؟ ئایا مەبەستی لە چاو داگرتنە؟ چاو چۆن چۆنی دادەچەقێ؟ ئایا مەبەستی لە تروکاندنە، نوقاندنە (چوقاندنە)؟ یان با تەماشای ئەم ڕستە سەیرە بکەین، کە دەڵێت: ((مەنگوڕ وێرانی ئەوەی نەبوو بێتە پێشترەوە)). پێموایە هیچ منداڵێکی کوردیش و هیچ بێگانەیەکیش، کە تازە فێرە کوردی بوو بێت ڕستەی وەها دەرنابڕن (نابێژن) و بە شێوازی وەها قسە ناکەن. ئەم ڕستەیە لێرە تەرجومەی ئەو ڕستە عەرەبییەیە (تەعریبکراوەیە)، کە دەڵێت: ((جورئەتی ئەوەی نەبوو...))، لە جیاتی ئەوەی بڵێ: (نەیدەوێرا...). باشە ئێمە لێرە

لە خۆمان دەپرسین: بۆ بەختیار (لەم ساتەوەختانەی نووسیندا)، ناڵێت و ناتوانێ (بەنموونە) بڵێت: (مەنگوڕ نەیدەوێرا پتر بێتە پێش {=پێشەوە})؛ یان (مەنگوڕ نەیدەوێرا بێتە پێشتر)؟ تۆ بڵێی ئەمە گەمەی زمان بێت، کە بەختیار بیەوێ بیکات، بەڵام گەمەیەکی سەقەت و خراپ؟ تۆ بڵێی لە نەخشەی پەیامی مەعریفی و رۆشنبیریی بەختیاردا، زمانناسیی و مەعریفەی زمان ئەوەندە گرنگ نەبن؟ تۆ بڵێی بنەمای رێزمان (پرەنسیپەکانی زانستی رێزمان) بەشێکی هەرە بنجی و گرنگی بنەما و هەیکەلی هەموو دەقێکی سەرکەوتوو نەبێت؟ ئەگەرنا بۆ کەسێکی وەک بەختیار ئەو هەموو کەمتەرخەمیەی لە ئاست بنەمای (یاسای) رێزمانی نووسینەکانیدا (دەقەکانیدا) هەیە؟ گوناهە ئەو، ئەو هەموو دەقە باشانەمان بە زمانێکی خراپ پێشکەش بکات (بێگومان من لێرە – جەخت دەکەمەوە – مەبەستم لایەنی رێزمانی دەقەکانە، نەک لایەنە رەوانبێژییە ئەدەبییەکەی)، ئەگەرچی هەندێکجار تەمومژ و کێشە دەکەوێتە ناو شێوازی دەربڕین و گوتاری رەوانبێژییشەوە؛ بە نموونە نووسەر دەڵێت: ((قەسەم بە ئەسحابە، خەڵکی زیرەک لە حاڵەتی وەهادا تێکدەچن و سەر و لاقی خۆیان تێکەڵ دەکـەن...))[١٨]. دیارە دەستەواژەی ((سەر و لاقی خۆیان تێکەڵ دەکەن))، هەم لە رووی دەربڕینەوە و هەم لە رووی واتاشەوە نارێکە: ئێمە نازانین چ لە رووی واتاوە بێت و چ لە رووی رەوانبێژیشەوە بێت ((سەر و لاق تێکەڵ بوون)) چ دەگەیەنێ و چ جوانییەکی تێدایە؟ (دیارە نووسەر لێرە –لەسەر زاری مەنگوڕ– بە زمانی خوازە قسە دەکات، بەڵام ئەمە خوازەیەکی ناقۆڵایە؛ خوازەیەکی ناکاریگەرە و هیچ جوانییەکی تێدا نییە). ئەم دەستەواژەیە هەمیشە ئیحای خواردنی پاچە و تێکەڵبوونی سەر و پێی ئاژەڵمان بە بیر دەهێنێتەوە؛ یان ئیحای فەوزای مەیدانی جەنگ و کوشت و کوشتارمان پێدەبەخشێ. بۆ دەبێت کوردێکی رەسەنی خاوەن ئەزموونی وەک مەنگوڕی بابە گەورە، بە زمانێکی وەها شڕ و نامەعقوول بدوێت؟ ئایا دەلالەتی ((دەست و لاق تێکەڵ بوون)) چ پێوەندییەکی ئۆرگانیکی بە چەمکی زیرەکییەوە هەیە؟ ئایا مەنگوڕ کەسێکی هێندە نەزانە و هێندە گاڵتەجارە، تا بەم زمانە تێکشکاو و شڕ و شپڕێوە قسە بکات؟ من پێموایە دەربڕینی وەها، دەشێ لە زمانی کەسێکی سەرەتایی و گێل و نەزان بێتە دەرێ (کە دەزانین مەنگوڕ کەسایەتییەکی وەها نییە)؛ ئەم دەربڕینە ئەستەمیشە لە سیاقی هیچ زمانێکی گاڵتەجارانەشدا جێگەی ببێتەوە: ئەم زمانە گاڵتەجارانە و میللییەی مەنگوڕ هەندێجار ئاستێک و ئاراستەیەکی یەکجار خراپ وەردەگرێت؛ بەنموونە مەنگوڕ لە هەموو شوێنێک و لە بەرانبەر هەر کەسێکدا بێت (بە تایبەتیش سەوسەن)، بە بۆنە و بێ بۆنە وشەی ((قـوون)) بەکار دەهێنێ؛ ئەوجا زۆر بە زێدەڕۆیی و نامەعقوولیش بەکاری

دەهێنێت (مەبەستم لە نامەعقوولییەتی ناو زمانی ئەدەب و نووسینە؛ بۆیەش گێڕەرەوەی ڕۆمانەکەی بەختیار هەندێجار بنەمای واقیعی گێڕانەوە، یان بنەمای واقیعییەتی گێڕانەوە لە بیر دەکات). بە درێژایی ڕۆمانەکە (٤٦) جار مەنگوڕ وشەی قوون بەکار دەهێنێت؛ ئێمە لە بڕوایە داین، نە لە مێژووی ئەفسانەدا و نە لە واقیعیشدا، هیچ چەقۆکێش و سەرسەرییەک نییە هێندەی مەنگوڕ کەسایەتییەکی کارتۆنی و پووچەڵ بێت؛ بەڵام ئەگەر لێرە نووسەر مەبەستی ئەوە بێت، کە مۆرکێکی کۆمیدی سەرسەریانە (کەسایەتییەکی میللی گاڵتەجاڕ و چەقۆکێشی کوردەواری) بە کەسایەتی مەنگوڕ ببەخشێت، ئەوا بە داخەوە — بە رای ئێمە – لەم هەوڵەیدا سەرکەوتوو نەبووە. ئاخر با بزانین، چ مەنتیقێکی ئەدەبی و ڕەوانبێژیی و واقیعی لەم گوتانەی مەنگوڕدا هەیە: ((...ئەویش لەوانە بوو کە بۆ یار تک تک فرمێسک لە قوونی دەهات))؟[١٩] ئەمە چ فانتازیایەکە لە خەیاڵی دروستکردنی کەسایەتی ڕۆماندا؟ یان تەماشا کەن پاڵەوانە کۆمیدی و چەقۆکێشەکەی بەختیار چ بە سەوسەن دەڵێت: ((زۆربەی ئەوانەی دەیانناسم قوونی خۆیان ناجووڵێنن، بۆ ئەوەی تێمبگەن))[٢٠]؛ یان دەڵێت: ((هیچ شتێک لە مێژوو بێبارتر نییە، کەس نازانێت قوونی خۆی چۆن دەجووڵێنێتەوە)[٢١]؛ یانیش دەڵێت: ((کامەرانی سەلما کە خۆی عەشق لە قوونی دەچۆڕێت))...[٢٢] دەیان نموونەی خراپی دیکەی لەم شێوەیە. ئەم وشەیە لێرە تەنانەت بە مانا مەجازییەکەشی زۆر بە سەقەتی بەکار هاتووە. لە هەموو حاڵەتێکدا نەدەبوایە مەنگوڕ هێندە بە ناجۆری ئەم وشەیە بە کار بهێنێت؛ خۆ ئەگەر نووسەر لێرە دەیەوێت پێمان بڵێ، کە کۆمەڵگە و ڕۆشنبیریی ئێمە پڕە لە جنێو و کەسایەتی چەقۆکێشی وەک مەنگوڕ، بەڵام دەکرا و وا باشتر بوو، کە زمانی مەنگوڕ نزیکتر بێت لە زمانی واقیعی کولتووری جنێوفرۆشی ئێمە و نزیک بێت لە ئاستی زمانی میللی ئەو کسایەتییانەی وەک مەنگوڕ و کامەرانی سەلما، کە ڕۆژانە لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگەکەی خۆماندا لەگەڵماندا دەژین و دەیانبینین؛ زمانە گاڵتەجاڕی و جنێوفرۆشییەکەی مەنگوڕ بە شێوەیەکی وەها میکانیکی و نامەعقوول دروستکراوە، کە هیچ پێوەندییەکی ئۆرگانیکی بە کەلەپووری دەوڵەمەندی جنێوفرۆشی کۆمەڵگەی ئێمەوە نەمێنێت؛ ئەگەریش زمانی مەنگوڕ تەنیا زمانی کەسایەتییەکی گاڵتەجاڕ و قۆشمەچی بێت لە کۆمەڵگەدا، بۆ دەبێت — وەک گوتمان – هێندە بە زێدەڕۆیی و نامەعقوولی وشەی ناشیرینی قوون بەکار بهێنێ؟[٢٣] لە بەرانبەر کێش؟ لە بەرانبەر کچێکی ناسکی ڕۆشنبیری عاشقی وەک سەوسەن! ئەمیش ئەو زمانەی مەنگوڕی هێندە پێ ئاساییە وەک بڵێی نە بای دیتبێ، نە باران. تاکە یەکجاریش چییە، نە بە قسە، نە بە ئاماژەیەک ئەو زمانە نائاساییەی مەنگوڕ ڕەتناکاتەوە {وەک بڵێی لە لای بەختیار تەنیا مانا(پەیام) گرنگ

بێ، نەک گوتار (تەکنیک)}؛ (٢٤) بەهەر حاڵ ئێمە لێرە جارێکی دیکە لەم ڕۆمانەدا، جەخت لەسەر پرسی ئایدیۆلۆژیا و شێوازی نووسینی ڕاپۆرتانە دەکەینەوە و دەڵێین: ئەو شێوازە ڕاپۆرتانەیەی، کە بەختیار هەندێک کارەسات و ڕووداوی سیاسی پێ دەگێڕێتەوە و وەسفیان دەکات، نەک هەر لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای دەرەکی ڕۆمانەکەدا (ئایدیۆلۆژیای نووسەری ڕاستەقینە، کە وەک گوتمان ئایدیۆلۆژیایەکی ئاکارەکی چەپڕۆیانەیە) لە نرخی تەکنیکی پرۆسەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە کەم دەکاتەوە، بەڵکو ئەم شێوازە لە ڕووی سەردەمی ڕاگەیاندنی واتا و دەلالەتیشەوە، نرخێکی ئەوتۆی نییە، چونکە ئەم هەواڵانە (ڕووداوانـە) وەک ((خەبەر))، ئەگەر لە سیاقی زمانی ئەدەبیدا داهێنانیان تێدا نەکرێت، هیچ شتێکی نوێی ئەوتۆیان تێدا نییە؛ ڕاستییەکەی ئەم هەواڵانە (ووداوانە) دەبێت ببنە ڕایەڵی چنینی تەونی گێڕانەوەی دەقی ڕۆمانەکە، نەک وەک شتی دەرەکی و نامۆ خۆیان بەسەر دەقەکەدا بسەپێنن. ئەم جۆرە هەواڵ و ڕووداوانە نابێت «حەشو» بن بۆ پڕکردنەوەی درز و کەلێنی سیستمی گێڕانەوەی چیرۆک و ڕۆمان، بەڵکو دەبێت ڕەگەزی ئۆرگانیکی بن لە گوتاری ئەدەبی ئەم سیستمەدا. بە داخەوە — بە بۆچوونی ئێمە – بەختیار لەم بوارەدا شکستی هێناوە؛ ئەو لە ڕۆمانی دیکەشی ئەم کێشەیەی هەیە، وەک ڕۆمانی (غەزەلنووس و باخی خەیاڵ و شاری مۆسیقارە سپییەکان...). با جارێکی دیکە بڕوانینە نموونەیەکی دیکەی ئەم سیستمە پڕ لە درز و کەلێن و پڕ لە «حەشوە» لە شێوازی وەسفکردن و گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، گێڕەرەوە دبێژە: ((بۆ ئەوەی زۆر لە قسەکانی پێشوو دوور نەکەوینەوە، دەمەوێت بڵێم لە وڵاتی ئێمەدا هەموو ڕۆژگارەکانی ترس، ڕۆژی گەورەی خەون و هەموو ڕۆژگارەکانی خەون، سەردەمی گەورەی ترسن. لە ساڵی ١٩٩١ دا کە جەنگی عێراق لەگەڵ سەرجەمی جیهاندا دەستی پێکرد، هەموو ترس و خەونمان بە چەشنێکی وەها بەرین تێکەڵاو کرد، دواتر بۆمان جیا نەکرایەوە.))[٢٥]. ئەم وەسفانە وەسفی میکانیکی و دەستەواژە و دەربڕینی ناڕێک و شاشن. ئەم وەسفانە وەسفی شیعریین، بەڵام بە زمان و دەربڕینێکی خراپ: ڕووداوێکی سیاسی مێژوویی بە زمانێکی ڕۆژنامەگەریی کوردی یەکجار خراپ وەسف دەکرێت و تۆمار دەکرێت؛ چەند ناقۆڵایە، کە بڵێی ((جەنگی عێراق لەگەڵ سەرجەمی جیهاندا دەستی پێکرد))! یانیش لە شوێنێکی دیکەدا دبێژە ((ساڵی ١٩٨٨ یەکێک بوو لە ساڵە سەختەکان. لەو ساڵەدا سەدام حوسەین بڕیاری دا تۆڵە لە هەموو ئەو کوردانە بکاتەوە کە لە جەنگی ئێراندا بەشداریان نەکرد...))[٢٦]. گێڕەرەوە بە زمانێکی وەها دەدوێ، وەک بڵێی بە خۆی کورد نەبێت، کاتێک کە دەڵێت: ((... تۆڵە لە هەموو ئەو کوردانە بکاتەوە کە لە...)). دەستەواژەی ((هەموو ئەو کوردانە)) بە عادەت کەسێکی

(حیکایەتبێژێکی) ناکورد بەکاری دەهێنێت، بۆ ئەوەی ئاماژە بە ناساندنی خەڵکی کورد و نەتەوەی کورد بکات. ئەم گوتارە گوتاری ئەوی دیکەیە بۆ شوناسی ئێمەی کورد. هاوڵاتییەکی کورد بە خەڵکی خۆی و بە نەتەوەکەی خۆی ناڵێت: ((ئەو کوردانە)). پاشان کوا جەنگی عێراق لەگەڵ هەموو ((سەرجەمی)) جیهاندا بوو؟ بەڵکو بە ناوی هاوپەیمانیەتییەکەوە لەگەڵ کۆمەڵێک وڵاتی جیهاندا بوو. راستیش نییە بگوترێت ((لە جەنگی ئێراندا))، بەڵکو دەبێت بگوترێت (لە جەنگی عێراق و ئێراندا، یان لە جەنگی عێراق-ئێراندا، یان لە جەنگی عیراق لەگەڵ ئێراندا...). پرۆسەی تۆڵەکردنەوەش هەمووومان دەزانین، پرۆسەی قێزەونی بە ناوبانگی ئەنفال و کیمیاباران و رەشبگیرییەکان بوو، لەم حاڵەتەشدا وا باش بوو بە راشکاوی ئاماژەیان پێ بدرێت. ئێمە ئەمڕۆ هەمووشمان ئەوە دەزانین، کە ئەم سەردەمە سەردەمی کلاسیک نییە، سەردەمی دیستۆڤسکی و تۆلستۆی و بەلزاک... نییە، تا گێڕانەوە و تۆمارکردنی هەموو رووداوێکی سیاسی گرنگ بن و نرخی خەبەری و مەعریفی و مێژوویی خۆیان لە دەست نەدەن، بەڵکو ئەوەی ئەمڕۆ ئەم نرخە دەپارێزێ و رایدەگەیەنێ، ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای باڵای راگەیاندن و زانیارییەکانە: رۆژنامە و سەتەلایت و ئەنتەرنێت ئەمڕۆ بە باشی هەموو شتێکمان پێ دەڵێن و لە سەرتاسەری جیهاندا زۆر بە خێرایی هەموو هەواڵێکمان پێدەبەخشن، بۆیە گێڕانەوەی هەواڵ و رووداوەکان وەک ئەوان و بە زمانی ئەوان (دوور لە گوتاری ئەدەبی داهێنەرانە)، لە نرخی تەکنیکی گێڕانەوەی چیرۆک و رۆمان کەم دەکاتەوە. من مەبەستم ئەوەیە بڵێم، دەکرا بەختیار مێژووی رووداوە سیاسییەکان تەنیا بۆ بەروار و مێژوو و بۆ پرۆسەی پەرەستاندنی زەمەنی گێڕانەوەی ناو رۆمانەکە باس بکات، نەک وەسفێکی ئیختیزالیی رۆژنامەگەریی ئەم مێژوو و رووداوانەمان پێ ببەخشێت؛ ئەو وەسفەی (زمانەی)، کە زیانێکی زۆر بە ئاستی تەکنیکی نووسینی رۆمان دەگەیەنێت. رەنگە زمانی وەها، پتر بۆ زمانی گوتاری رامیاری و زمانی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆگی و سایکۆلۆگی بشێت؛ لەم حاڵەتەشدا زمان دەبێت لە ئاستێکی عەقڵانی باڵاتردا، وەسفی دیاردە و شتەکان بکات و شیتەڵیان بکات.

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم:

١- بە گشتی گوتاری سیاسەت هەژموونی بەسەر گوتاری هەموو کایەکانی ژیانی رۆشنبیرییماندا هەیە، ئەمەش سەرچاوەی قەیرانی داهێنانە لە ژیانی رۆشنبیرییماندا. هەڵبەت دەشێ سیاسەت بەشێک بێت لە تێڕوانینی فەلسەفی نووسەر؛ بەشێک بێت لە بنەمای مەعریفەی نووسین (دەق)، بەڵام کە بووە گوتاری سیاسی بەرژەوەندی حزبی و هەواڵی رۆژانەی رۆژنامەگەریی، ئەوسا زیان بە پرۆسەی داهێنان دەگەیەنێت. دیارە یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانی ئایدیۆلۆژیای (دۆگما)ش ئەوەیە، کە ناهێڵێت مرۆڤ واقیع بین بێت؛ ناهێڵی مرۆڤ دیاردە و شتەکانی واقیع وەک خۆی ببینێ، بەڵکو لەسەر بنەمای شاردنەوەی راستییەکاندا، دووچاری خەیاڵی نەخۆشانە و وەهمی دەکات.

٢- ئەم حاڵەتە لەگەڵ شیعرییەتی گوتاری گێڕانەوە جیاوازە: دەکرێت رۆمان بە گوتاری شیعرییەت بنووسرێ، بەڵام ناکرێت بە زمان و تەکنیک و ئامانجی شیعر بنووسرێت؛ کەچی رۆمانیش لە ئەدەبی ئێمەدا، بە مەرجە تەکنیکییەکانی شیعر دەنووسرێ. هەڵبەت ئاسۆی مەعریفەی شیعر، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئاسۆی مەعریفەی کایەکانی دیکەی ئەدەبدا نییە، بۆیە ئێمە لێرە مەبەستمان ئەوە نییە، کە لە نرخی شیعر کەم بکەینەوە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە بڵێین، کە خودیەتی (زاتیەتی) گوتاری شیعر بەسەر گوتاری گێڕانەوە لە ئەدەبی ئێمەدا زاڵە. واتە دەسەڵاتی خودیەتی بە تەواوی رەگەزی بابەتایەتی لە ئەدەبی گێڕانەوەدا دەخنکێنێ.

٣- یۆستاین گاردەر، مایا (رۆمان)، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: بەهرۆز حەسەن (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٩) ل٣٣٥.

**٤- غابريل غارسيا ماركيز، كيف تكتب الرواية؟ و مقالات اخرى، ت: صالح علماني (الاهالى للطباعة و النشر و التوزيع، ط١)،ص٢٨.**

٥- بەختیار عەلی، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان (رۆمان)، (چاپخانەی کارۆ، ساڵی ٢٠٠٩)، ل٥٩.

٦- هەمان ژێدەر، ل٥٩، ٦٠.

٧- هەمان ژێدەر، ل٢٥٠.

٨- هەمان ژێدەر، ل٢٥٢.

٩- هەمان ژێدەر، ل٢٥٤.

**١٠ - جاب لينتفلت، مقتضيات النص السردى الادبى، ت: رشيد بنجدو، بروانة كتَيبى (طرائق تحليل السرد الادبى/ دراسات، الطبعة الاولى، الرباط ١٩٩٢)، ل٩٢.**

١١ - هەمان ژێدەر،ل ٩٣.

١٢ - بەختیار عەلی، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان (رۆمان)، (چاپخانەی کارۆ، ساڵی ٢٠٠٩)، ل٢٨٨.

١٣ - بەختیار عەلی، تا ماتەمی گوڵ - تا خوێنی فریشتە (چاپخانەی رەنج، ٢٠٠٦)، ل١٥٠.

١٤ - بەختیار عەلی، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان (چاپخانەی کارۆ، ساڵی ٢٠٠٩)،ل٥.

١٥ – هەمان ژێدەر، ل٢١٠.

١٦ – هەمان ژێدەر، ل٢٠٨.

١٧– هەمان ژێدەر، ل٢١٧. بەختیار – لە زۆربەی نووسینەکانیدا – تەعبیرێکی بەناوبانگی یەکجار نارێک و ناشایستەی هەیە، کە لە جیاتی ئەوەی بڵێت (هەتا هەتایێ)، دەڵێت ((تا هەتا هەتایێ)). دیارە (تا) ی یەکەم زیادە؛ واتە تەعبیرەکە دەبێتە ((هەتا هەتا هەتایێ))، چونکە (تا)یەکە هەر (هەتا)یە.

١٨– هەمان ژێدەر،ل ٤٩، ٥٠. کێشەی بەختیار لەم بوارەدا زۆرە. بۆ نموونە، ئەو نازانێت وشەی (هەرە) لە شوێنی راستی خۆیدا بەکار بهێنێ. چەندین جار ئەم وشەیە بە هەڵە لە رستەدا بەکار دەهێنێت. بەنموونە لە شوێنێکدا دەڵێت: ((ئەوە لە هەرە رستە کوشندەکانی ئەو دوا نیوەڕۆ سەیرە بوو کە سەوسەن تێیدا داواکارەکانی خۆی سەرسام کرد))، کەچی لە راستیدا دەبێت بڵێت: (ئەوە لە رستە هەرە کوشندەکانی...). بڕوانە هەمان ژێدەر،ل ١٠١. بەختیار دەستەواژەیەکی (دەربڕینێکی) زۆر سەیریشی هەیە، کە دەڵێت: ((تکات تیا بکەم، تکای تیا کرد)) لە جیاتی ئەوەی بڵێت: (تکای لێ بکەم، تکای لێ کرد). بڕوانەوە هەمان ژێدەر، لاپەڕەکانی ١٢٦، ٢٩١. بەختیار وشە و واژەشی لێ دەبێتە دەستەواژە، ئەوەتە لە گوتارێک بە ناونیشانی (جەوهەری پۆلیس) لە رێکەوتی (٢١-٢-٢٠١٢)ی رۆژنامەی ئاوێنەدا دبێژە: ((سەرەتا دەبێت بڵێم کە لێرەدا وشەی پۆلیس وەک دەستەواژەیەکی گشتی و مەجازی بۆ کۆی ئەو هێزانە بەکار دەهێنم...)). راستییەکەی – بە بڕوای ئێمە – دەبایە بیگوتبایە: (...وشەی پۆلیس وەک چەمکێکی گشتی...)، یان (...وشەی پۆلیس وەک واژەیەکی گشتی...).

١٩– هەمان ژێدەر، ل٣٩.

٢٠ – هەمان ژێدەر، ل١٢٨.

٢١ – هەمان ژێدەر، ل١١٩.

٢٢ – هەمان ژێدەر، ل ٨٠.

٢٣ – ئێمە لێرە دەپرسین: ئایا فانتازیا خەیاڵێکی داهێنەرە، یان خەیاڵێکی تێکدەر و ناماقووڵ؟ واتە خەیاڵێکە بنەماکانی رێزمان تێکدەدات لە پێناو تێکدان و وێرانکردندا، یان پێشێلیان دەکات لە پێناو دروستکردن و داهێنان و بنیادناندا؟ هەڵبەت دەبێت فانتازیا بەشێک بێت لە خەیاڵی داهێنان؛ ئەم داهێنانە بێگومان بە پلەیەکی یەکجار زۆر ئاستی کایەکانی (رەگەزەکانی) زمانیش دەگرێتەوە. واتە فانتازیا دەتوانێ زمانی (شێوازی) نووسین (دەق) جوانتر بکات. لێرەدایە، کە فانتازیا بەهایەکە لە بەهایە جوانەکانی داهێنانی ئەدەبی؛ چونکە فانتازیا نیشانەیەکی دەوڵەمەندیی خەیاڵی داهێنەرە.

٢٤ – بە پێچەوانەوە، هەمیشە سەرسەری و چەقۆکێشەکان لە واقیعی کۆمەڵگەی ئێمەدا، لە بەرانبەر کچی وەک سەوسەندا، شەرمن و بێ دەسەڵات و بێ ئیرادە و بەستەزمانن.

٢٥ – بەختیار عەلی، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان (چاپخانەی کارۆ، ساڵی ٢٠٠٩)،ل ١٤٩.

٢٦ – هەمان ژێدەر، ل١٣٧.

# مرۆڤ لەنێوان "هیچ" و "ناکۆتا"دا

## حەقیقەتی بوونی مرۆیی

## لە ئاسۆی فەلسەفەی بلێز پاسکاڵ-دا



**ئومێد حەمە عەلی- روسیا**

**دەتوانم زۆرئاسان بیهێنمە پێش چاوم، مرۆڤ بێ دەست و قاچ بێت، بەڵام ناتوانم وێنای مرۆڤ بکەم بەبێ هزر؛ ئەوە بەرد، یان ئاژەڵ دەبوو، نەک مرۆڤ.**

**پاسکاڵ**

پاسکاڵ دەپرسێت، مرۆڤ چییە لە سرووشتدا؟ هەرخۆی وەڵامدەداتەوە: مرۆڤ "هیچ"ە  بە بەراورد بە ناکۆتا و "هەموو"ە لە بەرابەر "هیچ"دا، مرۆڤ لە ناوەندی "هیچ" و "هەموو"دایە. لە توانای ئەودا نییە دەستڕاگەیشتن بە ترۆپک و کۆتایی شتەکان، بێگومان سەرەتاکەشیان شاراوەیە لە نهێنییەکی ئاشکرانەکراودا. مرۆڤ وەکویەک، هەم ناتوانایە لە دیتنی "هیچ"، کە لێوەی دەرهاتووە، وەهەم

"ناکۆتا"ش، کە ئەوی هەڵلوشیوە[1]. ڕەنگە هەڵوەشاندنی بنەڕەتی ئەو پرسیارە گرنگ بێت، کە دەربارەی مرۆڤ دەپرسێت "مرۆڤ چییە؟"، مەترسی ئەو پرسیارە لەکوێدایە؟ بێگومان لەوەدایە کە دەربارەی شتیەتی مرۆڤ دەدوێت، پێش دیاریکردنی مرۆڤە وەک شت، کاتێ ئێژێ مرۆڤ "چییە؟". لێرەدا وشەی "چییە" کاریگەرە، هێندەی کێشەی بوونی مرۆڤ قوڵتر دەکاتەوە، هێندە ناکارێ ڕۆشنی بکا، دەشێ بەشێک بێت لەو تاریکییەی، کە ئاسۆکانی ئەو بوونەی نادیارکردووە، بەدەرلەوەی ئەو پرسە هەڵگری بیرێکە، کە لە کۆنەستی خۆیدا وێنا و شوناسی مرۆڤی، وەک شتێ لە شتەکان حەشارداوە. هەربۆیە لەوانەیە لەو پرسەدا پرسی ڕاستەقینە دەربارەی بوون و مانای بوون لەناوبچێت، کە لە بنەمادا پرسە دەربارەی جەوهەری مرۆڤ، نەک "چیبوون یا شتبوون"ی ئەو لە جیهاندا، یان تەنانەت "کێبوون"ی ئەو، چونکە هەڵەی گەورەمان لەوێدایە، کە بە پێشینەیی "کێبوون" و "چیبوون"ی ئەو دیاری بکەین، ئەوەش نەتەنها لەبەرئەوەی "چیبوون" دژبەری ڕاستەقینەی کرۆکی مرۆڤانەیە، بەڵکو لەهەمانکات کوشتنی ناجێگیری و بێشوناسی مرۆڤە، دیاریکردن و سنووربەندکردنی ئەو بوونەیە.

گرفتی گەورە ئەوەیە بمانەوێت لەئاست ناکۆتادا شوناسی مرۆڤ دیاری بکەین، یانەکو پێناسێکی بۆ بدۆزینەوە، لەبەرئەوەی مرۆڤ وەک مرۆڤ پێناسە و شوناسێکی دیاریکراوی تەواو هەڵناگرێت؛ هەوڵێکی وەها دەبێتە خۆکوشتن بۆ مرۆڤ، ڕەنگە تەنها شوناسێ یان پێناسێک بۆ ئەو بێشوناسی بێت. بۆیە فەیلەسوف نابێت مرۆڤی دەستنیایی بئەفرێنێت، ئەو پێویستە مرۆڤ بهێنێتە باسکردن وەک ئەوەی هەیە. هەموو دیاریکردن و پێناسەکردنێکی مرۆڤ هیچ نییە جگەلە سادەگۆیی و خەملاندنێکی ئێجگار ساکار، ئەگەر لەبان بنەڕەتی ئەزموون دانەمەزرابێتن، وە ئەزموون پشتڕاستیان نەکاتەوە. شێوازێکی دیکە نییە بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤ، جگە لە ڕوانینە ژیان و ڕەفتاری ئەو بوونە مرۆییە. بێگومان هەرچییەک لەوبارەوە دەربخەین، بەهیچ ڕەنگێ ناتوانرێت بەتەنها یەک شێواز فۆرمۆلەبکرێت. حەتمیترین دۆخی بوونی مرۆیی دژبەرییە. مرۆڤ تێکەڵەیەکی سەرسامکەر و ناوازەی بوون و نەبوونە. پێگەی مرۆڤ لەنێوان ئەو دوو جەمسەرەدایە[2]. ئەوە دۆخێکە، کە پاسکاڵ تێیدا مرۆڤ دەبینێت و بەردەوام لە یاریکردندایە لەو نێوانەدا.

ئەگەر نیگەرانی دەربارەی بوونی مرۆڤ لە گۆشەنیگایەکەوە بێت، گوایە ئەو بوونە بێتوانا و بچوکە لەبەرانبەر ناکۆتادا، ئەوە نیگەرانیەمان ناتوانێ خزمەت بە

ڕەسەنییەتی ئەو بوونە بکا. ڕاستە، مرۆڤ نابێتە "هیچ"، واتە پوچ و ناکەس نییە بەرانبەر "هیچ"، بەڵام "هیچ"ە لە بەردەم ناکۆتادا، ئەمە لە گۆشەنیگای پاسکاڵەوە. لێرەدا ئەشێ هەڵەیەک لەو بیرکردنەوەیەدا هەبێ، ئەویش ئەوەیە: مرۆڤ ناکۆتا نییە، لەبەرئەوە "هیچ" ە بەبەراورد بەو ناکۆتایە. ئەشێ دیدێکی سیمبۆلیانە بێت، ئەوەی کە "مرۆڤ لەئاست ناکۆتادا هیچە"، بەڵام تەواو نالۆژیکییە، چونکە ئەگەر لەڕووی فیزیکیەوە بڕوانینە مرۆڤ، بەرانبەر بە هەموو بوون، یان ناکۆتا ئێجگار بچوکە، بەڵام ئەو بچوکییە نابێتە "هیچ" یان نەبوون. ئەگەر تەماشای ڕەهەندێکی تری ئەو بۆچوونە بکەین: مرۆڤ بەبەراورد بە هیچیەتی و ناکەسێتی بریتییە لە "هەموو"، بەڵام ئەگەر مرۆڤ بەبەراورد بە ناکۆتا هیچ بێ، هەرگیز ناتوانێ لەبەرانبەر "هیچێتی" دا هەموو بێ، "هەموو" بە پێوابوونی هایدیگەر –بوونە بەگشتی.

نەبوونی مرۆڤ بوونی نییە، نەک تەنها لەبەرئەوەی نەبوون لەدەرەوەی بوون نییە، بەڵکو لەبەرئەوەی مرۆڤ هاوار و دەنگی هەیە، ئەو بیردەکاتەوە، هەڵبەت بیرنەکردنەوەی مرۆڤ مانای نەبوونی ئەو نییە، واتە لێرەدا نامانەوێ بیرکردنەوە بکەینە مەرجی بوون، یان وەکو دیکارت: من بیردەکەمەوە، کەواتە، من بوونم. هەرچەندە بەپێچەوانەوە من تێدەگەم: بیرکردنەوە بۆ من مەرجیشە و مەرجیش نییە بۆ بوونی مرۆڤ: مەرج نییە بۆ بوونی مرۆڤ بەو واتایەی بیرکردنەوە وەک "هیچ" نابێتە بنەمای بوون، ئەو ئەفرێنەری بوون نییە. ئەمەش ڕەتکردنەوەی ئەو دیدە میتافیزیکییەیە، کە بوون بۆ کن ڕەهەندێکی ڕۆحی یان دونیایەکی ترانسدێنتالی دەگێڕێتەوە؛ کاتێ بیرکردنەوە مەرجی بوونە، ئەوە لە دوو باردایە، یەکەم: بیرکردنەوە وەک هاواری بوون، وەک جوڵەی بوون، وەک خۆنمایشکردنی بوون، وەک دەنگی بوون بۆ کن بوونێکی دیکە، بۆ نموونە بیرکردنەوەی فەیلەسوف بلێز پاسکاڵ بووەتە مەرج بۆ بوونی ئەو لە لای من، ئەگەر بهاتباو بەو ئاستە بیرینەکردایەتەوە، نەیدەتوانی بوونی ببێ لەکن مندا، پاسکاڵ بەهۆی بیری خۆیەوە بوونی خۆی سەلماندووە. هەڵبەت بەبێئەوەی، کە زانینی من دەربارەی بوونی ئەو ببێتە پێشمەرجی بنەڕەتی بوونی ئەو. ئەم بیرمەندە بوونی بووە، بەڵام بۆمن بەفاکتۆری بیرکردنەوەیەوە هاتۆتە بوون. دووەم: بیرکردنەوە وەک گەشە و گۆڕانی بوونی مرۆڤ وەک پێشمەرجی ڕەسەنبونی ئەو بوونە، وەک هەوڵی خۆقوتارکردنی مرۆڤ لە حەشامات "ئەوان" ، واتە بیرکردنەوە وەک جوڵە و ئامادەیی مرۆڤ لە شوێن، لە جیهان و، وە لە بووندا.

پاسکاڵ بەردەوام مرۆڤ بە کەم توانا دەبینێ لە تێگەیشتنی سرووشتدا، سرووشت بۆ ئەو وەک هەموو بوون و گەردوون، یان ناکۆتا دەنوسێ: بەشێ لە فاکتۆرەکانی بێهزری مرۆڤ لە پەیوەند بە سرووشتەوە ئەوەیە: سرووشت ناکۆتایە، بەڵام مرۆڤ کۆتایە و سنووربەندە؛ سرووشت بـەردەوام دەبێ و بوونی دەبێ بەبێ وەستان، بەڵام مرۆڤ تێپەڕە و مەرگاوییە؛ شتەکان لە رووەیەکیاندا لەناودەچن و دەگۆڕێن هەموو ساتێ، بەڵام مرۆڤ تەنها کەمێ لەئەوان دەبینێ؛ شتەکان سەرەتا و کۆتایی خۆیان هەیە، بەڵام مرۆڤ هیچ یەکێ لەوانە نازانێ؛ ئەوان سادەن، بەڵام مرۆڤ لەدوو سرووشتی جیاواز پێکهاتووە[٣]. رەنگە سەرنجراکێش بێت، ئەگەر بنوارینە بێهزری و گەوجێتی مرۆڤ بەو پێیەی پاسکاڵ باسی دەکات. بۆچی مرۆڤ بەو ئاستە لەبەردەم سرووشتی بێپایاندا بیرکردنەوەی دەگاتە ئاستی وڕاوەکردن و گەوجێتی؟ ئایا ئەوە پەیوەندیدارە بەدەرکنەکردن و نەناسینی خەسڵەتە ئۆنتۆلۆژییەکانی بوونی خۆی یان نا؟ لەوانەیە بشێ بەپێچەوانەی پاسکاڵەوە بێژین: بێهزری و کەمبیری مرۆڤ لەوەوە پەیدانابێ، کە بوونی ئەو کۆتایە و سنووربەندە، مرۆڤ کۆتادار و سنووربەندە بەوپێیەی ئەو بوونێکی روو لەمەرگە. مرۆڤ تەنها بەهەڵگرتنی پێشمەرجە ئۆنتۆلۆژییەکانی خۆی لە شوێن و جیهاندایە و لەتەک ئەوانی دیکەدایە. ئەو بونێکی میژووییە، مەرگاوییە، ئەو پرۆژەی بوونی خۆیەتی، بەڵام پرۆژەیەکی ناتەواوە، کۆتایی ئەو پرۆژەیە، کۆتایی "شیاو-بوون" ی بوونی مرۆییە، واتە مەرگ. ئامادەبوونی مرۆڤ توند گرێدراوە بە مەرجە ئۆنتۆلۆژییەکانییەوە و خودبوونی ئەو تەنها لەوانەوە پەیدادەبێت. تایبەتمەندییە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ، نەمایەی گەوجێتی ئەون و نە لەبنەڕەتیشەوە دەتوانن مرۆڤ بکەنە بوونێکی هۆشمەند. مرۆڤ هەروا لەناو سرووشت، یاخود بوونی ناکۆتادا بێهزر و گەوج نابێ، بەڵکو نارەسەنی و گەوجێتی ئەو لەوەدایە، کە بوون و جەوهەری بوونی خۆی و بنەڕەتی ئۆنتۆلۆژی خۆی نەهزرێنێ، ئەگەر ئەو دەستەوسان لەئاست پرۆسێسی خۆناسیندا رابوەستێت، هەرگیز لەناو بێپایانی بووندا ناتوانێ وەدوی نهێنییەکاندا وێڵبـێت.

سەبارەت بە ناتوانایی مرۆڤ لە رۆشنکردنەوەی سرووشت و ناکۆتادا کە پاسکال هێمای پێکردووە، کێشەیەکی گەورەدروست دەکات و لەهەمانکاتدا دژیەکیشە لەبیری ئەودا، چونکە دەرخستنی گەوجێتی مرۆڤ و ناکۆتایی سرووشت و زانین دەربارەی گۆڕان و لەناوچونی شتەکان و کێماسی گەورەی

مرۆڤ لەدیتنی ئەو دوودۆخە جیاوازەی شت، هەروەها هۆشیاربوون بەوەی شتەکان سەرەتا و کۆتاییان هەس، لەهەمانکاتدا مرۆڤ ئەوانە نازانێ؛ هەموو ئەوانە ئەگەر زانین و رۆشنکردنەوە نەبن چین؟ بۆیە دادوەرانەیە بپرسین: ئەگەر مرۆڤ ئێجگار زۆر گەوج بێت، چلۆن دەکارێ ئەو هەموو نهێنییە، ئەو هەمووە زانینە، هەم دەربارەی خۆی، جا ئەگەر کێماسی و گەمژەیەکانیشی بێ و هەم دەربارەی ناکۆتایی سرووشت و بوون بزانێت؟

پاسکاڵ دەربارەی مرۆڤ لەدوو روانگەوە داوەری دەکات، پێیوایە: ئەگەر بەپەیوەند بە ئامانجی ئەوەوە داوەری بکەین، لەوێرا مرۆڤ وەک بوونێکی مەزن و بێهاوتا وەدەردەکەوێ؛ یان ئەوەتا وەک زۆرینەی خەڵک داوەریدەکەن، بۆنموونە: دەربارەی سرووشتی ئەسپ یان سەگ، ئایا بەباشی رادەکات، یان ئایا خەسڵەتگەلی باشی هەن؟ لەم شێوە داوەریکردنەدا مرۆڤ قێزەون و شورەییئامێز دەبێت[٤]. ئەم داوەریکردنەی پاسکاڵ نزیکمان دەکاتەوە لەو تێڕوانینەی، کە گۆشەنیگایەکی هایدیگەرییە و کێشەی گەورەی فەلسەفەی خۆرئاواییە، کە لە فەرامۆشکردنی پرسی گرنگ و بنەڕەتی دەربارەی مانای بوون و بوونی مرۆڤدا دەردەکەوێ. هەروەک چۆن هەڵەنین گەر بێژین پێش هایدیگەر بەنزیکەی سێ سەدە پاسکاڵ ئەو دوو رێگا و داوەریە دیاریدەکات، کە لە داوەریکردنی یەکەمدا، مرۆڤ کێشەی خۆی لەتەک ئامانجی بوونی خۆیدا بەرجەستەدەکات، ئەمەش گەڕانی مرۆڤ و بیرکردنەوەیە دەربارەی مانای ئەوبوونە، تەنها بەم شکڵە پرسی جەوهەری ئەو دێتە گۆڕێ. ئاوڕدانەوەی جدی لەئامانج و مانای بوونی مرۆڤ، دەمانخاتە بەردەم کێشەی بنەڕەتی و خۆلێلانەدراوی جەوهەری مرۆڤ، لێرەوە دەشێ پرۆسێسی گەڕان و نوێکردنەوەی پرسیارە بنچینەییەکەی فەلسەفە بخەینەوە سەرڕێ راستینەکەی خۆی. بەم شیوەیە، فەلسەفاندن دەربارەی ئەو، مەزنکردن و بێهاوتاکردنی بوونە، واتە ئیدی رەتکردنەوەی هەر بەراوردکردنێک لەنێوان مرۆڤ و نامرۆڤەکاندا.

وەک بلێز پاسکال پێیوایە، داوەریکردنی خەڵک دەربارەی مرۆڤ وەک داوەریکردنیانە دەربارەی ئاژەڵگەلێک، کە لەبارەی رەفتاری باش و توانای فیزیکی ئەوانەوە بەگرنگییەوە مشتومڕدەکەن، بۆیە لەم بارەدا مرۆڤ تەنها وەک بوونێکی قێزەون و کەساس دەردەکەوێ. لێرەوە روونە بۆ ئێمە، کە بەکێشەکردن و بەچەقکردنی پرسی مانا و ئامانجی بوون بەشێوەیەکی رادیکالی فرێماندەداتە بەردەم سەختییە مەزنەکانەوە لە بیرکردنەوەدا و ناچارماندەکات

بەبیرکردنەوەی راستەقینە، کە بوونمان لەبناغەوە دەهەژێنێت. ئەم دۆخە هەر سادەگۆییەکی میتافیزیکیانە، یاخود ئەتەیستیانە خاپوردەکات. مرۆڤ دەتوانێ بەتەنها لەئاست بوون بەگشتی و بوونی خۆیدا رابوەستێت لەکاتێکدا لە ماڵی فەلسەفەدا نیشتەجێ بێت، ئەم ماڵە زێدی تەنیایی گەردوونییە.

فەلسەفە "هێنەر" ی غەم و نیگەرانی راستەقینەیە دەربارەی پرسی مانا و چارەنوسی بوونمان، ئەم غەم و نیگەرانییە ئێجگار قوڵتر و تێکشکێنەرترە لە دۆخی زیندانییەک، کە بۆ خستنەسارای نهێنییەکان ناچاردەکرێ و تینودەکرێ تانزیکبوونەوە لە مردن، ئەو لەوەها تروکەیەکدا لەبەردەم رەهاترین دوو هەڵبژاردەدایە، یان نۆشینی چەند تنۆکە ئاوێک و شکاندنی تینویەتی، یان هەڵبژاردنی تینویەتیەکی هەمیشەگی، وەک چۆن مرۆڤ ئەشێ لەسای سەرمەدیبوونی غەم و نیگەرانی پرسی مانا و چارەنوسی بووندا بەتنۆکە ئاوەکانی ئاین و ئایدۆلۆژیا، یان زانست تینویەتی بیرکردنەوە و بوونی بشکێنێ و تا هەتایە لە شێوەیەکی سەقامگیریدا، یانەکو خەوێکی قوڵدا بەهێمنییەک شادببێ؛ یان ئەوەتا، نەخێر، ئەو تینویەتیەکی هەمیشەیی فەلسەفیانە هەڵدەبژێرێت و تاهەتایە وەک بوونیکی تینوی حەقیقەت دەمێنێتەوە.

نزمترین نەخش لە مرۆڤدا، بەڵام لەتەک ئەوەشدا مەزنترین هێمای پایەبەرزی ئەو، گەڕانییەتی بەدوای شکۆمەندییدا[٥] بەهەڵەدا ناچین ئەگەر ئەم گوتەیەی پاسکاڵ بەکردنەوەی راستیەکی نکۆڵیلێنەکراوی بوونی مرۆیی دابنێین، کە ورد و روون پەنجەی هاویشتۆتە بان هەم پنتێکی نزمی و کێماسی بوونییەتی مرۆڤ، هەم پایەبڵندی مرۆڤ، کە لەوێڵبوونی ئەودا بەشوێن شکۆمەنییدا نیشتەجێیە. رەنگە وەها پرسێک وەگۆڕکەوێ: ئایا چۆن شیاویبوونە، نەخش و خەسڵەتێکی بنەمایی مرۆڤ لەیەک کاتا هێمای نزمی و کێماسی و هەم پایەبەرزی ئەو بێت؟ ئایا بۆچی پاسکاڵ "گەڕان" لەدوای شکۆمەندی تەنها لە یەکێک لە هێماکاندا نابینێتەوە، بەڵکو دوو رووی جیای مرۆڤی تێدا رۆشن دەکات؟ بۆئەوەی دەربارەی پرسە بنەڕەتییەکانمان بیربکەینەوە و خۆمان تاقی بکەینەوە دەشێ بێژین: مرۆڤ بوونێکە لە بنەڕەتەوە بەتاڵە لە "شکۆمەندی"، بەتاڵیشە لە "ناشکۆمەندی"، بەڵام کێماسی ئەو لە نەبوونی شکۆدایە، هەرچەندە ئەم نەبوونە بەشێوەیەکی رەها هێمای نزمییەتی ئەو نییە، واتە ناشکۆمەندی مرۆڤ پێوەستی پێش- بوونی خۆی نییە، ئەوە پرسێکە تەنها لەپاش وەبوونهاتنییەوە وەبووندێت و دەبێتە غەمی ئەو بوونە. کاتێ ناشکۆمەندی یان نەبوونی شکۆی پێشینەیی لەکن مرۆڤ دەبێتە

کێشە، مرۆڤ لەو ئاستەیدا غەمزەدە دەبێت، ئەوا ئیدی ئەو وەک سەوداسەری شکۆمەندی وەدیاردەکەوێت، ئەمە چرکەساتێکە، کە گەڕان بەدوای شکۆمەندییا وەک هێمای پایەبەرزی مرۆڤ لەپێنوس دەدرێت، بەڵام نەبوونی شکۆمەندی کێماسی و ناتەواوی مرۆڤە لەپاش وەبوونهاتنی و گەڕان بەدوای شکۆمەندییا هێمایە بە بوونی ئەو "نەبوونی شکۆمەندییە"، واتە مرۆڤ لەساتێکدا عەودالی شکۆمەندییە، ئەوە نیشانەی پێزانینی ئەوە دەربارەی نەبوونی شکۆمەندی لەکن خۆیدا، بەڵام گەڕان و سەوداسەرییەکەی ئەو هێماگەلی قوڵترن بە پایەبەرزی مرۆڤ، هێمان بە شیاو-بۆ- بوونی بیرکردنەوە، ئەو شیاو -بۆ- بوونە لە بنەڕەتدا دەشێ وەک "هیچ"[٦]ی مرۆڤ تێی بگەین، واتە نە "بوون"، و نە "نەبوون"ی ئەو، ئەم دۆخە خودی ئازادییە، ئەو دۆخەیە، کە سارتەر بە ناچاریەتی مرۆڤ بە ئازادی ناوی دەبات.

نیگەرانی و غەمی هەمیشەیی مرۆڤ لەئاست بوونی خۆیدا سەرچاوەی نابەختەوەرییەکانی ئەوە، یانەکو خودی نابەختەوەرین، هەموو ئەمەش گرێدراوی توندی هۆشمەندی مرۆڤە، پاسکاڵ لەوبارەوە دەنووسێت: تەنها بوونێکی ئاگامەند دەتوانێ نابەختەوەر بێت، ماڵی وێران ناکارێ نابەختەوەر بێت[٧]. لێرەدا، کە باس لە بەختەوەری دەکەین، وادیاردەکەوێت، کە بەختەوەری بوونی هەبێت. بۆیە گرنگە بێژم: بەختەوەری پێکهاتووە لە دەرک نەکردن و ناهۆشمەندی مرۆڤ لە ئاست نابەختەوەری و ئازاردا، یاخود روونتر، بەختەوەری خۆقوتارکردنی مرۆڤە لە لە کۆڵگرتنی غەم و نیگەرانییە بونگەراییەکانی خۆی، هەروەک چۆن پاسکاڵ گوزارشتی لەو رەهەندە کردووە لەوەدا، کە تەنها بوویەکی هۆشمەند دەتوانێت نابەختەوەر بێت، واتە ناهۆشمەندی بنەڕەتی بەختەوەرییە. بەباوەڕی من، نابەختەوەری، نیگەرانی و غەم، هەمیشەگین، لەو گۆشەنیگایەوە شتێ بەناوی بەختەوەری ناتوانێت بوونی هەبێت، بەتایبەت لەکن مرۆڤانێکا، کە هۆشمەندانە لەئاست غەم و نیگەرانییەکانی بووندا ئامادەییان ببێن. نموونەیەکی هەرە قەشەنگ باس دەکات: "ماڵێکی دارماو ناتوانێت نابەختەوەر بێت"، ئەو ماڵە هێمای مرۆڤێکی تێکشکاوە، کە بوونێکی نائاگامەندە، مانەوە و خۆڕاگرتنیشی لە بوون و جیهانا لە وەستانی هۆشمەندانەیەوە نییە لە ئاست نیگەرانییەکانی بوونیدا، ئەوەندەی لە بێباکی و نائاگامەندی ئەوەوەیە بەرامبەر کێشەبنەڕەتییەکان. مانەوە و خۆگرتن لە بوون و جیهان بۆ مرۆڤگەلێکی لەو شێوەیە نیشانەی مەزنی و پایەبڵندیی نییە.

هەرگەورەبوون و پایەبڵندبوونێکی مرۆڤ لە یەکەم پنتی بەرەوبانچوونیدا

گرێدراوی ڕۆشنکردن و کردنەوەی حەقیقەتی نزمی و گچکەییە لە بوونی ئەودا، واتە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە تەک کێشەبنەڕەتییەکانیدا، تەنها ئەوکاتە دەشێ مەزنبوون کرۆکی ڕاستینەیی خۆی هەبێت.

ماڵێکی ڕووخاو چیدی لەبەردەم هەڕەشەی ڕووخاندندا نییە، ناکرێت باس لە هەوڵدان بۆ وێرانکردنی بکرێت، ئەو ماڵە ئەمێستا دارماوە؛ هەروەک چۆن مرۆیەکی ناهۆشیار لە هۆشمەندی دارماوی خۆیدا ناتوانایە لە نیگەرانبووندا، هەربۆیەناتوانێت نابەختەوەر بێت. بەختەوەری منداڵی بیر و ئاگامەندییەکی دارماوە، مرۆڤێکی خودان بەختەوەرییەکی ئەوها وەک ماڵێکی وێرانە، کە بەسەر داروپەردووی خاپوربوویدا ساویلکانە بەدەم بەختەوەرییەکەیەوە پێدەکەنێت.

مرۆڤ مەزنە، کە دۆخی نالەبار و ناجۆری خۆی پێبزانێت. درەخت هوشیارنییە بەباری نەشیاوی خۆی. کەواتە: هەژاربوون مانای هوشیاربوونە بە دۆخی هەژارییەکە: بەڵام ئەم هوشیارییە هیمای پایەبڵندیە[٨]. مەزنی مرۆڤ، یانەکو گچکەیی ئەو مشتومڕێکی ناکۆتایە، ناکۆتایی ئەو مشتومڕە پەیوەندی بەناکۆتا جوڵە و گۆڕانی مرۆڤەوە هەیە، بەشێوەیەکی دیکە لەسەر ئەو ناسەقامگیری و بێ شوناسییە هەمیشەگییە ڕاوەستاوە کە لە بوونی مرۆڤایە، پێویستە تێیدابێت، ئەگەرنا یان مەرگی هەقیقی ئەوە، یان مەرگێکی ڕەمزی بوونی ئەو. بوونی ڕوولەمەرگی مرۆڤ، لە هەمانکاتدا پرۆژەی بوونی ئەوە ڕووەو کۆتایی شیاو -بۆ- بوونی خۆی؛ هەڵبەت پرۆژەیەکە، هەڵگری ئەو خەسڵەت و مەرج و بنەڕەتە ئۆنتۆلۆژیانەیە کە بەپێویست نیشتەجێی بوونی مرۆڤن، تەنانەت بوونی ئەو پێشمەرجانە و زیاتر کاریگەرییان لەسەر گەشەی هەربوونێکی مرۆیی گرێدراوە بە قوڵییەتی دەرککردن و پێزانییان، واتە پرۆسێسی بوونناسی و خودناسی مرۆڤ والاکەری دۆخی قێزەون و بێزراوی ئەون، هەرئەم خۆ یەکالاکردنەوەیە لەبەردەم "خود"دا بنچینەی گەورەیی مرۆڤن، وەک پاسکاڵ ئێژێ: درەخت هوشیاری بەکێماسی خۆی نییە، ئەمەش هۆیەکەیە، کە درەخت وەک درەخت دەمێنێتەوە، ئەگەرنا درەخت نەدەبوو. پاسکاڵ هەژاربوون وەک هوشیاری بەو دۆخە پێناسە دەکات، واتە هەموو کەس ناتوانێت هەژارانە بژی، ئەگەر هۆشمەندانە لە ئاست ئەو شێوەژیانەیا نەوەستێ، ئەوەی بەقوڵی پێدەزانێت، دەشتوانێت بەهەژاری بوونی هەبێت.

مرۆڤەکان هەم مەزنی، هەم گرگنی لەخۆیاندا دەبیننەوە. مرۆڤ گچکە و گرگنە لەبەرئەوەی بەوشکڵەیە و ئەوها بوونی هەیە لە داکەوتا؛ بەڵام مەزنیشە،

چونکە ئاگامەندە بەوە[٩]. ڕەنگە پاسکاڵ یەک لەو بیریارانەبێت، کە لە قوڵاییەوە ڕاستینە بنەڕەتییە ئۆنتۆلۆژییەکانی پێزانیبێت، کە مرۆڤ تێیاندا هیچ شوناسێکی ڕەهای نییە، ئەو نە مەزنە و نە پوچە لە سرووشتەوە. مرۆڤ لەخۆیدا خودان شیاوبوونی هەردوو ئەگەرەکەیە، ئەو شیاو –بۆ– بوونی مەزنی و گرگنییە. خراپی ڕەوشی بوونی مرۆڤ، یان کێماسی ئەو بوونە لە بێشوناسییەکەیدایەتی؛ هەڵبەت وادەردەکەوێت، بێشوناسی هەم کەمیەتی بوون، هەم خەسڵەتی پۆزەتیڤانەی بوونی مرۆڤ بێت. بەڵێ، ئەوە ڕاستییەکی ڕەتنەکراوەیە، بەڵام دژبەری یەکدیش نین. مرۆڤ وەک بێشوناس، بێ بەها، بێ جەوهەری ڕەها، ئەوانە کێماسی ئەون، واتە ئێمە باس لە کۆمەڵێ ڕەهەند دەکەین کە بوونیان پێویستە بۆبوونی مرۆیی، بێگومان بوونیان وەک پرۆسێس، نەک وەک دەرئەنجامێکی ڕەهای پرۆسەیەکی دیاریکراو، چونکە ئامادەگییان دواجار لەسەر هەمیشە ئامادەییان وەک پرۆسێس دەوەستێت. کەواتە مرۆڤ وەک بوونێکی ناتەواو دەشێ بوونی ببێت، ئەو ناتەواوییە بێلایەنە، بێشوناسە، وە بێجەوهەرییە. ئەم فاکتەرەیە، کە لێیەوە کرانەوەی مرۆڤ بەڕووی پێداویستییەکانی بووندا دەبێت لەدایکبێت. هەر لە هەناوی ئەو ناتەواوییەوەیە ئاسۆی ئازادی ئەو هەڵدێت. هۆشمەندیی بەو ناتەواوییە خودی ئەو ئاسۆیەیە، کە کرانەوە بەڕووی پرۆژەی بوون و پێداویستییەکانی بوون و ئازادی دەهێنێتە گۆڕێ، وە پریشکی ئەو کرانەوەیە لەو ئاسۆیەوە دەگاتە سەرزەمینی بوونی مرۆڤ.

ترسناکە، ئەگەر زیادلەڕادە لێکچوونەکانی لەتەک ئاژەڵاندا پیشانی مرۆڤ بدەی، بێئەوەی لایەنی پایەبالایی نیشانبدەیت. بەهەمانشێوە ترسناکە ئەگەر زۆربەی کات سەرنجی مرۆڤ بهاوێژرێتە سەر مەزنایەتی ئەو، بێئەوەی هیچییەتی خۆی وەبیربهێنرێتەوە. لە هەموو ئەوانە ترسناکتر ئەوەیە، کە مرۆڤ لە نائاگامەندیی بەو دوو ڕەهەندەیدا بەجێبهێڵرێت. لە بەرامبەردا، ئێجگار بەکەڵکە کە هەردوو بارەکەی بخرێتەبەردەم[١٠]. مرۆڤ لەلای پاسکاڵ بابەتی بنەڕەتی بیرکردنەوەی فەلسەفییە. مرۆڤ هاتووەتەبوون بۆئەوەی بیربکاتەوە: لەوەدایە بەها و شکۆی ئەو، بیرکردنەوە ئەرکی مرۆڤە. ڕێکوپێکی بیرکردنەوە لەوەدایە کە لە سەرەتاوە دەست پێ بکات، لە خۆیەوە وەک مەبەست و ئامانج. فەلسەفە پێداگیری لەوە دەکات، کە بیرکردنەوە سەلمێنەری مەزنی مرۆڤە. مەزنی مرۆڤ بەرچاو دەبێت، تەنانەت هێندەی کە بتوانین لە هیچێتی و نزمییەتی خودی مرۆڤەوە وەدەریخەین، لەبەرئەوەی ئێمە ئێژین "چ ئاژەڵییەکە!!"، مەبەستمان

سەزەنشتکردنی کەسگەلێکە، کە داکەوتونەخوارێ تا دۆخێکی ئاژەڵییانە. هەر بەدیدی پاسکاڵ، پایەبڵندی راستەقینە لە توانایی میهرەبانبووندایە. درەخت هاوئازاری و هاوغەمی نازانێت، بۆیە چارەنووسی مەزنەکان ئێجگار زۆر میهرەبانبوونە(١١).

بێگومان پاسکاڵ بە گرنگییەکی گەورەوە ئیش لەسەر لایەنێکی بنچینەیی بیرکردنەوە دەربـــارەی مرۆڤ و دەربـــارەی خودی بیرکردنەوە دەکات. لەسۆنگەیەکەوە، کە بیرکردنەوە پێویستە خۆپێکبهێنێت وەک پرۆژەیەکی هەمیشەیی رەخنەگرانەی خود لە خود، تەنها لەوەها ئاستێکدا دەشێ ئەو هاوسەنگییە رابگیرێ، کە بەپێویست دەبێ لەبوونی مرۆیی و بیرکردنەوەی ئەو بوونەدا ئامادەگی هەبێ. بەراوردکردنی مرۆڤ لەتەک ئاژەڵاندا نارەوایە، دژە بە جەوهەری مرۆڤ، کە مرۆڤبوونەکەیەتی. ئەوها، ئاژەڵبوون بەنیسبەت مرۆڤەوە دۆزەخی ئەو بوونەیە، دۆزەخی مرۆڤە بەبێ ئەوەی لەبەهای ئاژەڵان کەمبکەینەوە. مرۆڤ هیچ کاتێک ناکرێ بەئاژەڵی دابنێین، ئەمە نەک لەبەرئەوەی رەفتاری ئاژەڵییانە لەمرۆدا بەردیدەناکەوێ، بەڵکو ئەم شێوازە لەرەفتار بۆ خۆی هێمایە بە فۆرمێکی سەرچاوەنەگرتوو لە ئەقڵەوە، رونتر و دروستتر، کردارگەلێ کە دانەمەزرابن لەسەر بنەمای پرۆسێسێکی قوڵی بیرکردنەوە و ئەگۆمێنتسازییەکی پتەو.

ئاژەڵ ئەرگۆمینتسازی بۆ رەفتارەکانی ناکات و هەرگیز ئەو هێزەشی نییە، هەڵبەت ئاژەڵبوون بۆ ئاژەڵ رەوایە، بۆیە جوڵە و رەفتارەکانی رەوان و پێویست بە ئەرگۆمێنتسازی ناکات. ئەوان بوونیان ئاگامەندانە نییە و بەبێ ئەو ئاگامەندییە رەفتاردەکەن. بەڵام رەفتار و کردەی نائەقڵانی، کە لەبونیادیاندا مومکینییەتێکی ئەقڵی و هزری نییە، ئەوە سەربەدونیای مرۆڤ نین، وەک بوونێکی شیاو بۆ ئاگامەندبوون. روو لە جیهانێکە، کە کێشەکانی خۆی ناناسێ، نەمانای بوون و نە مەرگی خۆی نابنە پرسی چارەنوسسازی ئەو. دەشێ ئەم جیهانە بە رەهایی ئاژەڵی بێ، بێ ئەوەی بکارین مرۆڤ بهاوینە نێوەندی ئەو جیهانەوە. ئەمە ساتێکە، دەشێ دەرکەوتنی مرۆڤ بێت زیاتر وەک دیاردەیەکی بایۆلۆژی. بۆچی نەشیاوە بەراوردکردنی مرۆڤ–ئاژەڵ؟ ئەوە روونە، هەرچەندە لێرەدا بەشێوەیە لەشێوەکان ئەو بەراوردە دەکەم، بەڵام ئەو جیاکارییە دەبێ بکرێت: بەراورد بۆ لێچواندنی مرۆڤ بە ئاژەڵ خودی مەترسیەکەیە، بەقوڵی نامرۆڤانەیە. لێرەرا بەراورد بۆ رۆشنکردنی ئەوەیە، کە پێشمەرجگەلی بنەرەتی–ئۆنتۆلۆژی مرۆڤ،

بەتوندی و کاریگەرانە و رادیکالیانە ئەو بوونە دەکاتە بێهاوتا؛ مرۆڤ لەئاست پرۆژەی بوونی خۆیدا بەهۆشمەندییەوە کراوەیە، یانەکو پێویستە کراوەبێت. شیاو-بۆ-بوونی گۆڕان بەهۆشمەندییەوە تەنها مرۆڤ خاوەنمەندیەتی.

بۆچی پێویستە هەموو مەترسییەکان و رەهەندە جیاوەزەکانیان وەبیری مرۆڤ بخرێتەوە؟ بێگومان ئەمە لەبنەڕەتەوە لە مندالْدانی نیگەرانی هەمیشەگی بوونەوە دێتەدەرێ، بەوپێیەی، مرۆڤ بەهەمیشەیی دەبێ نیگەران بێت، نیگەرانی ئەرکی بوونهاوەرانەی ئەوە، لەهەنگاوی یەکەمدا، نیگەرانبوونە لەبەردەم بوونی خۆیدا، نەک لە خۆپەرستییەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی مرۆڤ بەهۆی بوونی خۆیەوە توانامەندە بۆ بوون، بۆیە نیگەرانی دەربارەی ئەو بنەڕەتییە. ئاسۆی بوونێکی هاوسەنگ، زیتەڵە، رەسەن لە گەڕانەوەیەکی ئێجگار وریایانە و هۆشیارانەی ئەودایە بۆ کن بوونی خۆی، تاکو نەکرێ، نە لە دۆزەخی بوونی مرۆییدا غەرقببێت و نە لە رەهایی مەزنی خۆیدا بێباکانە ئەسیر ببێت.

پاسکاڵ دەنوسێ: من هۆشیارم بەوەی، کە دەمتوانی نەبوومایە، چونکە "من" ی من لە بیروهزری مندایە؛ بەوشێوەیە، "من"، کە بیردەکاتەوە، بوونی نەدەبوو، ئەگەر بهاتبایە دایکمیان بکوشتبا پێش ئەوەی رۆحم وەدەستبێنم؛ کەواتە، من بوونێکی ناپێویستم. واتە من هەمیشەیی نیم، ناکۆتانیم؛ بەڵام بەڕوونی لە سرووشتدا بوونێکی پێویست دەبینم، کە هەمیشەگی و ناکۆتایە[١٢]. لێرەدا ئەوەی بەبایەخە ئەوەیە، کە "من" ی پاسکاڵ دەبێتە پێشمەرجی بوونی ئەو، دیارە "بوون" بەمانای بوونی راستەقینە، یان ئامادەبوو-لێرە، چونکە "من" لە بیر و هزردایە، "من" گوزارشتکەر و قسەکەری بوونی مرۆڤە، ئەمە ئەگەر لەسۆنگەی هایدیگەرەوە بنوارین، دەشێ بێژین، ئەو کاتەی پاسکاڵ ئێژێ "دەمتوانی هەرنەبوبام"، ئەوە دۆخێکە، کە مرۆڤ بۆ خۆی پێویستە دازاینی خۆی بئەفرێنێ و ئازادیبکات، واتە ببێتە بوون-لێرە، ئەم رەوشەی بوون دەشێ وەک "من" ی ئەو بوونە تێیبگەین. "من" لە بیروهزردا قەراریگرتووە، مانای ئەوەیە، کە "بیر" ماڵی "من"ی مرۆڤە، مەرجی بوونی "من"ە. لەهەمانکاتدا پاسکاڵ پارێزگاری لەو بیرە بنەڕەتیەی خۆی دەکات، کە دەکارم بێژم پێشمەرجی بوونی مرۆڤ بە ئۆنتۆلۆژییانە دەستنیشان دەکات، لەبەرئەوەی پێی وایە "من" ی بیرکەرەوەم نەدەبوو ئەگەر بهاتباو دایکی منیان کۆشتبایە پێش گەیشتنی رۆحم؛ راستە فەیلەسوف هێما بە رۆح دەکات، بەڵام لەبنەڕەتدا بوونی دایک وەک پێشمەرجی بوونی ئەو دێتە هزراندن. بوونی پاسکاڵ شیاو-بۆ- بوونی

دازاینی خۆیەتی، واتە زەمینەی بنەڕەتی ڕەسەنییەتی ئەوە.

پاسکاڵ بوون جودا دەکاتەوە لە "من"، کاتێک دەڵێ دەمتوانی هەرنەبووبام، چونکە "من" لە بیردا نیشتەجێیە و لە ڕووی کاتەوە دەکەوێتە پاش بوونەوە، "من" دیوە ئەقڵی و گیانییەکەی بوونی مرۆییە و کەسیەتی بوونە. دەشێ وەک لێکەوتە و کارلێک و گۆڕانی ئەو بوونە لەپێنوسبدرێ. ئەوەی زیاتر ئەو راستییە رۆشندەکاتەوە، کە مەرجی بوونی "من" ی مرۆڤێ بریتییە لەبوونی خودی ئەو مرۆڤە، ئەوەیە، کە بوونی دایک پێشمەرجی بوونی "من" ی بیرکەرەوەیە. ئەمەش وایلێدەکات بوونی مرۆڤ بە بوونێکی ناپێویست دابنێت، ئەوها فەیلەسوف بەدوای بوونێکی پێویستبوودا دەگەڕێ و هێما بە کۆتاییبوونی مرۆڤ دەکات، بۆ ئەوەی لێرەوە بگاتە کن بوونێکی پێویست-بۆ-بوون.

پاسکاڵ لەبارەی دابڕانی مرۆڤ لە حەقیقەت، پێیوایە: چەندە پێگەی جیهانیمان باڵا ببێت، ئەوەندەو زیاتر دادەبڕێین لە حەقیقەت(١٣). ڕەنگە هەڵەنەبین لە بیرکردنەوەماندا، ئەگەر پێوابوونمان وابێ، کە جیهانیبوون بەپێچەوانەی پاسکاڵەوە واتای دابڕان لە راستینە ناگەیەنێت، بەوپێیەی بوون-لە-جیهاندا پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆژی-بنەڕەتییە، ڕوونتر، ئەوە لە سۆنگەی مارتین هایدیگێرەوە، تەنها لەم ڕەوشەدا مرۆڤ لەتوانایدایە پێبنێتە نێو ڕۆشنە-پانتایی بوونەوە. بۆیە ئاشنابوون لەتەک ئاسۆی بوون لەو ڕۆشنە- پانتایەدا شیاوی رودانە، ئامادەگی لەو ڕۆشنە-پانتاییەدا هێمای بنەڕەتی خودبوونە، نیشانەی گەشەکردنی "من" ی مرۆڤە، ئەمە دۆخی ڕەسەنبوونە. دیارە گۆشەنیگای پاسکاڵ لێرەدا، گۆشەنیگایەکی میتافیزیکیە، بەو بەڵگەیەی ئەم بیرمەندە جەخت لە پەیوەندی مرۆڤ بە بوونی میتافیزیکیەوە دەکاتەوە، ئەو خۆی پێیوایە، کە بوونێکی ناکۆتا و هەمیشەگی لە سرووشتدا دەبینێت، بەڵام دیاریکردنی بیری ئەو وەک بیرێکی میتافیزیکی بۆ من، پەیوەندە بەوەی کە بوون دەگێڕێتەوە بۆ کن "هیچ"، ئەو بوون دادەمەزرێنێت لەسەر بنەڕەتی ئەو "هیچ"ە ،کە لە بوونێکی میتافیزیکیدا خۆی دەنوێنێت.

دادوەرانــەیــە، ئەگەر ڕوویــەکـی دیکەی ئـەو دیدگایە تەتەڵەبکەین، پایەبەرزبوونەوەی جیهانیانە دابڕانە لە راستینە، ئەوە ئەشێ کاتێ بێت، کە مرۆڤ ئێجگار زۆر بایۆلۆژیانە ئەزموونی بوونی جیهانیانەی خۆی دەکا و دەبێتە بوونێکی رۆژانەیی و ئەزموونی ڕوویەکی تەنکی ژیان و بوونی خۆی دەکات، وەک وابێ لە قوڵاییدا نیشتەجێ بێت. بۆمن سەرنجڕاکێشە گوتەیەکی فەیلەسوفی

گەورەی رووس "لێڤ شێستەڤ": ماسی دەگەڕێت، لەکوێ قوڵترە، مرۆڤ لەکوێ ژیان باشترە، بەڵام هەندێ جار مرۆڤ دەگەڕێت لەکوێ قوڵترە، هەرچەندە بەڕوونی دەبینێت لەوێ نەک باشتر نییە، بەڵکو ئێجگار خراپە. بەردەوام دەبێت و دەنووسێت، مرۆڤ لەکاتێکدا، کە "قوڵتر" لە شوێنی "باشتر" دادەنێت، ئیدی نزیکەکانی لەوەدەوەستن تێی بگەن و دەست دەکەن بە رکابەریکردنی(١٤). بۆیە پاسکاڵیش لەوەدا دروست پێکاویەتی، کە تا پلەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هتدی مرۆڤ بڵندتر و دیارتربێت، دەرفەتی لادانی مەزن لە راستەڕێی مرۆڤانە فراوانتر دەبێت، ئەوەی لەم دۆخەدا دەردەکەوێت ئەوەیە لە پێناو وننەکردنی پێگە جیهانییەکان "رامیاری، کۆمەڵایەتی و... هتد" مرۆڤ زۆر جار دەکەوێتە بەرەی دژایەتیکردنی راستینەوە، دووڕوویی و درۆ شوێنی حەقیقەت دەگرنەوە.

پاسکاڵ دەربارەی کات و پەیوەندی مرۆڤ بە کاتەوە ورد سەرنجیداوە و پێوابوونی وایە، کە "ئێستا" هیچ کاتێ ئامانجەکانی ئێمە پێک ناهێنێت، "رابردوو" و "ئێستا" ئامرازی ئێمەن، تەنها یەک ئامانجمان هەیە، ئەویش "ئاینده"یە. ئەوهایە، کە ناتوانین لە هیچ کاتێکدا بژین، بەڵکو هیواخوازی ژیانکردنین؛ هەمیشە بەو شێوەیە دەنواڕینە بەختەوەریی، بۆیە بێگومان هیچ ساتێ بەختەوەر نابین(١٥) بەتەواوی ئەوە دروستە: "ئێستا" ئامانجەکانی ئێمەی مرۆڤ پێک ناهێنێت، لە سوچێکەوە، پەیوەندی بە کێشەی فرەمانایی و فرەتێگەیشتنەوە هەیە لە زماندا، پەیوەستیشە بە تێگەیشتن لە تێگەیشتنە جیاوازەکان دەربارەی کات. لە دەمێکدا، کە باس لە ئامانج دەکەین، هەمیشە باس لە ئەگەرێک دەکەین لەپێشمانەوەیە، جا هەرچەندە بە ماوەیەکی کەمیش بێت، هەر بۆیە ئەمە ناودەنێین "ئاینده". هەڵبەت ئەگەر ئەو ئامانجە گەیشت بە ئێمە و ئێمەش بە ئەو، واتە یەکتربینینی ئێمە و ئامانجەکانمان لە کاتێکدایە، کە بۆ ئێمە "ئێستا"یە، بەم شکڵە ئەو ساتی یەکتربینینە لێرەوە دەبێتە "رابردوو"، ئەمەش بەهۆکاری بوون بە "ئێستا"ی "ئاینده"یەکی دیکەوەیە، بەڵام "ئێستا"ی تێپەڕیو زۆر جار دەیەوێت، یانەکو ئێمە دەمانەوێت بەهۆی ئەوەوە کۆنترۆڵی "ئاینده" بکەین. لەم کاتەدا "ئێستا"یەکی گوزەرکردوو دەچێتەوە بۆ "ئاینده"، دیسان بە تێپەڕینەوە بە ئایندەدا خۆدەهاوێتەوە ناو "ئێستا".

ئێمە هەموو شتەکان فڕێدەدەینەوە بۆ ناو "ئاینده"، تەنانەت ئەگەر بەتەواویش رایانبووردبێت، واتە هەموو ئەو شتانەی، یان ئەو بیرانەی دەمانەوێن و نەمانگەرەکە بەجێمان بهێڵن، یا بەجێیان بهێڵین. بەهۆی ئەوەی تەنها "ئاینده" هەمیشەگی و ناهەمیشەگییە و دوو خەسڵەتی دژبەیەکی لەخۆدا هەڵگرتووە،

بۆیە ستەمکارێکی گەورەشە، هەموو "کات"ی "بوون"ی داگیرکردووە، ئەو هەموو "ئێستاکان"مانی پڕکردووە، هەروەک چۆن "رابردووەکان"یشی لێوانلێو کردووە لە خۆی. واتە "ئێستا" و "رابردوو" دیوە ناهەمیشەییەکەی "ئایندە"ن، کە بریتییە لە خۆڵەمێشی "ئایندە"، جەستەی مردووی "ئایندە"یە. ئەم دیوە ناهەمیشەییەی "ئایندە"، کە هەردوو شێوەکەی تری "کات"ی بوونی داگیرکردووە، تەنها دەشێ وەک کەرەستە، وەک ماددەی خاو لە "ئایندە"دا بەشداربیێتەوە و گیانی "ئایندە" بەبەرخۆیدا بکاتەوە.

کێشەی "ئایندە"، کێشەیەکی چارەنووسسازە. ئایندە لەخۆیدا خودی چارەنووسە، هەرچەندە "چارەنوس" دەشێ وەک هەموو شتێ تێپەڕێت بە "ئێستا" دا و بچێتە "رابردوو"ەوە. ئێمە لەناو خودی "چارەنووس"دا دەژین، "چارەنووس" لەپێشمانەوە نییە بەتەنها، ئەوەی ئێمە چاوەڕوانی دەکەین، چارەنووسی خودی "چارەنووس"ە، واتە لەناو خودی "چارەنووس"دا ئێمە چاوەڕێ، یان بەدوای ئەگەری جیاوازی چارەنووسدا دەگەڕێین.

زۆرجار، ئەگەر سەرنج بدەین، لەوە تێدەگەین، "ئایندە" مرۆڤەکان بەسەر دوو پۆلدا دابەش دەکات، پۆلێکیان سەر بەڕووە هەمیشەییەکەی "ئایندە"ن، ئەوی دیکەیان پێوەست بە رەهەندە ناهەمیشەگییەکەیین. ئەوانەی لە دیوە هەمیشەگییەکەدا قەراریان گرتووە، بیرێکی تەواو دیاریکراو، نەخشێکی روون و زانراو، یانەکو چاوەڕوانکراوێکی ئاشکراکراویان نییە، ئەوان بەردەوام یا لە ئەگەری فرە و فرەشوناسدا، یان بەتەواوی لە "ئایندە"یەکی بێ شوناس و نادیاریکراودا دەرگیرن، ئەم پۆلە خەون بەئایندەوە دەبینن، بەڵام پۆلەمرۆییەکەی دی، کۆمەڵگەلێکن، کە لە دیوە مەرگاوییەکەی "ئایندە"دا ئایندەی خۆیان دەبینن، ئەمان نەخشێکی دیاریکراو، بیرێکی چوارچێوەدار و "نائەگەر"یان هەیە، واتە خودان "کات" تاقیکراوەن و هەرگیز خەون بە "ئایندە"وە نابینن، بەڵکو ئەمان پێوابوونیان واسە کە "ئایندە" بەڕۆشنی دەبینن.

ئێمە دەتوانین لە رووداوێ، یان شتێ، یا بوونی کەسێ، زیاتر بکۆڵینەوە و لەبارەیەوە بزانین، کە روویدابێت، شتێک بێت هەبێت، یان کەسێ بێت بوونی هەبێت، یان کۆتایی بە مومکینییەتی بوونی هاتبێت، بەڵام ئەگەر "ئایندە" ئەوەبێت، کە هێشتا تاقیمان نەکردبێتەوە، ئەوا نەکردەیە بەتەواوی زانینی، ناتوانین بیبینین، بەڵام شیاوە دەربارەی خەون ببینین، خەیاڵبکەین و بیر لە ئەگەرە جیاوازەکانی بکەینەوە، بەپێچەوانەوە، ئەگەر بینیمان، زانیمان، کە چی چاوەڕێ دەکەین،

یانەکو بەتەواوی یا نیمچە تەواوی نەخشی رووداوەکانیمان لەبەردەستدابوو، ئیدی لێرەدا دەشێ بێژین، ئەوە دیوە ناهەمیشەییەکەی "ئایندە"یە، لەبنەڕەتەوە دەشێ "رابردوو"ی لە کۆنترۆڵ دەرچووبێت، کە بوونی نییە لەکن ئێمە لە ئێستادا.

یەکێ لەو ئەگەرانەی مرۆڤ بەردەوام لەچاوەنواڕیدایە تاکو لە "ئایندە"وە بێت و بیگاتێ یان مرۆڤ بگاتە ئەو، ئەوە "بەختەوەری"یە. هەڵبەت "بەختەوەری" "وشە"یە و "ئایندە"ش بەهەمان شێوە، هەردووکیشیان سەر بەماڵی زمانن، ئەمەش مانای ئەوەیە، ئێمە لە چاوەڕوانی هاتنی "وشە"یەکداین، کە لە جەوهەری "وشە"یەکی دیکەوە لەدایک بێت، ئەم وشەیە بۆ خۆی لەژێر زەبری کۆڵینەوە و فرەتێگەیشتندایە، ئەو خۆی هێشتا بە رەهایی یان بە تەواوی نەیتوانیوە گوزارشت لە "کات"ێکی دیاریکراو بکات، خودان هیچ جەوهەرێکی دیاریکراو نییە، لە بنەڕەتەوە بێ جەوهەرە، چونکە هێشتا بوونی نییە، لانی کەم ئەوەی بوونی نەبێت و بۆ ئێمە دەرنەکەوتبێت، روو-ی-نەدابێت بۆ ئێمە، یان بە ئێمە، ئەگەر نەتوانین بەتەواوی "بوون"ی رەتبکەینەوە، ئەوا هەرگیز ناشتوانین "بوون"ی بسەلمێنین، ئیدی چۆن دەکرێت باس لە جەوهەری ئەو بوونە بکەین، کە هێشتا نەبووە بە "بوون"، بێگومان ناکرێت. کەواتە "بەختەوەری" لە گێژاوێکی ئەوهادا چۆن دەشێ شوناسی دیاری بکەین؟ بەختەوەری کەوتووەتە شوێنێکەوە، کە هێشتا نەبووە بە شوێن، ماڵی ئەو لە "ئایندە"دایە، کە هێشتا "ئایندە" خۆی بۆ خۆی نەبووە بە "ماڵ"، بۆیە وەک پاسکاڵ ئێژێ ئەشێ هەرگیز پێی نەگەین.

کاتێک، لە سەرەنجامدا، تووشی بێئومێدیی دەبین لە گەڕانی بێکەڵک بەشوێن چاکەدا، خۆمان لە ئامێزی رزگارکەردا دەبینینەوە. وای لێهاتووە، کە مرۆڤ شایانی پەژارەبۆخواردن بێت، چونکە نازانێت بەچ ئاقارێکدا دەشێ گلۆرببێتەوە. ئەو دەرچووە لە رێگەی راستەقینە، گەڕانیش بەدوایدا هیوابەخش نییە. لە جیهانی هیچێتی ئۆنتۆلۆژیانەی مرۆڤدا، پاسکاڵ بانگی مانای ژیان دەدا، کە ناتوانرێت لە تەنهاییدا بدۆزرێتەوە، بەڵام مرۆگەلی دیکە، ساتێ کە لە نەزۆکی و بیهودەیی گەڕانی بۆ مانا دەگەن، هەندێکیان رابواردن و خۆشگوزەرانی هەڵدەبژێرن. بۆ ئەوەی بەختەوەربن، ئەوەندەیان بەسە، بیرنەکەنەوە دەربارەی مەرگ، نەزانی و خراپکاریی، بەڵام ئەو خۆشگوزەرانی و رابواردنە هەڵگری بەشی گەورەی کارەساتەکانمانە، چونکە سەرەڕەوەی نەریتی بیرکردنەوەیە دەربارەی خودی خۆمان و بێ گەڕانەوە پەلکێشکردنمانە بۆ لەناوچوون. بەبێ ئەو هزرینە بنەڕەتییە دەکەوینە دۆخی داهێزران و نیگەرانییەکی پاسیڤەوە، بەڵام غەم و نیگەرانی لە

رووە راستینەکەی خۆیانا مۆتیڤی گەڕانی مرۆڤن بەدوای شتێکی بەهێزتر و کاریگەردانەرتردا(١٦). ڕەنگە لێرەدا ئەو راستییە بوونی هەبێت، کە مرۆڤ لە گەڕانی هەمیشەییدا هیچ دەرئەنجام و وەڵامێکی دیاریکراو و لەپێشینەی نییە، بەڵکو پێویستە بشزانێت لەو گەڕانەیدا، هیچ شتێ، بەهایەک، یان وەڵامێکی لێ نەشاردراوەتەوە، تاکو بەدوایدا بگەڕێت. ئەوەی نهێنی بوونە بۆ مرۆڤ، ڕەنگە لە ئاشکراکردنی نەبوونی نهێنییەکی دیاریکراودا بێ لەپشت بوونەوە، یانەکو کردنەوەی نهێنی نائامادەگی مانای لەپێشینەیی و سەرمەدی بێت.

گەڕان، وێڵبوون نییە بەدوای مانا و بنەڕەتێکی ئامادەبوو لەماڵێکی نهێنی و میتافیزیکیدا، ئەوەندەی ئەفراندنی هەموو ئەو ئەگەر و مانایانەیە، کە مرۆڤ وێڵبووە بەدوایاندا. ئەم ناکۆتاییەی گەڕان لە ئاستی جیاوازدا کاریگەری نائومێدکەرانەی لەسەر بوونییەتی مرۆڤ دادەنێت. هەمیشە نائومێدیی لە گەڕانی ناکۆتادا مرۆڤی فڕێداوەتە بەردەم بژاردەی هەمەجۆرەوە؛ بەتایبەت بژاردەی وەڵامێکی ڕەها و دڵنیاکەرەوە، کە ئاسانترین و سادەگۆیانەترینە، کە پەنابردن و رادەستبوونە لە ئاست بوونی ترانسدێنتالیدا.

بانگکردنی پاسکاڵ بۆ کن مانای ژیان، کە لە تەنهاییدا ناتوانرێت وەدیبهێنرێت، داننانە بە بنەڕەتیبوونی پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆژیدا بوونی مرۆڤا، واتە بوون-لەتەک-ئەوانی دیکە. تەنها لەو سۆنگەیەوە، مرۆڤ ئەکارێ وەک بوون-لێرە دەربکەوێت و بەرپرسیاریەتی "ئێرە"ی بکەوێتە ئەستۆ.

کێشەی مانای ژیان و بوون کێشەگەلی بوونەوین. بەرپرسیاریەتی ئەفراندنی مانا پرسێکی جیهانیبانەیە، خودی ئامادەبوونی مرۆڤ لە رۆشنە-پانتایی بوونا مانای ناجێگیر و ناکۆتای بوونی ئەوە.

ڕەهەندێکی دیکەی هەڵهاتنی مرۆڤ لە گەڕانی هەمیشەیی بەدوای مانادا، خوگرتن و خۆنقومکردنە لە خۆشڕابواردن و سەرگەرمی نابنەڕەتیدا، وەک ڕێگەیەک بۆ چیدی بیرنەکردنەوە لە بنەڕەت و گرفتەبنچینەییەکانی مرۆڤ. بەدیوێکی تردا خۆدزینەوەیە لە هزراندنی مەرگ وەک کۆتاییەکی ڕەها و یەکلایی بووەوە. لەسەرەنجامی نەهزرین و سەرگەرمییەوە، بوونی مرۆیی دادەڕوخێت تائاستی سستی و داهێزرانێکی بیریی و گیانی وەها، کە غەمی بچووک و نارەسەن وەبەردێ، غەمێ، کە ناتوانێت غەمی بوون و مانا بێت، نەک پاڵنەر نابێت بۆ گەڕانی هەمیشەیی بەدوای مەزنێتیدا، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێتە مایەی کلۆرکردنی مرۆڤ لەکرۆکە ئۆنتۆلۆژییەکەی.

پاسکاڵ، پێوابوونی وایە، کە مرۆڤ نە فریشتەیە و نە ئاژەڵ. هەندێ لە مرۆڤەکان بەتوندی تێ دەکۆشن سۆزەکان لەخۆیاندا خامۆش بکەن، بۆئەوەی نزیکببنەوە لە فریشتە، بەڵام هەندێکی دیکە گەرەکیانە ئەقڵ رەتبکەنەوە و لەسەر ئەو رێگەیە بەرەو هاوشێوەیی لەتەک ئاژەڵدان، ئەمە بەتەواوی ژیانێکی شورەیی ئامێزە. لەنێوان ئەو دووجەمسەرییەی سرووشتی مرۆییا پێویستە سرووشتی هزرییانە و بیریاریانە پەرەی پێبدرێت. تەنها لەبان وەها رێگەیەک شیاویەتی زاڵبوون بەسەر هیچێتی مرۆیی و بەهێزکردنی مەزنێتی ئەودا بوونی هەیە، کە تەنها لە هزر و بیردا پێی دەدرێت(١٧). فریشتەنەبوون و ئاژەڵنەبوونی مرۆڤ لەخۆیدا گرنگییەکی گەورەی هەس، ئەویش پێداگیرییە لەبارەی تاقانەیی و بێهاوتایی مرۆڤ و تایبەتمەندێتی ئەو بوونە، کە کردوویەتییە چەقی بیرکردنەوە، لە هەمان کاتدا خودان شیاویەتی هزراندن. کێشەی گەورەی ئەم دیاریکردنە، جەوهەرییە بۆ بوونی مرۆیی، چونکە دانانی دوو ئەگەری پێناسەکراو و رەها لەبەردەم مرۆڤدا، کە مرۆڤ بەشێوەیەک لە شێوەکان و بەپێی ئەو ئاستی گەشەکردنەی پێیدا گوزەر دەکات، لە هەڵپەی گەیشتنە کن یەکێ لەو ئەگەرانەیە، فریشتەبوون، یانەکو ئاژەڵێتی. ئەمە دژبەری بوونییەتی مرۆیی، هەم ناتەبا بە ئازادی ئەو بوونەیە. ئازادی "هیچ"ی بوونی مرۆڤە، ئەم "هیچ"ە شیاو -بۆ- بوونی هەمەلایەنەی ئەوە. "هیچ"ی بوونی مرۆڤ بژاردەی لەپێشینەدانراو و دراو قبوڵ ناکات. "هیچ" بۆ خۆی نەبوونی هەردیارکراوێتی و مەنزڵگایەکە، کە پێویستکرابێت مرۆڤ بۆ لایان بگەڕێتەوە و بۆ لایان هەڵپە بکات.

هەڵپەکردنی مرۆڤ دەبێت تەنها بۆ کن خۆی بێت و بەگوزەرکردن بەهەناوی خۆیدا پێ بنێتە پەیوەندییەوە لەتەک ئەوانی تر و دونیادا. هەموو ئەمەش لەبان راستینەیەک وەستاوە، واتە بێهاوتایی مرۆڤ و شیاویەتی "بوون بەمرۆڤ" تەنها لەپێش دەمی ئەودا، تەنانەت لە شوێنگەل و کاتگەلێکیشدا، کە دەشێ دەرچوونی گەورە لە مرۆڤبوون روویدابێت، بەڵام ئەو "شیاوبوون"ە لە بوونییەتی بوونەوەرانی تردا نائامادەیە. شیاو-بۆ- بوونی هۆشمەندانە، "هیچ"ی بوونی مرۆییە و پێشمەرجی بوونی ئازادییە. ئەوەی ئێجگار گرنگە پێداگرتنی شێلگیرانەی پاسکاڵە لەبارەی چارەنووسسازیەتی بیرکردنەوەوە، بەڕادەیەک هەموو بەرخودانێک بۆ هەپرونکردنی هیچێتی بوونی مرۆیی و قوڵکردنەوەی مەزنێتی گرێی دەداتەوە بە قوڵیەتی و ئامادەگی بیرکردنەوە و هزرینی رەسەنەوە.

روونیی زانینی وەدەستهاتوومان زۆرجار ئازارچەشتەی ئەو کاریگەرییەیە،

کە سۆز و ئەندێشە لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤ هەیانە. دەسەڵاتی ئەوان لەسەر خەڵک ئێجگار گەورەیە، تەنانەت لەسەر ئەو مرۆڤانەش، کە بەردەوام لە تێکۆشینی خۆرزگارکردندان لە سۆزەکان و لە وەهم و هۆنینەوە خەیاڵییەکان؛ مرۆڤێک نییە بتوانێت بەتەواوی لە کاریگەرییەکەیان خۆی قوتاربکات. ئەو هەژان و شۆکانەی جەستەمان ئەزموونی دەکات لەژێر کاریگەری دیاردەکانی دەوروپشتدا، لەتەک خۆیدا گۆڕانی بونیادی بەسەر بیرەکاندا دەهێنێت، لەهەمانکاتیشدا بەربەستە لەبەردەم تێگەیشتنی دروست لە دیاردەکان. پاسکاڵ وەها گوتاریێ دەکاتە گاڵتەجاڕی، کە پێیوایە گیانی مرۆڤ سەربەخۆیە هەم لە جەستەی مرۆڤ و هەم لە رەوشی ماتێریاڵی دەوروبەر. زۆرجار هزر و ئەقڵی مرۆڤ بێبەری دەبێت لە توانایی بەرجەستەکردنی ئەرک و ئیشی خۆی بەهۆی نەخۆشییەوە، کە جەستەی مرۆیی دەشڵەژێنێت، بەڵام کاتێکیش مرۆڤ تەندروستە، نەک تەنها زرمەی تۆپەکان، بەڵکو گیزەگیزی مێشەکانیش دەرفەتی بیرکردنەوەیەکی تەندروستی لێ دەگرن.

سەربارى ئەوە، مەزنترین بەربەست لەڕێگەی ناسینی راستینەدا، لە سۆنگەی پاسکاڵەوە، بریتییە لە ئامادەیی روئیای نا-رەخنەیی و پێشبڕیاری لە هۆشیاریماندا[١٨]. کێشەئامێزی تێگەیشتن بەشێوەیەکی گشتی ئەوەیە بەردەوام لەسای هەژمونی سۆز و هۆنینەوە ئەندێشەییەکانی مرۆڤایە، ئەم کاریگەرییە نە لەیەک شوێن و نە لەکن یەک کۆمەڵە مرۆڤ یان تاکەکەسدایە، بەڵکو گشتگیر و فرەشوێن و فرەکاریگەرە. ئەمەش وایکردووە کە مرۆڤ لە مێژووی بیرکردنەوەی خۆیدا نەگاتە ئاستێکی دیاریکراو و کۆتایی، کە بشێ وەک دوایەمین بیرکردنەوە لەپێنووس بدرێت، ئەو دۆخە هەرگیز شیاوی وەدیهاتن نییە. کەلێنی بیرکردنەوە قوڵ و هەمیشەییە، ناشێ پڕ بکرێتەوە، پڕکردنەوەشی ناتوانێت، نە چارەنووسی بیرکردنەوە، نە چارەنووسی بوونی مرۆیی بگەیەنێتە زێدی رەسەنی خۆیان، دەشێ بەپێچەوانەوە، تێکۆشین بۆ سارێژکردن و ئاخنینی کەلێنی بیرکردنەوە تەنها سەرئەنجامێ، کە لێوەی بێتە بەرهەم، تەنگەنەفەسکردنە، تا دەگاتە خنکاندنی بیرکردنەوە. ئەم فۆرمەی کۆشش، کە تیایدا شیاوبوونی پرۆسێسی هزرین بەکۆتایی دەگات، ئایدۆلۆژیا و ئاینەکان خاوەندارێتی مێژوویی دەکەن. رەهەندێکی بێهاوتای بیری پاسکاڵ رەتکردنەوەی ئایدیای سەربەخۆیی گیانی مرۆڤە لە لەش و رەوشی ماتێریاڵی. ئەمە لەدوو روانگەوە دەشێ بەگرنگییەوە تێی بنوارین. یەکەم سەرباری باوەڕداری پاسکاڵ، بەڵام ئەو رەتکردنەوەیە

دایدەبڕێت لەو جیهانبینییە ئاینییەی، کە تاهەنووکەش لەکاردایە، پێوابوونی وایە: گیان جودایە و سەربەخۆیە و جەستە وەک زیندانی ئەو گیانە نمایش دەکات. دووەم، کە بۆ من بنەڕەتیترە، ئەوەیە، ئەو ڕەتکردنەوەیە مرۆڤ بەخۆی و جەستە و گیانییەوە فڕێدەداتە جیهانەوە و لەبەردەم هەموو ئەگەر و ڕووداوەکانی دونیادا رایدەوەستێنێت. چلۆن جەستە بەرکاریگەری دونیا دەکەوێت، ئەوهایش گیان هەڵگری هەمان کارلێکراویەتییەیە. ئەم ڕەتکردنەوەیە، ژیانییە بۆ فەلسەفەیەک، کە بوونی مرۆڤ وەک بوونێکی جیهانیانە دێنێتە هزراندن و "ئامادەگی" وەک تەوەری بنچینەیی خودبوون و ڕەسەنبوونی مرۆڤ دەسەلمێنێت.

لە گۆشەنیگای فەلسەفی پاسکاڵەوە جگە لە هەبوونی بەربەستی جەسەدی: ئەوەی هەم لە ڕەوشی نەخۆشی مرۆڤدا کاریگەری دادەنێت، هەم لەباری تەندروستبوونیشیدا، بەو پێیەی گەلێجار مرۆڤ دەخزێتە ژێر کاریگەری ڕووداوگەل و دیاردەگەلی ئێجگار بچووک، کە ڕێگەی بیرکردنەوەی تەندروستانە و هەنگاوهاویشتنی لێدەگرن ڕووەو ڕاستینە، بەڵام ئەوەی بەربەستر و کاریگەرترە، نائامادەگی جیهانبینی ڕەخنەگرانەیە، لەتەک بوونی پێشداوەری و بیرەلەپێشینەکان لە بونیادی هزری و بیرکردنەوەی مرۆڤدا.

پاسکاڵ پێداگیری لەوە دەکات، کە هیچ زانستێ ناکارێ بابەتەکەی خۆی دیاریی و سنووردار بکات. ئەو دەنووسێت: مرۆڤەکان لەتوانای فراوانکردن و ڕۆشنکردن و بەرەو تەواوکردنی زانیارییە وەدەستهاتووەکانیاندان لەبارەی جیهانەوە. لەو زانیارییانەدا گەلێ شتی تەواو و باوەڕپێکراو هەن و لەتەک گەشەکردنی زانستدا بەردەوام پەرەدەسێنن، ئەمە هێندەی زاناکان سەرکەوتووانە بتوانن ڕووبەری دیاردە لێکۆڵراوەکانیان فراوان بکەن و زاڵ ببن بەسەر ئەو هەڵانەی پێشتر بەسەریاندا تێپەڕیون، بەڵام زانینی ئێمە، چەندە توانیبێتمان تەواویان بکەین، هەمیشە ناتەواون، لەواندا بەردەوام ناڕوونی و هەڵە بوونیان هەیە. لەوەبانتریش، زانینەکانمان بەهەمیشەیی ئێجگار دوورن لەوەی بتوانن کۆتا زانین بن و پێویستیان بە ڕاستکردنەوە نەبێت[١٩]. ئەوەی نکۆڵی لێ ناکرێت ئەو جیاوازییەیە لەنێوان زانین و زانیاریدا هەیە، وەک پاسکاڵ بیر دەکاتەوە مرۆڤەکان لەتوانای ئەوەدان زانیارییەکانیان دەربـارەی دونیا فراوان بکەن، ڕوونیان بکەنەوە، تەنانەت بەرەو تەواویەتییان ببەن. ئەوە سەرەڕای ئەوەی زانیاری، زۆرجار یان هەندێ جار دەشێ باوەڕپێکراوبێت، باوەڕپێکراویەتی زانیاری لەبەر ئەوە نییە، کە توانای بوون بە "ڕاستینە"ی هەبێت، چونکە زانیاری وەک ئەوەی هەیە

لەبارەی شتێ یا دیاردەیەکەوەیە لەکن مرۆگەلێکدا، کە دەشێ کامڵ و جێی متمانە بێت؛ بەڵام متمانەپێکراوی و تەواویەتی ئەو زانیارییە گرێدراوی ئەو ئاستەیە لە گەشە، کە خودی زانیارییەکە گەیشتویەتێ، بەڵام ئەوەی "زانین"ە بەرینتر و ئازادترە، باوەڕپێکراویەتی و تەواویەتی لەودا نییە، خودان کەلێنی گەورەیە، بێگومان ئەمانە خەسڵەتی بنچینەیی و پۆزەتیڤی ئەون. "زانین" نامانگەیەنێتە کۆتا پنت، لە زانیندا بنبەست نییە، ئەمە مانای ساختەیی زانین نییە. زانین نامانگەیەنێتە راستینە "حەقیقەت"، بەڵکو بەردەوام رووەو ئەو راستینەیە دەمانئاژوێ. لە زانیندا شادبوون بە راستینە بوونی نییە و نابێت، ئەوەی دەبێت: عەوداڵبوونە بە حەقیقەت "راستینە". ئێمە لە زانینا دەرگیرین لەتەک فەلسەفە و لە فەلسەفەشدا لەگەڵ بێکۆتایی زانینا؛ بەڵام لە زانستدا دەرگیرین لەگەڵ زانیاری، لە زانیاریشدا لەتەک یەکلاییکەرەوەیی و رەهاییدا، ئەمەش رەنگە پەیوەست بێت بەوەی، کە زانست بیر ناکاتەوە. هەڵبەت دەشێ بیرنەکردنەوەی زانست هێمای کێماسی و رسوایی ئەو نەبێت، بەڵکو دەشێ بیر نەکردنەوە خەسڵەتی بنەڕەتی زانست بێت، بەڵام زانین و فەلسەفە مانای خۆیان و پێشمەرجی بوون و بەردەوامییان تەنها و تەنها بیرکردنەوەیە.

پاسکاڵ، راستینە دەچوێنێت بە خاڵێکی ئێجگار بچووک، کە مرۆڤ لەڕێگەی بەکاربردنی ئالەت و هۆی نارێکوپێکەوە گەرەکیەتی بکەوێتە ناوی، بەڵام زۆربەی جار وا دەردەکەوێت، کە نیشانەکەی نەپێکابێت. کاتێک مرۆڤ پێی وابێت، سەرکەوتووانە پێی ناوەتە ناو ئەو خاڵە بچووکەوە، بەپێچەوانەوە چوونەکەی خۆی تەنها لە پەرشبوونەوە و داگیرکردنی رووبەرێکی گەورەی رووواڵەتی دەوروبەری ئەو خاڵەدا دەبینێتەوە، لەبری دەستگەیشتن بە حەقیقەت، ئاوێزانی چەوتی و سەرلێشێوان بووە. لەو زانیارییانەدا، کە لە سەرەنجامی لێکۆڵینەوە لە داکەوت وەبەرهەمدێت و لەتەک بوونی زانینی باوەڕپێکراودا، گومانی تێدا نییە، هەمیشە بڕێکی ئێجگار گەورە لە چەوتی و سەرلێشێواویی دێنەگۆڕێ. هەر لەبەرئەوەیە، پێویستە لەپەیوەند بە هەر زانیارییەکدا، مامەڵە و پەیوەندیمان رەخنەیی بێت، لەگەڵ بوونی بێ متمانەیی و وریاییەکی ئێجگار زۆردا[٢٠]. دەستڕاگەیشتن بە راستینە شیاوی بوون نییە، ئەمەش هێمای پەرشبوونەوە و یەکالابوونەوەمانە لە توێکڵ و رووواڵەتێکی فراوانی دەوروبەری راستینەدا. باوەڕبوون و بانگەشەکردن بۆ والاکردنەوەی راستینە، تەنها پێوابوونی دەستپێڕاگەیشتنی ئەوە. هەموو ئەمە ئەمانخاتە بەردەم دەروازەی جیهانبینییەکی

رادیکاڵییانە و کاریگەر و چارەنوسساز بەنیسبەت بوونی بیرکردنەوە و هزرینی رەسەنی مرۆڤەوە. بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیدارە بە زانین و زانیارییەوە، چونکە "زانین" لە بنەڕەتەوە بریتی نییە لە زانیاری، بەجیاواز لە زانیاری شتی باوەڕپێکراو و یەکلابووەوەمان پێ نابەخشێت، بەڵام زانیاری بەشێوەیەک لە شێوەکان وەک کۆتا پنت دەردەکەوێت، وەک راستینە خۆی دەکاتەوە. پێویستە ئەوە وەربگرین، رایەکی وەها نایەتە گۆڕێ، کە زانین حەقیقەتە یان حەقیقەت نییە، ئەم گوزارشتە، لە بیری مندا، هەر ناتوانێت کێشەیەکی جەوهەری بێت و نەشیاوە لەبارەی راستینەبوون یان راستینە نەبوونییەوە بپرسین. تەنها ئەوەندە هەیە، زانین نە راستینەیە، نە راستینەش نییە، بەڵکو دەربارەی هەموو ئەوانەیە.

زانین تەواوی پرسی هەمیشەیی و کۆی رەهەندە جیاوازەکانی بیری و هزری زانستییانەی مرۆڤە. ئەوەی کێشەی گەورەی زانینە ئەو بەشەی خۆیەتی، کە دەشێ لە جێگە و ساتێکی دیاریکراوا ببێتە زانیاری، بۆیە بەهەڵەدا ناچین، ئەگەر زانیاری بە بەشە مەرگاوییەکەی زانین لە پێنووس بدەین. بەسەنتەرکردنی زانیاری نەفیکردنی زانینە. زانیاری بنبەستە بۆ زانین، بەڵام بۆ ئەمە، پاسکاڵ پێشنیاری پشکنین و تێنواڕینی ورد و وریایانە دەکات لە ئاست هەر زانینێکی متمانەپێدراو و زانیارییەکدا. گەڕانەوەی تەواو رەخنەیی و گومانگەرایانە بۆ کن گشت زانیارییەک تۆکمەکردنی بنچینەی رەسەنییەتی بیرکردنەوە و هزرینی مرۆڤە.

پاسکاڵ هەرگیز کۆششی نزمکردنەوەی پێگەی ئەقڵی نەکردووە، بەڵکو هەوڵی دا شوێنێکی شیاوی بداتێ و توانا راستەقینەکانی و سنوورەکانی بنرخێنێت لە ناسینی مـرۆڤ و جیهاندا. لە گۆشەنیگای ئەم بیرمەندە فەرەنسییەوە، تێنەگەیشتن لە توانا و سنوورە هێماپێکراوەکانی ئەقڵ و بڵندکردنەوەی لەڕادەبەدەر و کوێرانە بەسەر هەموودا و ناساندنی وەک پێوەری هەموو شتەکان کەمتر ترسناکتر و کارەساتبارتر نییە لە زەبونکردن و سوککردنی ئەقڵ. لەبەرئەوەی بەخواوەندکردنی بێسنوورانەی هۆشمەندی لەتوانایدایە بەشێوەیەکی پارادۆکسالیانە لەکۆتاییدا قوڵاییەکان و سەختییەکانی ژیان و بیرە ماتێریالی و تیۆرە ئەقڵانییەکان سادەسادە بکاتەوە تا ئاستی نائەقڵانیبوون و شێتی، تائاستی هەژمونکردنی غەریزەی خۆپەرستی و هزری هیچگەرایەتی[٢١]. ئەوەی پێویستە والای بکەین، ئەوەیە، کە پاسکاڵ زۆر قوڵ لەوە گەیشتووە، ئەقڵ هەمان ئەو خەسڵەتەی هەڵگرتووە، کە بوونی مرۆڤ

هەڵگرتووە لەنێوان "هیچ" و "ناکۆتا"دا. واتە ئەقڵ چەندە هێمایە بە مەزنی مرۆڤ، ئەوەندەش دەشێ فاکتەری بەلارێدابردنی مرۆڤ بێت، لەم ئاسۆیەوە، هەڵە نابێت بێژین، لەڕووانگەی پاسکاڵەوە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا لە دژبەری خۆیدا هەنگاو دەنێت، ئەقل نائەقڵانی دەبێت، ئەمەیە هەم هێمای مەزنی ئەقڵ، لەهەمانکاتدا خەسڵەتی نزمییەتی و گچکەیی ئەقڵ. گەواهیدەری رەهەندی مەزنێتی ئەقڵ و بوونی مرۆیی رەگوڕیشەی لە پێزانین و هۆشمەندی خۆیدایەتی لەئاست نزمێتی و سنووربەندییەکانیدا. لێرەوە دەرگای باوەڕبوونمان بەوە بۆ والا دەبێت، کە پاسکاڵ نە لەڕیزبەندی بیریارە ئەقڵگەراکاندا ئەژمار دەکرێت، نە لە تەنیشت ئەنتیراشیۆناڵکانا دادەنیشێت. ئەم فەیلەسوفەی ئێمە، هەم هۆشمەندە بە هۆشمەندی ئەقڵ، هەم بەناهۆشمەندییەکانی. بۆیە کێشەی تۆقێنەر لە پەیوەند بە چارەنووسی بوونی مرۆڤ و چارەنووسی ئەقڵەوە، تەنها لە ریسواکردن و نەنرخاندن و گچکاندنی پێگەی ئەقڵدا نییە، بەڵکو هێندەش پەیوەندیدارە بە فوتێکردن و بەخواندکردنێکی سنوورنەناس.

گەیشتنە بنبەستی ئەقڵ لەو رەوشــەی پێشترا شیاویبوونە، بەوپێیەی هۆشمەندین بەوەی، ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕە رەهاخوازەکان لە بنچینەیدا دەرهاویشتەی خودی ئەقڵن، بەڵام لەهەمانکاتدا بکوژ و کۆتایی مومکینییەتی بوونی ئەفرێنەرەکەشیانن. ئایدۆلۆژیا و باوەڕە ترانسدێنتالییەکان بنبەستی ئەقڵ و پرۆسێسی بیرکردنەوەن. مەرگی ئەقڵ هەر لەهەناوی خۆیەوە دەردەکەوێت، یان لە گچکاندن و سوککردنییەوە، یاخود لە بێئەندازە فوتێکردنییەوە لە ناسینی مرۆڤ و جیهاندا. پاسکاڵ بیرمەندێکی دژە ئەقڵ و بیرکردنەوە نییە، بەڵام "فەلسەفەی ئەقڵانییەت لەلای پاسکاڵ وەرگیراو نییە، چونکە ئەم فەلسەفەیە خۆی چڕدەکاتەوە لەبان رەهەندە ئاشکرا و روونەکانی ژیان بۆ هۆشمەندی و لایەنە میتافیزیکییەکانی قوڵایی بوونی مرۆیی بەفەرامۆشی دەسپێرێت، جگەلەوەش لە ئاسۆی بیری ئەم بیرمەندەوە، فەلسەفەی ئەقڵانییەت ناسینی زیندووانە و دڵپەروەرانەی خوداوەند بەهۆی عیسای مەسیحەوە پشتکەنوو دەخات"[٢٢]. رەنگە ئەمە، ئەو خاڵە جەوهەرییە بێت، کە پاسکاڵ لە فەلسەفەی بوونگەراییدا کاریگەر دەکات، بەڕادەیەک بتوانرێت وەک یەکێک لە پێشینەکانی ئەو فەلسەفەیە بێتە ئەژمارکردن؛ بەتایبەت ئەو دەمەی قسە لەبارەی "ئێکزیستێنتسییا"وە دەهێنرێتە گۆڕێ و ئاوا دەکرێت، چونکە ئێکزیستێنتسیا خۆبەدەست ئەقڵەوە نادا و بەتەواوی بەپێوەری ئەقڵانی ناپێورێت، تەنها رێگەیەک بۆ هزراندن و ناسینی ئەو رەوشی

گەشەکردنەی بوونی مرۆیی، ئەزموونکردن و ژیانکردنی ئێکزیستێنتسیایە، ئا لەم گۆشەیەوە، فەلسەفەی بوونگەرایی وەک ئەنتی ئەقڵگەرایی دێتە باسکردن.

پاسکاڵ، وەک دەزانین، ئەقڵانییەت بە فاکتۆری لەبیرکردنی تایبەتێتی میتافیزیکییانەی ناوەوەی مرۆڤ دادەنێت، لەتەک ئەو زەبرە کوشندەیەی لە ناسینی دڵپەروەرانە و گیانییانەی بوونی ترانسدێنتالی دەدات. ئەگەر سەرنج بدەین، رەهەندێکی رەخنەئامێزانە و پۆزەتیڤانەی ئەقڵانییەت لە سۆنگەی نێگەتیڤانەی پاسکاڵەوە دەربارەی خودی ئەقڵانییەت هەڵدەهێنجین؛ ئەویش ئەوەیە، کە فەلسەفەی ئەقڵانییەت رووبەر و پانتاییەکانی بێمتمانەیی و گومان بەرینتر و بەرینتر دەکات، بەئەندازەیەک، کە پاسکاڵ ئەو رەنگدانەوە و کاریگەرییە وەک خاپورکەری ناسینی دڵپەروەرانەی خوداوەند دادەنێت. ئەم رەهەندەی بیری ئەقڵانییەت لە دوو رووەوە بنەڕەتییە، یەکەم دەرفەتی بە بنبەست گەیشتن تەنانەت لەخودی ئەقڵانییەتدا بەرتەسک دەکاتەوە، بێگومان لەکاتێکدا، کە ئەقڵ هۆشیارانە لەبەردەم دوو دیوی خۆیدا وەستابێت، دیوی مەزنی، هەم دیوی گرگنی و نزمێتی خۆی. دووەم، بەهەمان ئەندازە ئەو بنبەستانە تێک دەشکێنێت، کە دەشێ لە هەوڵگەلی سۆزگەراییانە و دڵپەروەرانە و گیانپەروەرانەی مرۆڤەوە چێببن.

پاسکاڵ بێئەندازە توندوتیژە لە پەیوەندی بەخۆیەوە، ئەو بەهەمان شێوە و بەهەمان ئاست توندە لە پەیوەند بە ئەوانی ترەوە. ئەگەر ئێوە گەرەکتانە لەتەک ئەم فەیلەسوفەدا بگەڕێن، ئەو ئێمە لەگەڵ خۆیدا دەبات، بەڵام هەرلەسەرەتاوە ئەوەمان پێڕادەگەیەنێت، کە ئەم گەڕانە هیچ کامەرانییەک بۆ ئێوە ناهێنێت. راستینەکانی ئەو، واتە ئەوەی پاسکاڵ ناوی راستینەکانی خۆی لێ دەنێت، توندوتیژن، ئازاراوین، بێبەزەیین. ئەوان ئاسانکاری و ئاسودەیی لەتەک خۆیاندا ناهێنن. پاسکاڵ هەموو جۆرێکی ئاسودەیی لەناو دەبات. پاسکاڵ بەردەوام لەگەڵ نیگەرانییەکی کۆتایی نەهاتوودایە. راوەستان رێپێنەدراوە، پشووودان نابێت؛ تەنها رۆیشتن پێویستە، رۆیشتن بەبێ کۆتایی و بەرەوپێشەوە. ئێوە ماندوون، ئێوە ئازارچەشتوون، بەڵام ئەوە، ئەوەیە کە پێویستە. مرۆڤ پێویستە ماندوو بێت، دەبێت ئازاراویی بێت[٢٣]. خەسڵەتی وێڵبوونی پاسکاڵ بەدوای راستیدا، یان دروستتر رووەو راستینە، هەمیشەگیبوونە. ئەو ناتوانێت زەمین و سەرایەک بۆ هێوردبوونەوە، بۆ ئاشتییەکی ناوەکی مرۆیی، ببینێتەوە. ئەم بیریارە دژی هەرجۆرە پشووودانێکە. پشووودان وەستانە، بەکۆتایی و بنبەست

گەیشتنە. وێستگەیەک نییە بۆ جێگیربوون، چونکە جێگیربوون و سەقامگیریی نەک گەیشتنە هیچ مەنزڵێک نییە، بەڵکو ونبوونە. ئەمەش لەو سەرسەختییەی پاسکاڵەوەیە هەم لەئاست خۆیدا، هەم لەپەیوەند بە مرۆڤەکانی ترەوە.

رەنگە نیگەرانی و ئازار، بنچینەگەلی بنەڕەتی مرۆڤی پاسکاڵییانە بن، چونکە ئازارچەشتەیی و غەمزەدەیی و رۆیشتنی هەمیشەیی، پێشمەرجن بۆ رەسەنییەتی بوونی مرۆڤێک، کە بوونێکی وێڵبووە رووەو راستینە. ئازارچەشتەیی و غەمزەدەیی پێویستی بنەڕەتین، پاسکاڵ پێوابوونی واسە، کە مرۆڤ بەپێویست دەبێت لەمانویەتیدابێت، نیگەران بێت و رکابەری وەستان و پشوودان بێت. ئەم رەوشە دەشێ لە دوو روانگەوە تەماشا بکەین: یەکەم، وەک رەشبینی و بێئومێدییەکی تەواو لەئاست بوونی بەختەوەریی و هێمنی و سەقامگیریی، ئەمەش دژوەستانەوەیە لەگەڵ هەڵپەی زۆرینەی مرۆڤەکان، هەر لە سەرەتای مێژووەوە تا هەنوکە، بەرەو دەستەبەرکردنی "بەختەوەریی"، بێگومان بەختەوەریی بەهەموو مانا و رەهەندە جیاوازەکانییەوە، بەپێی بیر و هزر و جیاوازی کەلتوری مرۆڤەکان. روئیای پاسکاڵ لێرەدا جۆرێکی ئێجگار توند و قوڵی سەدمە و هەژانە بەرووی مرۆڤ و هیواکانیدا، بەتایبەت لە ئاستە جیهانییەکەیدا.

لەروانگەی دووەمەوە، غەم و ئازارچەشتوویی و بنەڕەتیبوونی "پێویستییەتی ماندووبوونی هەمیشەیی"، گوزارشتگەلی قوڵ و کاریگەرن لە راستینە و داکەوتی بوون و ژیانی مرۆڤ لە مێژوودا، ئەمە تەماشاکردنی تراژیدیای هەمیشەیی بوون و ژیان و جیهانی مرۆییە، قوڵقونەوەیە لە بینین و هزراندنی ئەو رەهەندە تراژیدیانەدا، کە لە راستیدا رەهەندی ئۆنتۆلۆژی بنەڕەتی بوونی مرۆڤن، رەنگە هەر لە کێشە لەبننەهاتووەکانی وەک: سەرمەدییەت، ناکۆتایی بوون و گەردوون، کۆتابوونی بوونی مرۆیی، مانا و چارەنووسی هەموو ئەوانە؛ هاوکات گرفتە ئێکزیستێنتسیالییەکانی بوونی مرۆیی، کە هەمیشەیین و نەبڕاوەن: ترس و ئازادی، دادپەروەری و جوامێری، جەنگ و ئاشتی، ترسی مردن و، ترس لە شاراوە و لەتەک هەرچی کێشەکانی تری بوونی مرۆڤ لە جیهان و کۆمەڵگەدا. ئەگەر لەو سۆنگەیەوە بنوارینە بیری پاسکاڵ، ئەوە نەک هەر ناشێت وەک رەشبینگەرا تەماشای بکەین، بەڵکو تەنها وەک پیشاندەر و دەرخەری راستینە دەشێ تێی بگەین، لەبەرئەوەی ئەو دەرهاویشتانەی بوون و بوون لە جیهان و مێژووی بەردەوامی مرۆڤایەتی پێمان دەدەن هەربایی ئەوەندەن، کە مرۆڤ

بەپێویست لە غەم و نیگەرانی هەمیشەییدا بهێڵنەوە. هەرلەبارەی سرووشتی فەلسەفەی پاسکاڵەوە، لێڤ شێستەڤی فەیلەسوف دەنووسێت: "لەهەموو شتێ، کە بۆ خەڵک قبوڵکراوە پاسکاڵ دووردەکەوێتەوە. خەڵکی عاشقی یەقینن، پاسکاڵ بێمتمانەیی تەبەنی دەکات، خەڵکی تامەزرۆی شوێن و زەمینێکی جێگیرن، بەڵام ئەو خەرەند هەڵدەبژێرێت، خەڵکی عاشقی هێمنی و ئاشتی ناوەکین، بەڵام پاسکاڵ جەنگ و نیگەرانی شکۆدار دەکات، خەڵکی تینووی پشوودانن، پاسکاڵ بەڵێنی ماندوویەتی دەدات، ماندوویەتی بێکۆتایی، خەڵکی بەشوێن ئاشکرایی و راستینەی بەرچاودا هەڵپەدەکەن، بەڵام پاسکاڵ هەموو نەخشەکان تێکەڵ دەکات، ئەو هەموو شتێ لێڵ دەکات و ژیانی زەمینی دەگێڕێتەوە بۆ ئاژاوەیەکی ترسناک. پاسکاڵ ئەوەی گوتووە و تەواو: هیچ کەسێ پێویست نییە بنوێت[٢٤]. ئەو رەهەندە بیرییە بوونگەراییەی، کە لە بیری فەیلەسوفانی وەک مارتین هایدیگەردا هەس، بەقوڵی لە هەناوی فەلسەفەی پاسکاڵدا ریشەیارە. کێشەی دازاینی هایدیگەر و تاقانە پێشمەرجی بنەڕەتی بوونی ئەو دازاینە، کە لە پلەی یەکەمدا، خۆ دادەمەزرێنێت لەسەر ئەگەری دەرچوون و قوتاربوونی لەبن پێی خەڵکدا، "خەڵک یان جەماوەر" بەمانا هایدیگەرییەکەی، واتە بوونێکی بێکەسایەتی، رۆژانەیی و رووالەتگەرا، بەردەوام لەهەڵهاتندایە لە قوڵییەتی و سەختی. "خەڵک" عاشقی تەنکاییە، قوڵبوونەوە بە سەرگەردانی و بوون و یاریکردنی ئەو بوونە لە تەنکاییدا وەک راستینە لەباوەش دەگرێت و رەزامەندە پێی. لەبەرئەوەیە، بوونی "خەڵک" دژبەری دازاینی "بوون-لێرە"ی هایدیگەرە، کە بوونێکە رووی لە قوڵاییەکانە، بەسەختیش غەمزەدەیە لە ئاست بوون و کێشەبنەڕەتییەکانی بووندا. لەم دەروازەوە دەچینەوە لای پاسکاڵ، کە دەشێ وەک دازاینێکی فەیلەسوف ناوی ببەین، چونکە تا کۆتایی مومکینییەتی بوونی خۆی لە تەقەلای ئازادبووندا ژیا لەو هەژموونە نامۆیە. هەربۆیە بەوئەندازە پێداگرە لەوەی، کە مرۆڤ پێویستە هەمیشە بێدار بێت.

ئەم پێداگیریکردنە توندەی پاسکاڵ لەسەر پێویستییەتی نکۆڵی لێنەکراوی ئازارچەشتەیی و غەمزەدەیی هەمیشەیی و ماندووبون، خودان رەهەندێکی گرنگی دیکەی فەلسەفییە، کە بەشێوەیەکی گشتی لەپەیوەندییدایە بەبوونی خۆیەوە، یان بەتێکڕای فەیلەسوفانەوە، ئەویش ئەوەیە، کە ئازار و غەم، نەخۆشی و گشت کێشەکانی تری مرۆڤ، ئەو فاکتۆرە کاریگەرانەن، کە فەیلەسوف زیاتر ناچاربەگەڕانەوە بۆ ناو قوڵاییەکانی خۆی دەکات، بۆ ناو قوڵاییەکانی گیان و

بوونی خۆی. ئەوەی سەرنجڕاکێشە، ئەو نزیکایەتییەیە لەنێوان نیتشە و پاسکاڵدا هەس، بەتایبەت لەهەمبەر ئەو ئازار و غەمە هەمیشەیی و شوێندانەرەدا. نیتشە لە ستایشی نەخۆشی و ئازارەکەیدا دەنووسێت: "بێگومان زیاتر لە تەندروستیم، من قەرداری گەورەی نەخۆشییەکەمم. من پەیوەست و گرێدراوی ئەوم بە هەموو فەلسەفەکەی خۆم. تەنها ئازاری مەزن دەتوانێت کۆتا رزگارکەری گیان بێت. ئەم ئازارەیە گومانی مەزن پەروەردە دەکات. تەنها ئازاری گەورە، ئازارێکی درێژماوە و هێواش، دەتوانێت ئێمە، فەیلەسوفان، ناچار بکات بەڕۆچوون بە قوڵاییەکانماندا[٢٥]. فەیلەسوف ئەو راستییە رۆشن دەکاتەوە، کە گەورەیی و قوڵی کاریگەری ئازار لەگەڕانەوەی مرۆڤ – فەیلەسوفا بۆ ناو قوڵاییەکانی خۆی و غەمەکانی بوون بەگشتی، شوێندانەرە بە ئەندازەیەک، کە وەک فریادڕەسی گیان دەیهێنێتە هزراندن. ئازار و غەمەکانی نیتشە، چەندە لە قوڵایی بوونی فیزیکی و گیانی خۆیەوە سەرچاوەیان گرتووە، هێندەش دەرگیرن لەتەک ئازار و غەمگەلێکدا، کە بوون و کێشەکانی، ویست و مرۆڤ، مرۆڤ و گەوجی و گچکەییەکانی دەهێننە زمان، بەتایبەت لە چاخی مێژوویی بوونی فەیلەسوف خۆی و هەتا دونیای هاوچەرخیش.

رەگ و ریشەی هەموو نابەختەوەییەکانمان، پاسکاڵ لە بنەڕەتە بوونەوەییە سەرەتاییەکانی مرۆڤدا دەیانبینێت، چونکە ئێمە لاوازین، مەرگاوین و بەشێوەیەک نابەختەوەرین، کە ئاسودەییمان لە هیچ شتێکا نییە[٢٦]. کێشە بنەڕەتییە ئۆنتۆلۆژی و بونگەراییەکانی بوونی مرۆیی هێنەر و بەرجەستەکەری نابەختەوەری و نیگەرانی خۆلێلانەدراو و سەرمەدی مرۆڤن. خەسڵەت و تایبەتمەندی گەلێکن، نەک هەر دابڕاونین و ئەفرێنراونین لە بوونی مرۆڤا و بۆ بوونی ئەو، بەڵکو هاوژیانن لەگەڵ ئەو بوونەدا، شوناس و جەوهەری ئەو بوونە تەنها کاتێ بەئاقارێکی رەسەندا وەرێ دەخرێت، کە مرۆڤ ئاگامەندانە لەگەڵ کێشە ئۆنتۆلۆژییەکانیدا دەرگیر و دەستەویەخە بێت.

## سەرچاوەکان:

1- Паскаль Б : Мысли о религии، перевод : Долгова С، 1892.

2- Гуревич П.С:Философия человека، часть первая،москва 2001،стра10.

3- Паскаль Б : Мысли о религии، перевод : Долгова С، 1892.

4- там же ...

5- там же ...

٦- "هیچ": دیارە لە فەلسەفەی بوونگەرایدا ئەوە ئاشکرایە، بەتایبەت دەشێ ئاماژە بە ناونیشانی کتێبەکەی سارتەر بکەین، کە وەک "بوون و نەبوون" وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، بەڵام ئەوەی لێرەدا من گەرەکمە جیاواز بێژمی، ئەوەیە، دەشێ لەبری "نەبوون" ئێمە وشەی "هیچ" بەکاربەرین، بۆ نموونە لە زمانی روسیدا هەرچەندە وشەی "نەبوون" هەیە، بەڵام لە هەموو وەرگێڕانەکاندا کتێبەکەی سارتەر وەک "بوون و هیچ " وەرگێڕدراوە. ئەمەش لەبەر هۆیەکی گرنگ و فەلسەفییە، "نەبوون" نییە لەدەرەوەی بوون، تەنها بوون بوونە، ئەوەی وەک "نەبوون" هێمای پێ دەکرێت، لەڕاستیدا "هیچ"ە، چونکە کاتێ سارتەر یان هایدیگەر باس لە "هیچ"ی مرۆڤ وەک مومکینییەتی ئازادی و رەسەنییەتی ئەو بوونە دەکەن، ئەوان باس لە نەبوون ناکەن بەمانای نەبوونی تەواو، چونکە مرۆڤ بوونی هەیە، ئەگەر تەنانەت لەباری ناڕەسەنی، یان بوون -لە-خۆشدا بێت. "هیچ" گوزارشتە لە دۆخی "هیچ"ی مرۆڤ، واتە مرۆڤ بەبێ هیچ پێشینەیەک، ئەوان بوونی مرۆڤ بۆ کن "هیچ" ناگێڕنەوە، بەڵام خودی "هیچ" دەگێڕنەوە بۆ پاش هاتنەبوونی مرۆڤ وەک هیچ، ئەم "هیچ"ە خودی مومکینییەتی ئازادی، یان کۆیلەبوونی مرۆڤە، تەنها قبوولکردن و پێزانینی ئەم "هیچ"ی بوونی مرۆییەیە، کە مرۆڤ مەحکوم دەکات بە ئازادی، وەک سارتەر گوتوویەتی.

7- Паскаль Б : Мысли о религии، перевод : Долгова С، 1892 .

8- там же ...

9- там же ...

10- .там же ..

11- .Юрьевич П.В:История зарубеэной философии، http://sbiblio.com .

12- Паскаль Б : Мысли о религии، перевод : Долгова С، 1892 .

13- Паскаль Б : Мысли о религии، перевод : Долгова С، 1892 .

14- .Шестов Л:Великие кануны، москва2007،стра 5.

15- Паскаль Б : Мысли о религии، перевод : Долгова С، 1892 .

16- Юрьевич П.В:История зарубеэной философии، http://sbiblio.com .

17- Юрьевич П.В:История зарубеэной философии، http://sbiblio.com .

18-Богуславский В.М:Скептицизм в философии،1992، sbiblio.com،c.168.

19-Богуславский В.М:Скептицизм в философии،1992،sbiblio.com،c.169.

20- Богуславский В.М:Скептицизм в философии،1992،sbiblio.com،c.171.

21-Наталя Дали : Достоевский и Паскаль،2010، http://www.proza.ru .

22-там же ....

23-Шестов Л : Гефсиманская ночь، http://vzms.org .

24-там же ...

25-там же ...

26-Гагарин А.С:Человек – «мыслящий тростник» или «пустой бамбук»? (Блез Паскаль в контексте современности)، www.sarkado.net .

# ماڵ[٧] لە ناشوێنەوە بۆ شوێن



هیمداد شاهین

ماڵ چەمکێکە دەشێت زۆر لەوە قوڵتر بێت من بۆی دەچم، بەهەرحاڵ دەبێت قایل بم بەوەی سەرەتا ئاکاری ئینسانی خۆمان جێگیر بێت، بۆئەوەی بتوانین سەرەتا جۆرەکانی ماڵ دەستنیشان بکەین و پاشان بەرچاوڕوونییەک بدەین بەدەستەوە:

جۆری یەکەمی ((ماڵ)): جۆری یەکەمی (ماڵ) بە مانای خودی ((گەردوون)) دێت، واتا کاتێک ئینسان لەدایک دەبێت و لە کۆشی دایکیدا هەست بە ئارامی دەکات[1]، واتا سەرەتای ((ماڵ)) گەردوون و کۆشی دایکە بۆ منداڵەکەی، ئەم گەردوونە چەندە گەورەیە، چەندە بێ ئەندازە فراوانە، هەر لەسەرەتا و ساتەوەختی لەدایکبوونی ئینسانەوە، ئیدی ئەم گەردوونە بۆخۆی دەبێتە ماڵێکی گەورە، کۆشی دایکی ئەو ئینسانەش بە منداڵی، ماڵێکی بچووکە، لەمەوە ئینسان هەر لە چرکەساتی لەدایکبوونییەوە دوو ماڵی هەیە، یەکەم ((گەردوون)) و دووەم ((کۆشی دایک))ی.

جۆری دووەمی ((ماڵ)): نیشتمان، یان سەرزەمینێک ئێمە لەسەری پەروەردە دەبین[٢]، دوای ئەوەی ئینسان پەروەردە دەبێت لە کۆشی دایکی دا و هێدی هێدی پێویستی بە کۆشی دایکی نامێنێت، چونکە ئیدی کۆشی دایکی ئەو ناگرێت و ئەم گەورە بووە، بۆیە ئیدی مەفهومی ((ماڵ)) گۆڕانکاری بەسەردا دێت، گۆڕانکاریی ئەوەی کە چیدی ماڵ بەتەنها بریتی نییە لە (گەردوون) و (کۆشی دایک)، چونکە تۆ گەورە بوویت، ئیدی جۆری دووەمی ماڵ دێتە پێش و دەڵێت من ئێستا ماڵی تۆم، من نیشتمانتم و تۆش نەوەی منیت، ئەگەر من نەبوومایە تۆ لە شوێنێکی تر لەدایک دەبوویت، بەڵام ئێستا کە من هەم، من ماڵی تۆم و تۆش وەکو نەوەیەکی من دەبێت پارێزگارییم لێ بکەیت و خوێنم بۆ بڕێژیت و خۆشت بوێم، چونکە تازە هەم تۆ هی منیت و هەم من هی تۆم، تۆ بم پارێزە، تا منیش بتپارێزم، من ناتوانم بتپارێزم، تا تۆ نەم پارێزیت، ئیدی ((ماڵ))ی ئینسان شێوەیەکی تر وەردەگرێت، شێوەیەک هیچ کات ناتوانرێت یەکسان بکرێتەوە بەشێوەی چرکەساتی لەدایکبوونییەوە، ئەو لەو چرکەساتەدا گەردوون خۆی بە ((ماڵ))ی ئەم دەزانی، ئێستا ئەم ((ماڵ))ە بۆچی وا بچووک بووەوە و نیشتمان بووەتە ((ماڵ))؟!! ئەویش چونکە نیشتمان بەشێکە لە گەردوون و شوێنێکە بۆ هەر یەکێک لە ئێمە، ماڵێکە لەناو گەردوون، ماڵێک بۆ هەموو هاوزمانیان و کەمایەتییەکان، شوێن بە هەموو ناشیرینی و جوانییەکانییەوە، سەرشار لە سەنتوور و سەرشار لە تفەنگ، بەڵام ئافاتی گەورە ئەو ساتەوەختەیە کە چیدی سەنتورەکان نەمێنن، ئیدی شار پڕ بێت لە تفەنگ، چیدی غەزالییەکان نەمێنن، شار پڕ بێت لە حەجاجەکان، مەولانا و مەحوییەکان چیدی نەتوانن لە شارێکدا بژین کە پڕە لە سوڵتانە خوێنڕێژەکان، پڕە لەو سوڵتانانەی ناتوانن لە عیشق تێبگەن، لە ڕۆح تێبگەن، لە خودا تێبگەن، دواجار نیشتمان بە کەماڵی مەیل دەبێتە موڵکی تفەنگەکان، دەبێتە موڵکی حەجاجەکان "ئەو ساتەی نیشتمان دەبێتە موڵکی تفەنگ و حەجاجەکان، هەر ئەو ساتەش دەبێت بە شوێن نیشتمانێکی دی دا وێڵ بین، نیشتمانێک ناشرینەکانی ئەم نیشتمانەمان بۆ بشارێتەوە، ببێتە شوێنێک ئەم شوێنە لەبیر بکەین، ئەویش گەڕانە بە شوێن نیشتمانێک لە "عیشق" گەڕان بەدوای "مەعشوق"دا، بۆئەوەی دواجار لە مەعشوقەوە ببین بە هاوڵاتی نیشتمانێک کە خاوەنەکەی نە تفەنگە و نە حەجاج، خاوەنەکەی بریتییە لە مەعشوق، دواتر هەر لەو نیشتمانە دا کە "عیشق"ە تووشی ئارامی و خۆشبەختی دەبین، دەبێتە ئەو چاویلکەیەی جارێکی تر شتەکان بەڕوونی ببینین، جارێکی تر بزانین کێین و کێ نین.

جۆری سێیەمی ماڵ: کە ((عیشق))ە، کاتێک مرۆڤ وەکو کائینێک لە

نیشتمانێکدایە و لەگەڵ هاوزمانەکانی خۆیدا ژیان دەگوزەرێنێت، لەگەڵ ئەوەی پێکەوە و لەگەڵ هاونیشتمانییەکانیدا دەژێت، بەڵام غیابێکی گەورەی رۆحی لەو ئینسانەدا هەیە، غیابێک کە تەنها بە خودی "رۆح"ەکە پڕ دەبێتەوە و لە بەتاڵی و بۆشی دەردەچێت، ئەویش "عیشق"ە، چونکە غیابە رۆحییەکە بۆ خۆی غیابی مەعشوقە، بۆیە ئەو وەکو سەرەتایەک بە جیهان و جیهانییان بێگانە دەبێت[٣]، لەو لەحزەیەی نیشمان پڕە لە ناشیرینی و لە هەمانکاتدا غیابی "مەعشوق"یش هەیە، ئیدی ئەم ناچار دەبێت بڕیاری سەیر و سەفەر بدات، بگەڕێت و شوێن مەعشوق بکەوێت، شوێن مەعشوق دەکەوێت بۆئەوەی لەو رێگایەوە ماڵێک لە رۆح دروست بکات، ماڵێک لە هیچ کام لە ماڵەکانی دونیا نەچێت، تەنانەت لە ماڵە رۆحییە زەمینییەکانیش نەچێت، بۆیە وەکو رۆحێکی فەردانی شوێن پرۆسەیەکی فەردانی دەکەوێت و لەرێگای ئەو پرۆسە فەردانییەوە دەگات بە "ماڵ" ئەم ماڵەش دەبێتە جێگایەکی هێندە ئارام کە چیدی ئازار و مەینەتی لەگەڵ خۆشبەختی و شادی بۆ جیاناکرێتەوە و چێژ لە هەردووکیان وەردەگرێت، ئەوەتا شێخی سەعدی دەڵێت:

**غم و شادی بر عارف چه تفاوت دارد(٤)**

واتا: غەم و شادی بۆ کەسی عاریف چ جیاوازییەکی هەیە؟

واتا دوای ئەوەی ئینسانی عاریف چێژ لە عیشق و مەعریفە وەردەگرێت و بە کەماڵی مەیل دەگاتە باغی عوشاق و عورەفا، ئیدی بۆی گرنگ نییە غەمبار یان شادان بێت، چونکە ئەو هەموو هەوڵێکی گواستنەوەی عیشقە لە خۆ سەنتەریەوە بۆ ئەویدی سەنتەری، واتا ئەوی دی کردن بە سەنتەر، لەو کاتەشدا، ئیدی لە بیری نییە ئەم دڵخۆشە یان غەمبارە- هەر وەکو مەولانای رۆمی لە مەسنەوی مەعنەوی دا دەفەرموێت:

((نە غمگینم و نە شادانم))

واتا، نە غەمبارم و نەشادم، یان لە شادانم، ئەمە دواجار پلەیەکە عاریفی تەواو وەریدەگرێت، پلەیەک نییە کەسێک وەریبگرێت بە تەنها ئینسان بێت، واتا ئینسانیبوونت بەس بێت بۆ وەرگرتنی ئەو پلەیە، تەنانەت مەولانا کە ئەم رستەیە دەڵێت، زۆر سەرووتر چووە، بێئەندازەتر قوڵ رۆچووەتە نێو ئەو دەریا بێ بنەی رۆحانییەت و عیرفانەوە، ئەو تەنانەت بڕوای بە شتێک نامێنێت ناوی شادی، یان غەمباری بێت، چونکە ئەوە بۆخۆی دەڵێت من لە هیچیان نیم، کەواتە ئەو بڕوای

بەشتێک نەبووە ناوی "غەم"، یان "شادی" بێت، ئەمە ئەو پلەیەیە کە کەسی عاریف لە گەیشتن بە بەشێکی بچووک لە عیشقێکی گەورەی مەعشوقەوە بەدەستی دەهێنێت، پلەیەکی رۆحانی تەواو مەزنە، پڕ لە ئەزموونی نەبینراو و ون و گەورە، چونکە ئەزموونی عیرفانی و رۆحی لەو ئەزموونە دەگەمەنانەن چەند کەسانێکی کەم دەتوانن پێی بگەن و چێژی ئیمانی رۆحی لێوەربگرن، هەربۆیە هەموو ئینسانەکانیش ناتوانن عەودالْ و سەرگەشتە بن بۆ ئەم ماڵە، لەبەرئەوەی ماڵێکی تەواو جیاوازە لە ماڵەکانی دی، ماڵێکی زۆر تایبەتە و کەسی خۆی دەوێت، بە وتەی مەولانا:

**عشق کار پهلوانست ای پسر**(٥)

واتا: عیشق کاری پاڵەوانەکانە.

لەبەرئەوەی هەموو کەسێک ناتوانێت بڕیاری ئەوە بدات ئەو رێگایە هەڵبژێرێت و بۆی بڕوات، چونکە قوربانییەکی بێ ئەندازەی دەوێت تا دەگەیت بە مەنزڵ، بۆیە وەکو مەولەوی تاوەگۆزی لە شوێنێکدا دەڵێت:

((مەنزڵ بێ پایان تۆشە زەرورەن))...

توشەکەیش لێرە هەر ئەو پاڵەوانی و جورئەتەیە کە مەولانای رۆمی باسی دەکات، ئەو پێی وایە ئێمە بۆئەوەی عاشق بین، سەرەتا گرنگە لەوانی دی نەچین، لەوانی دی نەچوونەکانیشمان بریتییە لەوەی "پاڵەوان و خۆڕاگر" بین، خۆڕاگری لە بەرامبەر چەشتنی هەموو ئازارێک، لە بەرامبەر هەموو هەیەجاناتێکی تۆقێنەری رۆحی و لە بەرامبەر لە دەستدانی رۆح و خۆشمان بە نەفس و عەقڵ و دەروونەوە.

عیشق "ماڵ"ێکە زۆر گەورەیە، بەشی هەمووان دەکات، بەڵام هەمووان ناتوانین عاشق بین، چونکە بەشێکی زۆرمان لە یارییە ناشیرینەکانی دونیادا خۆمان دەدۆڕێنین و ئیدی "ماڵ"ی عیشق وەرمان ناگرێت و میوانداریمان ناکات، بەڵام ئەوەی لە یارییە بێ مانا و ناشیرینەکانی دونیادا بەشدار نابێت و نادۆڕێت، ئەوا عیشق رێگای خۆی پێ نیشان دەدات، هەر خۆی دەبێتە چاوساغێک بۆ خۆی، واتا خۆی دەبێتە رێخۆشکەرێک بۆ ئەم عاشقە حەقیقییە و بەرەو خۆی دەیبات و لە ناچیزی دونیا و تێکەڵاوبوونی دونیای دوور دەخاتەوە، دواجار ئەم ئاسوودەییەکی رۆحی تووش دێت و ئەم ئارامی و ئاسوودەییە کارێک دەکات کە

ئەو ئینسانە نەزانێت غەم چییە "شادی چییە"، چونکە هەمیشە لە یەک حاڵ و دۆخ و مەقامێکی عیشقدایە و بەردەوام کار بۆ رازیکردنی مەعشوق دەکات و چێژ لەو کارەی وردەگرێت و خۆی پشتگوێ دەخات، هەموو هەوڵەکانی تەرخان دەکات بۆ رازیکردنی "مەعشوق".

جۆری چوارەمی((ماڵ)): هەر ئەوەیە کە مەولانای رۆمی بە (نیستان)- "قامیشەڵان"- ناوی دەبات، یان هەندێ جار بە عەدەم گوزارشی لێ دەکات، واتا ئەو دەریای وجودەی کە لە (عەدەم)ەوە ئێرەی دروستکرد و لیێ بەرهەم هات، ئەو شوێنەی کە فەیلەسوفان ناوی دەنێن (بنچینە و بنەڕەتی وجوود) و لە فەرهەنگی دینییشدا بە (پەروەردگار) گوزارش دەکرێت، چونکە دانەر و ئافەریدەی هەموو شتەکانە، بۆیە ئێرە سەرەتایەکی هەیە، ئەویش خودایە ئەو سەرەتایە[٦]، بۆیە ئێمە گوزارشێکمان هەیە و دەیڵێین: انا لله وانا الیه راجعون*

واتا: ئێمە موڵکی خودا و لەوەوەین و هەر دەگەڕێینەوە بۆ لای ئەویش.

مەولانا کە قسە لەسەر نەیستان (قامیشەڵان) دەکات، زۆر بە قوڵی بۆ بابەتەکە دەڕوات و هەر لە دێڕی یەکەمی مەسنەوی مەعنەوی و لە یەکەم پارچە شیعریدا باسی ئەو بابەتی (نی)-(نەی)ەیە دەکات و سەرەتاییترن بەیتە شیعری کتێبی مەسنەوی مەعنەوی بەمە دەست پێ دەکات:

**بشنو این نی چون شکایت می کند**
**از جدایی ها حکایت می کند**
**کز نیستان تا مرا ببریدەاند**
**در نفیرم مرد و زن نالیدەاند**[٧]
(مپنوی ١/١ به بعد).

مەولانا لەم دوو بەیتەدا، سەرەتا و لە نیوە بەیتی یەکەمدا، دێت و دەڵێت: گوێ لەم (نەی)ە رابگرە، کە منم، کە جەلالودینی رۆمییە، کە چۆن شکایەت و سکاڵا و گلەیی دەکات، گلەیی و سکاڵا بۆچی؟!

گلەیی و سکاڵا لە چیرۆکی ئەو جیابوونەوەیە کە لە قامیشەڵاندا "نیستان"دا بووم و جیابوومەوە، لێرە نیستان بە مانای پێش دروستبوونی دونیا، واتا کاتێک کە خودا حەزرەتی ئادەم دروست دەکات، ئەو شوێنەی حەزرەتی ئادەمی لێ بووە لە لای مەولانای رۆمی -نیستان-نە، واتا رۆحستان، مەولاناش کە ئەم رۆحەی (نەی)ەی جیابووەتەوە لە (رۆحستان- نیستان)، ئیدی داد و بێداد لە

دەست ئەو جیابوونەوەیە دەکات و سکاڵای هەیە لە دەست ئەم جیابوونەوەیە، ئەویش لەبەرئەوەی ئەم شوێنی ئێرە نییە و دەبێت بگەڕێتەوە بۆ نەیستان (ڕۆحستان)، هەر بۆیە سەرەتای مەسنەوی مەعنەوی بەو شکایەتە دەست پێ دەکات، ئەم نوسخەیەی کە نووسراوە ڕاستییەکەیە، چونکە لە هەندێ نوسخەدا:

**بشنو از نی چون حکایت می کند**
**از جدایی ها شکایت می کند**

دواتر بەڕێز کەریم زەمانی و د.ئارش نەراقی پێیان وایە کە ئەمە نوسخە ڕاستییەکەیەتی:

**بشنو این نی چون شکایت می کند**
**از جدایی ها حکایت می کند**

ئەویش لەبەرئەوەی ئاوا مانای گەورەتر دەدات و زۆرێکیش لەگەڵ ئەم بۆچوونەدان و پێ یان وایە مەولانا بە نوسخەی: بشنو این نی چون شکایت می کند، نووسیویەتی، بۆیە حەقیقەت هەر ئەوەیە مەولانا ئەم هەستە غەریبییەی ئەزموون کردووە، ئەزموونێکی ناکامڵیش نا، بگرە ئەزموونێکە بە کەماڵی مەیل دروست بووە، ئەو تا تەمەنی (٣٤) ساڵی لە غوربەتدا بووە و دووربووە لە نیشتمانی یەکەمی کە (بەلخ)ە، ئەو هەر لە تەمەنی منداڵی و هەرزەکارییەوە (بەلخ) جێ دەهێڵێت و بەرەو قۆنیە بەڕێ دەکەوێت، بەرەو قۆنیەی تورک زمان، ئەم ئەزموونی سەفەرکردنە بۆ مەولانا تا ئەندازەیەکی باش تازە بووە، چونکە کەم کەس هەبووە لەو سەردەمەدا و بە منداڵی سەفەر بکات و ژیانی غەریبی بچێژێت، دەکرێت بڵێین ژیانی غەریبی و دوور لە نیشتمان، تا ئەندازەیەک سەرەتایەک بوو بۆ دروستکردنی مەولانای ڕۆمی و مەولانای چەند هەنگاوێک لەوانی دی پێشتر خست، ئەویش هەر لە سەرەتای پێگەیشتن و تێگەیشتن لە دین و خوێندنەوەی "غەزالی" و گەیشتن بە دونیابینییەکی تایبەتی بە تێکەڵ لەگەڵ بۆچوون و تێڕامانەکانی غەزالی و پاشان تێگەیشتن لە ئینسان و ئینساناسی، ئەمە لەگەڵ ئەوەی "غەزالی" کەسایەتییەک بووە بۆخۆی بە چەندین ئیشکالییەتی مەعریفی و ئیمانی تێپەڕ بووە و تووشی چەندین دەردەڕۆحی و ئیمانی بووە و دواتر بووە بە "غەزالی"، هەر بۆیە مەولانا پێی باش بووە هەموو ئەزموونە مەعریفی و ئیمانییەکان لە غەزالییەوە وەربگرێت، لە کاتێکدا "فەیزی کاشانی"یش هەر

ئەو نەخۆشییەی غەزالی هەبووە(۸)، بەڵام نەیتوانیوە وەکو غەزالی چارەسەری دەردەکەی بکات، دەلیل ئەوەیە مەولانا دەگەڕێتەوە بۆ غەزالی، غەزالی دەکات بەو وێستگە و وێنایەی خۆی تیاببینێتەوە، راستی ئەزموونی رۆحی غەزالی لەو ئەزموونە دەگەمەنانەیە کە "دووبارە ناکرێتەوە"، ئەزموونێکە جارێک بوو و ئیدی نابێتەوە، بەڵام دەشێت سوود لە ئەزموونی وەربگیرێت، سوودێکی گەورە و بۆ مەبەستێکی دی بەکاری بهێنینەوە، بۆیە مەولانا پێش هاتنی شەمس سوودێکی بێ ئەندازە گەورەی لە غەزالی وەرگرتووە، بە وتەی بەڕێز عەبدولکەریم سرووش: مەولانا تەنها غەزالی کردووە بە شیعر و هیچی تر".

**سەرچاوە و پەراوێز:**


١- آرش نراقی، آینه جان، مقالات درباره احوال و اندیشه های مولانا جلالدین بلخی، نشر نگاه معاصر،١٣٩٠، ص١١.

٢- هەمان سەرچاوە، ە.ل.

٣- هەمان سەرچاوە، ە.ل.

٤- سعدی شیرازی، غزلیات، مواعظ، غزل شماره ١٣، تهیه سایت فرهنگی تربت جام. www. turbatjam.com

٥- کلیات شمس تبریزی، مولانا جلال الدین رومی، انتشارات اشارات گلایی، چاپ اول ١٣٩٠، چاپ هادی، غزلیات، ١٠٩٧.

٦- سەرچاوەی پەراوێزی ژمارە (٨)، ل/١١-١٢.

٧- سەرچاوەی پەراوێزی ژمارە (٧)، ل١١، دفتر اول.

٨- د.حسین أمین، الغزالی من التراث العرب و الاسلام، الطبعة الأولی، ٢٠١١، هو اسم کتاب.

دەق

دەق


| | |
|---|---|
| ١- یارییەکی کۆن و نوێ | **لەتیف هەڵمەت** |
| ئاسمان نابینم | **حەمە کاکەڕەش** |
| نائومێدم مەکە هاوڕێم، من ئەمرم،... | **گۆران رەئوف** |
| چوار کورتە شیعر | **سارا زینەتی** |
| بەیانییەک | **داستان مارف ناسراو** |
| فریشتەی سووتاو | **ئارام کاکەی فەلاح** |
| سینەما خەیام | **غەفور ساڵح عەبدوڵڵا** |
| چیرۆکێکی ئەبەدیی لە نامەیەکدا | **سیروان کەریم** |

# ١- يارييەكی كۆن و نوێ



**لەتيف هەڵمەت**



**منداڵ بووين**
**چوار منداڵ**
**دە منداڵ**
**بيست منداڵ**
**ريز دەبووين**
**لەدوای يەك**
**ريز دەبووين**
**درێژ وەكو شەمەندەفەر**
**يەكەم منداڵ... شۆفێر بوو**
**ئەوانی دی سەرنشينی واگۆنەكان**
**چك چك... تووت تووت... چك چك**
**دەڕۆيشت... دەڕۆيشت... دەڕۆيشت**
**زۆر لاڕێ و كۆڵان و سوقاقی دەبڕی**
**چك چك... تووت تووت**
**منالان لە دواوە پرسياريان لێدەكرد:-**
**- گەيشتين**

- کەم ماوە
چک چک... تووت تووت... چک چک... تووت تووت
دەڕۆیشت و دەڕۆیشت و هەر دەڕۆیشت
- شۆفێر گیان تکایە گەیشتین
- ئارام بن کەم ماوە وا دەگەین...
چک
چک
تووت
تووت
چک چک
تووت
تووت
- گەیشتین شۆفێر گیان
- بۆ هێندە بەپەلەن... هەر دەگەین
- چک... چک... چک...چک...چک
تووت تووت... تووت...تووت...تووت
تا ئێستا چک... چک چک... شەمەندەفەرەکە دەڕوات
تووت... تووت... تووت... هەر دەڕواو ڕێ دەخوات
لە هیچ کوێ لانادات
بە هیچ شوێنێکیش ناگات
تووت تووت تووت... چک چک چک
هەر دەڕواو هەر دەڕواو هەر دەڕوات
هەر دەگاو هەر ناگات
هەر دەگاو هەر ناگات... و هەرناگات



## ٢- دەقانگیری دەقێکی لەیادچوو

**بڕۆ دەرگاکە داخە**
**لەوانەیە کۆترێک لە ژوورەوە یاری بکات**
**با پشیلەیەک نەیخوات**

**بڕۆ دەرگاکە کڵۆمکە**
**بە گوللەیەکی وێڵ خەونی ئەو مناڵە خوێناوی نەکات**
**کە لە ژوورەوە نوستووە**



**بڕۆ دەرگاکە پێوەدە**
**نەوەک کامێرا نهێنییەکانی دەرەوە**
**وێنەی پڕۆژەکانی خەیاڵت بگرن**

**بڕۆ دەرگاکە زنجیر بەستکە**
**هەرنەبێ ئیتر گوێت لەوەڕەی**
**کاتژمێری ناو ژوورەکەت نابێ**

**بڕۆ دەرگاکە قایمکە**
**خۆ هیچ نەبێ**
**دەڵێ ی کارێکم ئەنجامداوە**

**بڕۆ دەرگاکە ئەڵقەرێزکە**
**خۆ هەر نەبێ ئیتر گوێت**
**لەم قڕە قڕەی من نابێ**

# ئاسمان نابینم



حەمە کاکەڕەش



،،،

**هێندەی منداڵیم بیرت دەکەم**
**وەک منداڵیم لە ناخمدای.**

،،،

**ئاسمان نابینم**
**لەبەر تۆ.**
**وەک تەم داتپۆشیوم.**

،،،

**ئای خودا بۆ کوێ بچم**
**ئەمسەر و ئەوسەری ژیان**
**بێهوودەییە بێهوودەیی،**

،،،



بەفر رەشبووایە
بێهوودەیی قسەی دەکرد،
،،،
باران گریانی خودایە
کە بێهوودەیی دایدەگریٚ،
،،،
لە منداڵییەوە بۆ مردن
لە پێناوی چیدا؟!
،،،
مۆمەکان بکوژێنەوە
پەنجەکانم داگیرساون
بە مەمکەکانتەوە.
،،،
پەنجەرەکە بکەرەوە
ئەم ژوورە وا دەخنکیٚ
لە بێهوودەیی منا
،،،
کە تۆ دێیت باران دەباریٚ
ئەڵێی خودا
ڕێگاکەت ئاوپرژێن دەکا.
،،،
روو لە هیچ رووگەیەک ناکەم
خودا لە ناخی خۆم و...
چاوەکانی تۆدا دەبینم.
،،،
ئەزانی بۆ هێندە سەیری چاوەکانت دەکەم
منداڵیم کەوتۆتە چاوەکانتەوە، منداڵیم
،،،

٢٠١٢/٢/٢

# نائومێدم مەکە هاوڕێم، من ئەمرم،
# دۆستم ئەم وشانە بشارەوە، وا مەسیح هات!

# بۆ یەکەم پیاسەم لەگەڵ تەنهایدا!



**گۆران ڕەئوف**

**دونیا خاپوور بوو،**
**وەختێ تۆ ڕۆیشتی،**

**ژیان بەکۆتا گەیشت،**
**کاتێک بۆ دواینجار بە خەتێکی سادە و**
**لەسەر دەگای ژوورەکەم**
**نووسیبووت: ماڵئاوا... من ڕۆیشتم.**

**کۆتایهات خۆری ئەم گەردوونە**
**کە کاتێک لە ژەنینی**
**ئەو پارچە میوزیکە کەوتی**
**خودا بەدیاری بۆ ناردبووین،**

**کاتێک تۆ لەسەر سیلەی گەڕەکەکەمانەوە**



**دەستێکت بەرزکردەوە،**
**بە وێنەی تەنهایی و**
**خەندەیەکی جەرگبڕانەت کرد،**
**بەڕەنگی مردن و**
**وەک پەڕەسێلکەیەک فڕیت.**
**لێکهەڵوەشا ئەو رۆحەی**
**لە ئەشکەوتێکدا و**
**دوور لەم ژاوەژاوەی ژیان دەژیا و**
**عیبادەتی خودای دەکرد،**

**بەتەواوی لەناوچوو ئەو شەونمەی بەیانیانێک**
**لە شەرمی خۆرهەڵهاتندا ون دەبوو،**
**کاتێک لەو سپێدە نەعلەتییەدا**
**چپاندت بە گوێمدا و لەسەر ئیقاعی**
**مەرگ پێت وتم: "ئاگات لە ژیان بێت"!**

**ئەو هیوایانەش کە بەدیار**
**خەندەکانی تۆوە پاسەوان بوون،**
**لەگەڵ ئەوەڵین نمەی بارانی ئەم کۆچەتدا**
**بەبێ چەتر و بەبێ پاڵتۆ لەسەرمادا مردن،**

**دۆستم ژیان بە کۆتا گەیشت،**
**ژیان بوو بە غوبار خانم،**
**تازە نامە بۆ من مانای نییە،**
**ئیدی مەرگ سەیر دەکا و**
**پێدەکەنێ،**
**کاتێک بەدیار کۆتا نامەتەوە**
**دەگریەم.**
**ئیدی تووڕەبوون پیاسە دەکا و**
**هێڵنجەدا و دواجار**
**نامەکەم پێ لوول دەکا.**

دۆستم بەر بە شەپۆلی
ئەم برینانەی ڕۆحم بگرە
خۆدەتزانی کاتێک دەنگت لێ بەرزدەکردنەوە
لەترساندا ون دەبوون
دەتزانی کاتێک هەڕەشی
هیوایەکی نوێت بۆ دەهێنان
دەبوونە تۆز... دەبوونە سەراب...
دەبوونە گومان.

هاوڕێم لێگەڕێ
باڵەو ساتانەوە بیژمێرم..
با لە لێکئاڵانی ڕۆح و تەنهاییەوە
دەست پێ بکەم...
با لە دەنگە دەنگی ئەو موسافیرانەوە
ئەژماریکەم، چەندجار بلیتی خۆکوشتنیان بڕی و
هیوای گەڕانەوەت پێی دڕاندن،



لێگەڕێ با بەدڵی خۆم
بیژمێرم...
ئەو ساتانەی لەتەنیشت پەنجەرەکەمەوە
دادەنیشتم و لەگەڵ درۆکانی خەیاڵمدا
سیگارم دەکێشا.
با بیژمێرم...
کاتێک بەتەنها دەنووستم و
گۆرانیم بۆ وێنەکانت دەوت.
با لە توورەبوونەکانی نێوان
خۆم و کتێبەکانەوە حیسابیکەم.
چەند دانەیانم کوژاندەوە،
چەندی تریانم پارچە پارچەکرد.

**هاوڕێم تۆ لەکوێی؟**
**خانم وا وادەی گەردوون کۆتایهات!**
**من لەم نەرمەڕێیانەی ژیان و**
**لەم بێباکییەی تۆدا دیقەکەم.**
**لەم ساتی سووتانی پێشبینییەدا**
**حاڵم تێکەچێ،**
**لەم شەوەزەنگی بیابانە دوورانەدا**
**وەڕس ئەبم و دواجار تۆز دامەپۆشێ.**

**تۆ لەکوێی رووناکیم... تۆ لەکوێی؟**
**تازە ژیان بە کۆتا گەیشت.**
**ئیدی مەرگ لەبەر دەرگایە و**
**وا خەریکە کۆتا چرکە تۆمارەکا،**
**تازە خۆری ژیانم بۆ ئەبەد گیرا و**
**نائومێدی بووە ئاشنام.**
**تۆلەکوێی خانم... تۆ لەکوێی.**

٢٠١٢/٥/٢٣
gorankafka@yahoo.com



# چوار کورتە شیعر



سارا زینەتی- سەقز

ئێوارەی شووم
**خۆشەویستی و میهرەبانیت**
**تێکەڵاوی دەنگت بکە و**
**هەرچی دڵەڕاوکێی پیسی ئەم ئێوارەیە**
**بیشۆرەوە...**
**"ژیان بێ ئەوین مردنە"**

یاد
**لەژێر سێبەرێکی پاییزی**
**یادەوەری تۆ دێت و**
**بۆنی پرچم دەبا بۆ گەڵاکانی خەزان و**
**یەکرا درەخت سەوز ئەبێت و**
**منیش ئەکەومە ئامێزت**

کۆرپە شیعر

**هەر کات دڵم بەقەد خونچەی گوڵە هێرۆیەکی لێ دێ**
**برکێ دەتزێتە ناو خەیاڵم و**
**هەموو وشە مامانەکانی شاری یاد، کۆ دەبنەوە و**
**کۆرپە شیعرێ لە دایک ئەبێ**

ڕۆژ

**هەموو بەیانیێ**
**لە ڕۆژهەڵاتی بیرمەوە سەر دەکەویت و**
**تیشک بە تیشک دەڕۆیتە ناخی گیانمەوە...**



# بەیانییەک



**داستان مارف ناسراو**

**بەیانییەک لەگەڵ تارماییەکەتدا بە تەنها بووم**
**پێش دەرکەوتنی خۆر**
**پێش مردنی ژیان**
**پێش رووناکبوونەوەی تاریکی**
**بەیانییەکی زوو**
**ئەڕۆشتم و تۆم لەگەڵ بووی**
**ئەمبینیت و تێنەئەگەیشتم**
**تۆ رووناکتربوویت یان بەیانی**
**تۆ زووتر هاتیت، یان دەرکەوتنی خۆر**
**من سەرم لێ شێوابوو یان تۆ**
**ئەمبینیت و تێنەئەگەیشتم**
**من مەست بووم یان رێگاکان درێژ**
**کات وەستا بوو یان من**
**تۆ زوو بەجێت هێشتم یان روحم**

***



**ئەمبینیت و تێنەئەگەیشتم**
**ئاخر من عاشقێکی رۆژهەڵاتیم**
**سەرم پڕە لە مەستی و لە شێتی و لە مۆسیقا**
**پڕم لەو وێنانەی کە تەماشای هەر یەکێکیان ئەکەم**
**بەشێک لە جوانی تۆم ئەیەنێ**
**من لە منالّیمەوە خولیات بووم**
**نازانم**
**هەست ئەکەم لە نەوەی باران بم**
**لەبیرت دێ**
**بەیانییەک وەکو ئێستا هەر بەڕاستی لەگەڵمابوویت**
**کاتێ پێت وتم باران ئەبارێت**
**منیش پێم وتی هەستی پێ ناکەم**
**تۆش**
**چەند دلۆپێکت لەسەر سنگت پیشاندام**
**کە ئەوەم بینی**
**ئینجا وتم دیارە باران عاشقترە**
**من هەتا ئەم بەیانییە دەستم نەگەیشتۆتە ئەوێ**
**تۆش پێت وتم**
**کە لەگەڵ هەموو بارانێکا تۆم بیر ئەکەوێتەوە**
**چونکە ئەزانم وەک باران منت خۆش ئەوێ**

***

**بارانەکە بەخوڕ دایکرد**
**چەترەکەت دامێ**
**وتم هەرگیز چەترم نەویستووە**
**تۆش**
**لەسەر لێوت بزەیەک و لە رووخسارتا مەکرێک و...**
**ئینجا وتت منیش نامەوێ**
**لەژێر بارانا رۆیشتین و مژم لە جگەرەیەک دا**
**ئای چەند جوان بووی**
**تۆی هەمیشە بێزار لە جگەرە**
**بەڵام ئەوکات وەک لابردنی چەترەکە**

تۆش داتگیرساند...

***

لێرەیا بینیم خۆر هەڵهات
ئیتر تێگەیشتم عەشق کۆتایی هات
ئەمبینیت ئەتوێیتەوە و هیچ ناکەم
ئەبینم ژیان ئەمرێ و هیچم پێ ناکرێ
ئەبینم
تۆ و شەو و هەموو جوانی دنیا بەجێم دێڵن و
تەنیا ئەتوانم بڵێم ماڵاوا ماڵاوا

***

دیسان تەنیا مامەوە
باران دایکرد
جگەرەیەکم داگیرساند
شەرابم کڕی و
جانتاکەم پێچایەوە و
سەفەرم کرد
بەرەو دوور
بەرەو دوور



# فریشتەی سووتاو



ئارام کاکەی فەلاح

ئەوە لە پەنجەرەکەوە دەیبینم، دیسانەوە هاتەوە، لەڕیزدا وەستاوە و چەند ژنێکی هاوڕێشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، ئەمە بۆ جاری بیستەمە دێت بۆ بنکەی پۆلیس تا دەعوا دژی مێردەکەی قەید بکا و من ڕەوانەی دادگای بکەم. دێت و دەڵێ دەستدرێژیی سێکسیم لێ کراوە. مێردەکەم دەستدرێژیم لێ دەکات، دەیەوێت بەزووترین کات پۆلیس بنێرم و مێردەکەی بگرن. پێی دەڵێم دادە گیان! من ناتوانم بیگرم، ئەوە مێردتە، یاسا ڕێگام پێ نادات، گەر ناتەوێ لێت نزیک بێتەوە، گەر ناتەوێ تەنانەت ماچێکیشت بکات، لێی جیابەرەوە. دەڵێ نامەوێ نزیکم بێتەوە، دەبێ ئێوە بمپارێزن، ئەمە لەشی خۆمە و خۆم بڕیار دەدەم، پێی دەڵێم ئەی بۆ لێی جیانابیتەوە؟ دەڵێ لەبەر باوک و دایکم جارێ ناتوانم، خزمەکانم حەیام دەبەن و هەزار قسەم بۆ هەڵدەبەستن. پێی دەڵێم فریشتە خان! ئەمە وا نابێ، ئەو مێردەت هەر ماچێکت بکات، تۆ فلق لێرەیت، تۆ هەموو ڕۆژێ

لێرەیت، ئێمە لێرە هەزار ئیشمان هەیە، ئەویش دەڵێ، هەموو ئەو ئیشانەی ئێوە لەچاو ئەمەی مندا هیچ نییە، گەر ئێوە نەتوانن من لەو مێردەم بپارێزن، کێ دەتوانێ، پێی دەڵێم، دادە گیان! بڕوا بکە حەزم دەکرد، هەموو ئەو جارانەی کە دەعواشت قەید کردووە، درۆت لەگەڵ ناکەم و من یەکسەر ڕەوانەی دادگام کردووە، پێیان وتووین ئیتر تکایە جارێ مەینێرن تا خۆمان دەینێرین بەشوێنیدا، دە تۆ هێمن بەرەوە و ئەو قومە ئاوە بخۆرەوە، دەڵێ هیچم ناوێ، نا، ئێوە گوێم لێ ناگرن، ئێوە ئەو برینە قووڵانەم نابینن کە وەک فوارە خوێنی لێ دەڕوا. کە ئەو مێردەم ماچێکی ڕوومەتم دەکا، پێی دەڵێم تۆ ماچی ڕوومەتێک دەکەی ساردوسڕ خوێنی تیا نییە، بڕۆ ماچی ئەو دیوارەی بەرامبەرت بکە. تێ ناگات، ئەو کەللە ڕەقە لێم تێ ناگات، گەر کەمێ تێبگەیشتایە قەت نزیکم نەدەکەوتەوە، نا ئێوەش تێناگەن، ئێوەش سەری مانگان مەعاشەکە دەخەنە گیرفانتانەوە و بێ خەم دەنوون و وا دەزانن خزمەتی هاوڵاتییانی خۆتان کردووە، من نازانم چۆن خەوتان لێ دەکەوێ؟

پێی دەڵێم خانمی ئازیز! ئەوە غەدرێکی گەورەیە لە ئێمەی دەکەیت، بڕوا بکە پڕبەدڵ حەزم دەکرد یارمەتیت بدەم، بەس ناتوانم و چاوەڕێی بڕیاری دادگا دەکەم، باشە پێم بڵێ بەو کاغزانەی کە پڕت کردۆتەوە، دیارە تۆ ساڵێک نابێ شووت پێ کردووە، گەر وایە بۆ شووت پێ کرد؟ دەڵێ کوڕە سەرەتای یەکترناسین هەتا بڵێی کوڕێکی ناسک و باش بوو، هەرچەند دڵم بە کوڕێکی ترەوە بوو، بەڵام کفرم کرد و بۆ یەکترناسین چایەکمان پێکەوە خواردەوە و کتێبێکی بۆ هێنام، بێ ئەوەی پێ بزانی یەکسەر لەسەرت دەکەوێ، ئیتر لەدوای ئەو چایەوە، ئەو منی بەهی خۆی دەزانی. هەموو ئەم کۆمەڵگا داوەشیوەی خۆمانیش وای دەزانی ئیتر من هی ئەوم، تەنها چونکە نیو سەعاتێک پێکەوە دانیشتین. هاوڕێکانی بە حیساب خوێنەری کتێبیش بوون و جارجار شتیشیان دەنووسی و بڵاودەکردەوە، بە منیان دەوت براژن، ئای خوایە چەند بەوە تووڕە دەبووم، کەچی ئەو قاقای لێ دەداو دەیوت گوێ مەدەرێ سوعبەتت لەگەڵ دەکەن، منیش دەموت: قوڕ بەسەر ئەو گەلەی ڕۆشنبیرەکانی سوعبەتی وا قۆڕ دەکەن، چونکە دەمزانی بەڕاستیانە. بەهەموو جۆرێک دەمویست لەو پەیوەندییە بێمە دەرەوە، لە هەزار لاوە منیان دەخستەوە ناوی. تەنها لەبەرئەوەی چایەکم لەگەڵدا خواردەوە دەبێ هەموو ژیانم ژەهرنۆش بکەم، بە کۆڵاندا تێدەپەڕیم و لەوبەرەوە پرسیاریان دەکرد، ئەوە بەخێرێ شوو دەکەی؟ منیش دەموت شووی

چی؟ دەیانوت با لەگەڵ کوڕێکدا بینیویانی. خۆشەویستترین کچە هاوڕێم لەئیش لە خۆشی من کێکی بەخشییەوە بەبێ ئەوەی تامێکی بکەم، پرسیارێکیشی نەکرد بۆ تامی ناکەم و بۆ ڕەنگم وا هەڵپرووسکاوە. جارێ من نەموتبوو با ماڵی کوڕە بێن، هەموو ماڵەوەمان لەجیاتی من ڕازی بووبوون و وتیان با ڕازییە، بەبێ من دانیشتبوون. خزمانم جارێ نەگوازرابوومەوە دەیانوت چەند منداڵتان دەبێ، هەر خۆیان پێنج شەش ناوی ناخۆشیان بۆ دۆزیبوومەوە.

لەپڕ هەستم کرد بێ ئەوەی ئەو دەستی بەرم کەوتبێ بوومە بە ژنی، باسی ماکیاژ و تەنوورەی دەکرد کە بەدڵی نییە، ئەمیان تۆزێ تۆخە و ئەویشیان کەمێک کورت. زۆر هەوڵی دا تا هەموو کۆدی مۆبایل و ئی مایلی لێسەندم و وەک پۆلیسی سەر سنوور کەوتە گیانی هاوڕێکانی فەیسبووکم، لە هەزارەوە بە دوو ڕۆژ کردنی بە دوو سەد هاوڕێ. هەر کوڕێک کەمێ لەو قۆزتر بووایە دەیووت ئەم هەتیوە کێیە؟ دەلاییە تا هەزار جنێوم پێ نەداوە. ئەی ئەم کچەتیوە کێیە؟ زۆر بەرەڵا دیارە و فێری شتی خراپت دەکا. فەیسبووکەکەی خۆشی پڕ بوو لە کچی جوان، دەمووت ئەی بۆچی بۆ تۆ ڕەوایە؟ دەیوت من پیاوم، بۆ من عەیب نییە و لەسەرم ناکەوێ. لە شوێنی خۆی ڕامدەگرت و بە قومە ئاوێک هێمنم دەکردەوە و ئاوێکم دەکرد بەو ئاگرەی لە نەوچەوانییەوە کڵپەی دەسەند و دەموت، ئێ فریشتە خان! خەتای خۆتە و دەبوایە شووی پێ نەکەی. شووت بەوە بکردایە کە لەدڵەوە خۆشت دەویست، ئاخر ئەوی تر ئەوەندە سارد و ئەوەندە خاو و خلیچک بوو دەبوایە هەموو تەمەن چاوەڕێی بکەم، پێدەکەنی و دەیوت: تا دواجار دەبوایە خۆم بچم بۆ داخوازی. منیش دەمووت دە تازە درەنگە، دەیوت نەخێر درەنگ نییە، هیچ شتێ درەنگ نییە، دەبێ حەقی هەمووی لێ بکەمەوە، دەمەوێ ئەو وازم لێ بێنێ، تا هیچ بیانوویەکم پێ نەگرن بۆ جیابوونەوە، تا نەڵێن خەتای من بووە، تا دڵی دایکم نەشکێ و باوکم زەختەکەی بەرز نەبێتەوە، بەڵام تا ئێستا بۆ نەگبەتی خۆی گرتووە، بۆیە هەر دەستی بەر دەستم بکەوێ دێم و داوای لەسەر قەید دەکەم و پێشم وتووە، ئەو باکی نییە. هەفتەی پێشوو گوێم لێ بوو لە ریزدا بە ژنێکی هاوڕێی دەوت: تەنانەت بەو مێردە کەللەڕەقەم وتووە بۆ وازم لێ ناهێنی، من تۆم خۆش ناوێ، گوێ ناگرێ، پێم وتووە، ئای چەند ناخۆشە، چەند بەئازارە، چ جەهەننەمێکە لەشت لەبەر دەم پیاوێکدا بێت و دڵت لای کەسێکی تر، کە وا دەڵێم گاڵتەی لێ دێت و بە دڵم پێدەکەنێت، ئەو پیاوانە زۆر بێ مێشکن کە وا دەزانن گەر لەگەڵ ژنێکدا

چوونە ناو جێگا، ئیتر هەموو شتێ دەبڕێتەوە و دەبێتە موڵکیان، وا دەزانن گەر دەستیان بەر لەشمان کەوت ئیتر هەموو شوێنێکی ترمان بە دڵیشمانەوە هی ئەوانە و داگیریان کردووە، بە هەموو عەقڵی خۆیان وا دەزانن هەر دەستیان گەیشتە جووتە پرتەقاڵ وەک گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان پڕن لە رستەی وا قۆڕ، ئیتر زەمیلەی لێ پڕکە و سفرەی خەیاڵ بڕازێنەوە، نازانن تەنها شوێنێکی گرنگ لای ئێمە دڵمانە، نەک ئەو شوێنەی هەمیشە بیری لێ دەکەنەوە و لە کاتی نانخواردنیشدا لە خەیاڵیاندایە، گەر دڵی کچێکت بۆ خۆت برد، هەموو شوێنێکی تریشی دەبەی، ئەوان بە پێچەوانەوە هەموو شوێنێ دەبەن و دڵمان فەرامۆش دەکەن، نازانن داگیرکردنی هەموو شوێنێک بەبێ دڵ، هەموو شوێنێ دەکات بە کەلاوە. هەموو گرفتی گەورەی خێزانەکانی کۆمەڵگای ئێمەش لێرەوە دەست پێ دەکا و کەس قسەیەک ناکا.

ئەوەتا لە پەنجەرەکەوە دەیبینم و لە ڕیزدا وەستاوە، رۆحم چووە و نازانم چ وەڵامێکی بدەمەوە، بەدەیەها تێلم کردووە بۆ دادگا و دەنگیان نییە. بە خۆشیێوە نەوەستاوە و چەند ژنە هاوڕێیەکی تریشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە و ئەوانیشی هانداوە داوا لەسەر مێردەکانیان قەید بکەن، چونکە جاری پێشوو پێی وتم گەر هەفتەکەی تر لە دادگاوە وەڵامم پێ نەگاتەوە، هاوڕێکانیشم دێنم و هەموو دنیا تێدەگەیێنم. گەر ئەمە وا بڕوا زۆر گەورە دەبێ و دەتەقێتەوە، هەر هەفتەی پێشوو بوو لە ریزدا، فرمێسکی بێدەنگی هەڵدەڕشت و گوێم لێ بوو بە هاوڕێکەی دەوت، نا هیچ لە مێردەکەت قبووڵ مەکە، ئەوانە وا دەزانن ئێمە پاسکیلین سوارمان دەبن، خزمەکارین هەمیشە خواردن بخەینە بەر دەستیان. نا نەکەی و بیر لەخۆسووتانیش نەکەیتەوە، با لە خەستەخانەکان وەک ئەو فریشتە سووتاوانە چەشنی خەڵووزێکی رەش و بێ گیان و فەرامۆشکراو لەسەر قەرەوێڵەکان نەکەوی. کەس ئەو دووکەڵە نابینێ کە لێیان بەرز دەبێتەوە. دەبێ بەهێز بی هاوڕێم، گوێت لێیە، دەبێ بەهێز بی. هەنیسکی دەداو دەیوت، هەموویان لە سەرەتادا ناسکن، ئەوەی منیش زۆر رۆمانسی بوو، هەمیشە پێی دەوتم ئەو هەموو جوانییە چییە کچێ؟ هێندە جوانی دەبوایە جوانی وا قەدەغە بکرێت و گرتنی لەسەر بێ، تۆ دەبوایە لەسەر جوانیت هەموو رۆژێ بە کەفالەت بەربوویتایە. منیش پێدەکەنیم دەموت بەڵێ راست دەکەی، لە رۆژنامە ئەهلییەکان زیاتر دەعوام لەسەرە، هەر ئەو شەوە، شەوی بووکێنی تێپەڕی و رۆژ بووەوە و بەیانییەکەی پێش ئەوەی بڵێ بەیانیت باش، وتی ئەوە دەموچاوت بێ مکیاژ

ئاوایە، هەستە خێرا ئاوێکی پیابکە رەنگە میوانمان بێ. منیش زۆر تووڕە بووم و وتم ئەی بۆ دەموچاوی خۆتت بینیوە، ئیتر هەر ئەو بەیانییە دڵم لێی شکاو تا ئێستاش چاک نەبووەتەوە و قەتیش چاک نابێتەوە.

ئەوە لە ریزدا وەستاوە و نزیک و نزیکتر دەبێتەوە، ئەمڕۆش شەڕێکی خوێناوی ترم لەسەر مێردەکەی پێ دەفرۆشێت، دێت و بەشێکی تری ژیانیم بۆ دەگێڕێتەوە و منیش وەک هەمیشە دەڵێم نا جارێ هیچ وەڵامیان نییە، رۆژێکی تریش دێتەوە و بەشێکی برینی دڵی خۆی هەڵدەرێژێ و جارێکی تریش بەشێکی تر و بەشێکی تر بێ کۆتایی، منیش هەر تێل بۆ دادگاش دەکەم و وەڵام نادەنەوە، بۆیە منیش نازانم ئێستا چی بکەم چ وەڵامێکی بدەمەوە.

مایس ٢٠١٢
ستۆکهۆڵم



# سینەما خەیام



غەفور ساڵح عەبدوڵڵا

دیمەنێکی چڕ لە بۆتەیەکی یەکجار تەسک بەقەد درێژیی و پانی قەڵاکە، لەچاوە پڕ خەمەکانی جێگیر بوون، دیمەنەکان بە ڕەواڵەت و بە شوێن و بە ناو وەکو خۆیان وان، وەلێ چۆن جیادەکرێنەوە، لە شوێنەکەی سینەما خەیام پارکێکی پان و بەرین جێگای گرتووەتەوە، ئەودیوی چۆمە هەمیشەکەی خاسەیە! ژنێک لەچکبەسەر لە ژوورێکەوە لەناو پارکەکە هاتەدەرەوە، ڕێک ژوورەکە شوێنی ژووری بلیتفرۆشەکەی سینەماکە بوو. ئێستایش مۆسیقای وێنەیی ئەو فلیمانە لە گوێمدا دەزرنگێنەوە، تەمەنێکە و لە مێشکێکی خەیاڵاویدا هەڵکۆڵراون، نزیکەی سیوپێنج ساڵ بەر لە ئێستا، هێشتا خۆبادانە نیوەشەوییەکەی (پەروینی غەفاری) لە تۆی کراسێکی ئاودامانی تەنک وەکو باڵی مێشێ بۆ (فەردین) لە فلیمی(هاوارێک لە نیوەشەو) لەبەرچاومە، ئەو گۆرانییەناسکەی کە لە هۆڵە هاوینییەکەی سینەماکەوە، چۆمی کپی خاسەی پڕدەکرد، وەلێ (ئارمان) پیاوە وەحشییەکە دیمەنەکەی خوێناوی کرد!

کاتێک هاتەوە، یان بەرلەوەی بێتەوە گۆرانییەکەی (ستار)ی بیردەکەوتەوە: (مادرم مادر خوب چ کارکنم اگر از سفر بیام و تو نباشی سر راه)، ئەمەیش زۆر نزیکە لە شیعرەکەی (سێرگی یەسنین) بۆ دایکی:

(بۆم دەنووسن لە نیگەرانیدا بۆم دەتوێیتەوە،
لەتاسەدا بۆم دەتوێیتەوە،
زۆرجار دێیتە سەرە ڕێگا،
بە چاکەتە کۆنە دڕاوەکەتەوە...
کەواتە نیگەرانی لە خۆت دوورخەرەوە،
زۆر خەمبار مەبە
هەموو ڕۆژێک مەیە سەرەڕێ)...
کە ئەم هاتەوە چۆلەوانییەک لەسەر کۆلانە کۆنەکەیان چاوەڕێی بوو.

هەموو جارێک خەیاڵی ئەوەی دەکرد کە دایکی بە کولەنجەیەکی کۆنی ڕەشەوە، لەسەر کۆلانەکەی سەرووی بەرامبەر گەرماوەکەی عەزەدین- کە ئێستا ئاسەواری نەماوە، دەستی ڕاستی خستووەتە سەر چاوانی دەڕوانێتە ئاقاری سینەما خەیام، بەشکو ئەمە خوای کرد لەگەڵ هاوڕێکانی لە سینەما بێتەوە لە سەیری فلیمی (سپارتاکۆس)، ئەو کۆیلە ڕەشەی کە کۆیلە ڕەشەکانی دیکەی قوتار کرد لە چنگی شێرە زەلامخۆرەکانی قەیسەر! وەلێ دایکی دەمێک بوو لەگەڵ سینەما خەیامدا تەنانەت ناویشیان نەما بوو، لەوانەیە دایکی گۆڕێکی بێ ناو نیشان و سینەماکەیش پارکێکی پڕ لە ترس و شپرزەیی بوو.

هەرکە گەیشتە ئاقاری سینەما خەیام، هێشتا خەو بەری نەدابوو، کتێبەکانی خەریک بوو لەدەستی بەردەبوونەوە، لەگەڵ سالاری هاوڕێی قوتابخانەی لە بناری باخی قەڵا کە بەرامبەر سینەماکە بوو، یەکیان گرت، چوون لەبەردەم دەرگا شیشە داخراوەکەی سینەماکە وەستان و تەماشای ریکلامی فلیمەکانی ڕۆژانی داهاتوویان دەکرد، جەهەنم ژێر پای من، یەک قەدەم تا مەرگ، فرسان کوردستان، حسێن کورد و ئەمیر ئەرسەلان و ئەبو جاسم لەر, دواجار بە خەمساردییەوە ڕێگای قوتابخانەی ناوەندییەکەیان دەگرن، کە لەوبەری چۆمی وشکی خاسە بوو. ئەم بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن دایکی فریو بدات تا پارەی فلیمی ڕۆژی هەینی لێوەرگرێت، وەلێ نەیدەزانی سالار بیر لە چی دەکاتەوە. سینەماکە بووە قوربانی بوونی بارەگاکانی حیزبی ڕژێمی ڕووخاوی ئەوبەری قەڵاوە، پێشتریش باخێکی گەورەی پڕ دارودرەختی جوان بووە قوربانی و تەختیان کرد و ئەو باستیلە بچووکەیان لەسەر ڕۆنا. ئەوان لە شوێنی گشتی زەندەقیان دەچوو، بەرامبەر سینەماکە بارەگای ئاسایشی ڕژێم بوو، ئەم یەک دووجار بۆ ئەو باستیلە بچووکە ڕاپێچکرا، بۆیە بۆ هەندەران سەری خۆی هەڵگرت. دوای ڕووخانی ئەو ڕژێمەش دەستوبرد کردیان بە بارەگای حیزبە برادوژمنەکان،

دیسانەوە ئەوانیش بە دیواری کۆنکرێت ئەو دەوروبەرەیان هەڵچنی و ترس گەڕایەوە بۆ دڵە تۆقیوەکانی جاران لەترسی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو.

کاتێک سینەما (سندباد) لە بەغدا رووخێنرا (سەرگۆن پۆڵس) شیعرێکی بۆ نووسی:

(ئەوا سینەما سندبادیان رووخان
ئای چ زیانێکە
ئیدی لەومەودوا، کێ
دەچێتە دەریاوە و کێ
چاوی بە پیرەو دەریا دەکەوێت)...
منیش دەڵێم: (ئەوا سینەما خەیامیان رووخان
چ کارەساتێکە
ئیدی کێ دەچێت بۆ تەماشای هاوارێک لە نیوەشەودا
کێ دەچێ بۆ تەماشاکردنی ئەمیر ئەرسەلان و فرسان کوردستان؟)

جارێکیان چیرۆکێکی نووسی لەسەر ئەم دەوروبەرە، بەو چیرۆکەش بوو بە چیرۆکنووس. (ئارام)ی بێباوک پاڵەوانەکەی بوو، کە ئەو شەقامەی خوارەوەی قەڵاکەی دەبڕی بەپێی پەتی لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر و بۆ دە فلس تا بیباتەوە بۆ دایکە بێوەژنەوە بێدەرەتانەکەی، وەلێ دوای ئەو چیرۆکە ئارام بوو بەژێر ئۆتۆمبێلەوە.

ئەوساکە شەقامەکە جوانتر بوو، قەڵاکە وەکو خۆی چۆن عوسمانییەکان خانووبەرەکەیان لەسەر درووست کردبوو، مابوو. دواییش خانووەکانی سەر قەڵاکەیش بوو بە قوربانی بنکەی ئاسایشەکەی رژێم، کەچی دوای نوغرۆبوونی ئەو دەسەڵاتە، ئەوەی ئەوان ناشیرینیان کردبوو، ئەم تازە کیسانە ناشیرینتریان کرد. وێنەی (شەهیدە) تازەکان هەموو دار و دیوار و قوژبنێکیان تەنیوە، پەڕۆ هەمە رەنگەکان جێگای درەختە سەروە باڵابەرزەکانی جارانیان داگیرکردووە...

هەرکە لەوسەری پردەکە لە بەری سینەماکەوە لە ئۆتۆمبێل دابەزیم، یەکسەر وەکو شێت هامبازی ئەو ئاقارە بووم کە جاران تاقە دارتووە باڵابەرزەکەی لێبوو، کە سێبەری هاوین و جێژووانی بووم لەگەڵ (نەسرین)دا. هەرکە یەکەمجار لەژێر ئەو دارتووەدا کە جورئەتم نەبوو بە لەبزی شیرین سەرنجی راکێشێم، تەشەرێکی ساویلکانەم ئاراستەی نەسرین کرد لە رێگای قوتابخانە.ئەویش وەکو رەتکردنەوەیەکی سەرپێیانە تفێکی بۆ زەوییەکەی بەردەمم هەڵدا:

بەیانییەک بوو ئەم دەچوو بۆ قوتابخانەی ناوەندیی کوڕان لەوبەری پردەکە،

نەسرین بۆ قوتابخانەی ناوەندیی کچانی سەورە. چەند بەلایەوە سەیر بوو کە نەسرین بەو بەیانییە لەژێر دارتووەکە وەستابوو، کراسێکی رەشی تا خوار ئەژنۆی لەبەر بوو -گەرچی ئەوە جلوبەرگی فەرمی قوتابی کیژانی ناوەندیی بوو-، پشتوێنێکی پانی سوور لە جۆری نایلۆن لەناوقەدە باریکەکەی بەستابوو، هێندەی دیکە شۆخی کردبوو. وەستابوو بە تووڕەییەوە تەماشای ئاقاری ئەمی دەکرد، کە بەئاقاری قوتابخانە بەرەو رۆژئاوای شارەکە بوو، دەڕۆیشت، لەترسا ویستی رێگا بگۆڕێت و بەرلەوەی بگاتە ئەو، لە شەقامەکە بپەڕێتەوە، وەلێ ئۆتۆمبێلێکی ناکاوی تیژڕەو پەشیمانی کردەوە کە بە نزیکییەوە هاژەی کرد:

– مەڕۆ ترسنۆک...

هەرکە ئاوڕی دایەوە بڕوای نەهات کە ئەوە دەنگی نەسرین بێت. وەلێ زەردەخەنەکەی و بە پەنجە ئاماژەکردنەکەی، راستی هەڵوێستەکەی سەلماند. بە شەرمێکی زۆر منداڵانە و لادێیانەی پڕ حەزی شاراوەوە، لەسەرەخۆ بەرەو دارتووەکە ملینا. (بەیانیت باش) لە بیری نەبوو چۆن وەڵامی بداتەوە، بۆیە زۆر ساکارانە وتی(چۆنی)، ئەویش بە سوپاسێکی نیمچە تووڕەوە وەڵامیدایەوە (سوپاس)، ئیدی دڵنیا بوو کە مەسەلەکە ئاشتییە نە شەڕ...

گەڕام بۆ شوێنیدارتووەکە، سەکۆیەکی چەمەنتۆ بە مەزەندەی خۆم لە شوێنی بوو، چونکە دوای ئەوەندە ساڵە (٣٥ ساڵ پترە)، کە هەموو پێوانەکانی نێوان جادە کۆنەکە و دارتووەکەم لەبیرماوە! چونکە پردە کۆنەکە بەداروباری خۆی و شێوە درووستکردنە کۆنەکەی ساڵانی چلەکانی سەدەی رابردوو وەکو خۆی وابوو، دوا دینگەی لاوانەی پردەکەم کردبووە نیشانە کە بەرامبەر دارتووەکە بوو.

– ئەزانی تۆ زۆر ساکاری، یان ئەوەتا زۆر شەرمنی؟ وەکو منداڵی هەرچی و پەرچی دەجووڵێیتەوە، لەجیاتی قسەی ناسک ئەو وشە سووکەت کرد بە دەسپێشخەری؟!

ئەو جورئەتەی نەسرینی بەلاوە سەیر بوو کە بەو زمانەی قسەی لەگەڵدا کرد! وشە سووکەکەی (لەو ساق و سمتە؟) بوو. حەزی دەکرد ببووایەتە دڵۆپێک ئاو و زەوییەکە قووتی دابایە لەشەرماندا، وەلێ ئەویش جورئەتی دایە خۆی و وتی:

– زۆر داوای لێبووردن دەکەم، بەڕاستی کەر بووم.

نەسرین دایە قاقای پێکەنین و وتی:

– دوور لە تۆ! قەیناکە، تۆ نەتدەزانی کە دەمێکە چاودێریت دەکەم، کە

ڕۆژانە لە ڕێگای قوتابخانە بەرامبەرم دەهاتی، هاوڕێکانم دەیاندایە قاقا و دەیانوت (ئەوا فەرهادە بێ قولنگەکەت هات). منیش شەرم دایدەگرتم، وەلێ دواجار بۆم دەرکەوت کە تۆ کوڕێکی بێوەی و کوڕە هەژاریت، مالمان لەودیوی مالی ئێوەیە، لەپشتی دایەرەکەی ئەمن. وابزانم تا ئێستا نەتزانیوە؟!

بەسەرسووڕمانەوە وتی:

– بێگومان، شتێکی سەیرە!

– سەیر نییە، چونکە تۆ وەکو گەنجە لاسارەکانی تر نیت کە بەم ڕۆژکارە هەموو کۆلانەکان دەگەڕێن و هەموو کەین و بەینێک دەزانن...

بێزارییەکی ئێجگار تال دایگرت و لەبەرخۆیەوە وتی: (ئەوەی بۆی هاتمەوە بیرەوەرییەکانم بوو لەم ولاتە کە هەستناکەم ئینتمای بۆ من مابێت! ئەوانیش ئەنفالکران... گاستۆن باشلار دەلێ هەموو شوێنێک ماوەیەک کە لێی دەبێت دەبێتە بەشێک لە بوون و خودت). بۆیە بە هەنگاوی سستەوە ڕووی کردە لای چەپی قەلاکە و لۆژبووەوە. بیریکەوتەوە ئەم شوێنە چ باخچەیەکی قەشەنگی لێبوو لەگەل نافورەیەکی گەورەی ئاو، کاتی خۆی (هیجری دەدە)ی شاعیر ئا لەوێ کۆڕێکی گرت بۆ پێشوازیکردنی (پیرەمێرد)ی شاعیر لە نیوەی یەکەمی سەدەی رابردوو (واتا سەدەی بیست). لە کاتی مندالییدا لەو باخچەیەدا باخەوانەکان لە دەرەختە سەوزەکانی وێنەی بالندە و ئاژەلەکانی کوردستانیان دروستکردبوو! ئەی کوا مالەکانی سەر قەلاکە کە دەمەو ئێواران کیژە تورکمانەکان دەهاتنە پەنجەرەکان و چاوایان بە تەماشاکردنی گەنجەکانی سەر جادەی ئاخوڕ حوسێن زاخاو دەدا؟! زۆرجار لەگەل سالار بەو بەرزاییانەی قەلاکەدا هەلدەزنان بۆئەوەی بچن ئەو کچە تورکمانانە لە نزیکەوە ببینن، چونکە کیژ و ژنی تورکمان زیاتر لە ژن و کچی کورد مۆدەتر بوون، ئەوان پێشتر سووراو سپیاو و مکیاژیان بەکاردەهێنا. وەلێ جنێودان و هەڕەشەی کەسوکاری کیژەکان پەشیمانی دەکردنەوە و خۆیان بۆ ناو باخچەکە هەلدەدا. هەرکە بەرەوخوارتر ڕۆیشت بینی (مەجید) هێشتا بە چاوە کزەکانی کاسبی دەکات، ئەمجارە کۆلکیشی ئاشە ئاردەکەی عەلی مەردان نەبوو، بۆئەوەی دایکە کوێر و باوکە لە جێکەوتووەکەی و دوو خوشکە داوماوەکەی بەخێو کات، بگرە لەبەردەم دوکانێکی داخراودا کە پشتی لە قەلا کاولەکە بوو، دانیشت بوو، سووچگێچێک گولەبەڕۆژەی برژاوی لە بەردەم بوو، سەیری یەک ئاستی دەکرد و دەستە نیمچە گۆجەکانی هەلبڕیبوو، وەکو ئاماژەی پۆلیسی هاتوچۆ دەیجوولاندەوە. قەدەرێک بە دیارییەوە وەستا، ویستی بیدوێنێ، بەلام زانی کە (مەجید) ئەقلی بە تەواوەتی لەدەستداوە، گەرچی

زۆر ئاقڵ نەبوو، بەڵام ئیشکەر بوو، بە کۆڵکێشی خێزانێکی بەخێودەکرد، دوای ئەوەی ئێواران لە خۆڵ و تۆزی ئاردی مەکینە ئاشەکە سەرتاپای سپی دەبوو، دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە و بە دەستە نیمچە گۆجەکانی دەسکەوتی ئەو ڕۆژەی دەژمارد و زەردەخەنەیەکەوە دەیخستنە گیرفانی و لە خۆشیاندا خێرا پێی هەڵدەگرت بەرەو ماڵەوە...

ئەم خەمە نوێیە، خەمی ونبووی شوێنەواری دارتووەکەی لەبیربردمەوە، بۆیە چوارمشقی لە بەردەمی دانیشتم و بە ناوی خۆیەوە بانگم کرد (مەجید... مەجیدگیان)، ئەویش متەقی نەدەکرد و وەکو پۆلیشی هاتوچۆ دەستی هەڵدەتەکاند، وەلێ دواجار پێنج هەزار دیناریەکم خستە یەکێک لە دەستە گۆجەکانییەوە و ئەویش بە چاوێک سەیری کرد و سووچگێجە گوڵەبەڕۆژەکەی هەڵڕشتە کۆشمەوە، کە هەمووی پەرشوبڵاوی زەوییەکەبووەوە و هەڵسا و لێیدا و ڕۆیشت، منیش تا مەجید لە قەڵەباڵغییەکەدا ونبوو، بە چاوی پڕ فرمێسکەوە چاوم تێبڕی...

– نەسرین ئەمشەو پرمێز تەقی لە حەمام و سووتا ئێستا لە خەستەخانەیە.

ئەمە هەواڵێکی جەرگبڕ بوو، هێندە کاس بووم بە هەواڵەکە، نەمزانی کێ بوو هەواڵەکەی داپێم!

ئیدی یەکسەر بەڕاکردن و وەکو شێت بەرەو نەخۆشخانەی کۆماری لەوبەری خاسە تێمتەقاند، هەرکە لە دەرگاکەی نەخۆشخانەکە نزیکبوومەوە، بینیم پیرەمێردێک و پیرێژنێک بەو بەیانییە لەبەر دەرگاکە دانشیتبوون دەگریان، زانیم دایک و باوکە کڵۆڵەکەی نەسرینن، لێ نەدەگەڕان بچنە ژوورەوە، دیاربوو مردبوو، ئەوەندەی پێنەچوو دوو کرێکاری نەخۆشخانەکە لەسەر عارەبانەیەک لوولدراوێکیان هێناو لەبەردەم ئەو دوو مرۆڤ کڵۆڵە لە زەوییەکە دایاننا، بەڵێ، تەرمی سووتاوی خۆشەویستەکەم بوو، کە بۆ هەتاهەتایە لەیادم ناچێت...

چەندین پیرێژن و پیرەمێردی کڵۆڵم دیبوو کە تەرمی تاقانەیان بە بێکەسی وەردەگرتەوە، خەجە میرە چۆن تەرمی تاقانەکەی (عومەر) دوای لە سێدارەدانی وەرگرتەوە. مەعبوب چۆن بەتەنیا تەرمی قالەی کوڕی دوای ئەوەی لە ماڵەوە شەو بە بەرد سەریان ئەنجانبوو، لەدوای پیکابێکەوە وەرگرتەوە. (رامبۆ) کە مرد دایکی بە بێکەسی تەرمەکەی لەگەڵ کچەکەیدا برد بۆ گۆڕستان...

نەمتوانی لە تەرمەکە و دایک و باوکی نەسرین نزیک ببمەوە، بۆیە بەقەراغ پەرژینی ئاسنینی نەخۆشخانەکەوە بەرەو نادیار گەڕامەوە.

چووە سەرچۆمی خاسە و ئاوەکەیش هێندە نەبوو تا خۆی تێفڕێدات، وەلێ

تا شەوێکی درەنگ لەسەر لاوانە چیمەنتۆکەی پردە کۆنەکە بە نهێنی و ئاشکرا دەگریا. دوای ئەوە بەخەمباری رووی کردە گۆڕستانەکەی شێخ محێدین تا بە دوای گۆڕەکەی باوکیدا بگەڕێت، چونکە نەیدەزانی گۆڕەکەی دایکی لەکوێیە! زۆر کێلەبەردی بەسەرکردەوە، کێلی گۆڕەکەی باوکی دیار نەبوو، دەشیزانی ئەو شوێنەکەی بۆ گۆڕەکەی باوکی دەگەڕا، وێڵی نەکردبوو، وەلێ دیاربوو گۆڕەکەی باوکیشی بووە ئەو سومبولانەی کە لە بوونی ئەمدا سڕانەوە! یەکسەر (سابیر)ی بیرکەوتەوە لە رۆمانی (رێگا)ی نەجیب مەحفوز، کە چۆن ئەویش بەسەرگەردانی دوای ئەوەی پۆلیس بەدوایدا دەگەڕان و بێئومێد بوو، ئەنجامیش پۆلیس لەوێ دستگیریان کردەوە و رووبەڕووی پەتی سێدارە بووەوە!

تا لەوێ شەوی بەسەرداهات و هەر لەوێ خەوت. شەو دایکی هاتە خەونی و بەتووڕەییەوە پێی وت: (شەرم ناکەیت لەسەر گۆڕەکەی باوکت خەوتووی؟) هەرکە بەئاگاهاتەوە، تەماشای کرد دوو سەگ لــەدوورە بە کلکە لەقێوە تێیدەڕوانن. کات تاریک و روون بوو، هەڵسا و لە گۆڕستانەکە چووە خوارەوە و دوو سەگەکەیش تا لە تاریکییەکەدا ونبوو، چاویان تێبڕیبوو...

سلێمانی
تەممووزی ٢٠١٢



# چیرۆکێکی ئەبەدیی لە نامەیەکدا



سیروان کەریم

پێم خۆشە کاتێک ئەم نووسینە دەخوێنیتەوە، لە خانوویەکی قوڕدا بیت، بە تەنیشت رووبارێکی تیژڕەو و تورەوە، بیر لە هاتنی وەرزێکی هێمن بکەیتەوە. لەم کاتەدا گوێت لە دەنگی ئەو گەڵایانە بێت، کە (با) ئەیانلەرێنێتەوە، لە پەنجەرەی خانووە قوڕەکەوە منداڵێک ببینیت بە قوڕ یاری دەکات و شتێکی لێ دروست دەکات، کە نە ئینسانە، نە گیانلەبەر. لە کاتی خوێندنەوەی ئەم نووسینەدا، کتێبخانەیەکی کۆن لە پشتەوەت بێت، پڕ بێت لە رۆمانەکانی ((تۆڵستۆی، دیستۆیفسکی، چیخۆف، نیکۆلای گۆگۆڵ، نیکۆس، گابرێل گارسیا مارکێز، پاولۆ کۆیلۆ و ...)).

چەند تابلۆیەکی ((ڤان کوخ و بیکاسۆ و دافنشی)) وەک پەیکەرێکی کۆن بەرامبەرت وەستابن، سەمفۆنیایەکی ((بتهۆڤن)) ئەو ژوورە بکاتە تێکەڵەیەکی ئەبەدی. ئینجا لەسەر کورسییەکی دارین بیت، کورسییە دارینەکە لە پیرێتی خۆیدا خەم لە گەنجێتی تۆ بخوات، بەڵام هەموو ئەم دیمەنانە هەر بە خەیاڵ جوانن، تۆ وا دانێ بە خەیاڵ هەر لەو شوێنەی!

ئەمە یەکێکە لەو نامانەی ئینسان یەک جار بۆی دێت، یەک جار بۆی دەنووسرێت، یەک جار دەخوێنرێتەوە، یەک جاریش وەک مردن دێت و دەڕوات. من بەردەوام حەزێکی شەڕکردنم تێدایە، لە بەفر سپیتر و لە خوێن سوورتر

و لە ئاسمان دوورترە، زۆرجار لەم شەڕانەدا دۆڕاو دەردەچم، بەرامبەر هەموو شتەکان، تەنانەت بەرامبەر خۆشم. من کەسێکم زۆرجار بێ پەیام و زۆرجاریش بەتاڵ و تەنیام، بەتاڵییەکی ترسناک، نە فەیلەسووف و نە پادشا و نە پیاوکوژ و نە چەقۆکێش و نە قوماربازە بە ئەزموونەکان لێم تێناگەن، ئەشێ ئەمەش ئەو هونەرە نەگریسە بێت، کە پێویستییەکی زۆری بە جاسووسگرتن هەبێت، تا کەسێک بێت و بیخوێنێتەوە، ناخۆشترین شت ئەوەیە، تۆ نووسەرێکی بێ قەڵەم و بێ خوێنەر بیت. ئێستاش نازانم بۆ ئەم نووسینە کاڵوکرچەم بۆت نووسی.

من تۆ وەک ئینسان دەبینم، هونەرێکت تێدایە بەرامبەر دونیا، تارادەیەک هی سەردەمی حاجەرییەکانە، هونەر شتێک نییە بیکڕیت، بەڵکو هونەر شتێکە پێویستە لە قووڵترین چاڵە تاریکەکاندا بیدۆزیتەوە، هەیە تا ئەبەد دەگەڕێت، بەلایدا دەڕوات و کەچی نایدۆزێتەوە، نازانم تۆ دەیدۆزیتەوە، یان نا؟ یان دۆزیوتەتەوە و ونت کردووە؟ یان خۆت ونی و هەرگیز نایدۆزیتەوە. تۆ لە هەر شوێنێک بکەویت، عەرشێکی تر دەلەرزێنیت، کە زۆر دوورە لەوەی من ناوم ناوە هونەر.

منیش وەک تۆ کە لەدایکبووم، ویستم وەک ئیمپراتۆرێکی بچووک دونیا داگیر بکەم، پێدەچێ هی سادەیی منداڵیم بێت، وا بیرم کردۆتەوە بەرامبەر دونیا، ویستم شۆڕشێکی گەورە بکەم بۆ مانەوەی منداڵیم، بەڵام غەمی من هەرگیز لە گەورەبووندا ئەو ناسکییەی منداڵی نەگەڕانەوە بۆم، تۆش گەورە مەبە، قەت گەورە مەبە، کە گەورەش بوویت، خۆت بە شتە سادەکانەوە بخلافێنە، بیر لەوە بکەوە کە دایکت لە بازاڕە و چووە بووکەشووشەیەکت بۆ بکڕێت، ئێستاش درەنگ نییە، بۆ ئەوەی هەموو شتەکانت کۆبکەیتەوە و خۆت خەریک بکەیت بە دونیای شتە بچووکەکانەوە، هەمیشە بەلاغەتی منداڵیت با لە زمانتا تەعبیر لە مانەوەت بکات، بچۆ بۆ دەشتە دوورەکان، ئەو پەپوولانە بدۆزەرەوە، کە لە جانتای منداڵیتا لێت جێما، بەدوای ئەو ئەدرەسانەدا بگەڕێ، وەک گەڕیدەیەک لە پاش منداڵیتا لێت ونبوو، هەموو رۆژێک دەست بەسەر منداڵەکاندا بهێنە و پێیان بڵێ: ((گەورەبوون رێگایەکە، دیوێکی هێندە نهێنی هەیە، کاتێک دەست بە دۆزینەوەی دەکەیت، خۆت بوونەوەرێکی دۆڕاو و ونی ناو کەوکەبێکی دزێوی تری)).

با واز لە منداڵی بێنین، بەڵام مرۆڤ هەندێ جار هیچ شتێک نییە شانازی پێوە بکات، تەنیا تەنیاییەکەی نەبێت، من کارم بەوەوە نییە لە کوێدا وەک تەنیایەک و لە کوێدا وەک کچێکی غروور و وەک کچێکی بەحەیا و لە کوێشدا شەرمن

دەردەکەوی، ئەوە کاری من نییە، چەند عەجوول و چەند بێباک و چۆن دوور لە ئاسمان دەڕوانیت. تۆ ئێستا ئەم نووسراوە دەخوێنیتەوە دوایی لە حەسارەکانی ناختا نایشاریتەوە. دوایی وەک با خلیسکێنە بە وشە رووخاوەکانم دەکەیت، یان وەک دڵی جەلادێکی گەمژە هەنجن هەنجنی دەکەیت، ئەوە یاسایەکی کۆنە، لە سێوەکەی (حەوا)وە بۆمان ماوەتەوە، تۆ تەماشای پۆرترێتەکەی خۆت بکە و بڵێ: ((ئای! گەمژەکان چەند بەختەوەرن و ئاقڵەکان چەند ترسناک دەمرن)). نازانم رەق نووسیومە، یان تووڕە، تۆ دەزانیت هەور چەند رەق باران داکات، زەوی جوانتر بۆی پێدەکەنێت، پێناچێت من فریای هەموو شتێک بکەوم و روونی بکەمەوە، بەڵام ئەم نووسینە بۆ تۆ پەیامێکی ئینسانییە، پەیامێکە لە شێوەی وەحییەکی بچووکدا، کە تۆ لە زەمان و عەرشێکی تردا ونت کردووە.

من بەردەوام حەزم بەوەیە ئینسانێک لە تۆفان و رەهێڵە سەقەتەکانی دونیا بپارێزم، دونیا فێڵێکی پەنهان و شاراوەی هەیە، ئاخر مرۆڤ زۆرجار سەر لەم یارییە قۆڕەی دونیا دەر ناکات، حەز دەکەم تۆ لەو یارییەدا نەدۆڕێیت، بەڵکو تۆ سەیرکەرێکی ورد و وریای ناو گۆڕەپانەکە بیت، کە پێی دەڵێن (دونیا). ئینسان خۆی بوونەوەرێکی زۆر گەمژەیە، کە دۆڕا، نە مەلائیکە و نە عەشرەت و نە کتێبەکانیش ناتوانن ئەو شکستەی چاکبکەنەوە، ئێوەی کچە عەیارەکان بە سێ شت خۆتان دەخەنە ناو ئەو سندووقەوە ((پارە، کوڕ، شەهادە)).

نا، تۆ قووماربازێکی سەرلێدەرچوو نیت، تا بتوانیت خەتە تەنکەکانی ناو پارە، کوڕ و شەهادە لەیەک جیا بکەیتەوە، تۆ هەوڵ بدە ئینسان بدۆزیتەوە، چونکە ئینسان خەم لە هەموو شتێک دەخوات، ئینسان بیر لە تەنیایی دەریا و گەورەیی خودا و جوانیی باڵندە و ناسکیی پەپوولە دەکاتەوە.

ئیشی من نییە، قسە لەسەر سەنعەتی عیشق بکەم، بەڵام قەت بەو ئاگرە یاریی مەکە، عیشق لەم وڵاتەدا شکاوە، شتێکە لەوە تۆختر و ناچیزترە، تـۆ بتوانی کاتی لەگەڵدا بەسەربەریت، تۆش ئەوەندە بەختێکی باشت نابێت، تا کوڕێکی ناو رۆمانە گەورەکان، مامەڵەیەکی ئینسانانەت لەگەڵدا بکات، ئەگەر دەتەوێت و درەنگتر بمریت و زیاتر ببینیت، قەت بەو رێگایەدا مەڕۆ. ئەوانەی دەیانەوێت وشەی (عیشق) بنووسنەوە، کە لەدایک دەبن، یەکسەر دەمرن و بەکەڵکی ئەم هەرێمە نایەن، هەندێکیان لە سەفەرە درێژەکاندا و هەندێکی تریان بە دزییەوە خۆیان دەبەنەوە جێگایەک، کە جگە لە نۆڤلێت و شیعری قەدیمی شاعیران، هیچی تری لێ نییە، ئەگەر حەز دەکەیت کارەکتەرێکی ناو فیلمێکی درۆزنی عیشق بیت، برۆ مردن لە (حەلاج) بکڕە و جادووی ئەو سیحربازانە لەمل بکە، کە دەیانەوێت

فێڵ لە فریشتەکان بکەن، نا، تۆ واز لەو مەتەڵە بێنە، تۆ برۆ بەشێوەیەک، کە قەدەر خۆی قوودرەتی خۆی لە تۆدا تاقی بکاتەوە، ئەزانی هیچ شتێک لە جێگای خۆیدا نییە، تەنانەت سەگەکەی بەرماڵیشتان لە کاتی خۆیدا ناوەڕێت، لێرە هەموو شتەکان تێکچووە، دەستکاریکردنی زیاتر یارییەکە ئاڵۆزتر دەکات، بۆیە تۆ لە عەرشێکدایت، بەردەوام ئینسانی ئاڵۆز و تێکشکاو دروست دەکات، شوێنێک کە یەک یەک ئینسانەکانی تێدا دەدۆڕێت، بەردەوام بەدیار ئەو تەرمانەوە دەگریم، من یەکجار دەگریم، کە گریام، ئیدی بۆ ئەبەد لام دەمرن و هەرگیز نایەنەوە بۆ لام، من دەمەوێت تۆ بەو ڕێگایەنەدا بڕۆیت، کە بە باڵی پەپوولە نەخشێنراوە و بازگەی فریشتەکان سەرپەرشتی ڕۆشتن و هاتنەوەی مرۆڤ دەکەن، بۆ دیوە نادیارەکانی عەدەم، تۆ بە ڕێگایەکدا برۆ، کە پڕ بێت لە ئینسانی یاخیی و ڕۆحی تەنکی منداڵی و کاسکێتی شاعیرە کۆنەکان و ئالەتی مۆسیقارەکان.

من هەموو ئەم نووسینەم بە خاتری هیچ شتێک نەکردووە، تەنیا بۆ ئەوە نەبێت کە نەدۆڕێیت، دەزانم کەمێک ئەهلی کتێب و تۆزێکیش دەتەوێت گوێ بگریت و تۆزقاڵێکیش حەز دەکەیت ببینیت، من حەز ناکەم تۆ بدۆڕێیت، دوایی وەک ئینسانێکی پووچ سەیرت دەکەم، ناتوانم درۆزن بم، من هەمیشە بەرامبەر درۆ مەیلێکی زۆر ترسنۆکم هەبووە، پێدەچێت ئەوە یەکەم تاقیکردنەوەی منداڵیی من بێت، بەرامبەر خوا و شتە موقەدەسەکان، من حەزدەکەم هەمیشە شەڕێکی بێبەرامبەر بۆ ئینسان بکەم، بەلای منەوە ئەم شەڕە جوانترین شەڕی دونیایە، کە من سەرکردایەتی دەکەم، من دوای تۆ سنووری هێزەکانم دەگوزامەوە بۆ شوێنێکی تر، بۆ لای مرۆڤێکی تر، ئیدی باکم بە دۆڕاندنی تۆ نییە، تۆ کچێکی من حەز ناکەم زوو بمریت، ئەشێ سەدان کتێب هەبێت نەتخوێندبێتەوە، دەیان سەفەر هەبێت نەتکردبێت لە شوێنە عاسییەکاندا، چەندین حکایەت هەبێت گوێت لێ نەبووبێت، ئەو حکایەتانەی گەلاکان شەرم لە هاتنی وەرزێکی خراپ دەکەن و ئەستێرەکان بەردەبنەوە و دەبن بە تۆزی سەر پەنجەرەکانی ئەم خاکە نەگریسە، بەلام تازە ئێمە ئینسانێک نین، نە موسڵمان و نە کافرێکی مورتەدی بێدەستنوێژ و نە شێتێکین، نەفرەت لە ((نیچە)) بکەین، ئێمە مرۆڤێکین زۆرجار نازانین سەر بە چی ئەدیانێکین، زۆرجار دینی ئێمە زەمینی و هەندێ جار ئاسمانییە، خۆشمان وەک قاسیدێک، لەو بۆشاییەی نێوان ئاسمان و زەمیندا وەستاوین.

کە چوویتە زانکۆ وا دانێ دەچیتە (قوومارخانە) کێت بینی وەک قووماربازێکی فێڵباز سەیری بکە، هەمیشە گەنجەکانی زانکۆ، گەنجانێکن، لە سەگ برسیتر و لە شەیتان زۆرزانتر و لە (با) تیژترن، تۆ نابێت تیکەیەکی چەور و مەقاشێکی کۆنی

دەستی زەمانە بیت لەو قوومارخانەیەدا، بگرە هەندێ لە مامۆستاکانیش ئوستاز و بەڕێوەبەری ئەو قوومارخانە گەورەیەن، کە وەک ئەهریمەنێکی بچووک جاروبار پارە و رۆح و شەرەفی خۆیانی تێدا دەدۆڕێنن، لەوێ هەموو شتێک هەیە، تەنیا یەک شتێک نەبێت، ئەویش (جوانی)یە!

تۆ لەو کچانە مەبە، هەرجارێک بە خەیاڵیکی شەیتانانە لەگەڵ شەیتانەکەی ناوەوەی خۆیاندا دەگۆڕێن، تۆ لەو کچانە مەبە، کە بە میکیاجێکی تۆخەوە دەردەکـــەون و ئاوێنەیەکی بچووک و کۆمەڵێک ئەدەواتی میکیاج لەگەڵ جانتاکەیاندا هەڵدەگرن و وەک سەربازێکی دۆڕاو شەڕی پێ دەکەن، من پێت دەڵێم لەو شەڕانەدا سەرکەوتن جۆرێکە لە دۆڕاندن، بەڵام لە بەرگێکی تردا، ئەو کچانەی شەڕی جوانی دەکەن، ئەوانە هەندێ جار ئینسان دەبەنەوە، بەڵام دونیا دەدۆڕێنن.

با بیرم نەچێت تۆ میکیاجێکی تەنک بکە، لەسادەیی خۆتەوە جوانییەکانی خۆت لەوێوە بدۆزەرەوە، لە تەقەی (پاپووچ)ەکەتەوە، بیر لەوە بکەوە، باڵندەیەکی سرکی سەر دارێکی پاییز هەڵنەفڕێنی، جلەکانت با لە کچێکی شاعیر بچێت، زۆر عەیار و مووڕەتەب دەرنەکەوی. بەشداری لەو سەفەرانەدا مەکە لە زانکۆدا، چونکە لە سەفرەکانی زانکۆدا ناشرینی کەشف دەبێت، بەردەوامیش جوانی دەسوێت.

من حەز ناکەم هەموو شتێکت پێ بڵێم، وەک داشی شەترەنج مەلیک بجووڵێنم، خۆت بەردەوام حەز بکە، جارێ وەک رۆماننووسێک و جارێک وەک فیلمساز و جارێکی دی وەک فریشتەیەکی بەئەزموون دەرکەوی، لە هەموو جارەکاندا با کتێبێکی بچووک لەناو جانتاکەتدا بێت، وا بیر بکەوە دونیا مەتەڵێکی بچووکە، برا بچکۆلەکەت بەو مەتەڵە پێدەکەنێت.

هەوڵ بدە جەستەت بەشێوەیەک پیشان مەدە و دەری مەخە، بەو جۆرەی رۆحت بکوژێت، چونکە کچ کە جەستەی بەشێوەیەک دەرخست، کە خۆی دەیەوێت، ئەوا رۆحی دەکوژێت، مرۆڤ هەندێ جار رۆحی دەکوژێت لە رێگەی جەستەیەوە، بێ ئەوەی پێی بزانێت.

ئینجا هەوڵ بدە خوشکە بچووکەکەت خۆش بوێت و دەست بەسەریدا بهێنە و بڵێ: ((تۆ بە رەگ دەچیتەوە سەر پاکیزەی مریەم)). خەم لە سادەیی دایکت بخۆ، بیر لەوە بکەوە کە لەودیو قوتابخانەکەتانەوە، گۆڕستانێک هەیە و مردوویەکی تێدایە، نامەیەکی پێیە و بۆنی ئەبەدییەتی لێ دێت، دەست بێنە بەسەر سەگەکەی بەردەم ماڵتاندا و پێی بڵێ: ((هەرگیز بە ئەستێرەکان مەوەڕێ)). چونکە زۆربەی

شەوان لە چاوانی تۆوە ئەستێرەکانی ئاسمان دەبینم، لە هەموو شوێنێکدا بیر بکەوە، بە خەیاڵ شت دروست بکە و پاشان بیانشکێنە و چاکیان بکەوە، هەر خەیاڵ بکە، هەر بە فەنتازیا بژی.

ئیدی وابزانم بەسە، ئەزانی چیرۆکێکی عەنتیکەیە، نا عەفوەن ئەمە نامەیە، نامەیەک کە تۆ پێی پێدەکەنیت و دەڵێیت: ((ئەم پۆترێتە خنجیلانەی من چەند جوانە!)) ئینجا ئەگەر پێت خۆش بوو بیدڕێنە، چونکە ئێمە هەموومان لاپەڕەیەکی دڕاوی دەستی زەمانەین، کە هەرگیز کۆناکرێینەوە.



# وەرگێڕان

## وەرگێڕان

گەشتێ بەناو کەشی شیعریی سۆهراب سپێهری-دا **ناسر حەقپەرەست**

مۆراڵ، کێ دروستی کردووە؟ **سامان عەلی حامید**

SOUVENIRS یادەوەرییەکان...!! **حسێن ئەحمەد**

کەنار دەریا **محەمەد هاشمی**

مردوویەک بە هەڵە **حەمە قادر**

# راوچیی ساتەکان

## گەشتێ بەناو کەشی شیعریی سۆهراب سپێهری-دا



**ن: داریووش ئاشووری**
**و. لە فارسییەوە: ناسر حەقپەرەست**

سپێهری سادە و ساکارە دەدوێت، بەڵام ئەوە عەیبی کاری ئەو نییە، بەواتایەک ئیمتیازی کاری ئەو بەهەژمار دێت. خۆدەربازکردنی لە ئاڵۆزیی دووان، هاوسەنگییەکی تەواوی هەیە لەگەڵ ئەو مانایەی گەرەکییە بیگەیەنێت. لە شیعری ئەمڕۆکەی ئێمەدا مانای قووڵ کەم دەست دەکەوێت، بەڵام ئاڵۆزدووان فرە. یا بەواتایەکی باشتر، کایە بە وشەکان. ئەگەر ئەو ئاڵۆزدووانە یەکسەر کایە و خۆنواندن نەبێت، هێمای ئەوەیە رازێکی زمان بەستە دەیەوێت بدرکێت: لە دەروونی شاعیرا شتێک ئەجۆشێ، رازاوی و سەرداپۆشراو کە لە شاعیریش ئاشکرا نییە، بەڵام بەهێزی نادیاری خۆی بەچەشنێک هانیدەدا کە بێتە ئاخاوتن: جا لەوانەیە قسەکردنی ئاڵۆسکاوی "خەون دیتوو" لەگەڵ جیهانی "کەڕ"دا. ئەم قوڵتدانە ناڕوونە، ناوگەلی جۆراوجۆر بەخۆی دەدات و هێندێ جاریش ناو دەنرێت

"فۆرمالیزم". سپێهریش لە ئەزموونی شاعیرانەی خۆیدا وەها قوناخێکی پشتسەر ناوە. لە "اوار افتاب" (وێرانەکانی هەتاو)دا سپێهری وەها زمانێکی ناڕوونی هەیە، بەڵام هەر لەو کتێبەشدا کە بەرهەمی ساڵەکانی سەرەتای شاعیرییەتی، دتوانین تێیدا گوزەری ئەو بەرو رووناکی، بەدی بکەین. بەرەبەرە ئەو هەورە رەشانەی دەروونی داپۆشیوە، لادەدا و ئەوەی لە ناخییەوە هەڵدەقوڵێت سەرەتا وەک قوڕاو لە کارەکانی دواییدا، وەک کانیاوێکی زوڵاڵ، دەکەوێتە ڕێ. سپێهری لە وێرانەکانی هەتاودا دیباچەیەکی کورتیشی هەیە: مانیفێستئاسا بارگاوین بە ئاماژەگەلێ کە دەیەوێت بەم چەشنە بڵێت، ئەو لە شیعری خۆیدا بە شوێن چییەوەیە و تێیدا روانگەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا دێنێتە گۆڕێ، بەڵام ئەو مانیفێست نووسییەش لە سەرەتای کتێبە شیعرییەکاندا هی سەردەمێکە کە هەنووکەش شاعیر ناتوانێت، گشت ئەو شتانەی گەرەکیە بە زمانی شیعر بیانپەیڤێ. شیعرە ئاڵۆزەکان زۆربەی کات لە قوڕاو دەچن. نیتچە وتەنی بەئەنقەست قوڕاوین تا بەشکم قوڵ لەچاودەن، بەڵام ئاوە زوڵاڵە قوڵەکان هەمیشە قوڵییان لەوەی کە هەیە، کەمتر دەنوێنێت، بۆ رێبردنە ناو قوڵاییەکەیان دەبێت مەلەوانی بزانی، ئەگینا دەبێت بە دەست و دەموچاو فێنککردنەوەیەک، قەناعەت بکەیت. شیعر گەر بەڕاستی شیعر بێت، لێوانلێو و بێکۆتاییە و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵیدا هەرجارەو کەشفێکی نوێیە. نیما وتەنی: هەمان ئەو رووبارەیە کە هەرکەسە و دەتوانێت بەپێی پەیمانەکەی خۆی ئاوی لێ هەڵگرێت، بێ ئەوەی بە رووبارەکەوە دیار بێت، بەڵام حەوزچەکان تەنیا دەست و روو شۆردنێک دێنن و بەس.

گەرچی شیعری سپێهری ئەو رووبارە نییە، بەڵام گۆلێکی مەندیش نییە. جۆگەلەیەکی زەمزەمەگەرە کە پێویستە گوێ بۆ زەمزەمە پڕئەندێشەکانی بگرین.

لە ساکاریی یەکدەست و کەشی ئارام و بێ هەور و زریانی شیعری سپێهریدا خاڵێک هەیە کە بەردەوام دووپات دەبێتەوە، بەڵام ئەو دووپاتکردنەوەیە وتنەوەی وەرەزکەری قسەیەک نییە، بەڵکو وتەیەکی سەرەکییە کە پێویستە دووپات بکرێتەوە. لە کاری هەر شاعیر یا بیرمەندێکی جیدیدا تەنها خاڵێکە کە بەردەوام دێتە سەر زمان و پێنووسەکەی، هەرچییەکیش بوترێ، وتنەوە یا پەرەدانی هەمان ئەو خاڵەیە.

سپێهری سەرنجێکی سەرسوڕهێنەر بە ژیان دەدات و هەر ئەوەش رەنگ و بۆن و بەرامەیەکی تایبەت بە شیعرەکانی دەدات. شیعرەکانی پڕن لە وێنە و رەنگ. بە وەبیرهێنانەوەی ئەوەی کە سپێهری نیگارکێشە، رەنگە ویستبێتیان پاساوی ئەو روانگە شاعیرانەیەی پێ بکەن، بەڵام بۆچی ئەوە بە روانگەی

شاعیریی نەزانین کە نیگارکێشیش بووە؟ ئەو تەعبیرە لەوێوە دێت کە لە پشتی گشت ئەو رووخسار و رەنگانەی وێنایان دەکات، ورد نەبووینەتەوە.

**"من کە لە کراوەترین پەرنجەرەوە لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچەیە دەدوێم**
**قسەیەکم لە جنسی زەمان نەبیست**
**هیچ چاوێ ئەویندارانە نەیدەڕوانییە زەوی**
**کەس دیتنی پەنجەرەیەک شەیدای نەکرد**
**هیچ کەس قەلەباچکەیەکی بەسەر مەزرایەکەوە بەجیدی نەگرت".**

سپێهری وتەیەکی ساکاری هەیە پێمان بڵێت. دەیەوێت وەبیرمان بێنێتەوە کە ئێمە مرۆڤەکان لە بەندی کەوشەنی شارەکانی ئەمرۆدا سەرەڕای ئەوەی لە هەر سەردەمێکی تر زیاتر شەیدای چێژوەرگرتنین لە ژیان، زیاتر لە هەمووانیش لە حەقیقەتی ژیان دوور کەوتووینەتەوە. ئەمرۆکە مرۆڤ لە هەوڵدایە پانتاییەکی هەرچی زیاتر لە مەکان و یەکەیەکی، هەرچی کەمتر لە زەمان دەستەبەر بکات، بەڵام هەرچی داوێنەی دەستکەوتەکانی زیاتر دەبێت، مەجالی ژیانیشی لێ تەنگەبەرتر دەبێتەوە. بەمچەشنەیە کە هەر دەڵێی هەرچی زیاتر دمانەوێت ژیان دەستەبەر بکەین، زیاتر لە دەستمان رادەکات، بەڵام گەر بەحاڵی خۆی وێڵی کەین، بەگشت جیلوەکانییەوە روومان تێدەکات. ئەو ئاسکە سڵە، ساتێ بەلامانەوە ئارام دەگرێت کە ئێمە بێ چەک و تەماح، ئاسوودە و هێدی ببینێت. تەنیا کاتێ کە گوێ بۆ زەمزەمە کپەکانی ئەو رادێرین لەگەڵماندا دەدوێت و پەردە لەسەر رازەکانی خۆی لادەدا، نەک ئەوکاتەی هەرزەوێژی دەکەین و گەرەکمانە بەزۆر وەقسەی بێنین. ژیان کڵاوڕۆژنەکانی هەر سات لە رەهەندە بێهەژمارەکانییەوە بەڕووماندا دەکاتەوە و ئێمە لە پڕێتیی خۆی خەنی دەکات، ئەگەر چاوی ناخی خۆمانی بەڕوودا بکەینەوە: ئەگەر وکو ئەو "ئەویندارانە لە زەوی" بڕوانین. مەولانا وتەنی:

**"این درختان اند همچون خاکیان**
**دستها بر کرده اند از خاکدان**
**با زبان سبز و با ده ست دراز**
**از چمیر خاک میگویند راز"**

**ئەو درەختانەش هەر وەک خاکیان وان**
**جا دستیان هەڵبڕیوە لە خاکدان**

**به زمانی سەوز و بە دەستی چەڵاک**
**ئەدرکێنن رازەکانی ناخی خاک***

بەڵام لە کوێیە ئەو گوێیەی رازی ناخی خاک لە زمانی سەوزی دار ببیستێ؟ تەنها ئەوکەسەی کە ئەویندارانە دەڕوانێتە زەوی دەتوانێت بیژنەوێت، نەک ئەوەی گەرەکیە گشت شتێک بکاتە ژێرچەپۆکەی خۆی و هەموو شتێ بۆ ئەو "مەوادی خاو"ە. ئەوەی ئەویندارانە دەڕوانێتە شتێ، دەستی بەسەرا ناگرێت، دەستدرێژیی ناکاتە سەر، بەڵکو لێدەگەڕێت تا بە هەموو پاکی و جوانییەکەیەوە و گشت راشکاوییەکەی بدرەوشێتەوە و چاوی گیانی ئاشق بەخۆی روون بکاتەوە، بەڵام ئەوەی گشت شتێ وەک مەوادی خاو دەخاتە ژێر چنگی خۆی، مەوادەکە بەدەست دێنێت و رۆحیشی لەکیس دەچێت.

بۆ مرۆڤی ونبوو لەناو دوکەڵی سەیارە و دیلی ناو کەوشەن و شار و دیوار، مرۆڤێ کە لە ئاسۆ و ئاسمان دابراوە، "سرووشت" وەک کان-ێکە کە لێیەوە مەوادی خاو دەهێنن بۆ وەگەڕخستنی مەکینەکان و یا شتێکی لە چەشنی سایلۆ و ئەنبار، بەڵام ئەنبار و کانێک کە شتی بێهودە و بێکەڵک فراوانە تێیاندا. بۆ ئەو بەهای گشت شتێ لە بەکارهێناندا دەردەکەوێت و هەرچییەکیش توانای نومایشی بەهارهاتوویی خۆی نەبێت، زاید و بێکەڵکە. بەرهەمی دەستی رووداوێکی کوێرە کە نازانێت چلۆن شتی "بەکەڵک" بخولقێنێت و بەس. گشت ئەو شتانەی لە سرووشتەوە سواری ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەر و کەشتییە بارهەڵگرەکانی دەکەن، شتێکی خەیاڵاوی و دڵگر نیین. گشتیان مەوادی خاو و نیوە خاون بۆ بەکارهێنان، هەر کە بەکارهێنران جێگەیان شوێنی خۆڵ و خاشاکە. لە گۆشەنیگای



سوودمەندییەوە، شتەکان ڕەوتی خۆیان لە زەوییەوە تا زبڵدان دەپێون! بەڵام شاعیر شتەکان بەکار ناهێنێت. هیچ گوڵێک لێوە ناکات، هیچ دارێک نابرێتەوە، پەڕوپۆی هیچ مەلێک هەڵ ناکەنێت تا پەی بە تایبەتمەندییەکانیان بەرێت. ئەو گشت شتێ وێڵ دەکات تا بەوجۆرەی کە هەیە، بمێنێتەوە. لە پاکی ساکاریی ڕاستەقینەی خۆی، لە بێگەردی درەوشاویی خۆی، لەگەڵ هەموو شتێکدا پەیوەندییەکی دەروونی و قوڵی هەیە. ئەو هیچ شتێک بەتاڵ ناکاتەوە، بەڵکو خۆی پڕ دەبێت لە گشت شتێک.

**"من پڕم لە نوور و لم**
**وە پڕ لە دار و درەخت**
**پڕم لە ڕێگە، لە پرد، لە ڕووبار، لە شەپۆل**
**پڕم لە سێبەری گەڵایەک بەسەر ئاوەوە".**

گەرچی سپێهری ساتەوەختەکانی ژیان بە جیلوە بێهەژمارەکانییەوە، بەبەر چاومانەوە دەنەخشێنێت، بەڵام تێڕامان لەو ساتەوەختانە و سەرمەستبوونی پێیان، شتێکی جیایە لە ساتپەرەستی مرۆڤ کە لە جیهانی بێ مانادا، لە مابەینی ڕابردوویەکی پووچ و داهاتوویەکی چۆڵدا لەم ساتەوە بۆ ئەو سات ڕادەکات و ژیانی خۆی دەسپێرێتە دەستی تەبابوونی لەزەتپەرەستی حەریسانە. بۆ ئەو ساتەوەختەکانی ژیان ئازیزن و جیلوەکانی پیرۆز و جێگای ستایش، چونکە گشتیان جیلوەکانی حەقیقەتێکی تاقانەن کە هەموو شتەکان بە چەشنێکی زنجیرەیی پێکەوە دەبەستنەوە و بە شوێن یەکتریدا دێنن.

**"خەڵک بۆچی لەوە تێناگەن**
**کە لادەن بەهەڵکەوت نییە**
**لەوە تێناگەن لە چاوەکانی کلکهەڵتەکێنەی ئەمڕۆدا**
**تروسکەی ئاوەکانی ڕووباری دوێکە بەدی دەکرێ".**

بوونی هەموو شتێک لە یاسایەکی پیرۆزەوە هەڵدەقوڵێ، تەنانەت مەرگیش. ئەو مەرگ وەک یاسایەکی پێویستی ژیان قەبوڵ دەکات و لەوە تێدەگات کە ژیان لە ناوەڕۆکی خۆیدا وەک پێویستترین شت بۆ دەوام و گەشەی خۆی پێویستی بە مەرگە.

**"هیندێ جار برینی بەری پێم**
**هەوراز و نشێوەکانی زەوی فێر کردووم**
**هیندێ جار لەسەر جێوبانی نەخۆشیم،**
**بارستایی گوڵێک بووەتە چەندین قات.**
**...**
**وە لە مەرگ نەترسێین**
**مەرگ کۆتایی کۆتر نییە"**

ئەو وەک خەیام چەرخی فەلەک بە کینەدار تۆمەتبار ناکات و ناپرسێت کە بۆچی "ئەو کوزەگەرە توورەیە ئەو دەفرە ناسکە/ چێ دەکات و دیسانەوەش بە زەویدا دەکوتێ"، چونکە خۆی بە بەشێکی چکۆلە لە کەرەمی "هەبوون" دەزانێ کە خۆی لە وجوودی ئەو و گشت شتێکدا ئاشکرا و شاراوە دەکات، نە ئەوەیکە خۆی لە بەرامبەر دوژمنێکی گیانستێندا ببینێتەوە.

لەو رووەوە کە گشت شتێ دەرخەری بوونێکن، کەواتە تێرامان لە هەر شتێ، رێگەیەکە بۆ پەیبردن بەو یەکێتییە. هەر شتەو دۆخی خۆی هەیە، بۆ ئەوی پەی پێبەرین دەبێت تێیرامێنین: "وەرە تا پێکەوە لە دۆخی بەرد شتێ تێبگەین"، بەڵام پەیبردن بە "دۆخ"ی شتەکان بە بردنیان بۆ تاقیگە و شکاندنیان لەژێر ئامێرەکاندا دەستەبەر نابێت. تەنیا کاتێ "دۆخی" خۆیانمان بۆ ئاشکرا دەکەن کە بەحاڵی خۆیان وێڵیان بکەین. شاعیر پارێزەری بێگەردیی و بەرگریکاری شتەکانە. ئەو رۆڵەیەکی وەفادارە بە دایکی خۆی –زەوی–. لەم رووەوە، رێز لە ئاوەڵەکانی خۆی دەگرێت و دیانلاوێنێتەوە. بەلایانەوە ئارام دەگرێت، گوێ بۆ ئاخاوتنی خامۆشیان رادەدێرێت و پڕ دەبێت لە "دۆخی" ئەوان. ئەو لە زمانی شنەبا، خورەی ئاو، خزینی مارمێلکە، رووانی گوڵ، فڕینی مەل و بێدەنگی بەرد، تێدەگات و دەتوانێت بۆمانی بگێڕێتەوە. ئەو بەر رێزگرتن لە کەوشەنی شتە بچکۆلەکانی دەوروبەری خۆی، کەوشەنی هەستیی دەپارێزێت. بە پاراستنی جۆگەلاوە چکۆلەکەی خۆی، ئۆقیانووسەکان دەپارێزێت.

**"با ئاوەکە لێڵ نەکەین...**
**رەنگە ئەم ئاوە زولاڵە بڕژێتە پای دارچنارێ**
**تا خەمی دڵێ وەشۆرێ..."**

بەڵام بۆ چوونە ناو کەوشەنی پاکیی و ساکاریی شتەکان، پێویستە سادەببینەوە: دەبێت گنجی تەوێڵمان لادەین و جلی غەزەب لە بەرمان دماڵین. دەبێت ساکار بین تا ئەو منداڵانەی سرووشت، ئێمە بۆ ناو یارییەکەیان رێگەدەن. یا مەسیح وتەنی، بۆ رێگەبردنە مەلەکوتی ئاسمان دەبێت منداڵببینەوە، بەڵام بۆ رێگەبردنە ناو مەلەکوتی زەویش دیسانەوە دەبێت منداڵببینەوە. دەبێت رۆحسووک و گەمەچی بین، بەڵام نابێت ئەو ساکارییە لەگەڵ ساویلکەییدا بە هەڵە بگرین، بەڵکو ئەوە رەوتی کەماڵی تاکەکەسییە بە رووناکی گەیشتووە و بارە گرانەکانی داناوە و سوک و ئازاد بووە.

**"با پەردەکان لادەین**
**لێگەڕێین با هەست هەناسەیەک هەڵمژێ**
**لێگەڕێین باڵغبوون لەژێر هەر پنچکێک کە دەخوازێ**
**ئارام بگرێ**
**لێگەڕێین با غەریزە بە شوێن گەمەدا بچێ**
**پێڵاوەکانی دانێ و بەدوای وەرزەکانا**
**بەسەر گوڵاندا بازبەرێ**
**لێگەڕێن با بە تەنیایی گۆرانی بڵێ**
**بنووسێ**
**بچێتە سەر شەقام.**
**ساکار بین".**

ئیمانی ئەو منداڵێکە گەمەچی و شاگەشکە کە لەو باخە رازاوەیەدا دەگەڕێت. گشت شتێ بە سەرسامی و سەرنجەوە هەڵدەگرێت، رادەمووسێ، هەستی پێدەکات و دیسانەوەش لەسەر جێی خۆی دایدەنێتەوە. ئەو دەزانێت کە نابێت هیچ شتێک بشکێنێت، نابێت پانکاتەوە، چونکە ئەوە باخی موعجیزەکانە. لە مابەینی ئەو گشتە لە ئایاتەکانی سەرسامی، ئەو پێویستیی بە هیچ بورهانێکی عەقڵیی، هیچ موعجیزەیەک و شەقوالقەمەرێک نییە، تا ئیمان بێنێت. "گەڵای درەختە سەوزەکان" بۆ ئەو بەسە.

**لەژێر داربییەک بووین**
**گەڵایەکم لە لقی بان سەرم چنی، وتم:**
**چاوەکانتان بکەنەوە، ئایەتێکی باشتر لەمەتان دەوێ؟**
**دەمبیست کە پێمیان دەوت**
**بەرەبەیان دەزانێ، بەرەبەیان!**

بەڵام "تۆزی عادەت" مانعی دیدارە: "تۆزی عادەت بەردەوام لە سەرڕێی دیتنە". عادەتە گشت شتێ لەبەرچاو دەخات. مرۆ کە لەسەر ڕێچکەی عادەت بژی بە هیچ سەرسام نابێت، لە هیچ شتێک رانامێنێت و هەر بەم هۆکارە لە زاتی مرۆیی خۆی دوور دەکەوێتەوە و دەچێتە ناو مێگەلی مرۆیی. کوێریی و کەڕیی لە کاتی کراوە بوونی گوێ و چاودا داستانێکە کە لە دێرزەمانەوە ئاماژەی پێدەکەن. عادەت هەرسەردەمە و بە شێوە و ناوێ بەیان دەکرێت، تەنانەت دەتوانێت ناوی "زانست" بێت، بەڵام شاعیرە راستەقینەکان بەرەو "پێچەوانەی رەوتی عادەتمان" دەبەن، ئەوان عادەتی ئێمە نالاوێننەوە و بەرەو مێگەلبوون رێبەریمان ناکەن، بەڵکو بەرەو زاتی راستەقینەی مرۆیی خۆمان پەلکێشمان دەکەن، تا سەرلەنوێ بەسەرسامییەوە لەگەڵ گشت شتێکدا بەرەوڕوو بینەوە و بپرسین.

**"لەسەر هەر کێوێ پێغەمبەرێکیان دی**
**هەوری حاشایان کێشایە سەر شان**"

**"با"مان نازڵ کرد**
**تا کڵاویان لادا**
**ماڵەکانیان پڕبوو لە داودیی**
**چاوەکانیانمان بەست**
**دەستیانمان نەگەیاندە لقی هۆش**
**گیرفانەکانیانمان پڕکرد لە عادەت"**

**"ژیان شتێ نییە**
**کە لەسەر تاقی عادەت لە یادی من و تۆ بچێتەوە**
**ژیان جەزبەی دەستێکە دەجوڵێتەوە**
**ژیان هەستێکی نامۆیە کە مەلێکی کۆچەریی هەیەتی".**

ستایشی سرووشت بەلای سپێهرییەوە بەڕواڵەت شتێکی لە چەشنی ستایشی سرووشت بە لای ڕۆمانتیسمی ئەوروپاییەکانەوە (وەک ڕۆسۆ تا ئاندرێ ژید) ، بەڵام ریشەکانی لە ناخێکی قوڵترەوە ئاو دەخواتەوە، ئەویش عێرفانی ڕۆژهەڵاتییە. وا پێدەچێت سپێهری زیاتر کەڵکی لە بنەماکانی عیرفانی ڕۆژهەڵاتی دوور (چین و ژاپۆن) وەرگرتووە تا عێرفانی ئیسلامی و ئێرانی. ئەو خودایەی ئەو ئیمانی پێیەتی، ئەو خودایە نییە کە سۆفی لە شەوقی دیدار و سۆزی ئەوینی ئەو لە زیکرا دەستوپێی خۆی لێ تێک دەچێت. لەودا شەوقی تەکاندنی تۆزی لەش و بەتاڵبوونەوە لە ئاوێتەبوونی جەستە و پەیوەست بوون بە "مەعشوق" بە تین و تا سەر ناگرێت. ئەوەی لە گوێیدا زایەڵەی "ارجعی الی ربک" دەنگدەداتەوە، ئۆقرەی لێ دەبرێت، بەڵام ئەوەیکە لە ئارامی و بێدەنگی "دائۆ"ییدا جاویدانە ئارام دەگرێت و لە خامۆشی و لەسەرخۆچوون، خۆی وێڵ دەکات تا وەک ماسییەک دەیسانەوە بە دەریای دەروونی خۆی پەیوەست بێتەوە، لەودا ئەو جۆش و خرۆشە بەدی ناکرێت کە بۆ وێنە لە دیوانی "شەمس"دا دەیبینین. لە پەیبردنی دائۆیی لە بوون، ویست و ئیرادە و خولْقاندنێک لەکاردا نییە، بەڵکو "هەبوون" پشکوتنێکی خۆڕسکە، بێ داگیرکاری و ئیرادە. "دائۆ" بەسەر هەبوون، فەرمان ناکات و خواوەند نییە و ئیرادە ناکات: "بنەمای دائۆ خۆڕسکییە"[١].

**"لە هەر شوێنێ دائۆی مەزن ڕەوانە**
**بۆ چەپ و بۆ ڕاست**
**گشت شتێ لە هەستیی خۆیدا بەوەوە بەستراوەتەوە**
**ئەو وێڵیان ناکات.**
**ئەو بۆ کردەوەکانی خۆی ئیدعای نییە**
**ئەو لەگەڵ گشت شتێکا مێهرەبانە و پەروەردەیان دەکا**
**بەڵام بەسەریانەوە سەروەریی ناکا"[٢].**

ئەوەی کە ئیمکانی ئەوە بە هەموو شتێک دەدا لە هەناوی خۆیدا بپشکوێ -نەک بە خولْقاندنی شتەکان لەسەر بنەمای ئەقڵ و ئیرادە- لە کار و کردەوەی خۆی بێخەبەرە: "شتێک بووە مەنگ بەر لە ڕسکانی زەوی و ئاسمان. چ ئاسوودە! چ بۆش! تەنیا ڕادەوستێت و ئاڵوگۆڕهەڵنەگر. لە گشت شوێنێک لەکاردایە، بێ ماندووبوون. دەکرێت بە دایکی گشت شتێکی ژێر ساباتی ئاسمانی بزانین. ناوی

نازانم، بەڵام دەکرێت پێی بڵێی: دائۆ"[٣].

خوای سپێهری وەها خواوەندێکە. خواوەندێکە هەر لەو نزیکانە، "لەنێوان شەوبۆکان، لەژێر ئەو کاژە بەرزەدا، لەسەر هۆشیاریی ئاو، لەسەر یاسای گیا"، بەڵام ئەو -لە گشت شوێن حازرە-، لە بوونی خۆی بێخەبەرە و تەنیا لە کردەوەی رەوانی خۆیدا، خۆیمان پێ دەناسێنێت و پەرستشی وەها خوایەک نزیکایەتی شاعیرانەیە لەگەڵ هێماکانی وجودی ئەودا. ئەو شتێکی لە ئێمە گەرەک نییە، چونکە سەراپا بەخشندەیە و خۆی بۆشیاییەکی لێوانلێوە:

"سیمای هیچی هێدیم پێ نیشان دەن" (سپێهری)

من مسلمانم
قبله ام یک گل سرخ
جانمازم چشمه ، مهرم نور .
دشت سجاده من .
من وضو با تپش پنجره ها می گیرم
در نمازم جریان دارد ماه ، جریان دارد طیف .
سنگ از پشت نمازم پیداست :
همه ذرات نمازم متبلور شده است .
من نمازم را وقتی می خوانم
که اذانش را باد ، گفته باشد سر گلدسته سرو
من نمازم را ، پی (( تکبیرة الاحرام )) علف می خوانم
پی (( قد قامت )) موج .
****
کعبه ام بر لب آب
کعبه ام زیر اقاقی هاست .
کعبه ام مثل نسیم ، می رود باغ به باغ ، می رود شهربه شهر
(( حجر الاسود )) من روشنی باغچه است .

وەها ئەندێشەیەکی ساکار و خۆڕسک لە گەمەی هەبوون-دا بە دڵێکی شاد و لێوڕێژەوە، وەک منداڵێک، بەشداریی دەکات، بێ ئەوەی بەشوێن "علّت العلل" یا "غایت القصوی"وە بێت، بەڕووی گشت زانیارییە رەسمییەکاندا بێباکانە پێدەکەنێت، چونکە دەزانێت کە هەستیی*** لە خولانەوەی بێ پایان و ژیانی خۆیدا

پێبەندی هیچ کام لەو مانایانە نییە و دەزانێت گشتیان بێجگە لە بەرزەدەماخی، چی تری لێ ناکەوێتەوە. وەها کەسێک، ساکارە. هەمیشە ئەویندارە. بۆنی خاکی باران لێدراوی لە لووتدایە و "تامی تووترکە کێویەکان"[٤] لە بێخی ددانیدا و خەیاڵی هاوباڵ بوونی مەلانی لەسەردا. "هەنووکەش منداڵەکان" ئەو بە "زانا دەزانن، درکەکان و گوڵە لالەکانیش"[٥]، گەرچی بەلای "زانایان"ەوە ساکار و نەزانیش بێتەبەرچاو.

**"ئاشق هەمیشە تەنیایە**
**دەستی ئاشقیش لە دەستی کرچی چرکەکاندایە**
**ئەو و چرکەکان دەچنە ئەوبەری رۆژ**
**ئەو و چرکەکان لەسەر رووناکی ئەخەون**
**وە ئەو چرکەکان باشترین کتێبی جیهان**
**بە ئاو ئەبەخشن**
**وە باش ئەزانن**
**هیچ مانگێک هەرگیز**
**هەزار و یەک گرێی رووباری نەکردەوە.**
**لە نیوەشەواندا بە بەلەمی لەمێژینەی ترووسکانەوە**
**لە ئاوەکانی دەسپێکا ئەکەونە رێ**
**وە تا دەرکەوتنی سەرسامییەکان بەرەوپێش ئەچن".**

لێرەدایە کە سپێهری شاعیر لە زەمانەیەکدا کە جێگەیەکی بۆ وەها شتگەل و حاڵ و هەوایەک نییە، تا سنووری نامۆبوونی تەواو لەگەڵی، دەچێتە پێش. شیعرەکانی ئەو هەرکامیان دەڵێی تابلۆیەکە رسکاوی دەستی نیگارکێشێکی چینی کە لەواندا دیمەنەکانی سرووشت، هەر بەرد، هەر گەڵایەک، هەر پەپوولەیەک، هەر پنچک و گیایەک بە وردی و سەرسامی و ستایش و پەرستشەوە وێناکراون و لەپاڵ کۆگایەک لەو دیمەنانە پیاوێک دانیشتووە کە لە وێڵبوونی خۆیدا نووقمی هێماکانی وجودە. لەو چاوەدێریی و دۆزینەوەیەدا شتێک هەیە کە تەنیا بە هاودڵی و لە بێدەنگیدا دەستەبەر دەکرێت، بەڵام لە شوێنێک کە مرۆڤ بە کۆڵەکە ئاسن و چیمەنتۆکانی بەرەو ئاسمان دەکشێت، جێگەیەک بۆ تێرامان و دۆزینەوە نییە. هەرچییەک هەیە هاتوهاواری لێکخشانی ئاسن و پۆڵایە و غەوغای بێکۆتای خەڵکانی سەرگەشتە و بەپەلە. لە وەها

جیهانێکدا جێی وەها کەسێک نابێتەوە و ئەو لەو هەراوهوریایەدا هەراسانە و تەنیا خەو دەتوانێت ئەو تا دەرکەوتنی رووناکیی "کازێوەیەکی تر" لەو تاویاو و هەراسانییەی شەوانە، دەرباز بکات.

**"لەو کۆڵانانەدا کە تاریکن**
**من لە سەرنجامی لێکدانی هەست و شقارتە ئەترسم**
**من لە چیمەنتۆجاڕی سەدە ئەترسم**
**وەرە با نەترسێم لەو شارانەی کە خاکی رەشیان لەوەڕگەی حەفارەکانە**
**بمکەرەوە وەک دەرگایەک بەڕووی داکشانی هەرمێ**
**لەم چاخەی مێعراجی پۆڵادا**
**بەدوور لە شەوی لێکخشانی ئاسنەواڵەکان**
**لەژێر لقێکدا بمکەرە خەو**
**ئەگەر دۆزەرەوەی کان-ی بەربەیان هات، بانگم بکە**
**وە من، لە دەرکەوتنی گوڵێکی یاسدا لە پشت پەنجەکانی تۆوە،**
**لەخەو رادەبم...**

**پەراوێز:**

١-٢-٣: دائۆ دە جینگ، لائۆ دزوو.

٤- خۆراکییە زەوینیەکان، ئاندرە ژید.

٥- وەهای گوت زەردەشت، نیتچە.

*لە وەرگێڕانی شیعرەکاندا زیاتر هەوڵی گەیاندنی مانا دراوە، دەنا دیارە وەک پێویست نەکراونەتەوە شیعر.

** نامەکانی عەین لاقزات. عین القچات همدانی.

***لێرەدا وشەی "هەستیی" بە مانای ژیوار هاتووە.

**سەرچاوە:**

کتێبی (شعر و اندیشه) داریوش اشوری، چاپ سوم.

# مۆڕاڵ، کێ دروستی کردووە؟



**د.فوئاد زەکەریا**
**و. لە عەرەبییەوە: سامان عەلی حامید**

**مۆراڵ، مرۆڤە لاوازەکان دروستیان کردووە، تا بەهۆیەوە بالادەستیی مرۆڤە بەهێزەکان سنووردار بکەن**

**فریدریش نیچە**

**(١٨٤٤ـ١٩٠٠)**

**مۆراڵ، مرۆڤە بەهێزەکان دروستیان کردووە، تا بەهۆیەوە کۆنترۆڵی مرۆڤە لاوازەکان بکەن**

**کارل مارکس**

**(١٨١٨ـ١٨٨٣)**

چۆن دەشێ دژیەکیی نێوان دوو بیریار کە لە سەردەمێکدا ژیاون، بگاتە ئەو سنوورە، کە هەردووکیان دەربارەی دیاردەیەک دواون و هەریەکەیان لەبەرانبەر ئەو دیاردەیەدا هەڵوێستی شیکاریی و توێکاریی و رەخنەیان نواندووە؟ داخۆ رێی تێدەچێ کە مۆڕاڵ لەیەککاتدا دەستکردی دەستی مرۆڤە لاواز و مرۆڤە بەهێزەکان بێت و لەیەککاتدا ئامرازێک بێت بۆ بالادەستیی و بۆ دانانی سنوورێک بۆ بالادەستیی؟ داخۆ کەندەلانێکی قوڵ بوونی نییە کە گوزارشت لە هەڵوێستی هەریەک لە نیچە و مارکس لەهەمبەر مۆڕاڵ ناکات؟

پێش هەر شتێک دەمەوێ ئەوە لای خوێنەر بدرکێنم و بڵێم ئەو دوو پرسەی کە من بەهۆیانەوە ئەم وتارەم دەستپێکرد دوو دەقی وشە بەوشەی وەرگیراو نین لە نیچە و مارکس، بەڵام هەردو دەقەکە گوزارشت لەو رۆحە دەکەن کە، سەبارەت بە بابەتی مۆراڵ، بەسەر بیرکردنەوەیاندا زاڵە، بەشێوەیەکی زۆر پوخت هەڵوێستی ئەوان دەربارەی ئەو بابەتە کورت دەکەنەوە. هەنگاوی دووەم دەمەوێ بانگهێشتی خوێنەر بکەم تا بەقوڵی لەو دوو پرسە وردبێتەوە و بزانێت کە داخۆ دەتوانرێ پردێک بۆ گەیاندنی هەردوو لایەنەکە بەیەکدی بدۆزرێتەوە. چونکی دەشێ بیروڕاکانی لەهەمبەر بابەتێک دژیەک بن، بەڵام دەبێت پردگەلێک هەبن کە پێکیان بگەیەنێت مادامەکی لە هەردوو دۆخەکەدا چەشنێک لە لۆژیک هەیە کۆنترۆڵی بیرکردنەوە دەکات. کێ چووزانێت، رەنگە ئێمە، لەپشت ئەو دژیەکییە توند و زەقەوە، بە لایەنەکانی چوونیەکیی یاخود خاڵەکانی بەیەکگەیشتنی نێوان دوو هەڵوێستەکە رابگەین، بەڵام، لەبارێکدا گەر بەو خاڵانەی بەیەکگەیشتن راگەیشتین، ناتوانین نکوڵی لەوە بکەین کە جیاوازییەکی بنەڕەتیی لەنێوان دوو هەڵوێستەکەدا هەیە و پێویستە لەسەرمان سرووشتی ئەو جیاوازییە و نیشانە دیارەکانی بخەینەڕوو. دواجار ئێمە ئەرکێکی گرانترمان لەپێشە، ئەویش ئەرکی لێکدانەوەی ئەو جیاوازییە و راوەستانە لەسەر ئەو زەمینە هاوبەشەی کە هەریەک لە دوو بۆچوونەکەی لەوەوبەر لە لایەنێکیدا راوەستاون و هەوڵدانە بۆ خستنەڕووی راڤەیەک بۆ ئەو دیاردە دەگمەنەی کە خاڵی دەستپێکردن بوو لەنێو ئەم وتارەدا، ئەویش دیاردەی دژیەکیی بنەڕەتیی نێوان دوو بیرمەندی رەخنەگری سەردەمێکە، سەبارەت بە بابەتی بنچینە و ئامانجی مۆراڵ. ئیدی بەمجۆرە ئەم وتارە، لەپاش خستنەڕووی ئەو کێشەیەی کە هاندەری نووسینی بوو، رووەو ئەم دوو قۆناغە هەنگاو هەڵدەگرێت: قۆناغی یەکەم: هەوڵدان بۆ راگەیشتن بە خاڵەکانی بەیەکگەیشتنی نێوان نیچە و مارکس. قۆناغی دووەم: دەستنیشانکردنی سیماکانی لێکدی جیاوازییان و هەوڵدان بۆ لێکدانەوەی دژیەکیی توند و زەقی نێوانیان.

### خاڵەکانی بەیەکگەیشتن:

یەکەم شت کە لە ئەنجامی شیکاریی کردنی پرسەکانی لەوەوبەری نیچە و مارکس دا بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە کە ئەوان هەردوکیان لەسەر ئەوە کۆکن کە مۆراڵ "دروستکراوە". ئەمەش هەرخۆی بەتەنها تەباییەکە کەم نییە و بەهۆیەوە هەڵوێستی هەریەکەیان سەبارەت بە تەواوی کەلەپورێکی ئاکاریی دەستنیشان

دەبێت، کەلەپورێک کە پێشان بەرانبەر بەو پرسە هەڵوێستێکی پێچەوانەی دەنواند. چونکی سەردەمانێکی دورودرێژ خەڵکیی بڕوایان وابوو کە مۆڕاڵ "دروستکراو" نییە، بەڵکو "خۆڕسکە"، هەروەها جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کە مۆڕاڵ دەستکردی مرۆڤ نییە، بەڵکو "بەسروش" نێرراوە، ئەو هەڵوێستەش کە هەریەک لە نیچە و مارکس نواندیان شۆڕشێکی یەکلاکەرەوەو گرنگ بوو بەسەر ئەو دوو بۆچوونەدا بەرپابوو.

مرۆڤ، بەهۆی سرووشتی خۆیەوە، ئارەزوو دەکات مۆرکێکی تاهەتایی بەو بەهاگەلانە بدات کە باوەڕی پێیانە، هەروەها ئارەزووی جەختکردن دەکات لەوەی کە ئەو بەهاگەلانە لە "سرووشت" ێکی چەسپاوەوە هەڵقوڵاون. شێوازەکانی بیرکردنەوەی ئەقڵیی تیۆرییش، لەوەتەی رۆژگاری سوکراتەوە، کاریان بۆ پاڵپشتیکردن لەم ئاراستەیە کرد، تا ئەو کاتەی کە بەراوردکاریی لەنێوان رێسا کاتییەکانی رەفتار کە لە خواستێکی راگوزار یان بەرژەوەندییەکی خودییەوە سەرچاوەدەگرن و کۆی ئەو پرەنسیپانەی کە خاوەنی تایبەتمەندیی تاهەتایی و چەسپاویین، چونکە سەر بە "چییەتیی" مرۆڤن و لە "سرووشت"ی مرۆڤەوە سەرچاوەدەگرن و بەوە تەبان کە "ئەقڵی پەتیی" مرۆڤ دەربارەی فەرمان دەدات، بووە یەکێک لە نیشانە تایبەتمەند و جیاکەرەوەکانی بیرکردنەوەی فەلسەفیی لەمەڕ مۆڕاڵ. دەبوو شۆڕشێکی ئەقڵیی سەرتاپاگیر بەرپابێت تاوەکو مرۆڤ وەهمی سرووشتی چەسپاو کە لە هەموو سەردەمەکاندا ناگۆڕێت و وەهمی ئەو بەهاگەلە تاهەتاییانە کە مرۆڤ لە هەموو شوێن و جێیەک بەهۆیانەوە دەژی، لە مێشکی خۆی دەربکات. وەک ئاشکراشە نیچە و مارکس، هەریەکە لەلایەنی تایبەتی خۆیەوە، لە بەهێزترین پاڵپشتەکانی ئەو شۆڕشە بوون.

گەر ئەقڵی تیۆرییش کاری بۆ پشتیوانیکردن لەو بۆچوونە کردبێت کە باس لە بوونی کۆی ئەو پرەنسیپە مۆڕاڵییە چەسپاوانە دەکات کە رەگوڕیشەیان بۆ سرووشتی "مرۆڤ" بە واتا گشتیی پەتییەکەی درێژ دەبێتەوە، ئەوا باوەڕی ئاینیی لەلایەنی خۆیەوە بووە هۆکاری سەرهەڵدانی بۆچوونێک کە خاوەنی سەرچاوەیەکی جیاوازە، بەڵام تا رادەیەکی زۆر ئەنجامێکی هاوشێوەی لێدەکەوێتەوە، ئەو بۆچوونە ئاینییەش ئەمەیە: پرەنسیپەکانی مۆڕاڵ لە سروشێکی خوداییەوە سەرچاوە دەگرن، یانی لە سەرچاوەیەک کە لە سەرووی مرۆڤەوەیە، بەم پێیە فەرمانەکانی بۆ مشتومڕ لەسەرکردن نین و مرۆڤ بەهۆی ئەقڵە سنووردارەکەیەوە، بۆی نییە دەربارەیان چەند و چوون بکات. تەنانەت گەر لەنێوان فەرمانی مۆڕاڵیی خودایی و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤدا دژیەکییەکی

بەرچاویش هەبێت، پێویستە لەسەر مرۆڤ بە گوێڕایەڵ و ملکەچی ئەو فەرمانە بمێنێتەوە کە لە داناییەکی خوداییەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە سەروو دەرکی مرۆڤەوەیە. من بڕوام وایە ئەم بۆچوونەی دوایی ئەنجامێکی هاوشێوەی بۆچوونەکەی لەوەوبەری لێدەکەوێتەوە، چونکە ئەم بۆچوونەش لەلایەنی خۆیەوە مۆراڵ بە تاهەتایی و نەگۆڕ لەقەڵەم دەدات و بەهاکەی بۆ سەروو ئاستی گۆڕان و پەرەسەندن و جیاوازی و فرەیی، سەردەخات. هەربۆیە پێویست بە بوونی بوێرییەکی شۆڕشگێڕانەی زەبەلاح هەبوو تاوەکو نیچە و مارکس نکوڵی لە بنچینەی خودایی بەهاگەلە مۆراڵییەکان بکەن و جەخت لەسەر ئەوە بکەن کە مۆراڵ دیاردەیەکی "مرۆییە، زیاد لە پێویست مرۆییە"، سەر بە جیهانی گۆڕان و وەرچەرخانە، بوارێکی خودایی سەروو سرووشتیی نییە.

جەختکردن لەسەر مۆرکی مرۆیی مۆراڵیش ئەم ئەنجامە راستەوخۆیەی لێدەکەوێتەوە: "مۆراڵ"ێکی تاک و تەنها بوونی نییە، بەڵکو فرەییەک لە سیستمگەلی مۆراڵیی بوونی هەیە، هەرچی ئەو مۆراڵەشە کە بە تاهەتایی لەقەڵەم دەدرا، لەو سۆنگەیەوە کە بە سرووشتێکی مرۆیی چەسپاو، یان بە سروشێکەوە وابەستەیە کە لە سەروو بارگۆڕینەکانی بارودۆخەکانی مرۆڤەوەیە، لەڕاستیدا چیی تر نییە جگە لە مۆراڵی ئەو کۆمەڵگا یان شارستانییەی کە مرۆڤ تێیدا دەژی و مرۆڤ هەمیشە بە جۆرێک ئارەزووی گشتاندنی دەکات کە پێیوایە بۆ هەموو کات و شوێنێک گونجاوە. لەڕاستیشدا هەریەک لە نیچە و مارکس چەشنێک لە رێتمی دووفاقیان بە مۆراڵ دابوو کە بەگوێرەی ئەو رێتمە پەرەدەستێنێت. چونکی نیچە نەیگوتووە ئەوە تەنها مۆراڵی مرۆڤە لاوازەکانە کە باڵادەستە، بەڵکو جەختی لەسەر بوونی جۆرێک لە نۆرەکاریی خولەکیی لەنێوان "مۆراڵی سەرداران" و "مۆراڵی کۆیلەکان" دا کردووە، بەشێوەیەک کە گاهێک ئەمیان و گاهێک ئەویان باڵادەست دەبێت، بەڵکو تەنانەت نیچە چەشنێک لە مێژووی خولەکیی بۆ مۆراڵ دەستنیشانکردووەو بڕوای وایە کە چاخی کلاسیکیی کۆن مۆراڵی سەرداران بەسەریدا باڵادەست بووە، سەدەکانی ناوەڕاستی جویزم و مەسیحییەتیش مۆراڵی کۆیلەکان بەسەریدا زاڵبووە، ئەم نۆرەکارییەی نێوانیشیان بەردەوام دەبێت تا بە مۆراڵی سەرداران رادەگەین لە سەردەمی ناپلیۆن دا، پاشان بەرەو سەردەمی کۆیلەکان لە سەردەمی "دیموکراسیی" هاوسەردەمی نیچەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیچە جەختی لەسەر ئەوە کردووە ئەو مۆرکەی کە لەوەتەی سەردەمی مەسیحییەتەوە بەسەر مۆراڵی ئەورووپیدا زاڵ بووە، مۆرکی مۆراڵی کۆیلەکان بووەو، مۆراڵی سەرداران لە ماوەگەلێکی کورتدا سەریهەڵدەدا و دەستبەجێ

تەوژمی سەرەکی، تەوژمی ئەو مرۆڤە لاوازانەی کە بەهاگەلی پەسەندی خۆیان دەسەپێنن بەسەر مرۆڤە بەهێزەکاندا تا دەسەڵاتیان سنودار بکەن و دابینیان بکەن و سەردەستییان نابود بکەن، بەسەریدا زاڵ دەبۆوە. هەروەها دەتوانین لەنێو ئەو جوڵانەوە دیالەکتیکییەدا کە فەلسەفەی مێژو و (فەلسەفەی بەهاکان) لای مارکس لە خۆیی گرتووە ڕیتمێکی دووفاقی هاوشێوە بەدی بکەین، هەموو ئەو شتەی کە لەگۆڕێدایە ئەوەیە کە بەراوردکاریی لەم دۆخەدا لەنێوان چینێکی قۆرخکار و چینێکی چەوساوەدایە، لەوەتەی سەردەمی کۆیلەی یۆنانییەوە تا سەردەمی دەرەبەگایەتی و پاشان تا سەردەمی سەرمایەداریی هاوچەرخ. بەدەربڕینێکی تر لەبەرئەوەی کە ئەوە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە کە بناغەی یەکەمی هەموو ئەو بەهایانەیە کە لەنێو کۆمەڵگادا باون و لەبەرئەوەی کە ئەو پەیوەندییانە بەسرووشتی خۆیان گۆڕاو و بەرەو هەڵکشانن لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، هەربۆیە سرووشتییە کە ئەو گۆڕان و پەرەسەندنە لەلایەنی خۆیانەوە بەسەر سیستمە مۆڕاڵییەکانیشدا پراکتیز ببێت.



**کارل مارکس**

پێویستە تێبینی ئەوەش بکەین کە راگەیشتن بەم رێتمە دووفاقە لە دۆخی نیچە و مارکس دا پێکەوە، دەرەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی ئەزمونیی بوو نەک رامانێکی تیۆریی. چونکی نیچە سەرەتای خستنەڕووی بیرۆکەی دووفاقێتیی مۆراڵی سەرداران و مۆراڵی کۆیلەکان لەنێو کتێبی (لەودیو چاکە و خراپەوە) بە رستەیەکی بەناوبانگ دەست پێدەکات کە تێیدا دەڵێت: "لەماوەی گەشت و گەڕانەکانمدا بەنێو ژمارەیەک لە سیستمگەلی مۆراڵیی قوڵ و رووکەش دا، کە لەوەوبەر لەسەر زەوی باو بوون، یان تا ئێستاش تێیدا باڵادەستن، تێبینی چەند سیمایەکی دیاریکراوم کرد پێکەوەو بەجۆرێکی سیستماتیکی دووبارەدەبنەوەو وابەستەی یەکدی دەبن، تا دواجار بە دوو چەشنی سەرەکی راگەیشتم کە جیاوازییەکی بنەڕەتیی لێکدییان جیادەکاتەوە، لەلایەک مۆراڵی سەرداران و لەلایەکی دیکەش مۆراڵی کۆیلەکان هەیە". ئەم برگەیە بەڵگەی ئەوەیە کە نیچە پەیڕەوی لە جۆرێک لە میتۆدی لێکۆڵینەوە کردووە لە دۆزینەوەی ئەم رێتمە دووفاقەی پەرەسەندنی مۆراڵ دا، چونکی ئەو ژمارەیەک لە سیستمگەلی لە هەموو ناوچەکانی سەر زەوی بەسەر کردۆتەوەو لەم بەسەرکردنەوەیەشیدا بە سیما گشتییەکانی دوو چەشنی سەرەکی راگەیشتووە. پێویست ناکات کە بشڵێین مارکس پەیڕەوی لە میتۆدێکی هاوشێوەی ئەو میتۆدە کردووە، چونکی هاوەڵناوی "ماتەریالیی" کە مارکس زۆر بەتەنگەوە بوو بیداتە پاڵ تیۆرییەکانی خۆی، لەڕاستیدا بەڵگەی هەڵقولانی ئەو تیۆرییانەیە لە جیهانی ئەزمونی کردەییەوە نەک لە جیهانی رامانی پەتییەوە، ئەو پەرەسەندنە مۆراڵییەش کە لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کرد لای ئەو چیی تر نەبوو جگە لە گوزارشت لە پەرەسەندنی بەهاگەلەکانی هاوڕای گۆڕانکاریگەلێکی کردەیی لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا. لەڕاستیشدا نیچە و مارکس هەردوکیان پێکەوە دوو رۆڵەی سەرڕاستی سەدەی نۆزدە بوون، ئەو سەدەیەی کە هەندێک کەس راستی بۆ چووبوون سەروەختێک کە ناوی "سەدەی مێژوو" یان لێنابوو، چونکی سەدەی نۆزدە ئەو سەدەیە بوو کە تێیدا بیرۆکەی مێژوو بە روونترین شێواز کە لەتوانادایە بۆ زەینەکان رۆشن بۆوە، هەروەها تێیدا دیاردەکان بەبەردەوامی بۆ بنچینە مێژووییەکانیان دەگەڕێنرانەوەو، خەرمانەی پیرۆزیی لە هەموو ئەو شتانە داماڵرا، هەر لە چەشنە زیندووەکانەوە تا بەهاگەلە پەتییەکان، کە لەوەوبەر بە چەسپاو و نەگۆڕ لەقەڵەم دەدران.

کەواتە وەرچەرخانێکی بنەڕەتیی هەیە لە شێوازی روانین بۆ بابەتی مۆراڵ دا، ئەوە ئەو وەرچەرخانە بوو ئەو رێژەگەراییە مێژووییەی لێکەوتەوە کە نیچە و مارکس پێکەوە بەشدارییان تێدا کرد. ئەو وەرچەرخانەش لە دەست

بەرداربوونی تەواوەتی لە بیرکردنەوە لە "تیۆریی" مۆراڵ و چڕکردنەوەی تیشکی بایەخ لەسەر "واقیع"ی مۆراڵ دا خۆی دەنوێنێت. چونکی نیچە لەو فەیلەسوفانە نەبوو کە بەشوێن "بناغە"یەکی ئەقڵیی بۆ چاکەی مۆراڵیی دا وێڵن، لەبەرئەوەی رێژەگەرایی مۆراڵ رێگرە لەبەردەم هەموو گەڕانێکی لەو جۆرەدا. هاوکات دەتوانین بەسەر هەڵوێستی نیچەدا بەرانبەر بە مۆراڵ وتەیەکی دیکە پراکتیز بکەین کە لەبوارێکی تردا کردویەتی، ئەویش بواری رەتکردنەوەی بیرۆکەی خوداوەندێتییە، مەبەستم لەو وتەیەش ئەم رستە بەناوبانگەیەتی کە تێیدا دەڵێت: "لەوەوبەر مرۆڤ هەوڵیدەدا ئەوە بسەلمێنێت کە هیچ خوداوەندێک بوونی نییە ـ بەڵام ئەمڕۆکە مرۆڤ ئەوە دەردەخات کە چۆن شیا باوەڕبوون بە بوونی خودا (سەرهەڵبدات) ". ئەم وتەیە تەنها بەسەر بیرۆکەی خوداوەندێتی دا پراکتیز نابێت، بەڵکو بەسەر هەموو ئەو شتانەشدا پراکتیز دەبێت کە لەنێو ناخی خەڵکیی دا پایەی خوداوەندێتیی و پیرۆزییان هەیە، لەنموونەی بەهاگەلە مۆراڵییەکان، چونکە لەوەوبەر خەڵکیی بەشوێن پەرچـدانەوە (یان پشتیوانیکردن)ی ئەقڵیی بەهاگەلە مۆراڵییەکاندا وێڵ بوون، بەڵام ئێستا هەر هێندە بەسە ئەوە دەربخەین کە چۆن ئەو بەهاگەلانە خاوەنی بنچینەیەکی مێژوویین، ئیدی لەوەدا بەهێزترین پەرچدانەوەی باوەڕبوون بە تاک و تەنهایی و چەسپاوییان دەبێت، بێئەوەی پێویست بە بەفیرۆدانی هەوڵ بکات لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەقڵیی پەتیی نەزۆکدا. لەبەرامبەر ئەوەشدا بیرکردنەوەی مارکس لە بنەڕەتدا بیرکردنەوەیەکی کردەیی بوو، تێیدا تیۆرییەکان هیچ رۆڵێکی دیکەیان نەبوو تەنها هێندە نەبێت کە دواجار یارمەتی هێنانەدی کردەیی بدەن و بڕژێنە نێو رووباری واقیعەوە. بەم چەشنە رۆحەشەوە ئەستەم بوو کە تیۆریی مۆراڵیی لەنێو بیرکردنەوەی ئەودا بایەخێکی زۆری هەبێت. بەکورتی ئێمە لێرەدا خاڵێکی تری بەیەکگەیشتن بەدی دەکەین ئەو دوو بیریارە پێکەوە کۆدەکاتەوە کە بۆچوونیان دەربارەی مۆراڵ، لەیەکەم تەماشادا، پێدەچێ تاڕادەی دژیەکیی بۆچوونێکی ناکۆک بێت. چونکە هەردووکیان مۆراڵی داماڵراو لە چوارچێوە واقیعییە فراوانەکەی، یانی ئەو مۆراڵەی کە لە پرەنسیپگەلی پەتیی دەکۆڵێتەوەو لە مرۆڤ، لەبوونە واقیعییە بەرهەستەکەیدا، جیادەبێتەوە، فەرامۆش دەکەن، هاوکات هەردووکیان سەبارەت بە مۆراڵ تەنها لایەنە کردەییەکەی ئاشنان، یاخود ئەو لایەنەی ئاشنان کە دواجار لە بواری کردەیی دا یەکانگیر دەبێت.

تەنانەت ئێمە دەتوانین لە شیکاریی کردندا لەوەش دوورتر بڕۆین و بڵێین مۆراڵ لای هەریەک لەم دوو بیرمەندە دیاردەیەکی رەسەنی خۆبەس نییە، بەڵکو

"بونیادی باڵا Superstructure" یە لەسەر بناغەیەکی قوڵتر لەو شان دادەدات. ئەم تایبەتمەندییەش لەنێو بیرکردنەوەی مارکس دا تەواو رۆشنە. چونکی لای مارکس ئەو فاکتەرانەی کە بۆ بنچینەیەکی ئابوری دەگەڕێنەوە، لەنێو گرنگترین ئەو فاکتەرانەشدا پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، ئەو فاکتەرانەن کە کۆنترۆڵی هەموو پێکهاتە ئەقڵیی و واتاییەکان و لەنێویشیاندا مۆراڵ، دەکەن. رەنگە ئەم تایبەتمەندییەی لەمەڕ مۆراڵیش لە یەکەم تەماشادا لای نیچە رۆشن نەبێت، بەڵام بەکردەوە لای ئەو خۆی دەنوێنێت، گەرچی لای ئەو ئەو بناغەیە کە بونیادی باڵا شانی لەسەر دادەدات لەبنەڕەتدا بناغەیەکی ژیانیی و دەروونییە نەک بناغەیەکی ئابوری، چونکە لەڕوانگەی نیچەدا، هەموو مۆراڵێک سیمایەکە لە سیماکانی "ویستی هێز" کە پاڵپێوەنەری بنچینەیی و بزوێنەری یەکەمی هەموو کردارێکی مرۆییە. ئێمە سۆراخی چاکەخوازیی دەکەین و بانگەشە بۆ ئاکارپەسەندیی و دادپەروەریی و بەزەیی دەکەین، نەک لەبەرئەوەی کە ئێمە بوونەوەرگەلێکی مۆراڵیین، بەڵکو لەبەرئەوەی کە ئێمە لەنێو ئەو واتایانەدا ئەو شتانە دەبینینەوە کە بۆ دەستخستنی هێزی زیاتر دەستگیرۆییمان دەکەن. تەنانەت کاتێکیش کە بانگەشەمان روو لە ئاشتیخوازیی و دەستهەڵگرتن لە هێز دەکات ئەمە سیمایەک دەبێت "ویستی هێز" بەنهێنی و فێڵبازانە لەپشتییەوە خۆی دەشارێتەوە. کەواتە ئەوەی کە بۆ خۆی مەبەستە مۆراڵ نییە، هێزی بزوێنەریشی لە بوارە تایبەتەکەیەوە وەرنەگیراوە، بەڵکو ئەو خۆی ئەو هێزەیە کە هەموو چالاکییەکی مرۆیی دەبزوێنێت، مەبەستم لە ئەو، "ویستی هێز"ە، کە هەموو بونیادێکی باڵا لە بواری بەهاگەلەکاندا شانی لەسەر دادەدات.

رەنگە مرۆڤ بڕوای وابێت کە رۆڵی مۆراڵ دەبێتە رۆڵێکی لاوەکیی کاتێک کە بەو چەشنە دەبێتە "بونیادێکی باڵا"، بەڵام لەڕاستیدا بەهاگەلە مۆراڵییەکان رۆڵێکی بنەڕەتییان هەیە لای هەموو بیرمەندێکی یاخی دژ بە سەردەمەکەی خۆی، ئەمەش بە هەمان ئەندازە سەبارەت بە نیچە و مارکس راستە. چونکی بەئەندازەی ئەوەی کە نیچە توند و دڵـڕەق بوو لە رەخنەگرتن لە رۆحی مۆراڵیی سەردەمەکەی خۆی و تەنانەت لە رەخنەگرتن لە رۆحی مۆراڵییش دا بەشێوەیەکی گشتیی، ئەو پاڵپێوەنەرەی کە رووەو ئەو رەخنەیە پاڵیپێوەنا لەناوەڕۆکدا پاڵپێوەنەرێکی مۆراڵیی بوو. ئەو سەرکۆنەی بەهاکانی سەردەم دەکات و بێزاریی خۆی بەرانبەریان دەردەبڕێت و بە بۆگەنکردو ناویان دەبات و پرۆتیستۆی هەموو کۆمەڵگایەکی لەوەوبەر دەکات و تەنانەت بڕوای وایە کە خودی بیرۆکەی "مۆراڵێتیی" پێویستە پرۆتیستۆ بکرێت، چونکە لەڕاستیدا

هەموو مۆراڵێتییەک کۆتکردنی هێزە ئەفرێنەرەکانی مرۆڤ و هەوڵێکە بۆ قەتیسکردنی رۆحی یاخی مرۆڤ لە چوارچێوەیەک لەو سیستمگەلانەدا کە بەسەر کۆدا پەیڕەو دەکرێن و هیچ ئازادییەک بۆ تاک ناهێڵنەوە، بەڵام لەودیو ئەم رەخنەکردنە توندەی مۆراڵەوە، ئیدی چ مۆراڵی سەردەم بێت یان مۆراڵێتیی بێت بەشێوەیەکی گشتیی، پاڵپێوەنەرگەلێکی مۆراڵیی حاشا هەڵنەگر هەن، چونکە لە هەردوو دۆخەکەدا بیرمەند جۆرێکی باشتر لە مرۆڤ دەکاتە ئامانج کە بڕوای وایە لە داهاتوودا سەرهەڵدەدا، مادامەکی ئامانجیش مرۆڤێکی "باشتر"ە ئەوا مۆراڵێتیی دەبێتە هێزی پاڵپێوەنەری ئەو رەخنەیە و ئەو باوەڕبوونە بە داهاتوو.

جا داخۆ ئێمە دەتوانین سەبارەت بە مارکس ئەوها بۆچوونێک بخەینەڕوو؟ داخۆ دەشێ بیرکردنەوەی مارکس لەبنەڕەتدا بە بیرکردنەوەیەکی مۆراڵیی لەقەڵەم بدرێت؟ یەکەمین وەڵام کە لەوبارەیەوە بە بیردا دێت ئەوەیە کە فەلسەفەی مارکس لەبنەڕەتدا بە بابەتگەلە کۆمەڵایەتیی و ئابوری و سیاسییەکانەوە وابەستەیە، بەم واتایەش فەلسەفەیەکە پەیوەندییەکی لاوازی بە مۆراڵەوە هەیە. بەکردەوەش ئەو نووسەرانەی کە لەنێو نووسینەکانی مارکس دا بەشوێن بۆچوونگەلی مۆراڵیی دا گەڕان، نەیانتوانی لە دەستەواژەگەلێکی سادەی پەرش و بڵاو زیاتر چیی دیکە هەڵبهێنجن، کە بە هیچ کلۆجێک بەس نین بۆ پێدانی هیچ بیرۆکەیەک دەربارەی ئاراستەیەکی نیشانە دیاری لەمەڕ مۆراڵ بە خوێنەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەر مۆراڵ لای ئەو لە فۆرمە راشکاوە راستەوخۆکەیدا رۆشن نەبێت، ئەوا لەنێو هەموو نووسینەکانیدا بەجۆرێک ئاشکرایە کە دروست ناڕاستەوخۆیە، بەڵام هێزێکی پاڵپێوەنەری سەرەکییان پێکدێنێ. بۆ نموونە پرۆتیستۆکردنی سەرمایەداریی مۆرکێکی مۆراڵیی ئەوتۆی هەڵگرتووە کە چاو لێی هەڵە نابێت، ئەو دەستەواژانەش کە بۆ هەڵمەتەکەی لەدژی بەکاریهێناون گیانی مۆراڵیی لەنێویاندا بەڕۆشنیی دەردەکەوێت، چونکی خەوشی ئەو ستەم و زەوتکردن و چەوساندنەوەو لەناوبردنی مرۆڤایەتییەی مرۆڤی دەخاتە روو کە تێیدا هەیە. بەم واتایەش دەکرێت بگوترێت کە لەڕاستیدا دوایین ئامانجی ئەو لە بانگەشەیدا بۆ سۆشیالیزم پێش هەر شتێک گەڕاندنەوەی مۆراڵیی و واتایی پرسەکانە بۆ باری ئاسایی خۆیان. لێرە لەم شوێنەشدا لێکدژییەکی سەیر لەبەردەمماندا قیت دەبێتەوە کە ئەمەیە: ئەو مۆراڵە، کە لە سەردەمی ئێستامان و لە سەردەمەکانی لەوەوبەردا، تەنها بونیادێکی باڵایە لەسەر بناغەیەکی بنچینەیی لە پەیوەندیگەلی ئابوری شان دادەدات، خودی ئەو مۆراڵە خۆی دەبێتە دوایین ئامانجی ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییەی کە مارکس خەونی پێوە دەبینی. چونکە

لەپاش ئەوەی کە ئەو شۆڕشە دێتە دی و هەموو شێوەکانی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە نامێنێت، ئەودەمە دوایین ئامانجی بەرهەمهێنانی ئابوری و داهێنراوە زانستیی و تەکنەلۆجییەکان بریتی دەبێت لە بەدیهێنانی باشترین رێکخستنی شیاو بۆ کاری مرۆیی و هەروەها بۆ کاتی دەستبەتاڵیی مرۆیی، بەو جۆرەی کە تا دوورترین سنوور زامنی بەهرە ئەفرێنەرەکانی مرۆڤ دەکات.. یانی بەها مۆراڵیی و واتاییەکان کە لەوەوبەر، لە قۆناغی ململانێ و تێکۆشاندا، "بونیادی باڵا" بوون، لە قۆناغی سەرکەوتندا دەبنە "دوایین ئامانج".

مادامەکی باسیشمان لە ئومێدەکانی ئەم دوو بیریارە لە داهاتوودا کرد، ئەوا ئەم باسە بەرەو سیمایەکی تری هاوبەشی نێوانیان دەمانبات کە ئەمەیە: ئەو ئایندەیەی کە ئەوانی بیریار ئومێدەکانی خۆیانی پێوە گرێ دەدەن "جیهانێکی دیکە"ی جیاواز لەم جیهانە نییە کە ئێمە تێیدا دەژین، بەڵکو پێویستە لەسەر مرۆڤ لەنێو ئەم جیهانەیدا هەموو ئەو شتانە بەدی بهێنێت کە هەوڵ بۆ بەدیهێنانیان دەدات، چونکە هیچ جۆرە دووفاقییەک لەنێوان دوو جیهاندا بوونی نییە، هیچ هەڵمەت و هێرشێک بۆ سەر ئەم جیهانە و بانگەشەکردن بۆ وابەستەبوون بە جیهانێکی ترەوە، جیهانێک کە قەرەبووی ئەو شتانە بکاتەوە کە مرۆڤ لەنێو ئەم جیهانەیدا لە دەستی چووە، لە گۆڕێدا نییە، بەڵکو یەکێک لە بەهێزترین هۆیەکانی رەخنەگرتنی نیچە و مارکس لە مۆراڵی باو ئەوەیە کە ئەو مۆراڵە تۆوگەلی "ئاخیرەتگەرایی" هەڵگرتووەو مرۆڤ رووەو وابەستەبوون بەم ژیانەی و نواندنی هەڵوێستێکی پۆزەتیڤ لە بەرانبەریدا پاڵپێوەنانێت.

هیچ گومانیش لەوەدا نییە کە تەشەنەکردنی ئەم مۆراڵە "ئاخیرەتگەرا"یە، ئەو مۆراڵە ئاخیرەتگەرایەی کە هەوڵەکانی مرۆڤ سەبارەت بە خودی مرۆڤ خۆی و سەبارەت بەو جیهانەی کە تێیدا دەژی بەفیرۆ دەدات، بۆ کاریگەریی مەسیحییەت دەگەڕێتەوە، کە نیچە و مارکس پێکەوەو بەهەموو هێزێکیانەوە بەشدارییان کردووە لە هێرشکردنەسەریدا، گەرچی هۆکارەکانی هێرشکردنە سەری جیاوازیش بن. چونکە یەکەمیان، یانی نیچە، هێرش دەکاتە سەر ئەو بەهاگەلانەی کە لە مەسیحییەتەوە وەرگیراون لەبەرئەوەی بەهاگەلێکن هەموو پاڵپێوەنەرە ژیانییەکانی نێو ناخی مرۆڤ دەچەپێنن و بانگەشە بۆ رەتکردنەوەی ژیان و تەنانەت مراندنیشی دەکەن، هەرچی دووەمیشیانە، یانی مارکس، لەبەرئەوە هێرش دەکاتە سەر مەسیحییەت، چونکە ستەمی کۆمەڵایەتی پەردەپۆش دەکات و تەنانەت ـ بەجۆرێکی ناڕاستەوخۆ ـ بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە هەلومەرجی ئێستای پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان، یاسایەکی خوداوەندیی یاخود ویستێکی

باڵایە کەس ناتوانێت نکوڵی لێبکات و بیگۆڕێت.

تەنانەت گەر ئێمە لە بازنەی ئەو چوونیەکییە ئاشکرایەی نێو هێرشی ئەم دوو بیرمەندە بۆ سەر مەسیحییەت تێپەڕێنین ئەودەمە دەتوانین بە چوونیەکییەکی قوڵتر لەو چوونیەکییە لەنێوان لەلایەک هەڵوێستی نیچە بەرانبەر بە مەسیحییەت و لە لایەکی دی هەڵوێستی مارکس بەرانبەر بە سەرمایەداریی رابگەین، چونکە لای کەس شاراوە نییە کە نیچە مەسیحییەتی کردووەتە دوژمنی یەکەمی خۆی و بۆ ململانێکردن لە دژیشی بەشی هەرە زۆری نووسینەکانی خۆی تەرخانکردووە. لە بەرامبەر ئەمەدا مەسیحییەت نەیاری سەرەکی مارکس نەبوو، بەڵکو چەوساندنەوەی چینایەتیی ـ کە بە مانای سیستمی سەرمایەداریی دێت لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا ـ ئەو دوژمنەیە کە هەموو نووسینەکانی مارکس روویان لە دژایەتیکردنی ناوە، بەڵام داخۆ ئێمە ناتوانین هاوتەریبییەک لەنێوان ئەم دوو هێرشەدا ببینینەوە؟ نیچە بەجۆرێکی دڵڕەق و توندوتیژانە هێرش دەکاتە سەر مەسیحییەت، نەک لە سۆنگەی ناحەزییەکی شاراوە کە بەرانبەر بە مەسیحییەت لە ناخیدا هەڵیگرتووە، بەڵکو لەبەرئەوەی کە مەسیحییەت مرۆڤ لە رەگوڕیشەکانی مرۆڤ ریشەکێش دەکات و ناچاری دەکات بتگەلێک سازبکات پاشان بیانپەرستێت. مرۆڤ، لە روانگەی نیچەدا، باڵاترین هێزگەلی نێو ناخی خۆی و بڵندترین واتاگەلی رۆحیی و بەرزترین ئومێد و ئامانجگەل هەڵدەهێنجێت و سیمایەکی دیاریکراوی پێدەدات و لە دەرەوەی خۆی و باڵاتر لە خۆی و لە دووررا لە ئاسمان، دایدەنێت، پاشان بۆی دەکەوێتە سەر چۆک کڕنوشی بۆ دەبات و دەیپەرستێت. بەڵام داخۆ ئەمە هەمان ئەو کارە نییە کە، لە روانگەی مارکس دا، سەرمایەداریی دەیکات؟ سەرمایەداریی مرۆڤ ملکەچی ئەو هێزە زۆردارە نامرۆییە دەکات کە مرۆڤ گەردن کەچ و ریسوا دەکات، ئەو هێزەش هێزی سەرمایەیە. داخۆ ئەم سەرمایەیە خوداوەندێک نییە مرۆڤ دروستیکردووەو پاشان پەرستوییێتی؟ دواجار سەرمایەی کەڵەک بوو چیی تر نییە جگە لە بەری کۆبۆوەی رەنجی کرێکار، چیی تر نییە جگە لە زێدە بەهای کاری کرێکار، چونکە ئەم زێدەباییەش لەلایەنی خۆیەوە لە ناخی مرۆڤی کرێکار و لە رەنج و ئارەقەی ماندوبوونی مرۆڤی کرێکارەوە هەڵهێنجراوە، بەڵام لە سایەی سیستمی سەرمایەداریدا ئەو زێدەباییە دەبێتە بابەتێکی دەرەکیی، بەردەوام بڵند دەبێت و بەسەر ئەو بنچینەیەدا باڵا دەکات کە سەرچاوەی لێوەگرتووە، تا دواجار دەبێتە هێزێکی زۆردارو، مرۆیی بوون لەو کرێکارە (ئەو کرێکارەی کە ئەو زێدەباییەی دروستکردووە) دەسەنێتەوەو کارەکەی دەکاتە کاڵایەک کە دەفرۆشرێت و

دەکرێت، بەڵکو تەنانەت خودی کرێکار خۆیشی دەکاتە "شت"، دەکاتە نامرۆڤ. سەرمایەش لەلایەنی خۆیەوە خوداوەندێکە مرۆڤ لە داهاتی خۆی هەڵیهێنجاوە دواتر بەرەو دووررا، بۆ ئاسمان، بڵندی کردووە، پاشان لەبەردەمیدا کەوتووەتە سەر چۆک کڕنوشی بۆ بردووە.

سەبارەت بە ئامانج لە "سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی بەهاکان"یش، لە هەردو دۆخەکەدا ئامانج بریتییە لە "تێکشکاندنی بتەکان" و گەڕاندنەوەی مرۆڤ بۆ ئەو رەگوڕیشانەی کە لێی ریشەکێش کراوە و گەڕاندنەوەی ئەوەی کە لێی زەوتکراوە و لێی نامۆبووە، تا بەسەریدا زاڵ بووە. ئەوان هەردووکیان، لەنێو هەموو ئەو نووسینانەدا کە نووسیویانە، ئەوە رادەگەیەنن کە خۆری خوداوەندە دروستکراوەکان رووەو ئاوابوونە و پێویستە پادشاهێتیی مرۆڤ سەرلەنوێ بێتەوە گۆڕێ.

## سیماکانی جیاوازیی و شێوازی تێپەڕاندنی:

سەرەتای وتارەکەم بە دوو پرسی دژیەکی دوو بیرمەندی هاوسەردەم سەبارەت بە یەک بابەت دەستپێکرد، بەڵام ئەو شیکارییەی کە رووەو دیوی ئەودیوی دژیەکیی دیار و بەرچاو تێدەپەڕێت، هێدی هێدی ژمارەیەکی زۆر لە خاڵگەلی بەیەکگەیشتنی نێوان ئەم دوو بیریارەمان بۆ ئاشکرادەکات، بەڕادەیەک کە خوێنەر، لەپاش خوێندنەوەی لاپەڕەکانی لەوەوبەر، بڕوای ئەوەی لا دروست دەبێت کە نیچە و مارکس ـ سەبارەت بە بابەتی مۆراڵ ـ لەسەر هەموو شتێک تەبان. بەڵام من نامەوێت ئەوها سەرنجێک لای خوێنەر جێبهێڵم. چونکە دژیەکیی نێوان ئەم دوو بیرمەندە ئاشکرایە، هەموو پرسەکە ئەوەیە کە لەودیوی ئەم بابەتی دژیەکییەوە خاڵگەلی گرنگی بەیەگەیشتن هەن ئەو شیکارییەی کە رووەو ئەودیوی بۆچوونەکانیان تێدەپەڕێ دەتوانێت دەستی پێیان رابگات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خاڵگەلانەی بەیەکگەیشتن نکوڵی لەو دژیەکییە بنەڕەتییە ناکەن کە لەنێوان ئەواندا هەیە، هەربۆیە تەنانەت گەر ئەو خاڵانە بشتوانن لە باری توندیی ئەو دژیەکییە سوک بکەن کە لە سەرەتای ئەم وتارەماندا ئاماژەمان بۆ کرد، بەڵام ناتوانن چارەسەرێک بۆ ئەو کێشە بنەڕەتییە بەردەست بخەن کە ئەمەیە: چۆن دوو بیرمەند کە لە یەک سەردەمدا دەژین و یەک رۆحی رەخنەیی هانیان دەدات و پاڵیانپێوەدەنێت، سەبارەت بە یەک بابەت، بەم جۆرە بۆچوونە دژیەکە راگەیشتن؟

سەبارەت بە پرسی ئەوەش کە جیاوازیی نێوان نیچە و مارکس، وێڕای

خاڵەکانی بەیەکگەیشتنی لەوەوبەر، هەروەک خۆی بە جیاوازییەکی بنەڕەتیی دەمێنێتەوە، ئەمە پرسێکە لەوەدا ڕۆشن دەبێتەوە هەموو ئەو بابەتانەی کە ئەو دوو بیریارە لەسەری کۆک بوون لاقەی هەڵوێستی بنەڕەتییان ناکات کە ئەمەیە: مۆراڵ ـ لای یەکێک لە ئەوان ـ دەستکردی مرۆڤە لاوازەکانە بۆ سنووردارکردنی باڵادەستیی مرۆڤە بەهێزەکان، لای ئەوی دیکەشیان دەستکردی مرۆڤە بەهێزەکانە بۆ کۆنترۆڵکردنی مرۆڤە لاوازەکان.

ڕەنگە یەکەمین هەڵوێست کە پێویست بێت لەسەرمان لەوبارەیەوە بینوێنین ئەوە بێت کە ئەم پرسیارە بکەین: داخۆ، لە هەردوو دۆخەکەدا، مرۆڤە بەهێزەکان و مرۆڤە لاوازەکان کێن؟ بەهێزەکان، لە ڕوانگەی نیچەدا، ئەو مرۆڤانەن کە "بەسرووشتی خۆیان تایبەتمەندن"، بەڵام مرۆڤە بەهێزەکان، لای مارکس، ئەو چینەن کە لەڕووی ئابوری و پاشان لەڕووی سیاسییەوە باڵادەستن. ئەمەش جیاوازییەکی بنەڕەتییە، جیاوازیی "سرووشت"ە لە "نەریت"، گەر بشێ ئەو بەراوردکارییە ناودارەی لای فەیلەسوفە یۆنانییەکان بەکاربهێنین. چونکە مرۆڤە بەهێزەکان لای نیچە ئەو مرۆڤانەن کە خاوەنی ئەو بڕشت و مافە تایبەتەن کە سرووشتیان بۆ باڵادەستیی دەیانسازێنێت، بەڵام لای مارکس بڕشت و مافی تایبەتی ئەو بەهێزانە بۆ هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو دەگەڕێتەوە نەک بۆ تایبەتمەندییەک کە تێیاندا هەیە. لە بەرانبەر ئەمەشدا مرۆڤە لاوازەکان لای مارکس ئەو مرۆڤە چەوساوانەن کە دەشیا ببنە تاکگەلێکی نایاب گەر دەرفەتیان بۆ بڕەخسابایە، هەموو ئەو شتەی کە هەیە ئەوەیە کە بارودۆخێکی بەدەر لە ویستی خۆیان تووڕی هەڵداونەتە ناوەندی لاوازییەوە، بەڵام ئومێدی ڕزگاربوونی سەرلەبەری مرۆڤایەتیی بەندە بە شۆڕشی ئەوانەوە، بەڵام لای نیچە مرۆڤە لاوازەکان بە سرووشتی خۆیان "پایەنزم"ن، خودی ئەم لاوازییەشیان خراپەیەکی پەنهان لەناخیاندا دروست دەکات، ڕەنگە خودی ئەمەش خۆی زادەی ئەو خراپەیە بێت کە لەناخیاندا هەیە.

لەسەر بناغەی ئەو ڕوونکردنەوەیەش دەتوانین کێشە بنەڕەتییەکەمان بەجۆرێکی دیاریکراوتر دەستنیشان بکەین و بڵێین: مرۆڤە لاوازەکان، لە ڕوانگەی نیچەدا، سڵ لە باڵادەستیی مرۆڤە بەهێزەکان دەکەنەوە کە بەسرووشتی خۆیان مرۆگەلێکی نایابن، هەروەها ڤینیان لە هەموو باڵاییەک و هەموو ئەو شتانە دەبێتەوە کە لە سەروو ئاستی ئاسایی و باوی "کۆ"وە دەردەکەوێت، هەربۆیە ئەوان، یانی مرۆڤە لاوازەکـان، سیستمێک لە مۆڕاڵ دروستدەکەن تا زامنی سنووردارکردنی ئەو باڵادەستییە بکات و هەموو بڕشت و مافێکی سرووشتیی

نابود بکات. سیستمێکی ئەوتۆ کە بانگەشە بۆ "سۆز" و "بەشداریی" و "بەزەیی" و پاشماوەی ئەو بەهاگەلانە دەکات کە دواجار هیچ ئامانجێکی دیکەی نییە تەنها پاراستنی مرۆڤە لاوازەکان نەبێت لە مرۆڤە بەهێزەکان لە ڕێگای چڕنوک کردنیانەوە. ئەوان، یانی مرۆڤە لاوازەکان، بەهاگەلی "زۆرایەتیی" و "کۆ" پەخش دەکەن لەبەرئەوەی سڵ لە "تاکگەرایی" دەکەنەوە کە لاوازیی ئەوان دەردەخات و وایان لێدەکات بە مرۆگەلی بستەبالا دەربکەون، بەڵام مارکس، بەپێچەوانەی ئەمەوە، بڕوای وایە کە ئەوە مرۆڤە بەهێزە باڵادەستەکانن کار بۆ پەخشکردنی مۆراڵی ملکەچیی و قایلیی و دەستگرتنەوە لە خۆشیی دونیا دەکەن تاوەکو گرەنتی بێدەنگبوون و قایلبوونی چەوساوەکان بکەن بەرانبەر بەو ستەم و زۆرەی کە لەسەریانە. ئەوان، یانی مرۆڤە بەهێزەکان، لە پشت ئەو مۆراڵەوە خۆیان قایم دەگرن و خۆیان دەشارنەوە چونکی لە توڕەیی ستەملێکراوان دەیانپارێزێت و گیانی شۆڕشیان لێ زەوت دەکات.

جا داخۆ، لەپاش ئەم هەنگاوە کە هەڵمانگرت، زۆر بەرەو پێشەوە پێشڕەوییمان کردووە؟ هەڵبەت دژیەکییەکە پتر ڕۆشن بۆتەوەو دەرکەوتووە، بەڵام توندیی باری ئەو دژیەکییە بە هیچ جۆرێک ڕووی لە خاوبوونەوە نەکردووە. چونکە تا ئێستاش ئێمە سەرمان لەوە سوڕدەمێنێت کە چۆن یەکێک لەم دوو بیرمەندە مۆراڵی کردۆتە ئامرازێک بۆ بەرگرتن بە شۆڕشی مرۆڤە بەهێزەکان و ئەوی دیکەشیان مۆراڵی کردۆتە ئامرازێک بۆ بەرگرتن بە شۆڕشی مرۆڤە لاوازەکان. هاوکات تا ئێستاش هەڵوێستەکە بەشێوەیەکی گشتیی و لە وردەکارییەکانیدا، وەکی هەر لە سەرەتاشەوە وابووە، هێشتا هەڵوێستێکی سەرسوڕهێنە.

لەوەوبەر گوتمان نیچە و مارکس لە هەڵوێستیاندا بەرانبەر بە مەسیحییەت تەبان. بەڵام داخۆ تا ئەو ڕادەیە تەبان کە لە یەکەم تەماشادا پێشچاومان کەوت؟ لە ڕوانگەی نیچەدا مەسیحییەت جۆرێک لە یەکسانیی دەستکرد لەنێوان خەڵکییدا دروست دەکات، چونکە بەگوێرەی مەسیحییەت "هەمووان لەبەردەم خودا چوونیەکن"، ئیدی بەم شێوەیە بڕشت و مافی تایبەتی کۆت دەکات و بەهاگەلە ئەرستۆکراتییەکان، ئەو بەهاگەلە ئەرستۆکراتییانەی کە لەسەر بناغەی هەستکردن بە باڵابوون لە کۆ و خۆ پەرێزگرتن لێیان دادەمەزرێ، نابود دەکات. بەپێچەوانەی ئەمەوە مارکس مەسیحییەت بەوە تۆمەتبار دەکات کە جیاوازییە چینایەتییەکان و نابەرابەریی کۆمەڵایەتیی پەردەپۆش دەکات و داکۆکی لە جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان دەکات و بەڵکو تەنانەت سەروەختێک کە ئەو جیاوازییە دەکاتە پرسێکی حەتمیی گرێدراو بە هێزێکی خوداییەوە لەڕاستیدا

کار بۆ سەقامگیرکردنی دەکات و دەیکاتە بابەتێکی پەیوەندیدار بە "سرووشتی شتەکان"ەوە. هیچ دژیەکییەکیش هێندەی ئەم دوو هەڵوێستە بەتوندی گوزارشت لەو لێکدژییە ناکات.

بەم پێیە هەر بەهاگەلێک لە هەریەک لە دوو هەڵوێستەکەدا واتایەکی تەواو جیاواز بەخۆوە دەگرێت. بۆ نموونە دەستگرتنەوە لە خۆشیی دونیا و قین لە جەستە و جیهانی زەمینیی لە روانگەی نیچەدا تایبەتمەندترین تایبەتمەندییەکانی مۆراڵی مرۆڤە لاوازەکانن و تاکە ئامرازیشیانە بۆ سەلماندنی بوونیان بەرانبەر بە باڵادەستیی مرۆڤە بەهێزەکان، بەڵام لای مارکس سیمایەکی سەرەکی مۆراڵی مرۆڤە بەهێز و دەسەڵاتدارەکانە بەسەر فەرمانبەردارانادا دەیسەپێنن تاوەکو گرەنتی ملکەچیی و بێدەنگبوونیان بکەن. بیرۆکەی دووفاقیی نێوان دوو جیهانیش، جیهانێکی لەناوچو و جیهانێکی تاهەتایی، لە روانگەی نیچەدا سیمایەکی تایبەتمەندی مۆراڵی کۆیلەکانە، بەڵام لە روانگەی مارکس دا ئامرازێکی گرنگە لەو ئامرازانەی کە دەسەڵاتداران بەهۆیەوە کۆنترۆڵی هەژاران و بەشخوراوان دەکەن.

کەواتە ئەوە دژیەکییەکی تەواوە لە روانین بۆ هەمان بەهاگەلدا. پێدەچێ ئەم دژیەکییەش شرۆڤەی خۆی هەبێت. هەڵبەت شرۆڤەیەکیش هەیە بەدرێژایی ئەو کاری خستنەڕووەی کە لەوەوبەر کردمان زەینی خوێنەر لەسەری رۆیشتووە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم دژیەکییە گوزارشت لە دژیەکییەکی بنەڕەتیی لە نێوان دوو فەلسەفەدا دەکات کە ئەمانەن: فەلسەفەیەکیان ئەرستۆکراتییە و ئەوی دیکەیان بەسرووشتی خۆی فەلسەفەیەکی دیموکراسییە. چونکی نیچە، لەو رووەوە کە فەیلەسوفێکە بەسرووشتی خۆی بەرەو جەختکردن لەسەر جیاوازیی نێوان زەینەکان هەنگاو هەڵدەگرێت و بە هەموو ئەو شتانە سەراسیمە دەبێت کە رۆح زل و لوتبەرزن و بەسەر "کۆ" دا بڵند دەبن و بە گیانی بیریارێکی ئەرستۆکراتیی سەر بە سەردەمی تراجیدیی یۆنانییەوە لە سەدەی نۆزدەدا دەژی، هەر دەبوو کە بە هەموو هێزێکییەوە هێرش بکاتە سەر هەمان ئەو بەهایانەی کە بیرمەندێکی وەکی مارکس، کە بانگەوازی بەر لە هەر شتێکی تر روو لە بەرژەوەندیی کۆمەڵ و دەستەکان هەنگاو هەڵدەگرێ نەک روو لە تاکەکان، شکۆمەند و پایەبەرز تەماشای کردوون و بڕواشی وایە کە پەیامی هزر بریتییە لە گۆڕینی کۆمەڵگای مرۆیی لە "چینایەتیی" ەوە بەرەو "ناچینایەتیی"، هەروەها باوەڕیشی وایە کە ئومێدی بەجێگەیاندنی ئەو پەیامە بەندە بەهەمان چینگەلی چەوساوەی خاوەن بەرژەوەندیی لەم گۆڕانکارییەدا.

بەڵام داخۆ ئەم راڤەیە، کە دژیەکیی نێوان بۆچوونەکانی ئەم دوو بیریارە لە هەمبەر مۆڕاڵ بۆ ناکۆکیی بنەڕەتیی لە میزاژ و ئاقاری فەلسەفیی گشتییاندا دەگەڕێنێتەوە، داخۆ ئەم راڤەیە راڤەیەکی بەسە؟ داخۆ دەبێت لەم ئەنجامە تەواو دڵنیابین و دادوەریــی ئــەوە بکەین کە نیچە و مارکس، سەبارەت بە سەرچاوەی بەها مۆڕاڵییەکان و دەربــارەی ئامانجی ئەو بەها مۆڕاڵییانە، بە دوو بۆچوونی لێکدژ راگەیشتوون لەبەرئەوەی روانگەی هەریەکەیان بۆ جیهان روانگەیەکی جیاواز بــووە، هەروەها چونکی هەڵوێستی هەریەکەیان لە بەرانبەر کێشەکانی سەردەم دوو هەڵوێستی بەیەکدی ناتەبا بــوون؟ بەبڕوای من رەنگە ئێمە بتوانین بەهۆی ئەو راڤەیەوە بەشێک لە کێشەکە چارەسەر بکەین، بــەڵام وێــڕای ئەوە بەشی هەرە گەورەی کێشەکە وەکی خۆی هەر بەبێ چارەسەر دەمێنێتەوە. چونکە نیچە و مارکس تەنها گوزارشتیان لەو شتە نەدەکرد کە لایــان پەسەند بــوو، یــان ئەو بارەی کە دەیانخواست شتەکانی تێدا بێت، بەڵکو هەروەها باسی ئەو دۆخەشیان دەکرد کە لەگۆڕێدا بوو. چونکە لەنێو هەموو ئەو بۆچوونانەدا کە لەوەوبەر پێشچاومانخست، ئەم دوو بیریارە هەڵوێستی ئەو زانایەیان دەنواند کە مێژووی بەهاگەلە مۆڕاڵییە مرۆییەکانی دەپشکنی تاوەکو لە رێگای ئەو پشکنینەوە دادوەریی پەرەسەندنی رابوردو و ئاراستەی داهاتوویان بکات. گەر ئەوان هەریەکەیان تەنها بە گوزارشتکردن لەو بارە



**نیچە**

بەسیان بکردایە کەئارەزوویان دەکرد لە داهاتوودا بەهاگەلە مرۆییەکانی تێدا بێت، ئەو دەمە دەشیا لە جیاوازیی میزاژی هزرییاندا راڤەیەکی پێویست هەبووایە بۆ دژیەکیی بنەڕەتیی نێوان روانگەیان، بەڵام هەروەها ئەوان لە روانگەی واقیعیشەوە دەدوان، نەک لە روانگەی نموونەی باڵاوە، هاوکات هەریەکەیان، بە وێنەی لێکۆڵیاری زانا نەک بە وێنەی رامێنەری خەوبین، دەیویست وەڵامی ئەم پرسیارە بنەڕەتییەمان بداتەوە: "مۆراڵ، کێ دروستی کردووە؟". کەواتە چۆن تا ئەو ئەندازەیە لە باسی یەک دیاردەدا ئەوها دژیەک بوون؟ ئێمە ددان بەوەدا دەنێین کە هەڵبەت میزاژ و ئاراستەی هزریی گشتیی بیرمەند، رۆڵی خۆی هەیە تەنانەت کاتێکیش کە مرۆڤ باسی پەتیی بۆ خۆی دەکاتە ئامانج نەک تەنها کاتێک کە خەون بەو شتەوە دەبینێت کە ئومێد دەکات بەدی بهێنێت. وەک ئاشکراشە بابەتیبوونی تەواوەتی لەم بوارەدا ئەستەمە، هاوکات وێنای هەریەک لە ئێمە بۆ ئەو بارەی کە پێویستە لە داهاتوودا پەرەسەندن پێی رابگات، تا رادەیەک کۆنترۆڵی پێکهێنانی روانگەمان دەکات بۆ ئەو شتەی کە لە رابوردودا روویدا و ئەو شتەی کە لە ئێستادا روودەدا، بەڵام ئێمە دەڵێین "تا رادەیەک"، چونکە ئەم کارتێکرانە بە ئاقاری هزریی خودیی، دەشێ جۆرێک لە جیاوازیی لە نێوان دوو بیریاردا دروست بکات لە باسی یەک دیاردەدا، بەڵام ئەوە بەس نییە بۆ دیتنەوەی دژیەکیی تەواو لەنێوان ئەو باسانەیاندا. هەربۆیە ئێمە لەوەوبەر گوتمان رەنگە بتوانین بەهۆی ئەو راڤەیەوە بەشێک لە کێشەکە چارەسەر بکەین، بەڵام بەشی هەرە زۆری کێشەکە وەکی خۆی هەر بێ چارەسەر دەمێنێتەوە.

بەبڕوای من لێکدانەوەی دروستی ئەو دژیەکییەش لەنێو راستییەکی بنەڕەتیدا پەنهانە کە پێویستە سەبارەت بە مۆڕاڵ بۆ زەینەکان رۆشن ببێتەوە، ئەو راستییەش ئەمەیە: ئەو کەسەی کە مۆڕاڵ دروست دەکات مەرج نییە ئەو کەسە بێت کە لە ژیانیدا بەکاریدەهێنێ یان پراکتیز دەکات، بەڵکو رەنگە ئەو کەسە بۆ ئەوە دروستی بکات تا لایەنێکی تەواو جیاواز لە خۆی بەکاریبهێنێت، بەجۆرێک کە ئیدی ئەودەمە ئەو بەهایانە گوزارشت نابن لەو سەرچاوەیەی کە لێوەی سەرچاوەیان گرتووە، بەڵکو گوزارشت دەبن لەو لایەنەی کە رووی لێدەنێن. با بەدەربڕینێکی تر بدوێین و بڵێین هەموو مۆڕاڵێکی باڵادەست مۆڕاڵێکی تری پێچەوانەی خۆی دروست دەکات و ئاراستەی ئەو کەسانەی دەکات کە ئەو باڵادەستییەیان بەسەردا پیادەدەکرێت. بۆ نموونە گەر پەیوەندییەکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا پەیوەندیگەلی هێز و بەکاربردن و چەوساندنەوە بن، ئەودەمە ئەو بەهایانەی کە بە فراوانترین شێوە تەشەنە دەستێنن بەهاگەلی

هێز و باڵادەستیی نابن، بەڵکو بەهاگەلی گەردن کەچیی دەبن. یان با دەربڕین و دەستەواژەکانی نیچە بەکاربهێنین و بڵێین ئەو سەردەمەی کە "سەرداران" بەسەریدا زاڵ و باڵادەست دەبن، سەردەمی مۆراڵی سەرداران نییە بەوجۆرەی کە ئەو پێی وابووە، بەڵکو سەردەمی مۆراڵی کۆیلەکانە، چونکی ئاسانترین رێگا کە بۆ سەرداران گرەنتی پارێزگاریکردن لە مافی تایبەت و سەردەستییان دەکات ئەوەیە کە "مۆراڵی کۆیلەکان" تەشەنە بسەنێت.

با ئێمە ئەو دادوەرییە گشتییە بەسەر ماوەگەلێکی دیاریکراو لە مێژووی مۆراڵ بەوجۆرەی کە نیچە سیماکانی دەستنیشانکردووە پراکتیز بکەین تاوەکو بزانین تا چ رادەیەک ئەو وێنەیە کە لە ئەنجامی ئەم پراکتیزکردنەدا دروست دەبێت لەو وێنەیە جیاوازە کە نیچە بۆی نیگار کێشاوە.

لە روانگەی نیچەدا کۆمەڵگای یۆنانیی کلاسیکیی بەهاگەلی سەرداران و مۆراڵی مرۆڤە بەهێزەکان تێیدا باڵادەست بووە. بەڵام گەر ئەوە راست بێت ئەدی چۆن راڤەی ئەوە بکەین کە ئاراستەی مۆراڵیی سەرەکیی لای سوکرات و ئەفلاتون و تا رادەیەک لای ئەرستۆش، ئاراستەیەک بووە تێیدا واتاکانی دەستگرتنەوە لە خۆشیی دونیا و بڵند راگرتنی بەها رۆحییەکان ـ بە واتا ئەبستراکتە جوداکەی لە جیهانی ماتەریالیی ـ لە سەروو پاشماوەی هەموو بەهاکانی ترەوە بووە؟ چۆن شرۆڤەی ئەو قسەیەی ئەفلاتون (یان سوکرات) بکەین کە دەڵێت: "جەستە، گۆڕستانی رۆحە"، هاوکات چۆن راڤەی جەختکردنی ئەرستۆ بکەین لەسەر ئەوەی کە دۆخی نموونەیی ژیانی مرۆڤ دۆخی رامانی ئەقڵیی پەتییە؟ هەڵبەت ئەمە سیمایەکی بنەڕەتیی ئەو شتەیە کە نیچە ناوی مۆراڵی کۆیلەکانی لێ دەنێت. ئەو چۆن ئەم لێکدژییەمان بۆ چارەسەر دەکات؟ تاکە چارەسەر کە نیچە دەستی پێڕادەگات ئەوەیە کە تەوژمی سوکرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ کە تەوژمێکی سەرەکییە لەنێو هزری یۆنانییدا، بە ناوازەییەک کە لە سرووشتی رۆحی یۆنانیی دەترازێت، لەقەڵەم بدات. ئیدی بەم جۆرە نیچە شکستخواردو دەبێت لە وابەستەکردنی ئەم دوو لایەنەدا بەیەکدی: بەهێزترین ئاراستەی هزریی لەنێو کۆمەڵگای یۆنانیی، لەگەڵ "مۆراڵی سەرداران" کە نیچە بە تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەی ئەو کۆمەڵگایەی تەماشا کردووە. راڤەی ئەم شکستەش ئەوەیە کە نیچە رووااڵەتی مۆراڵ وەردەگرێت، بەڵام گەر ئەو رێسا گشتییەی بەسەردا پراکتیزبکرێت کە پێشان روونمانکردەوەو کە ئەمەیە: هەموو مۆراڵێکی باڵادەست مۆراڵی پێچەوانەی خۆی دروست دەکات، ئەودەمە هەموو شتێک ریزبەندو روونددەبێتەوە. چونکە مۆراڵی ئەو فەیلەسوفانەش هەر دیسان

مۆراڵی سەردارانە، بەڵام پێچەوانەی خۆی دروستکردووە. چونکە شانبەشانی ئەو بانگەشەیەی ئەوان بۆ دەستگرتنەوە لە خۆشیی دونیا و رق لێبوونەوە لە جەستە، پاساودانی سیستمی کۆیلایەتی و هەوڵ بۆ سەلماندنی ئەوە لەئارادا هەبووە کە سیستمی کۆیلایەتی سیستمێکە سەر بە "سرووشتی شتەکان"ە، ئەم بۆچوونەش لە ناوەڕۆکدا مۆراڵی چینی باڵادەستی سودمەندە لەو سیستمە. سەرداران داکۆکی لەو سیستمە دەکەن کە کۆیلەیان بۆ خزمەتکاریی بۆ دابین دەکات، بەڵام ئەوان، لەو سۆنگەیەوە کە سەردارن، ناشێ ڕاشکاوانە ڕابووەستن و جاڕ بۆ بەهاکانی گەورەیی و لوتبەرزیی و تایبەتمەندیی و بڕشت و مافی تایبەت بدەن، بەڵکو ئەوان مۆراڵی دەستگرتنەوە لە خۆشیی دونیا پەخش دەکەن چونکە گرەنتی داپۆشینی ریسوابوونی بنەڕەتیی مرۆڤ دەکات، ئەو ریسوابوونەی کە ئەوان خۆیان داکۆکییان لێکردووەو بەتەنگ پاساودانێوە بوون.

ئێستا با بچینە سەر قۆناغێکی تری مێژووی مۆراڵ، ئەویش قۆناغی مۆراڵی جویزم و مەسیحییەتە. نیچە ئەم قۆناغە بە قۆناغی سەرکەوتنی مۆراڵی کۆیلەکان ناو دەبات، یانی مۆراڵی سۆز و بەزەیی و میهرەبانیی و بەرابەریی کە مرۆڤە لاوازەکــان بەهۆیەوە چرنوکی مرۆڤە بەهێزەکان دەکەن. بەڵام داخۆ ئەوە کتومت ئەو بەهایانە بوون کە لە کۆمەڵگای سەدەکانی ناوەڕاستدا باڵادەست بوون؟ داخۆ فیوداڵەکان و پاپاکان و گەورە پیاوانی کڵێسا توندترین چەشنەکانی چەوساندنەوەیان لەسەر خەڵکی عەوام پیادە نەدەکرد و، خۆشیان خاوەنی بڕشت و مافی تایبەت و باڵادەستیی نەبوون؟ داخۆ ئەوان، بە هەموو واتایەکی وشەی سەردار، "سەرداران" نەبوون؟ داخۆ، لەم دۆخەدا، مۆراڵی کۆیلەکان تەنها پێچەوانەیەک نەبوو سەرداران دروستیان دەکرد تا دەست بە باڵادەستیی خۆیانەوە بگرن؟ خودی نیچە خۆی لەو وەرچەرخانە لە بەهاگەلەکان هۆشدارمان دەکاتەوە، ئەو وەرچەرخانەی کە بە ئاییینی جویزم دەستیپێکرد و لە ئاییینی مەسیحییەتدا بەردەوام بو و، وەرچەرخانێک بوو دژ بە ئەرستۆکراتیزمی بتپەرست. لەم وەرچەرخانەدا چوونیەکییەک لە واتا لەنێوان ئەم وشانەدا هاتە ئارا: دەوڵەمەند، بەهێز، خراپ، داوێنپیس، هەروەها چوونیەکییەکی تریش لەنێوان ئەم وشانەدا هاتە گۆڕێ: لاواز، باش، داوێنپاک. نیچە ئەم وەرچەرخانە لە بەهاکان دا بەوە راڤە دەکات کە سیمایەکە لە سیماکانی مۆراڵی "کۆیلەکان"، بەڵام داخۆ بەڕاست کۆیلەکان لەم بەهاگەلە نوێیانەدا خاوەنی بەرژەوەندین؟ داخۆ ئەو بەهایانە گوزارشت لە سەرکەوتنی ئەوان دەکات؟ هەڵبەت نیچە ساویلکە بووە سەروەختێک کە بڕوای وابووە. گەر ئەو ڕووەو دیوی ناوەوەی

ئەو دیاردەیە شۆڕبوایەتەوە ئەودەمە دەبینی کە پرسەکە پێچەوانەی ئەو بڕوایەیە کە ئەو هەیەتی. چونکە کاتێک کە دەڵێیت: دەوڵەمەند و بەهێز، خراپ و داوێن پیسە، دەتەوێت خەڵکیی لە دەوڵەمەندیی دووربخەیتەوەو، لەنێو ناخیاندا بێز بەرانبەر بە دەوڵەمەندیی پەخش بکەیت تا لەنێو ناخیاندا تەماحی ئەوە نەیانگرێ کە هەوڵی دەوڵەمەندبوون یان پەیداکردنی هێز بدەن و تا بەدەردی خۆیەوە لێیگەڕێن (هێندەی ئازار بەسە کە خراپ و داوێنپیسە، ئەشکەنجەی تاهەتایی لە دونیاکەی تر چاوەڕێی دەکات). کەواتە تۆ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پارێزگاریی لە دەوڵەمەند و بەهێز دەکەیت. سەروەختێکیش کە دەڵێیت هەژار و لاواز یەکسانە بە باش و داوێنپاک، مەبەستت لەوەیە کە هەژاریی و لاوازیی دۆخێکی نموونەییە دەبێت پێی قایل بین و تەنانەت هەوڵی بۆ بدەین، ئیدی بەم هۆیەشەوە هانی هەژار دەدەیت تا بە هەژاریی بمێنێتەوە. داخۆ کتومت ئەمە ئەو شتە نییە کە "سەرداران" دەیانەوێت؟ با وێنەی کاهینی سەدەکانی ناوەڕاست بهێنینە پێشچاوی خۆمان کاتێک کە هانی خەڵکیی دەدات دەست لە خۆشییەکانی دونیا بگرنەوەو ئومێدی ژیانێکی تاهەتاییان پێدەدات کە تێیدا دەبنە خاوەنی هەموو ئەو شتانەی کە لەم ژیانەدا لێی بێبەش بوون... ئەم کاهینە، کە خودی خۆی بەهێز و دەسەڵاتدار و خاوەنی ژیانێکی خۆشگوزەرانە و لەسەر ڕەنجی کەسانی تر دەژی، داخۆ ئەودەمە بە زمانی حاڵی سەرداران دەدوێ یان بە زمانی حاڵی کۆیلەکان؟ داخۆ هەروەها لەم دۆخەشدا سەرچاوەی هەڵەکە لەوەدا نییە کە ئەوە بەهای رووکەشی مۆراڵە کە نیچە وەریگرتووەو جیاوازیی نەکردووە لەنێوان ئەو کەسانەی کە مۆراڵیان دروست کردووەو ئەو کەسانەی کە ئەم مۆراڵە لەتەکیان دەدوێت و ڕوویان لێدەنێت؟

دوایین قۆناغ کە ئاماژەی بۆ دەکەین ئەو قۆناغەیە کە خودی نیچە خۆی تێیدا دەژیا، مەبەستم لەو قۆناغەش ناوەندەکانی سەدەی نۆزدەیە. ئەم قۆناغەش هەر دیسان، لە ڕوانگەی نیچەدا، قۆناغی مۆڕاڵی کۆیلەکانە و بەهاگەلی بەزەیی و سۆز بەرانبەر ئەوانی تر و خۆشویستنی هاوسێ تێیدا بالادەستە و، مرۆڤی تاکەکەسی گۆشەگیری خاوەن ڕۆحی سەربەخۆ چ جێیەکی بۆ خۆی تێدا بەدی ناکات. بەلام داخۆ بەڕاست سەدەی نۆزدە بەو شێوەیە بوو؟ داخۆ پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان لەم قۆناغە سەرەتایەی سەردەمی پیشەسازیی دا، لە سۆنگەی دوورکەوتنەوەی تەواوی لە هەموو مرۆڤایەتیی و هاوسۆزییەکی نێوان مرۆڤەکانەوە، بە یاسای جەنگەڵ نەدەچوو؟ ڕاستە کە مۆڕاڵێکی فەرمیی ـ یان دیاردەیەک ـ ی هاوشێوەی ئەو شتە لەگۆڕێدا هەیە کە نیچە بە مۆڕاڵی کۆیلەکانی ناو دەبات، بەلام داخۆ

پراکتیکی کردەیی پتر لە مۆراڵی سەردارانەوە نزیک نەبوو بەوجۆرەی کە ئەو خودی خۆی دەستنیشانی کردووە؟

کەواتە جیاوازییەکی بنەڕەتیی هەیە لە نێوان مـۆراڵ بەوجۆرەی کە بانگەشەی بۆ دەکات یان بەو چەشنەی کە بە رووکەش دەردەکەوێت، لەگەڵ مـۆراڵ بەو شێوەیەی کە بەکردەوە پیادە دەکرێت. وەک ئاشکراشە نیچە کاتێک کە لەسەر ئەو بناغەیە باسی لە مۆراڵ کردووە کە "دەستکردی مرۆڤە لاوازەکانە" لەم دۆخەدا مەبەست لە مۆراڵە بەو شێوەیەی کە بە رووکەش دەردەکەوێت، بەڵام سەروەختێک کە مارکس مۆراڵی بەوجۆرە باسکردووە کە دەستکردی مرۆڤە بەهێزەکانە تیشکی باسەکەی لەسەر مۆراڵ بووە بەوجۆرەی کە بەکردەوە پیادەدەکرێت، مەبەستم لەو مۆراڵەیە کە مرۆڤە بەهێزەکان بەمەبەستی هۆشدارکردنەوە ئاراستەی مرۆڤە لاوازەکانی دەکەن، هەروەها بۆ ئەوە ئاراستەیان دەکەن تا مرۆڤە بەهێزەکان بە ئازاد بمێننەوە لە پیادەکردنی باڵادەستییان بەو شێوەیەی کە ئارەزوو دەکەن و دڵیان دەیگرێت. لەسەر بناغەی ئەو بەراوردکارییەش دەتوانین بە سانایی لەوە تێبگەین کە بۆچی بەهاگەلە مۆراڵییەکانی سەردەمێک گاهێک بەوە لە قەڵەم دەدران ئەو بەهاگەلانەن کە مرۆڤە بەهێزەکان بەسەر مرۆڤە لاوازەکانیدا دەسەپێنن "ڕوانگەی کردەیی"، گاهێکی تریش بەوە لە قەڵەم دەدران ئەو بەهاگەلانەن کە مرۆڤە لاوازەکان بەسەر مرۆڤە بەهێزەکانیدا دەسەپێنن "ڕوانگەی فەرمیی".

ئەم دژیەکییەی نێوان مۆراڵی "فەرمیی" و مۆراڵی "کردەیی" لەنێو یەک کۆمەڵگادا، بەشێوەیەکی باو بەوە گوزارشتی لێدەکرێت کە دژیەکییە لەنێوان "واقیع" و "نموونەی باڵا" دا. تا ئەم دژیەکییەش مابێت ناشێ بگوترێت کە مرۆڤ بە کردەوەو بەڕاستیی بووەتە مۆراڵیی. ئەم دژیەکییە گوزارشت لە دوڕوییەکی بنچینەیی دەکات کە تا ئێستا سیستمە مۆراڵییەکانی مرۆڤ لەکەدار دەکات و ئێمەش وا راهاتووین کە بە پێداویستییەکی بێ چەند و چوون تەماشای بکەین، بەڵام لەڕاستیدا بە هیچ کلۆجێک پێویست نییە. ئەدی بۆچی واقیع نموونەی باڵا نەبووە و، بۆچی نموونەی باڵا واقیع نەبووە؟ داخۆ مانەوەی ئەم دژیەکییە مانای ئەوە ناگەیێنێت کە تێهەڵکێشییەک لەنێوان مۆراڵێتیی و نامۆراڵێتیدا هەیە، بەجۆرێک کە لێکۆڵینەوە لە مێژووی مۆراڵ لە هەمان کاتدا لێکۆڵینەوەیە لە مێژووی نامۆراڵێتیی لەنێو ناخی مرۆڤدا؟

مرۆڤ تەنها بەو ئەندازەیە بەڕاستیی و بەکردەوە دەبێتە بوونەوەرێکی مۆراڵیی کە باری توندیی دژیەکیی نێوان واقیع و نموونەی باڵا روو لە خاوبوونەوە

بکات. مۆراڵیش تەنها بە یەکانگیربوونی لەنێو هەڵسوکەوتی کردەیی و توانەوەی لەنێو بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کردەییەکاندا ئەوجا بە باڵاترین قۆناغەکانی خۆی رادەگات. بەدەربڕینێکی دیکە مۆراڵ بە ئاوێتەبوونی لەنێو گشتێکی لە خۆی فراوانتردا کە بواری رەفتاری کردەییە لە هەموو فۆرمەکانیدا، ئینجا بە بڵندترین پایەکانی کامڵبوونی خۆی رادەگات. ئەودەمە مۆراڵ، بەهۆی ئەو لەناوچوونەوە لەنێو بواری کرداردا، ئەوپەڕی ژیان کە بەرەو سپێدەی دەڕوانێت دەستەبەر دەکات.

بەڵام ئەوە قۆناغێکە راڤەکردن لە رێگای پێشەکیگەلی تیۆریی ئەو دوو بیرمەندەوە، کە بۆچوونەکانیانمان کردە تەوەر بۆ ئەم بابەتە، پەسەند ناکات. چونکی گەر مۆراڵێتیی باڵا، بەوجۆرەی کە نیچە بانگەشەی بۆ دەکات، بێتە دی و مرۆڤ بە قۆناغی "سەروو مرۆڤ" رابگات، یان گەر کۆمەڵگا بەو قۆناغە رابگات کە مارکس رووەو سپێدەی دەڕوانێت و کۆمەڵگا بەکردەوە و بەڕاستیی ببێتە کۆمەڵگایەکی ناچینایەتیی، ئەو کاتە چیی ترمان لەتوانادا نابێت تەنها راڤەکردنی ئەو دۆخە باڵایە نەبێت بەهۆی چەمکەکانی هەریەک لەم دوو بیرمەندە خۆیانەوە. لە کۆتاییدا با ئەم وتارەمان بە پرسیارێک دوایی پێ بهێنین وەکی چۆن بە پرسیارێک دەستمانپێکرد، با بپرسین و بڵێین: گەر تایبەتمەندیی "مرۆڤی باڵا" لای نیچە بریتی بێت لە بڵندیی و باڵایی و نایابیی، ئەدی ئەو مرۆڤە چۆن هەست بەم باڵاییەی خۆی دەکات کاتێک کە رۆژی دادێت و ئەو مرۆڤانە نامێنن کە باڵایی خۆی بەسەریاندا پیادە دەکات؟

گەر چینایەتیی کۆمەڵایەتییش لای مارکس سەرچاوەی هەموو بەهایەکی مۆراڵییە، داخۆ مۆراڵ لەسەر چی شان دادەدات سەروەختێک کە کۆمەڵگا دەبێتە کۆمەڵگایەکی ناچینایەتیی؟

**سەرچاوە:**

گۆڤاری (الفکر المعاصر) ژمارە (٣٨).

# یادەوەرییەکان...!!



**ن. موپاسان**

**و. لە فەڕەنسییەوە: حسێن ئەحمەد**

**سۆفیای ئازیز:**

نا ئەم بەهارە من نایەم بۆ پاریس. وەک ئەوەی تۆ بەردەوام داوای ئەوە دەکەیت کە من بێم بۆ پاریس. من نایەم و لە ماڵە بچکۆلەکەی خۆمدا قەتیس دەبم و دەسەکنێم. خۆم دەخەمە سەر نەسلی کپی ئەو ئاژەڵە نەخۆشانەی کە ئیتر نارۆنە دەرەوە و لە کولانە و جێگا تاریکەکانیان دەرناچن. هەر لەبەر ئەوەی لە ئاستی گشتیدا ماندووبوون وەک غەمگینی و تاریکییەکانی دڵی لێهاتووە. هەنوکەش ئەو تەمەنە لە من گوزەشتووە کە تێیدا فزوڵبووم و خەونم بە بەختەوەریی و چێژی تازەوە دەبینی و لەبەدەست هێنانیاندا سەرگەردان بووم. من لە ئێستادا ئەوەی هەمە بەختەوەری کۆنە. تەنها دەتوانم بەوە ئاسودە بم کە دونیام بە کۆنی قبووڵ کردووە و لەناو یادەوەرییەکانیدا دەژیم، رێک وەک ئەو خەڵکە گەنجانەی لەئومێدی بەیانیدا دەژین. بیر لەو دێڕە شیعرەی سەنت بۆڤ دەکەمەوە. کە بەیەکەوە چێژمان لێدەبینی و هەنوکەش وەک ژیاوێکی مێژوویی لە یادگەی مندا سوور دەخوات.. هەر لەبەر ئەوەی ئەو دێڕە شتی زۆر بە من دەڵێت و زۆر جاریش دڵی غەمگینی خۆم لە مندا دەری دەخاتەوە:

بەتەنها لەناو یەک خانودا. لە دایک دەبین و دەژین و دەشمرین.

من ئیتر توانای جێهێشتنی ئەم خانووەم نییە کە تێیدا لە دایکبووم و کە تێیدا ژیام و کە لەهەناویدا واخەریکە دەمرم. ئەگەرچی ئەم ماڵە هەمیشە دڵی من خۆشناکات و ئاسودەگیم تێدا راناوەستێنێت، وەلێ هەر بۆئەوەی لەیادەوەری یەکتریدا گەشەمان کردووە، بۆ من زۆر نیانە. من تەنها ئەوکاتانە ئەم ماڵە جێدێڵم کە بۆ مانگێک یان دوو مانگ بەرەو لای کچەکەم دەڕۆم.

ئیدی هەموو ئەوکاتانەی تر کە دەمێنێتەوە من لەم ماڵەدا بەتەنیام. پێدەچێت ئەمە سەیربێ لات کە دەتوانم بەم شێوەیە بە تەنهایی بژیم؟ خانمی من ئیتر وایــە...! من بە وێنە و عادەتی فامیلی دەوری خۆمم داوە. هەموو ئەو شتە کۆنانەی پەرژینی منیان کردووە و خەتیان بەدەورمدا کێشاوە وەک مرۆڤێکی زیندوو لەگەڵمدا دەجوڵێن و بێوەستانیش دەربارەی هەموو شتەکانی حەیاتی من قسە دەکەن. دەربارەی کەسوکارم دەدوێن و بۆ هەموو ئەوانەی مردوون و دوورن لێم غەمگینییان هەیە. هەنوکە وەک جاران خوێندنەوەم زۆر نییە. من پیر بووم. بێکۆتا خەون دەبینم. سەرەڕای ئەمانەش بەشێوازی جاران هیوام نییە و خەیاڵەکانم گۆڕاون. تۆ بیر لە سەردەمی هەرزەکاری بکەرەوە؟ ئەو بەسەرهاتە سەیرانەی تەمەنی بیست ساڵی کە لە سەرماندا خولیان دەخواردو دەجولاّن و وەک هەتاو ئەدرەوشانەوە. وەلێ هیچ یەک لەو خەون و ئومێدانە نەبوون بە واقیع و لە جیاتی بە دونیایی بونیشیان شتی دیکە شوێنی گرتونەتەوە. شت گەلێک کە کەمتر دەتوانن شاعیرانە بن و گەرمایییان نییە. بەڵام بەدڵی هەموو ئەو کەسانە دەخوات کە تەنها دەزانن، بە کورتی بەشێک لە ژیانیان بژین. من دەمەوێت بزانم تۆ هۆشیاری بەوەی کە لەبەرچی زۆرینەی کاتەکان بەدبەخت و تاریکین؟ رەنگە بۆ ئەوەبێت لە بچوکییەوە بۆ ئەوە ئامادەمان دەکەن کە زۆرتر لە ئاسایی باوەڕ بە بەختەوەری بهێنین و هەرگیزیش بەو جۆرە بیری ئەوەیان تێدا نەخولقاندووین کە دژی غەمگینی و تەنهایی شەڕ بکەین. هەر لەبەر ئەوەیە لە یەکەمین روداوی دڵتەزێن و غەمگیندا دڵمان دەبێتە تەپوتۆز و دەشکێت. واتە دەبینە مرۆڤگەلێکی بێهێز و تورەیی ژیان کار دەکاتە دڵمان. ئەم هۆکارانە وادەکەن چاوەڕێی رۆحێکی کراوە بکەین و چاوەڕوانی ئەوەش کە روداوە ئاسودەکان یەک بەدوای یەکتریدا بێن. هەندێکجار رێدەکەوێت کە بڕێک لە روداوەکان کەمێک جەخاریان تێدا دەردەکەوێ و کتوپڕ دەمان خەنە حاڵەتێکی قورسی گریانەوە. وەلێ من لەوەدا قودرەت مەندم کە لەم رۆژانەدا بەختەوەری راستەقینە بناسمەوە. هەموو ئێمە وەک کۆمەڵێک مرۆڤ، لەیەکەمین خاڵی ژیانەوە لە چاوەڕوانی رۆحێکی کراوەدا دەژین، کۆمەڵێک بەختەوەری پێچاوپێچ

که وەک روداوی سروشتی بەریان دەکەوین و لێی دەگەڕێینەوە. ئەم جۆرەش لە ئاسودەگی، هەمیشە نیوەیە و کاتێکیش ئەم نیوەیە وەک جوانییەک بەر ئێمە دەکەوێت و دەڕوات، یەکسەر دەست دەکەین بە هاوار. من ئێستا خانمەکەم، من ئێستا بەختەوەرییە راستەقینەکان دەناسمەوە. دەزانم بەختەوەری راستەقینە بریتی نییە لەو بەختەوەرییە گەورانەی کە لەپڕدەگەن و ئێمە دەمانەوێت کە وەک ئەبەدییەتێک تەماشایان بکەین و لە مانەوەیان بێخەم بین. چونکە بەختەوەری راستەقینە دەگمەن و کورت وەختە. تەمەنێکی کەم و سەودایەکی فراوانی هەیە کە ئەمەش بۆ مرۆڤ غەمگینییە. بەختەوەری راستەقینە هەر کە دێن و تێدەپەڕن بە رۆشتن و دورکەوتنەوەیان لە مرۆڤ تاریکی گەورە دەخەنەوە. وەک ئەو روناکییانەی لە شەودا دێن و دەکوژێنەوە. لە رێگەی ئەم قسانەوە دەمەوێت پێت بڵێم: بەختەوەری بەتەنها لە چاوەڕوانییەکی ئارامی ئەو کەسانەدایە کە هەرگیز نایانەوێت بگەن. بەختەوەری لەچاوەڕوانیەکی ئارامدایە، لە متمانەدایە، بەختەوەری ئاسۆیەکە لێوانە لە ئومێد. بەختەوەری یانی خەونی درێژ، یانی خەیاڵی ناکۆتا...!!

بەڵێ خانمی ئازیز، بەتەنها باشییەک کە لەدونیادا دەتوانێت راستەقینەبێت خەونە و زۆرینەی کاتژمێرەکانی خۆشم بەم خەونانەوە دەبەمەسەر. بەڵام لەجیاتی ئەوەی خەون بە پاشەڕۆژەوە ببینم، بەگێک دادەنێم و خەون دەبینم بە دواوە. واتە پێشەوەم بۆ دوامەوە دەڕوات، واتە وەردەچەرخێم و چاوی خۆم لە ئایندە دەنوقێنم. بەرانبەر ئاگردانەکەم لەسەر کورسییەکی نەرم کە لەگەڵ ئێسقانە پیرەکانمدا دەگونجێت دادەنیشم و بە هێواشی دەگەڕێمەوە بۆ شتەکان، دەگەڕێمەوە بۆ کۆی ئەو رووداو و خەڵک و مرۆڤانەی لەسەر جادەکانی عومری خۆم جێمهێشتوون. تێدەگەم چەنێک کەمخایەنە تەمەن، بەتایبەتی ئەو عومرەی لە یەکشوێندا بێجوڵان بەسەرمانبردووە. بیر دەکەمەوە، ئەو دیرە شیعرەی سانت بۆڤ لەسەرمدا دەژی:

**لەیەکماڵدا، لەدایک دەبین و دەژین و دەشمرین.**

یادەوەرییەکانم لە مندا کۆبونەتەوە و پێکەوە نوساوون. کاتێکیش پیر دەبین، لەو حەقیقەتە تێدەگەین کە ماوەی هەموو ئەو رۆژە زۆرانەی ژیاوین کەمتر لە مانگێکە و هەر دە رۆژێک لەمەوپێش گەنج بووین. بەڵێ خانم، هەموو شتێک گوزەشت. رێک وەک ئەوەی بەتەنها رۆژێک بێت: بەیانی، نێوەڕۆ، ئێوارە، دواجار شەویش بەسەرمندا دەکەوێت. بەدەم تەماشاکردنی ئاگری کوورەکەمەوە، بە

درێژایی دەیان کاژێر، رابردووم لە دایک دەبێتەوە، رێک وەک ئەوەی رابردوو دوێنێ بێت، یان سەعات و نیوێک بێت پێش ئێستا. لەم کاتانەدا مرۆڤ نازانێت لە چی شوێن و کاتێکدایە، ئەوەی دەمان گێڕیت خەونە و لە رێگەی خەونەوە لە هەموو وجودی خۆمان دەپەڕینەوە بۆ ئەوبەری خۆمان. ئەو بەری من کاتی کچێنیمە و هەستەکەم هێشتاکە بچکۆلەم، تەنانەت بازەکانیشم وەک هەنگاوەکانم بچکۆلەیە، دڵم وەک منداڵ لێدەدات و هەموو دەمارەکانم پڕدەبن لە خوێنی کچێکی شانزە ساڵ. شەفافم وەک هەموو واقیعە تازەکان، دیدگام هەمبەر بە شتە لەیاد کراوەکان زیندوو دەبێتەوە. ئایی خانم، چەند عەیارانە لە یادەوەرییمەوە بەخێرایی پەڕیمەوە بۆ پیاسە و گەڕانەکانی سەردەمی کچێنیم. هەنوکە لێرە و لەسەر کورسییەکەمم، لەبەردەم ئاگردانەکەمدا و لە رێگەی خەونەوە بە شێوەیەکی سەیر گەڕاومەتەوە بۆ سەردەمی گەنجیم و بۆ ئەو کاتەی ئێوارەبوو خۆر تازە خەریکی خۆدزینەوەبوو لە شار، لەسەر کەناری دەریاکەی بەریتان وەک عاشقێکی بەختەوەر سەمام دەکرد. ئەم حاڵەتەم دەمێکبوو لە یاد کردبوو. بێگومان کاتێکی درێژ بەسەریدا تێپەڕی کردووە. کەچی لە ئێستادا و لەسەر ئەم کورسییە وەک جەخماخەیەک بێ هیچ هۆکارێکی تایبەت کێشای بە یادەوەریمدا. یان رەنگە لە زاکیرەمدا تروسکەی دونیایەکی سوتاو هەوڵی ئەوەی دابێت لەسەرمدا رابردوو خەبەر بکاتەوە. بینینی ئەو ترسنۆکە گەورەیە لەو ئێوارەیەدا هەموو ئاسۆکانمی سوتاند. لە بیرم دێت: لادێییەک بووم، رۆبێکی کەم بەهام لەبەربوو، تەنانەت ئەگەر داواش بکەیت لە بچوکترینەوە تا گەورەترین خاڵت بۆ دەخەمە سەر کاغەز و دەیگێرمەوە، تەنانەت ئەگەر لێم بپرسیت پێت دەڵێم کە لەو ئێوارەدا بۆماوەی چوار رۆژبوو برینێکی بەژان بەپەنجەمەوە بوو، کە ئەو برینە بە جۆرێک بوو ئێستاکەش ئازارەکەی لە بنی دانمایە و تامی سوێری ئازارەکەی دەکەم. تانانەت بیرم دێت کە زیخی سەر دەریاکە تازەو تەڕبوو کە لەسەری وەک منداڵێکی بچکۆلە دەمناڵاند. بەڵێ خانم.. من نەختێک پێش ئێستا شانزە ساڵ بووم. زۆر جاری تر هەیە چێژی جیاواز بۆ خۆم درووست دەکەم. دەزانیت یاخود نا سۆفیای ئازیز. کە لەو ماڵەی تێدا دەژین، تەنانەت بچوکترین شوێنیش نەڕوخاوە. لەو سەردەمەدا، لە بنی سەقفەکەمانەوە هۆتێکی بچکۆلانە هەبوو، ژورێکی گەورەی زەخیرەش کە ناومان لێنابوو: ژوری ئازوقەکان. هەموو ئەو شتانەی لە ئێستادا خزمەتی گەورە بەم سەردەمە ناکەن لەم ماڵەدا هەبوو. هەندێکجار دەچم بۆ ئەو ژوورە و بە چواردەوری خۆمدا دەڕوانم. برێکی زۆر لەو شتە بێنرخانە دەبینمەوە کە فڕێدراون و هەنوکە کاتێک سەیریان دەکەم دونیایەکی

سەیر دەخەنە زاکیرەمەوە و بەم دونیایە لەسەر وجودی کۆنینەی خۆیان دەم وەستێنن. ئەو شتە فڕیدراوانەش سنوق و کورسی و کۆمۆدە، هاوڕێکانی سەردەمی منداڵی ئێمەن کە بە یادەوەریمانەوە بەسراونەتەوە و روداوی تازە بۆ ئیستای من درووست دەکەن. روداوێک کە هەم غەمگینە و هەمیش خۆش. روداوێک کە بەرواری بەسەرهاتەکانی ئەو سەردەمەی پێدەناسێنێتەوە. ئەو بەسەرهاتانەی کە ئێمەیان داگیر کرد و توشیان کردین بەو کاتژمێر و وەخت و فیزیۆنۆمیانەوە کە بۆ ئێمە مایەی بەرپرسیاری بوون و هاوڕێیەکی بێدەنگ و ئارامی ئیستای ئێمەن، کە بڕێک جار لە بەختەوەرییەوە دەمان گۆڕن بۆ کەسێکی دڵشکاو و لە دڵشکانیشەوە دەمانخەنەوە سەر ئاسودەگی کۆن. ئاخر هەر لەو گەڕانەدا، کۆمەڵێک شتومەکی دیکۆری سواو دەبینم، کۆمەڵێک بابەتی وردو پیر کە لەماوەی چلساڵی درێژدا لەگەڵ ئێمەدا بە هاوشانی دەژیان، بە بێ ئەوەی چرکەیەک سەرەنجی ئێمە لەوان وای کردبێت بیریان لێکەینەوە و بەیاخ و نرخیان پێببەخشین. بەڵام هەر ئەوکاتەی دەیان بینینەوە و هەست بە کۆنێتی خۆمان و پیرێتی ئەوانیش دەکەین، فیعلەن لەو حەقیقەتە تێدەگەین کە پێویستە ئیهتیمامیان بەینێ و ماناداریان بکەین کە ئەوان شاهیدی ئێمەن لەسەر زەوی و شاهیدی ئەوەشن کە رۆژگارێک هاوڕێی جێماوی ئێمەبوون. رەنگە هەموو ئەو شتانەشی کە من قسەیان لێدەکەم دواجار گەمژەیی بن، بەڵام ئەم جۆرە لە گەمژەیی درووستکەر و بکەری ژیانی کەسە پیرەکانە. من دەزانم لە پاریس ئێوە هێندە خێرا دەژین کە کاتتان نییە بۆ ژیان، نازانم بەڕاستی تۆ لەم قسەیەم تێدەگەیت بە باشی یاخود نا. بەڵام ئێوە لە پاریس بەردەوام بیر لە کاروبارەکانی رۆژانەتان دەکەنەوە، بیر لەوە دەکەنەوە کە دەرچن و لە دوای ئیش پیاسەکردن بۆتە ئاو و نانتان، لەهەمان کاتیشدا زەمەنی دیاریکراوتان بۆ غەمگینی نییە، زەمەنتان نییە بۆ ئەوەی لە رێگەی خەونەوە بیر لەدیاردە تاریکەکان بکەنەوە و تێبگەن کاژێرەکان بەردەوام لە تێپەڕیندان و وەستانیش لەسەر روداوەکان بەیاخێکی هەیە. رێک وەک ئەوەی لە پەنجەرەیەکەوە تەماشای کەوتنە خوارەوەی گەڵایەکی زەردی وەریو بکەین. ئێوە لە پاریس بە ئاستەم زەمەنتان هەیە بیر لە هەرشتێکی دیاریکراو بە پێی سروشتی خۆی بکەنەوە و کەمێکیش تەماشای ئەو شتانە بکەن کەوا خەریکە دەسوێن و لە ژیان دەکرێنە دەرێ. بەئاستەم بیرەوەرییەکتان هەمبەر سەعاتە تێپەڕیوو و مردووەکانی خۆتان بۆ دەگیرسێت، ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە زۆر خێرا دەژین. تەنانەت ئەم خێراییە وای کردووە بەحاڵیش خاوەنی هەڵچوونی سۆزێکی قوڵ نین بۆ شتەکان. ئێوە

پێویستتان بە کات هەیە. پێویستە دابین بن بۆ گەڕانەوەتان بۆ دواوە. تەنانەت کە دەشگەڕێنەوە بۆ دواوە پێویستە هیچ لە تێپەڕیوو و کۆن و سواوەکان لە بیر نەکەن، لەبیری نەکەن ئەو کاتانەی دەچوون بۆ کڕینی مانگانەی خواردنەکانتان، دەبێت هۆشیاریش بن کە دەرچوونی مشکێک لە کونەکەی بایەخێکی هەیە. ئێمە لە سەردەمی نوێدا لە عارەبانەی ئەسپەکانمان دابەزویوین بۆ ئەوەی سوار تراموا ببین. کاتێکیش توانای بەدەست هێنانی چارەکە سەعاتێکمان هەیە، وەک هەلێک دەیقۆزینەوە و بەشی ئەو چەند دەقیقەیە بە جادەکاندا دەگەڕێین و هەناسەکانمان دەدەینەوە. دواجار لە گەڕانەوەماندا بۆ ماڵەوە هەمیشە درەنگ دەکەوین. بۆ ئەوەی پێنج دەقە لەوێ و پێنج دەقە لێرە و پێنج دەقە لەشوێنێکی دیکە زیاتر کاتمان لەدەست داوە. وەک ئەوەش کە لە بەیانییەوە تا ئێوارە لەوەداین کە درەنگ بکەوین، زەمەنی ئەوەمان نییە باوەڕ بە خەیاڵبێنین و بیرلە رابردوو بکەینەوە. من ئەوەم بیر دێتەوە کە جاران بۆ ماوەیەکی درێژ تەنها کاتێک کە هەمانبوو ئەم شتانەبوو کە ئێوە وا خەریکن لەسەریان ژیان درووست دەکەن. بەڵام لایەزاریش هەموو ئەو جوڵان و بزاوتانە دەمترسێنن کە تۆ وادەکەیت بە منیان بناسێنیتەوە و دەتەوێت کە من بێم بۆ پاریس. بەهەرحاڵ من بڕیارم داوە و ئەم بەهارە بستێک لەم ماڵە ناجوڵێم و دەشبینیت کە من وا پیربووم و لە هەموو شتەکان دەترسم. من وەک سەنت بۆڤ دەڵێت هەنوکە دەمەوێت:

بەتەنها لەم ماڵەدا، لەدایک ببم و بژیم و بشمرم.

تکایە نیگەرانی ئەم بڕیارەم مەبە.

دێلفین.

**سەرچاوە:**

http://www.ku.ac.jp/French/i_miyaza/publique/litterature/MAUPASSANT__Souvenirs.

# کەنار دەریا



**ئالن رۆب گریە**
**و. لە فارسییەوە: محەمەد هاشمی**

ئالن رۆب گریە، نووسەر و دەرهێنەری فەرەنسییە و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی تیۆری بزووتنەوەی ئەدەبی (رۆمانی نوێ). دەکرێت لە رۆمانە گرنگەکانی وەک: (بینەر) و (قولایی هەزار چاو) و لە فیلمەکانیشی (ساڵی پێشوو لە مارینباد)،(لەگەڵ ئالن رێنە) و (قیتاری سەرانسەری ئەوروپا) ناو ببەین.

لە چیرۆکی کەنار دەریادا (١٩٦٢) کاردانەوەی بەرهەمهێنەری فیلم وەک دەرهێنەرێک زۆر بەرچاوە: وەک کامێرایەکی وێنەهەڵگر کاتی وا هەیە بەلای راست و کاتی واش هەیە بەلای چەپدا ئاوڕ دەداتەوە، جاری وا هەیە لەو سێ منداڵەی کە بابەتی سەرەکی ئەون، پێش دەکەوێت و جاری واشە لە دوایانەوە دەڕوات، بەڵام هەمیشە وەک کامێرایەک ورتەی لێوە نایەت و بەس دیمەنی بەرامبەرەکەی هەڵدەگرێت. لەم چیرۆکەدا لەوانەیە زیاتر لە نموونەکانی (رۆمانی نوێ) نووسەر خۆی بەوێنە هەڵگری راستی بەرچاو، سنووردار و قۆرخکراو کردووە.

لە کەنار دەریاکەدا سێ منداڵ خەریکن پیاسە دەکەن. دەستی یەکیان گرتووە

و پێکەوە دەڕۆنە پێشەوە. قەد و باڵایان لەیەک ئاستدایە، لەوانەیە هاوتەمەن بن: دەوری دوانزە ساڵ، بەڵام منداڵەکەی ناوەڕاست کەمێک بچووکترە لە دووانەکەی تر. کەنارەکە شریتێکی تاڕادەیەک پانە و نە ئەوەیە هەندێک بەردی پرژ و بڵاوی تیا بەدیبکرێت و نە حەوزۆکەیەک و لەنێوان دەریا و ڕۆخە بێمانەکەی بەرامبەریدا هیچ کەمێک لێژایی هەیە. ڕۆژێکی زۆر روون و پاکە. خۆر بە تیشکێکی توند و ئاسۆییەوە لمی زەردی کەنار دەریاکە رووناک دەکاتەوە. هیچ هەورێک بە ئاسمانەوە نییە. سونەی با نایەت. ئاو شینێکی تۆخە و کەمترین نیشانە لە جوڵەی دەریا تیایدا بەدی ناکرێت، لەگەڵ ئەوەدا کەنارەکە تا ئاسۆ کراویە و دیارە.

بەڵام، لە مەودایەکی دیاریکراودا و بە بەردەوامی و بەیەک شێوە و چەند مەترێک دورتر لە کەنارەکە دەردەکەوێت و لەناکاو بەرز دەبێتەوە و یەکسەر دادەڕمێت– بەردەوام لەیەک هێڵدایە. لەپێش چاوی ئینسان وا دەرناکەوێت ئاوەکە دێتە پێشەوە و دەڕواتە دواوە, بەپێچەوانەوە، وەک ئەوەوایە هەموو ئەم جوڵانە لەیەک جێدا ڕوودەدات. هاتنەسەرەوەی ئاوەکە، یەکەمجار چالاییەکی بچووکی لای کەنارەکەوە دروست دەکرد، شەپۆلەکە تۆزیک دەهاتە پێش و چەوی ڕۆکراو خڕەخڕ دەکات و بۆ ساتێکی کورت چەند پەنجەیەک لە عەرزەکە تەڕ دەکات.

دیسان هەمووشتێک دەوەستێت، دەریا ساف و شین ڕێک لەهەمان جێی کەنارە زەردەکەدا تەواو دەبێت کە منداڵەکان لەتەنیشت یەکدا پیاسە دەکەن. منداڵەکان کاڵن، تاڕادەیەک وەک هەمان ڕەنگی لمەکە: پێستیان تۆزیک تێرتر و قژیان تۆزێک کاڵتر. هەرسێکیان وەک یەک جلیان لەبەر کردووە، پانتۆڵێکی کورت و کراسێک، هەردووکی لە قوماشێکی خوری ئەستووری شینی کاڵ چنرابوو. لەتەنیشت یەکەوە دەستی یەکیان گرتبوو و بە ئاراستەیەکی ڕێک لەگەڵ کەنارەکە و بەردەکاندا دەڕۆشتن تەقریبەن لە مەودایەکی یەکسان لە هەردووکیان، بەڵام تۆزێک نزیکتر لە ئاوەکە. خۆر لە لوتکەی ئاسماندایە و سێبەر ناخاتە بەرپێیان.

لەپێش منداڵەکانەوە، لە ڕاخەکە تا دەریا، لمی زەردڕەنگ و ساف بەدرێژایی کەنارەکە ڕاکشابوو. منداڵەکان بە خێراییەکی نەگۆڕ بەرەوپێش دەچوون، بەبێ هیچ لادان و لاربوونەوەیەک، دەست لەناو دەست دا. لەپشتیانەوە لەسەر لمە شێدارەکە سێ خەتی جێگە پێی پێخاوس دەمێنێت، سێ ڕیز جێگە پێی تاڕادەیەک قوڵ و تەواو، بە دوورییەکی یەکسان لەیەکەوە. منداڵەکان سەیری پێشەوە دەکەن، نە سەیری ڕۆخەکەی لای چەپیان و نە سەیری دەریاکەی لای ڕاستیان. منداڵەکان ئاوڕ نادەنەوە و سەیری ئەو ڕێگایەی کە بڕیویانە، ناکەن. بە هەنگاوە

بچووک و بەپەلەکانیانەوە درێژە بە رێگەکەیان دەدەن.

لەپێش منداڵەکانەوە پۆلێک باڵندەی دەریایی لەسەر کەنارەکە و رێک بە لێواری ئاوەکەدا دەڕۆن، بەڵام چونکە باڵندەکان زۆر لەسەر خۆدەڕۆن، منداڵەکان دەیانگەنێ. دەریا بە بەردەوامی جێگەپێی وەک ئەستێرەی باڵندەکان دەسڕێتەوە، بەڵام جێگەپێی منداڵەکان بەشێوەیەکی بەرچاو لەسەر لمە شێدارەکە دەمێنێتەوە و سێ ریزە چاڵاییەکە درێژتر دەبێتەوە. قووڵی ئەم چاڵانە وەک یەکە: کەمتر لە یەک گرێی پەنجە. شێوەشیان تێک ناچێت، نە بە رووخانی لێوارەکانی و نە بە قووڵبوونی زۆری بەهۆی پەنجە بەرانە، یا پاژنەی پێوە: وەک بڵێی ئەم جێ پێیانەیان بە جیهازێکی میکانیکی لەسەر توێژاڵی سەرەوەی کەنارەکە جوڵاندبێ و دروستیان کردبێت، سێ هێڵی دوای منداڵەکان هەر بەوشێوەیە درێژتر دەبێتەوە، وا دێتە بەرچاو کۆ و هێواشتر دەبێتەوە و لەکۆتییدا دەبنە یەک خەت، بە درێژایی خۆیان کەنارەکە وەک دووکەرت دابەش دەکەن و ئەوسەرەکەی بە جوڵەیەکی وردی میکانیکی کۆتایی دێت، کە چونەسەرەوە و هاتنە خوارەوەی شەش قاچی رووتە (پێخاوس)، دەڵێی لەجێی خۆیاندا وەستاون و دەجوڵێنەوە.

بەڵام هەروەها کە قاچە پێخاوسەکان لە ئێمە دوور دەکەونەوە، لە باڵندەکان نزیک دەبنەوە. قاچەکان نەک هەرئەوەی توندتر دەڕۆنە پێشێ، بەڵکو مەودای شیمانەیی نێوان ئەم دوو گرووپەش توندییەکی زیاتر کەم دەبێتەوە- بە بەراورد لەگەڵ ئەومەوایەی بڕیویانە، ئەوەندە نابات تەنیا چەند هەنگاوێک لەنێوانیاندا ماوە.

بەڵام کاتێک لەکۆتاییدا وادێتە بەرچاو منداڵەکان گەیشتوونەتە باڵندەکان، باڵندەکان لەناکاو دەدەن لە شەقەی باڵ و دەفڕن، یەکەم جار یەک باڵندە، دواتر دوو دانە، دواتر دە دانە... و هەموو باڵندە خۆڵەمێشی و سپییەکان بەسەر دەریادا وەک بازنە دەفڕن و دێنەوە خوارەوە و لەسەر لمی کەنارەکە دەنیشنەوە و دەست دەکەنەوە بە رۆشتن، دیسان لە هەمان ئاراستەدا، رێک لە لێواری ئاوەکەدا، دەوری سەد مەتر پێشتر. لەم مەودایەوە جوڵەی ئاوەکە نابینرێت، مەگەر دەچرکە جارێک وا ئاوەکە لەکاتی رژانی کەفی شەپۆلەکانیدا و لەژێر تیشکی خۆیدا رەنگ دەگۆڕێت. سێ منداڵە گەنمرەنگەکە بێ گوێدانە ئەو خەتانەی کە بە ئەو وردییەوە لە لمی دەژی کەنارەکەدا بەجێی دێڵن و بێ گوێدانە ئەو شەپۆلە وردانەی لە دەستی راستینەوە و باڵندەکان، وا لە پێشیانەوە جارجار دەفڕن و جارجار بە پێیان دەڕۆن، دەستی یەکیان گرتووە و بە هەنگاوگەلێکی رێک و بەپەلە بەرەوپێشەوە دەڕۆن.

ئەو دەموچاوانەی خۆر سووتاندوونی و لە قژیان تۆخ ترە، لەیەک دەچن. شێوەی دەمووچاوەکان وەک یەکن: مکوڕ، لەبیرکردنەوەیەکی قوڵدا، لەوانەشە کەمێک نیگەران. ئەندامەکانی دەموچاویان وەک یەکە، هەرچەند دیارە دوو دانە لە منداڵەکان کوڕە و یەکێکیان کچ. قژی کچەکە کەمێک درێژترە و کەمێک و کەمێکیش لولتر، هەروەها دەست و قاچی کەمێک درێژترە، بەڵام جلەکانیان یەکێکە، پانتۆڵی کورت و کراس، کە لە قوماشێکی خوری ئەستووری کاڵە.

کچەکە لای راست، تەنیشت دەریا. لای چەپی کچەکە کوڕێک دەڕوا بەڕێوە کە کوڕەکەی کە کەمێک کورتترە. ئەو کوڕەی کە لای راخەکەوەیە (بەردەڵان) لەگەڵ کچەکەدا یەک باڵایان هەیە. لەپێشیانەوە تا چاو بڕ دەکات لمی ساف و زەرد راخراوە. لای چەپیانەوە دیوارێکی قاوەیی، کە هیچ رێگایەکی تیا دیار نییە، تەقریبەن ئاسۆیی وەستاوە. لای راستی ئەوانەوە پانتایی دەریای بێ جمە و شین کۆتایی دێت بە لێوارەی شەپۆلێکی بچووک کە یەکسەر دەشکێت و بە کەفی سپییەوە رادەکات. دە چرکە دواتر، دیسان هەڵدەئاوسێت و هەمان چاڵایی لە کەنارەکەدا دروست دەکات و وەک کۆمەڵێک زیخی هەڵڕژاو دادەخزێ و دەنگی دێت.

شەپۆل دەشکێ، کەفێکی وەک شیر دیسان لەسەرەولێژی قەەراخەکە دەچێتە سەرەوە و چەند بستێک خاکی لەدەستچووی بەدەست دەهێنێتەوە. لە بێدەنگیدا دوای دەنگی لێدانی زەنگی کڵێسەیەکی دوور بڵاو دەبێتەوە، لە هەوا و کەشێکی هێور و ئارامدا.

ئەو منداڵەی بچووکترینە لە نێوانیاندا، ئەوەی لە ناوڕاستدایە، دەڵێت "دەنگی زەنگی کڵێسەکەیە"، بەڵام دەنگی غەرەغەرەی لم لە دەمی دەریادا دەنگی کزی زەنگەکەی دادەپۆشی. منداڵەکان دەبێت تۆزێکی تر بوەستن، بۆئەوەی گوێیان لە چەند لێدانی کۆتایی دەنگی زەنگەکە بێت لەدوورەوە. کوڕە گەورەکە دەڵێت "زرینگەی یەکەمە" شەپۆلێک لەلای راستەوە دەشکێت. دواتر دیسان بێدەنگی، منداڵەکەی کە هیچ دەنگێک نابیستێت.

سێ منداڵە گەنمڕەنگەکە هێشتا بەهەمان رەوتی یەکسان دەستیان لە دەستی یەکدیدایە و دەڕۆن. لەپێشیانەوە لەناکاو لە پۆلی باڵندەکاندا، کە چەند هەنگاوێک دوورە لێیانەوە، قاوقیژێک دروست دەبێت: دەدەن لە شەقەی باڵ و دەفڕن. دیسان هەمان فڕەی بازنەیی بەسەر ئاوەکەدا لێدەدەن و دواتر دێنە خوارەوە و دیسان رێک لە کەناری ئاوەکەدا، سەد مەترێک پێش منداڵەکان، لەهەمان ئاڕاستەدا دەنیشنەوە و دەکەونە رێ.

منداڵی یەکەم درێژە دەداتە قسەکانی و دەڵێت "لەوانەیە دەنگی زەنگی یەکەم نەبووبێت، ئەگەر زەنگی پێشووتریمان نەبیستبێت..."، منداڵەکەی تەنیشتی دێتە وەڵام "دەبوایە بمان بیستایە"، بەڵام ئەم وتووێژە نەوا و شێوازی رۆیشتنەکەیانی نەگۆڕیوە، هەر لەوێدا جێگە پێکانی دواوەوەیان لەژێر شەش جێگەپێی پێخاوسدا لەسەر لمەکە بەردەوامە. کچەکە دەڵێت "پێشتر ئەوەندە نزیک نەبووین". دوای کەمێک منداڵە گەورەترەکە، کە لە لای راخەکەوەیە، دەڵێت: "هێشتا رێیەکی زۆرمان ماوە".

دواتر هەرسێکیان لە بێدەنگیدا درێژە دەدەنە رێگەکەیان. بێدەنگ دەبن تا ئەوەی دیسان دەنگی زەنگی کڵێسەکە، بەهەمان شێوە ناڕۆن، لەهەوا بێدەنگ و ئارامەکەدا بڵاو دەبێتەوە. کوڕە گەورەترەکە دەڵێت "دەنگی زەنگە". ئەوانی دیکە وەڵامێک نادەنەوە.

باڵندەکان، وا ئەوەندەی نەمابوو منداڵەکان بیانگەنێ، دەدەن لە شەقەی باڵ و دەفڕن، یەکەمجار باڵندەیەک دواتر دوو باڵندە، دواتر دە دانە و... هەموو پۆلە باڵندەکە دیسان لەسەر کەنارەکەن و سەدمەترێک لەپێش منداڵەکانەوە بەدرێژایی کەنارەکە کەوتوونەتە رێ.

دەریا بە بەردەوامی ئەو جێپێیانەی وەک ئەستێرەوان و هی باڵندەکانن، دەسڕێتەوە، بەڵام منداڵەکان دەست لەناو دەست بە مەودای سەدمەتر لە رۆخەکەوە دەڕۆن و جێگەپێ قوڵەکەیان بەجێ دەمێنێت، سێ جێگەپێکە لە کەنارەکەدا زۆر درێژ لە ئاراستەی ئاوی دەریاکە درێژە دەبێتەوە. لای راستی دەریا، لای دەریای ساف و بێ جوڵە، هەمان شەپۆلی بچووک بەردەوام هەر لەوێدا دەشکێت.

**سەرچاوە:**

وەرگیراوە لە سایتی (ادینە)، ژ(٦٠).

# مردوویەک بە هەڵە



**دینۆ بۆتزانی**
**و. لە فارسییەوە: حەمە قادر**

لۆچۆ پێ دونتزانی، نیگارکێشی بەناوبانگی چلوشەش ساڵان، کە ماوەیەکی زۆربوو لە ماڵە گەشتیارییەکەی خۆی لە ڤیمەرکاتە، گۆشەگیرانە دەژیا، بەیانییەک کە رۆژنامەکەی کردەوە، بەڕادەیەک دۆشداما کە لە جێگەکەی خۆی وشکبوو، چونکە لە خوارەوەی لاپەڕەی سێیەمی رۆژنامەکە، لای راست، بەناونیشانێکی گەورە ئەمە نووسرابوو:

پرسەی هونەری ئیتاڵی، لۆچۆ دۆنتزانی، نیگارکێشی بەناوبانگ کۆچی دواییکرد.

دواتر لەژێرەوە یاداشتێکی کورت بە پیتی ئیتالیک نووسرابوو:

"ویمەر کاتە: ٢١ی فێبرایەر، دوو رۆژ بەر لەئێستا لۆچۆ دونتزانی نیگارکێش، بەهۆی نەخۆشییەک کە پزیشکەکان لە بەرامبەر ئەو نەخۆشییەدا هیچیان پێ نەکرا، کۆچی دواییکرد. خوالێخۆشبوو خۆی داوایکردبوو کە هەواڵی مردنی دوای مەراسیمی ناشتنی تەرمەکەی رابگەیەنرێت".

یەکسەر دوای ئەم هەواڵە، وتارێکی زۆر ستایشئامێزانە لە ستوونێکدا بۆ وەسفی کەسی مردوو نووسرابوو کە لێوانلێو بوو لە ستایش و پیاهەڵدانێکی زۆر و ئیستیڤانی (رەخنەگری گەورەی هونەر) واژۆی لەسەردانابوو. لەگەڵ وتارەکە تەنانەت وێنەیەکی دۆنتزانی کە نزیکەی بیست ساڵ پێشتر گرتبووی، چاپکرابوو. دۆنتزانی، حەپەساو و سەری سوورمابوو و نەیدەتوانی باوەڕ بە چاوەکانی بکات. بە گڕوتینێکی زۆرەوە وتاری مردنەکەی خۆی خوێندەوە و بە پەلە توانی لە چاوتروکاندنێکدا ئەو تانە و تەشەرە ژەهراوییانە بناسێتەوە کە بە دبلۆماسییەتێکی زیرەکانەوە لە دووتوێی وەسفێکی ستایشئامێز، لێرە و لەوێ خزێنرابووە ناو وتارەکەوە.

دۆنتزانی یەکسەر دوای ئـەوەی هاتەوە سـەرخـۆی، بەهاوارکردن هاوسەرەکەی بانگ کرد:

ماتیلدا! ماتیلدا!

ژنەکەی لە ژووری تەنیشەوە وەڵامیدایەوە:

چی بووە؟

پرە دونتزانی بە دەنگێک وەک تووشی پەرکەم بووبێت وتی:

– وەرە، خێرا... ماتیلدا!

– راوەستە دەقەیەک! خەریکی ئوتوکردنم.

– وتم وەرە!

دەنگی بەڕادەیەک دڵەڕاوکێی تێدا بوو، کە ماتیلدا ئوتوەکەی جێهێشت و بە خێرایی خۆی گەیاندە لای.

نیگارکێشەکە رۆژنامەکەی بۆ راگرت و بە ناڵەکردنەوە وتی:

– بیگرە... بیخوێنەوە!

ژنەکەی رۆژنامەکەی وەرگرت و یەکسەر رەنگی بەڕووەوە نەما و دواتر بە نالۆژیکییەتێکی ژنانەی سەرسوڕهێنەر، زۆر بە نائومێدانە دای لە پڕمەی گریان. لەگەڵ هەڵڕشتنی پەیتاپەیتای فرمێسکەکانی، پچڕ پچڕ وتی:

–ئای! لۆچۆی من...! لۆچۆی داماوم، هەموو ماڵ و سامانی من...

ئەم دیمەنە پیاوەکەی زیاتر تورەکرد:

– ماتیلدا شێت بووی؟! نابینی ئەوەتا من لێرەم؟ تێناگەی هەڵەیەک ڕوویداوە، هەڵەیەکی ترسناک؟

ماتیلدا دەستبەجێ شین و ڕۆڕۆکەی وەستاند، سەیری مێردەکەی کرد و رووخساری بەتەواوی هاتەوە سەرخۆ. دواتر بەوخێراییەی کە ساتێک پێشتر

هەستی کردبوو بووەتە بێوەژن، بەکاریگەری ئەو دۆخە پێکەنینهێنەرەی باسەکە، شێوەی گۆڕا و لەپڕ شڵەژا و دای لە قاقای پێکەنین.

لەکاتێکدا پێدەکەنی و دەنگەدەنگێکی زۆر زۆری نابوویەوە، وتی:

– وای خوایەگیان!... چەند پێکەنیناوییە! ئاه! ئاه! چەند بەسەرهاتێکی سەیرە! بمبوورە، لۆچۆ، بەڵام دەزانی... پرسە بۆ هونەر.. لەکاتێکدا تۆ تەندروست و سەلامەت لێرەی...!

نیگارکێشەکە لە جێگەکەی دەرپەڕی:

–زۆرباشە، بەسە! تێناگەی؟ زۆر ترسناکە، بەڕاستی ترسناکە! ئاه! ئێستا لەگەڵ بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە قسە دەکەم! بەدڵنیاییەوە دەبێ باجێکی قورس بۆ ئەم گاڵتەکردنە بدات. لۆچۆ دۆنتزانی بەخێرایی بەرەو شار کەوتەڕێ و یەکسەر رووی لە ئۆفیسی ڕۆژنامەکە کرد. بەڕێوەبەر بە ڕێز و میهرەبانییەوە پێشوازیی لێکرد:

– مامۆستای ئازیز، تکایە فەرموو دانیشە. نا، نا، ئەم قەنەفەیە ئاسودەترە. حەزت لە جگەرە نییە؟ ئاه! ئای لەم چەرخانە هیچکات بەباشی کارناکەن، پیاو پەست دەکەن. فەرموو، ژێرجگەرەکە ئەوەتا... ئێستا گوێم بۆ گرتووی، خێرە رووتان لە ئێرە کردووە؟

ئایا خۆی وادەنـواند یان بەڕاستی نەیدەزانی کە ڕۆژنامەکەی چی بڵاوکردووەتەوە؟

پرە دونتزانی سەری لێشوابوو:

– بەڵام... بەڵام... لە ڕۆژنامەی ئەمڕۆ... لاپەڕەی سێیەم... هەواڵی مردنی من چاپکراوە!

– مردنی ئێوە؟!

بەڕێوەبەرەکە بە خێرایی ڕۆژنامەیەکی قەدکراو کە لەسەر مێزەکە دانرابوو، هەڵگرت و کردییەوە. هەواڵی مردنەکەی خوێندەوە و وادیاربوو لە بابەتەکە گەیشت. دیارە ماوەیەک تووشی دوودڵی بوو، بەڵام بە یەک لەسەر چەندی چرکەیەک و بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر خۆی کۆنترۆڵ کرد، کۆکەیەکی کرد و وتی:

– ئاه!ئاه! ڕاستە... بەڕاستی هەڵەیەکی بچووک ڕوویداوە... جیاوازییەکەی بچووکی هەیە... لەم کاتەدا لە باوکێک دەچوو کە رووکەشانە منداڵەکەی سەرکۆنە بکات لەبەرئەوەی ڕێبوارێکی هەراسان کردووە.

دۆنتزانی نەیتوانی لەوە زیاتر خۆی ڕاگرێت و بە توڕەییەوە وتی:

هەڵەی بچووک!؟ ئێوە منتان کوشتووە، بەڵێ، ئێوە ئەم کارەتان لەگەڵ کردووم! زۆر ترسناکە!

– بەڵێ، بەڵێ، رەنگە وابێت... مەبەستم ئەوەیە کە... دەقی هەواڵەکە... ئەها... بەڵێ هەواڵەکە کەمێک زیاتر لە مەبەستی ئێمە لایداوە... لەلایەکەوە، هیوادارم هەستت بە بەهای راستەقینەی ستایشی رۆژنامەکەی من بۆ هونەری ئێوە کردبێت.

– ستایشێکی نایابە! ئێوە منتان ماڵوێران کردووە!

– ئەها!... نکۆڵی لەوە ناکەم کە هەڵەیەکی بچووک ڕوویداوە...

– چۆن؟! لێرە نووسیوتانە کە من مردووم، بەلام من زیندووم... و بەمەش دەڵێی هەڵەی بچووک؟! من چاوەڕێم پۆزش و راستکردنەوەیەکی شایستە بنووسن، هەر لەم شوێنەی کە ئەم هەواڵ و وتارە سەرەکییە چاپکراوە. هەروەها هەموو مافێکی قەرەبووکردنەوەی زیانەکەی بۆ خۆم بە پارێزراو دەزانم!

– زەرەر و زیان؟ بەڕێز– لەمکاتەدا بەڕێوەبەر لە (مامۆستا)وە هێنایە سەر(بەڕێز)ێکی سادە و ساکار و ئەمەش بەهیچ شێوەیەک ئاماژەیەکی باش نەبوو– ئێوە لەوە تێناگەن کە چەند چانسێکی نایاب ڕووی لە ئێوە کردووە! هەر نیگارکێشیکی تر بووایە لە خۆشیدا دە مەتر بەرزدەبوویەوە...

– چانس؟!

– بەڵێ، چانس! چۆن چانسێکیش! کاتێ نیگارکێشێک دەمرێت، نرخی تابلۆکانی بەشێوەیەکی بەرچاو دەڕواتە سەرەوە. ئێمە بێ ئەوەی خۆمان بزانین، خزمەتێکی زۆر بە ن...ر...خمان بەئێوە کردووە!

– گەر وابێت من دەبێ خۆم بە مردوو بدەمە قەڵەم؟ دەبێ دیار نەمێنم؟ بێگومان ببمە هەڵم و بڕۆم بەئاسمانا؟

– بێگومان! هەڵبەت بەومەرجەی ئەگەر بتانەوێت سوود لەم دەرفەتە بێوێنە و دەگمەنە وەرگرن... ها؟ خۆ ئێوە ناتانەوێت فرسەتێکی واتان لەدەست دەربچێت؟ کەمێک بیربکەنەوە: پێشانگایەکی گەورە و ڕازاوە دوای مردن لەگەڵ ریکلامی باش، هەماهەنگی پێشانگاکە... ئێمە چیمان پێ بکرێت بۆ بانگەشەکردنی ئەم پێشانگایە، دەیکەین. مامۆستای ئازیزم! قسەکە لەسەر چەندین ملیۆنە...

– بەڵام لەناو ئەم هەموو باسە ئەی من چیم بەسەردێت؟ دەبێت لەبەرچاو نەمێنم؟

– باشە... ئێوە براتان نییە؟

– هەمە، بۆچی؟ لە ئەفریقای باشوور دەژی.

– زۆرباشە! لە خۆتان دەچێت؟

– تاڕادەیەک، بەڵێ، بەڵام ریشی هەیە.

زۆر نایابە! ئێوەش ریش بهێڵنەوە و بڵێ برای لۆچۆی. زۆر ئاسانە. وەک ئاوخواردنەوە... متمانەتان بەمن هەبێت: واباشترە لێگەڕێی شتەکان بەسرووشتی بۆ خۆیان بڕۆن... بەدەرلەمەش دەبێ لە مەبەستی من تێبگەن... ئەو راستکردنەوەیەی کە باست کرد... دیار نییە، کە هیچ سودێکی هەیە یان نا، لەم دۆخانەدا ئەوانەی دیسانەوە زیندوو بوونەتەوە، هەمیشە هەستی هاوسۆزی ئەوانی تر بۆ خۆیان مسۆگەر ناکەن... خۆشتان باش دەزانن کە لە ناوەندی هونەریدا چیتان بەسەردێت، زیندووبوونەوەی ئێوە دوای ئەو هەموو وەسف و ستایشەی کە لەدوای مەرگەوە بۆ ئێوە دەکرێت، شوێنەواری زۆر نەشیاو جێدێڵێت و زیاتر بارودۆخێکی گوماناویش دروست دەکات!

لۆچۆ دۆنتزانی نەیتوانی کەمترین قسەش بکات. گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی. لە ژوورەکەی خۆی شاردەوە و لێگەڕا ریشی درێژ بێت. ژنەکەی کەوتە ماتەم و پرسەوە. هاوڕێکانی بۆ سەرەخۆشی سەردانیان کرد، بەتایبەتی ئۆسکار پرادلی، کە ئەویش نیگارکێش بوو و لە هەموو شوێنێک وەک سێبەری لۆچۆ دۆنتزانی ناویان دەهێنا، زۆری نەبرد کڕیارەکان خۆیان گەیاندە ماڵەکەی، بازرگانەکان، ئەوانەی کۆلێکشنەرەکان، ئەوانەی بۆنیان تیژە و هەست بە مامەڵەی پڕ سوود و قازانج دەکەن. ئەو تابلۆیانەی کە پێشتر نرخیان بەزەحمەت دەگەیشتە چل پەنجا هەزار لیرە، ئێستا بەئاسانی بەنرخی دووسەد هەزار دەفرۆشرا. دۆنتزانی، لەوێ لە حەشارگەکەی خۆی بەردەوام تابلۆی دەکێشا و هەڵبەت ئەوەشی لەبیر نەدەکرد کە بەرواری کۆن لەسەر تابلۆکان دابنێت.

مانگێک تێپەڕی. پرە دۆنتزانی لەماوەی ئەم مانگەدا ریشی بەئەندازەی پێویست درێژ بووبوو. مەترسی دایە بەرخۆی و لە ژوورەکەی هاتەدەرەوە. ئەو لای هەمووکەس وای دەردەخست کە برای لۆچۆیە و لە ئەفریقای باشوور گەڕاوەتەوە. چاویلکەیەکی لەچاو کردبوو و بە زاری ناوچەیی قسەی دەکرد. ئەو کەسانەی کە دەیانبینی دەیانوت چەند لە براکەی دەچێت.

لە یەکێک لە گەڕانەکانی دوای ماوەیەک ژیان لە حەشارگەیەکی شاردا، بەهۆی فزوڵییەوە ڕووی لە گۆڕستان کرد. لە گۆڕستانی خێزانیدا، لەسەر بەردێکی جوانی مەڕمەڕ، بەردتاشەکە سەرقاڵی هەڵکۆڵینی ناو و مێژووی لەدایکبوون و مردنی ئەم بوو. بە بەردتاشەکەی وت کە برابچووکی لۆچۆیە. دواتر قوفڵی دەرگا بچووکەکەی شوێنی گۆڕەکانی کردەوە و رۆیشتە ناوەوە.

تابووتی خزمەکانی لەسەریەک هەڵچنرابوو. خزمە مردووەکانی چەند زۆربوون: نۆ کەس! تابووتەکەی ئەویش هێشتا لەوێ بوو. باشە! لەسەر پلێتی مسی تابووتەکە ناوی خۆی خوێندەوە: لۆچۆ پرە دۆنتزانی, دەرگاکەی تابووتەکە بە برغوو بە تابووتەکەوە قایمکرابوو. بە پەنجەی چەماوە و بە ترسێکی نادیارەوە، دەیکێشا بە دیواری سندووقەکاندا. لە تابووتەکەوە دەنگێکی تایبەت بەرزبووەوە کە ئاماژەبوو بۆ ئەوەی بەخۆشحاڵییەوە خاڵی و بەتاڵە!

زۆر سەیربوو، جارلەدوای جار، کە سەردانەکانی ئۆسکار پرادەلی زیاتر بوو، ماتیدا زیاتر دەگەشایەوە. رۆژبەرۆژ گەنجتر دەبێتەوە. وادیاربوو کە پرسەی پێدەکەوێت. دۆنتزانی بە هەستێکی تێکەڵ بە چێژ و ترسەوە، تەماشای ئەم گۆڕانەی هاوسەرەکەی دەکرد. شەوێک تێگەیشت کە لە دەروونیدا هەستێکی نوێ دروستبووە کە لە چەندین ساڵ پێشترەوە مردبوو: ئارەزووی خەوتن لەگەڵ ژنە بێوەژنەکەی.

بەڵام ئایا خۆش خزمەتی و هاتوچۆی (پرادلی) نائاسایی و نابەجێ نەبوو؟ کاتێک دۆنتزانی ئەم بابەتەی لای ماتیدا باسکرد، ژنەکە وەک حاڵەتێکی هێرشکردن، کاردانەوەیەکی توندی نواند:

– تۆ چیت بەسەرهاتووە؟ ئۆسکاری داماو! تاکە هاوڕێی راستەقینەت. تەنها هاوڕێیەکت کە لەدوای مردنت لە دڵەوە هەستی بە پەژارە کرد. ئەو خۆی دەخاتە زەحمەتەوە کە دڵم بداتەوە و هێورم بکاتەوە و تۆش گومانت لێی هەیە! دەبێ شەرم لەخۆت بکەی!

لەم سەروبەندەدا، پێشانگای تابلۆکان کە دوای مردنی لۆچۆ رێکخرابوو، سەرکەوتنێکی کەموێنەی بەخۆوەبینی. فرۆشی تابلۆکان جگە لە هەموو تێچوونەکان، پێنج ملیۆن و نیو لیرە قازانجی بوو، بەڵام زۆری نەبرد کە فەرامۆشی بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر، دۆنتزانی و کارەکانی لەناو خۆیدا نقوم کرد. لە ستوونی رۆژنامەکان و هەورەها لاپەڕەی گۆڤارە هونەرییەکان، بەدەگمەن ناوی ئەو دەنووسرا.

نیگارکێشی داماو بە سەرسوڕمان و غەمگینییەکی زۆرەوە دەیبینی کە تەنانەت بەبێ لۆچۆ دۆنتزانیش جیهان لەسەر رەوتی خۆی بەردەوامە: خۆر وەکجاران هەڵدێت و ئاوا دەبێت، خزمەتکارەکان هەموو بەیانییەک فەرشەکان دەتەکێنن. شەمەندەفەرکان بەرەو شوێنی مەبەست دەڕۆن. خەڵک دەخۆن و رادەبوێرن و شەوانیش کوڕان و کچان، وەک هەمیشە لە بەرامبەر سیاجی پارکەکەدا، یەکتر ماچ دەکەن.

ڕۆژێک ئەم پیاوە مردووە، کاتێ دوای گەشتکردن بە دەشت و گردەکاندا گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، پاڵتۆی هاوڕێ خۆشەویستەکەی (ئۆسکار پرادلی) لە جێ پێڵاوی ماڵەکەیدا ناسییەوە. ماڵەکە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر حاڵەتێکی ئارام و خۆمانەی هەبوو و لەپشت دیوارەکانەوە دەنگێکی زۆر هێواش، چرپەی خەفەکراو لەگەڵ ئاە و ناڵەی ناسک و پڕ لە خۆشەویستی بەرگوێ دەکەوت.

پرە دۆنتزانی ساتێک راوەستا و پاشان لەسەر نووکی پێ گەڕایەوە بۆ لای دەرگاکە. بە هێواشی لە ماڵەکەی هاتەدەر و بەرەو گۆڕستان کەوتەڕێ. شەوێکی بارانی و ئەهوەن بوو.

لۆچۆ پرە دۆنتزانی کاتێک خۆی لەجێگەی گۆڕی خێزانیدا بینییەوە، سەیری دەوروبەری کرد. لە چواردەوری گۆڕستانەکە، هیچ گیانلەبەرێک بەدەرەوە نەبوو. دواتر دەرگای شوێنی گۆڕەکانی کردەوە و ڕۆیشتە ناوەوە. شەو پەیتاپەیتا تاریکتر دەبوو و سێبەری ڕەشی خۆی دەخزاندە نێو گۆڕەکانەوە. لۆچە بەهێمنی و بێ پەلەکردن بەیارمەتی چەقۆیەک دەستیکرد بە کردنەوەی برغۆکانی دەرگای تابووتە تازەکە، تابووتەکەی خۆی، تابووتی لۆچۆ پرە دۆنتزانی.

دەرگای تابووتەکەی کردەوە و بە هێمنییەکی تەواوەوە، لەپشت دەرگاکەوە راکشا و جوڵەی لەخۆی بڕی. لەم کاتەدا هەستێکی هەبوو کە وایدەزانی شایستەی مردووەکانە لەکاتی خەوی ئەبەدیدا. ئەم دۆخە سەرسوڕهێنەرەی زۆر ئاسانتر لەوەی چاوەڕوانی دەکرد، بەدەستهێنابوو.

پاشان، بێ ئەوەی کەمترین دڵەڕاوکێ دزە بکاتە دەروونییەوە، زۆر بەکاوەخۆ، دەرگای تابووتەکەی لەسەرخۆی داخست، کاتێ هێشتا درزێکی بچووک مابوو، چەند ساتێک گوێی بۆ دەنگەکانی دەرەوە هەڵخست نەوەک بانگیان کردبێت، بەڵام کەس ئەوی بانگ نەکردبوو.

دواتر دەرگای تابووتەکەی بەتەواوی داخست.



# هونەر

## هونەر

پەیکەرسازیی سەردەمی نوێ **تەها ئەحمەد رەسوڵ**

پێگەی سینەما لە رۆژهەڵاتی کوردستان و... **شەریف فەلاح**

دیدار لەگەڵ فۆتۆگرافەری جەنگ (کەیت بروکس) **و. ئارا ئەمین**

لەیلا حاتەمی: سینەما شوناسی منە **و. جەواد حەیدەری**

# پەیکەرسازیی سەردەمی نوێ



**تەها ئەحمەد رەسوڵ**

لەنێوان هونەری نیگارکێشان و گرافیک و پەیکەرسازیدا پەیوەندییەکی ئاشکرا بوونی هەیە، وەلێ مێژووی هەریەکەیان تارادەیەک جیاوازە و هەریەکەیان بەشێوەیەکی گشتی بۆ مەبەستێک تێدەکۆشێت و دیسانەوە جیاوازی پێوە دیارە. لە سەدەی بیستەم و بیستویەکەمیشدا هێشتاکە تابلۆ رۆنییەکان لەلایەن هونەردۆستانەوە بەهەند وەردەگیرێت، بەتایبەتیش ئەو تابلۆیانەی لەرووی قەبارەوە هێندە زەبەلاح و گەورە نین تاوەکو هەموو کەسێک بتوانێت لەناو ماڵەکانیان هەڵیانبواسن، بەڵام سەبارەت بە پەیکەرەکان رەنگە دۆزینەوەی شوێن و جێگەی شیاو لەناو ماڵەکاندا کارێکی سەخت بێت، ئەمەش لەو وەختەدا کە ماڵەکانیش رووبەریان تەنگتر بووەتەوە بە بەراورد بە ماڵە گەورەکانی پێشوو، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە پەیکەرسازیی وەها دەخوازێت بەشێوەیەکی گشتگیر تەماشایان بکرێت، بەڵکو لە هەموو لایەکیشەوە، لێرەشدا زیاتر مەبەست لە پەیکەرە بەرجەستەکانە کە دووریەکان ئامانجیەتی و پێویست دەکات لە هەموو لایەکەوە بخرێنە بەر نیگا. دەشێت لە روانینێکدا ئەگەر راگوزەرانەش بێت تابلۆیەک بەسەربکرێتەوە، وەلێ هەمان روانین بۆ پەیکەرێکی تاشراو یان ئامادەکراو رەنگە کاتێکی شیاوتری بوێت و تەنانەت سوڕانەوەش بەدەوریدا،

یان بەرزبوونەوە و نیگاکردنی لەژێریشەوە، هەربۆیە شوێنی گونجاو هێندەی تر کارە هونەرییەکە بەتینتر دەکات و هەقی تەواوی خۆی دەداتێ، بۆ نموونە ناوەڕاستی گۆڕەپان و ئەو باخچانەی بۆیان تەرخان دەکرێت کە زۆر جیاوازن بە رووبەری ماڵەکان و گۆشەی خانووەکان.

پەیکەرتاشین و پەیکەرسازیی وەک لێکچوویەکی هونەری تەلارسازیی لێهاتووە و لەڕووی ستاتیکا و هاوسەنگکردنی ئەندازەی تەلارەکانەوە بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە بینا و تەلارەکانیش، نموونەی بەرچاو کارەکانی (مایکل ئەنجیلۆ)یە، کە بەئەنجامی گەیاندوون لە گۆڕستانەکانی ئال میدیچی لە فلۆرەنسا و کارەکانی (بێرنینی) لە کڵێسای سان پیتەر لە رۆما، رەوشی پەیکەرەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە گۆڕانیان بەسەردا هات و چوون پاڵ تەلارەکانەوە وەک رەگەزێکی نەخشەسازیی و زەخرەفەیەک نەک هەبوونێکی سەربەخۆ و تەواوکەری واتای هەبوونی تەلارەکان کە گوزارشتیان لێبکەن. یان نزیک لە هۆڵی نمایشی شانۆ و هۆڵەکانی دیکە وەک پێداویستییەکی ستاتیکی بەوپێیەی شوێنەکان رەنگرێژ بکەن بە جوانی و بایەخی خۆیان.

لە سەردەمی نوێدا دۆخەکە تەواوێ گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و پەیکەر زیاتر لە تابلۆکان بووەتە تەواوکەری خواستەکان و بۆ ئەوانی تر کار دەکات، دەکرێت بوترێت لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە مەگەر دانسقە بێت کە کارێکی پەیکەرسازیی بۆ ئەو مەبەست و مەرامانە دروست نەکرابێت، ئەوەش خۆی لەو دیراسانەدا دەبینێتەوە کە بۆ شاکارە مەزنەکان کراوە، لە ئاکامدا پەیکەرتاشەکان زیاتر لە نیگارکێشەکان کەوتوونەتە بەر خواستی ئەوانی تر و داوایان رووبەڕووبووەتەوە کە کارەکان بەئەنجام بگەیەنن، بەواتای زیاتر ئەرکیان بۆ هێنانەدی مەرامی ئەوانی تر و دامودەزگاکان بووە وەک لە مەرامە خودییەکانیان، بێگومان بەو پێودانگانەش کە خواستەکان ویستوویانە نەک بەو پێوەرانەی بۆ کەسێتیی هونەرمەندەکە دەگەڕێنەوە. لەو وەختەوە تاوەکو ئێستا هۆکاریی ئەو مەبەست و مەرامانەیە وایان کردووە پەیکەرەکان شتێک لە کلاسیکییان تێدا بمێنێتەوە و زۆر نەتوانێت رەچە بشکێنێت وەک لە هونەری نیگارکێشاندا روویداوە.

هونەرمەندانی نوێ، کاریگەرخوازان نەیانتوانی چیتر بـەردەوام بن لە کارکردنی باودا و شۆڕشە هونەرییەکەیان لە دەسپێکدا سەخت کەوتەوە، چونکە قبووڵ نەدەکران و لەلایەن هونەردۆستانەوە تابلۆکان نەدەکڕدران، وەلێ ئەمە بۆ پەیکەرتاشەکان سەختتر بوو، سەرباری ئەوەش لە کۆتاییەکانی سەدەی

نۆزدەیەمدا شۆڕشێک لە پەیکەرسازیدا بەرپا بوو کە هیچ بایەخێکی کەمتر نەبوو لەوەی کاریگەرخوازان کردیان لە بواری وێنەکێشانی رۆنیدا. هەموو ئەمەش لەسەر دەستی پەیکەرتاشێکی وەکو رۆدان (١٨٤٠- ١٩١٧) هاتە ئەنجام لەپاش دۆناتیلۆ و مایکل ئەنجلۆ و برنینی کە مەزنترین پەیکەرتاشەکان بوون لە مێژووی هونەری رۆژئاوادا، دەکرێت سرووشتی بێت وەختێ کاریگەرییەکانی رۆدان بەراورد بکەینەوە بە کاریگەریی کاریگەرخوازان، هەرچەندە ئەو سەر بەو رەوتە هونەرییەش نەبوو، بەڵام هاوڕا بوو لەگەڵیاندا لە دیدگای هونەرییەوە و پێی باش بوو چیتر پەیکەرسازیی لە فەزای سەردەمی رێنیسانسدا نەخولێتەوە، ئەو کلێشەبەندیی هاودەمە ئەکادیمییەکانی خۆی رەتدەکردەوە کە هەمیشە لەژێر کاریگەریی پەیکەرتاشە مێژوویەکاندا بوون و بەو ستایلە کاریان دەکرد و بە مامۆستایانی خۆیان ئەژماریان دەکردن، لەکاتێکدا خودی رۆدان کاریگەریی ئەوانیشی لەسەر بوو و هیچ دڕدۆنگ نەبوو بەرامبەر بە ریشەی هونەرییان لە نموونەی پەیکەری یۆنانی و سەردەمی رێنیسانس.

رۆدان هیچ قوتابخانەیەکی هونەریی نەخوێندبوو تەنها ئەوە نەبێت کە مەشقە سەرەتاییەکانی لە قوتابخانەی (بتایت) دەکرد، کە شوێنی پیشەگەرییەکان بوو و زەمینەی بۆ خۆشکرد وەک قوتابخانەیەک وانەکانی لێوە فێر ببێت، لەو وەختەشدا دوو شێوازی سەرەکی باو هەبوون کە ئەوانیش هەڵکۆڵین و خەملاندن بوون، لە هەڵکۆڵیندا هونەرمەند کەرەسەکەی لە بەرد و دار و شتی ترەوە چارەسەر دەکرد ئەوەش لەڕێی لابردنی بەشە زێدەکانەوە، واتە وەک (مایکل ئەنجلۆ) وایدەبینی کە بابەتەکەی لەناو کەرەستەکەدایە و شتە زیادەکانی لەسەر لادەبات تاوەکو بەیان ببێ و بەرجەستە ببێت، کارەکەی رێی بە هیچ هەڵەیەک نەدەدا، چونکە هەر شتێک لەو بابەتە رووی بدایە وێنەکەی دەشێواند، هەرچی شێوازی دامەزراندن و خەملاندنیشە بەپێچەوانەی هەڵکۆڵینەوە لێزیادکردنە بۆ گەیشتنە فۆرمی داواکراو لەڕێی ماتریالی نەرمی وەک قوڕ و مۆمەوە، لەمیانی ئەم جۆرە کارکردنەشدا کارە هونەرییەکە دووچاری گۆڕان دەبێت، یاخود چاکسازیی و گرتنەبەری رێڕەوەی دیکە، لەم جۆرە کارکردنەدا هەڵەی گەورە روونادات و دەکرێت هەر بەش و یەکەیەک لە کارەکە لاببرێ یان سەرلەنوێ دابمەزرێتەوە، واتە بیرۆکەی کار و بابەتەکە دەشێت لەمیانی کارکردنەوە فۆرمەلە بکرێت و بێتە پێکهێنان و چۆنێتی کارکردنی دەست و پەنجەی هونەرمەند و هەستەکانی راستەوخۆ بەرجەستە دەبن تاوەکو لە مێشکیدا جێگیر ببن.

گومانی تێدا نییە رۆدان یەکێکە لە مەزنترین پەیکەرتاشەکانی مێژووی هونەر،

کەرەسەی قوڕ لای ئەو یەکێکە لە درێژکراوەی ئەو وێناکردنەی لە ئەندێشەیدا بووە، جێ پەنجەکانی دڵنیاییان تێدایە وەک ئەوەی فۆرمەکان ژیانی راستەقینەیان تێدا بێت و لە خەیاڵیەوە هەڵقوڵێن و لەمیانی پەنجەکانییەوە بگەنە قوڕەکە. وێڕای خەسڵەتە روون و تایبەتییەکانی کە وایکردووە ببێتە هونەرمەندێکی مەزن، رۆڵی لە دانانی چەمکەکانی ستاتیکاشدا هەبووە کە ئەمەیان لە بایەخی زیاتر دەکات، لە سەردەمی ئەودا گۆڕەپان و شوێنەکان تژی بوون لە کاری پەیکەری قارەمانیی و سەرکەشیی، وەلێ رۆدان دێت زیاتر پەیکەرەکان دەخاتەوە ناو واقیعێکەوە کە زیاتر شیاوی بڕواپێکردن ببنەوە. (سەردەمی برۆنز) کارێکی گەورەیەتی و ئەو بڕوایەی خوڵقاند کە لەسەر نموونەیەکی زیندوو داڕشتووە، ئەم ریاڵە لەوێوە بەدەستهێنراوە کە ناوێکی گونجاوی بۆ دۆزراوەتـــەوە و سەردەمی برۆنز سیمبۆلێکی ئاشکرای تێدایە و ئاماژەیەکە بۆ رابوونی مرۆڤایەتی لە بەرگێکدا کە تافی لاوێتییە.

رۆدان تەنها پەیکەرتاشێکی ریالیزمی نەبوو، بەڵکو هەوڵیدەدا گوزارشت لە ناوەرۆکی سۆزداریش بکات، بۆ ئەوەش فیگەری مرۆیی بەکاردەهێنا تاوەکو ئومێد و ئازارەکان دەرببڕێت و شۆڕش بکات بەسەر بنەمای چەمکە ستاتیکییەکاندا بکات لە پەیکەرسازیی نوێدا، لە کاری (دانیشتووانی شاری کـالاس) و (بەلزاک)دا، کە دوو کاری نائاساییین و بنەمایان وەک پەیکەری باو نییە چ لە وەستان و حاڵەتیاندا، هەموو ئەمەش بۆ چۆنێتی بیرکردنەوەکان دەگەڕێتەوە کە کەوتوونەتە پێش کارە هونەرییەکانەوە.



ئێدوار دیما (١٨٣٤- ١٩١٧) یەکێکە لە هاودەمەکانی رۆدان، بەوە ناسراوە کە یەکێکە لە نیگارکێشەکانی دوای کاریگەرخوازان و دواتر کارەکانی بەئەنجام دەگەیەنێت، لەوانە پەیکەری (سەماکەرێکی لاو) کە ساڵی ١٨٧٩ بە ریالیزمییەکی بێهاوتا کردوویەتی، لەهەمان کاتیشدا کارێکە سایکۆلۆژیای ناوەوەی کچۆڵە سەماکەرەکەی دەرخستووە کە ترسێک لە ناخیدایە و بـەدوای ئارامی و هاوسەنگیدا دەگەڕێت، ئەمە وایکردووە کارەکە مۆرکێکی سۆزداریی پێوە بێت وەک لەوەی تەنها کارێکی هونەریی پیشانی بینەر بدات، دیما بابەتەکانی لە خولگەی سەماکەران و ژنانی خۆشۆر و ئەسپەکاندا دەسوڕێنەوە و بەوپەڕی دەستڕەنگینییەوە ئەنجامیداون، کارەکانی زیاتر وەک نیگارەکانی (دیگاس)ن بە پەیکەر.

هاودەمێکی تری رۆدان، میداردۆ روس (١٨٥٨- ١٩٢٨)، کە ئیتاڵییە و لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا لە پاریس کارەکانی کردووە، لە رەوتی کاریگەرخوازیدا بووە و زۆرینەی کات مۆمی بەکارهێناوە بۆ بەرجەستەکردنی کارەکانی، هەوێنی بابەتەکانی لە ژیانی رۆژانەوە وەرگرتووە و ئاماژەیەکن بۆ فۆرمی راستەقینە، رووبەر و پانتایی خەملاندنەکانی وەک ئەوە وایە هەوڵ بدات خودی پەیکەرەکە تیشک و رووناکی دەستەبەر بکات، یان بیەوێت رەگەز و بەشەکان شرۆڤە بکات و بگاتە سەرچاوەی یەکەکان، ئەوەش شێوازێکی نوێیە و ئازادییەکی زۆرتر فەراهەم دەکات لە چارەسەرکردنی شێوە و فۆرمدا، وەلێ پشت بە سەرنجی زۆر ورد دەبەستێت.

چەندین پەیکەرتاشی تر هەن کە سەر بە بزووتنەوە نوێخوازەکان کاریان کردووە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، هەندێ جار خۆشیان دامەزرێنەری رەوتەکان بوون، یاخود لەهەمان کاتدا نیگارکێش و پەیکەرتاشیش بوون، بۆ نموونە (بۆچینی) یەکێکە لە ناودارتین داهێنەری بزووتنەوەی ئایندەخوازاندا، هەروەها (پیکاسۆ) و (ماتیس) کە کاری باشیان کردووە، هەموو هونەرمەندان بەگشتی ئەگەرچی وەک هونەرمەندانی سەر بە رێچکەیەکی هونەریی کاریان نەکردووە، بەڵام دەتوانین بڵێین رۆڵی ئەوتۆیان هەبووە لە دانانی چەمکی ستاتیکی نوێدا.

لەو ساتەشدا وەکو ئێستا، ویستەکان هەبوون بۆ نەمرکردنی کەسێتییە ناودارەکان، ئیدی سیاسییەکان بووبن یان سەربازان و ئەدیبەکان، هەرچەندە ئەمجۆرە پەیکەرانە لە هەموو سەردەمانێکدا هەن، بەڵام پێگەیەکی گرنگیان هەیە لە دیرۆکی گشت هونەری نوێدا، هەربۆیە بە چالاکییەکی گشتی دادەنرێن، نەک

وەک توێژینەوە لە گەشەسەندنی هونەری پەیکەرسازیدا.

ئەمیل ئەنتوان بۆردیلی (١٨٦١- ١٩٢٩)، یەکێکە لە قوتابییەکانی رۆدان کە زۆر بەوەفا و تەرخەم بووە بۆ مامۆستاکەی، هەرچەندە چەندین کاریشی کردووە بەپێی ویستی کڕیارەکانی کە دەچنەوە سەر رەوتێکی ئەکادیمی، هەروەها (میلول ١٨٦١- ١٩٤٩) قوتابییەکی دیکەی رۆدانە و دەسپێکی ژیانی هونەریی بە نیگارکێشان بووە پاشان رووی لە پەیکەرتاشین کردووە، لەو پێناوەدا بابەتەکانی زیاتر لەسەر مێینەی رووت دەگیرسێنەوە لە فۆرمی سادەدا کە چەماونەتەوە و بەجوانی ئاوڕدەدەنەوە و زیاتر لە کارەکانی (رێنوار) دەچن. دەکرێت بڵێین سەرجەم کارەکانی دەچنە بازنەی فۆرمی ساکار و حاڵەت و باری دیاریکراو کە ئاماژەبەخشن، هەموو ئەمەش وا دەکەن کاریگەریی ئاشکرای پەیکەری یۆنانییان پێوە دیار بێت، بەڵام شێوازەکەی رووەو درووژاندنی درامیی دەچێت بەچەشنی رۆدان، یاخود وەک ئەوەی کلاسییەکی نوێگەر بێ کە بنەما کلاسیکییەکان بپارێزێ بە هاوشانی رەگەزی نوێخوازیی کە هەستیان پێدەکرێت.

هونەرمەندێکی دیکە رایمۆند دوشامب (١٨٧٦- ١٩١٨)، کە بەهرەیەکی هونەریی ئەوتۆی هەیە و لە ئەکادیمییەتەوە پەڕیوەتەوە بۆ فۆرمی سادە و ساکار کە زیاتر مۆرکی شەشپاڵوییان (کۆبیزم) پێوە دیارە، کۆمەڵە کارێکی هەیە لەژێر ناوی (ئەسپ)دا، خەسڵەتی کۆکردنەوەی هێزی ئەسپ و توانستی ئامێرەکانیان تێدایە.

مۆدلیانی (١٨٨٤- ١٩٢٠)، هونەرمەندی ئیتاڵی نیگارکێش و بەهرەمەند، خاوەنی شێوازێکی زۆر تایبەتمەندە، لە ژیانی خۆیدا بۆهیمییانە دەژیا و هەمیشە سەرخۆش بوو سەرباری ئەوەی تووشی نەخۆشی سیل ببوو، ئەم هونەرمەندە خۆی بە باشترین هونەرمەندانی ئیتاڵیا دادەنا و دەیوت لە پلەی یەکەمدا پەیکەرتاشە ئینجا نیگارکێش کە زیاتر وەک نیگارکێش ناسرابوو و شێوە و فۆرمەکان تایبەت بوون بە ستایلی خۆی، کاریگەریی هونەری پەیکەرتاشینی چاخەکانی ناوەڕاست و رێنیسانسی بەسەرەوە بوو، هەروەها هونەری ئەفریقیش، وێڕای ئەوەی کەللەسەر و ملی فیگەرەکانی ئاماژە بە هیچ سەردەمێک نادەن، وەلێ بۆ شێوازێکی سەرەتای هونەر دەگەڕێنەوە یان دیدگایەکی سەرەتایی، ئەم بۆچوونە و گەڕانەوەیە بۆ هونەر، یان ژیانی سەرەتایی، زیاتر هونەرمەندانی دوای سەرنخوازیی جەختیان لێدەکردەوە، نموونەی هونەرمەندێکی وەک (پۆل گۆگان)، یان دواتر (ڤانکوخ) و (مۆنش) و (پیکاسۆ)، واتە کاریگەریی هونەریی سەرەتایی لەسەر هونەری هاوچەرخ و گەڕانەوە بۆ پێش شێوازی ئەکادیمیی

که لای ئەوان ببووە بارگاویکردنی هونەر بە پێودانگ و یاسا و ڕێساکان، نەک سیمبۆل و ئاماژەی سرووشتی کە ویستێکە لە هونەر و ناخی هونەرمەنداندایە.

مۆدلیانی هاوڕێی (برانکوزی ١٨٧٦- ١٩٥٧) بوو، کە هونەرمەندێکی ڕۆمانی بوو و لە پاریس نیشتەجێ ببوو، ئەو دردۆنگییەی دروستکردبوو کە پێشتر بە برانکوزی سەرمەست بووبێت و چەند کارێکی لێکچوو هەن کە بەڵگەیەکن بۆ ئەوە، دواتر برانکوزی بووە یەکێک لە ناودارترین هونەرمەند لە بواری پەیکەرسازیی سەدەی بیستەمدا، کاریگەریشی هەبوو لەسەر ڕەوتی ئەبستراکت و بۆچوونی تایبەتی لەبارەوە دەکرد، بەپێچەوانەی هەندێ کەسەوە کە وایاندەبینی شتێک نەبێت بەناوی هونەری ئەبستراکتی ڕاستەقینە، دەشێت کارەکانی برانکوزی بەوە لێک بدرێنەوە کە ڕووەو داماڵین و رووتکاریی دەچن زیاتر لەوەی ببنە ئەبستراکتێکی پوخت. کارەکانی (ماسی) و (باڵندەیەک لە ئاسماندا) دەبینین ڕۆح و هەست و بیرۆکەکان سادەبوونەتەوە و بەرەو فۆرمێکی یەکگرتووی ساکار دەچن، ئەو بایەخدانە بە دوورخستنەوە و وەلانانی ڕەگەزە دەرەکییەکان لە گەوهەری فۆرمەکان بەو شێوەیەیە کە هەموو بەکارهێنانێک ڕەت بکاتەوە کە ببنە سیمبۆل و هێما، ئەمەش وایکردووە برانکوزی وەک ڕۆدان نەبێت، هەرچەندە ڕۆدان زۆر ویستی بوو بیەوێت وەک یاریدەدەر ڕێنمایی بکات، بەڵام برانکوزی زیاتر بەرەو تایبەتمەندییەکانی خۆی دەڕۆیشت تا ئاستی سەربەخۆیی. هەربۆیە نەدەگەیشتە کامڵبوون و سوودی لە تەکنۆلۆژا وەردەگرت، ئەوەش لەڕێیەکی سەختەوە.





(جاک ایچ) پەیکەرتاشی سەر بە رەوتی کۆبیزم دەربارەی برانکزی وتوویە، بەهۆی ئەوەوە کە ئەتەلێرییەکەی پاڵی دابووە ستۆدیۆکەی برانکوزی، دەیتوانی گوێی لە دەنگی پرۆسەی سەنگینکردن ببێت بە بەردەوامی، برانکوزی هەمیشە جەختی لەو سەنگە دەکردەوە کە فۆرمەکان دەیانەوێت، هەربۆیە ئاکامی فۆرم و کارەکانی زیاتر وەک دروستکردنی ئامێرێک دەبینران و دەبوونە زمانحاڵی ستاتیکای پەیکەرسازیی لە سەردەمی نوێدا.

پەیکەرسازیی نوێ تەنها کردەیەک نییە بۆ لابردن و رزگاربوون لە رواڵەتە زیادەکاندا، هێندەی بڕوامەندیی پێشوەختەیە بە دوا وێنەیەکی ساکار وەک ئامانجێک لەخۆیدا کە هونەرمەند بەشداری تێدا دەکات، دەتوانین هێلکەیەک وەها تەماشا بکەین کە ئاماژەیەکە بۆ سەرەتای جیهان یان دایکایەتی و ژیان کە هێشتاکە نەهاتووەتە ئاراوە، یان مانایەکی دیکەی هەبێت لە فەلسەفەدا، فەیلەسوفێک زۆر سادە وەها گوزارشتی لێکردووە وەک ئەوەی گرێیەک بێت، واتە وەک ئەوەی بڵێت چەند کەم بێتەوە زیاد دەکات، ئەمە بووەتە بڕوایەک و لەمیانی کارکردنی هونەریدا پەیڕەو دەکرێت و فۆرم و رواڵەتەکان فۆرمەلە دەبن و ئاراستەی دیکە دەگرنەبەر، یاخود شێوەگەلێکی نوێ دەپۆشن.

پێگەی برانکوزی لە پەرەسەندنی پەیکەرسازیی نوێدا شتێکە مایەی مشتومڕ و فسەلێکردن نییە، وەختێ لە ساڵی ١٩٥٧-دا کۆچی دوایی دەکات، ئیدی پەیکەرسازیی ئاقاری نوێ دەگرێتەبەر و رووەو ئەبستراکت دەڕوات، واتە دەبێتە بۆشاییە زەخرەفییەکان. هونەرمەندێکی دیکەش هەیە، ئەویش پەیکەرسازیی سویسرییە (ئەلبیرتۆ جیاکۆمیتی ١٩٠١- ١٩٦٦) کە لە ساڵی ١٩٢٧-دا پاریسی کردە شوێنی نیشتەجێبوونی تاوەکو مردنی. ئەم هونەرمەندە شێوازێکی تەواو تایبەتمەندیی هەیە و ناوبانگێکی ئەوتۆی هەیە، سەرەتا بە شێوازی سوریالی کاردەکات، دواتریش بۆ شێوازێک کە ساناکردنەوەی فۆرمەکان، وەک دار و گۆچانێک بە زەمینە و رووبەری زبریانەوە کە زیاتر دەربڕینی هەستێکن بۆ گۆشەگیریی و تەنیایی مرۆیی ئەوتۆ، هەرچەندە شێوازەکەی شتێکە لە رەگەزەکانیدا برانکوزی بەبیرماندا دێنێتەوە، بەڵام لەڕووی زبریی رووبەرەوە تایبەتمەندیی وەردەگرێت کە دەبنە فۆرمی راستگۆ و دیاریکراو، لەدواجاردا هەستەکانی نێو دەروون دەهەژێنن. کارە پەیکەرەکانی شتێک لە دووپاتکردنەوەیان تێدایە وەک ئەوەی دووبارەکردنەوەیەک بێت خۆی بسەپێنێت.

سەبارەت بە کارە هونەرییەکانی (ماتیس)، دەبینین لە ساڵی ١٩٠٠-دا

ئەم هونەرە پیادە دەکات، گەر بڕوانینە کاری پەیکەرسازیی ماتیس وەک درێژکراوەیەکی ڕێبازی (فۆڤیزم) دەیبینینەوە وەک چۆن خۆی دامەزرێنەری بوو، وەلێ لە بنەڕەتدا کاریگەریی ڕۆدانی بەسەرەوە دیارە. یەکەم پەیکەری (دان بەخۆدا گرتن) وێنای پیاوێکە کە بەڕووتی وەستاوە و بەئاشکرا پەیوەست دەبێتەوە بە پەیکەرەکانی ڕۆدان لە نموونەی (پیاوێک دەڕوات) و (بابا یۆحەننا) یان یەکێک لە کاراکتەرەکانی (دانیشتووانی شاری کالاس). وەلێ سەرباری ئەو پەیوەندییەش لە قۆناغەکانی دواتردا ئەو کاریگەرییە نابینین و زیاتر بەرەو ئەبستراکت دەڕوات لەسەر ڕەوتێکی جیاوازتر وەک لە ستایلەکانی برانکوزی و جیاکۆمیتی. کاریگەرییەکانی ماتیس بۆ پێشخستنی پەیکەرسازیی نوێ لەو پەیکەرە برۆنزییانەدایە کە چوار دانەن و سالآنی ١٩٠٩ تاوەکو ١٩٣٠ بەئەنجامی گەیاندوون، وێنای پشتی کچێکی ڕووت دەکات بە وردەکارییەکی تەواو بەرجەستە و ڕوونەوە، یەکەم پەیکەری ئەو زنجیرەیەی ئاماژە بەوە دەدات کە لەو وەختەدا هێشتاکە لەژێر کاریگەریی ڕۆداندا ماوەتەوە، هەرچی دووەم و سێیەمیشە ڕۆدەچنە نێو شیکاریی هونەرییەوە، ئەمەش لە بەرەنجامی تێگەیشتن و ڕوانینی بۆ کۆبیزم، هەرچەندە خۆی لە ڕەوتی کۆبیزمدا کاری نەکردووە. کاری چوارەمیش پێکهاتەیەکی هارمۆنییە لەنێوان سادەیی و زەبەلاحیدا و زیاتر وێنای هونەری پەیکەرسازیی نوێ بەرجەستە دەکاتەوە. وا پێدەچێت ماتیس کاتێک بۆ یەکەمجار ڕۆدانی بینیوە زانیویەتی ئیدی پەیکەرسازیی نوێ ئەو فۆرمە لەسەر دەستی خۆی دەگرێت، لە قۆناغەکانی دواتریشیدا دەبینین چیتر وردەکارییەکان ناکات و ڕووەو شیکاریی دەچن بە شێوازێک کە ژیان و ئاماژە دەبەخشن.

**سەرچاوە:**


١- فن النحت، عبدالرحمن مصری، دار الامل، ١٩٨٧.

٢- الواقعیه فی الفن، سیدی فنخنشین، مؤسسه جامعیه للدراسات، ١٩٨٦.

٣- التژوق و النقد الفنی، احمد رفقی علی، ریاچ، ١٩٨٦.

٤- الاتجاهات علمیه فی التصویر و النحت القرن العشرین، نوال عبدالحلیم، مصر، ١٩٩١.

٥- التیارات الفنیه المعاصره، محمود أمهز، بیروت، ١٩٩٦.

٦- حول الفن الحدیپ، جورج أ. فلانجان، ت: کمال الملاخ، قاهره، ١٩٦٢.



# پێگەی سینەما لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەوڵی جیدیی سینەماکاران

**شەریف فەلاح – سنە**

لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سینەما بەردەوام بە حەرەکەت و ڕەوتێکی بەرەو گەشە و پێشکەوتن بە تەما بووە بگاتە ئاستێکی شیاو، بێگومان ئەم مەسەلەیە هەموو لایەن و بوارەکانی سینەمای گرتۆتەوە. لە قۆناغێکی نە هێندە دووردا زۆرێک لە فیلمەکان بە یەک ناوەرۆک و خستنە ڕووی دوورەدیمەنی هاوشێوە و هەروەها پێکهاتەی نزیک بە یەک بەرهەم دەهاتن و سینەمای ئەم بەشەی نیشتمان بەردەوام سەرقاڵی دووپات کردنەوەی خۆی بوو. هەڵبەت ئەم دیاردەیە لە سینەمای کورتە فیلمدا زیاتر بەرچاو دەکەوت، بەڵام لە ساڵانی ڕابردوودا ئەوەی کە بۆ خۆ دەرخستن و نواندنی ڕاستەقینە لە سینەمادا پێویستە، لە بەرهەمی بەناو فیلمە کوردییەکاندا بە جوانی بەرچاو کەوتووە و بێگومان ئەمە بەرەنجامی خوێندنەوە و پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی و سەردەمیانەی سینەماکارانی کوردە.

جۆراوجۆری و فرەچەشنیی بابەتەکان، ڕوانین و گۆشەنیگای چەند ڕەهەندی، پێکهاتەی جیاواز و هەروەها زۆریی بەرهەمی سینەماکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەنجامی هەمان ئەو تێڕوانینە نوێیەیە بۆ سینەما لە

کوردستان. ئێستا پرسیار ئەمەیە کە چەمکی بەرهەمهێنانی فیلم و سینەما و روانینی جیدی و تایبەتی بەو هەموو گرفتاری و ئالۆزییانەی کە داوێنگیری سینەما و بەتایبەت جۆری کورتیەتی، بۆچی لە چوارچێوەی ئەم جوگرافیایەدا بە نیسبەت شوێنەکانی دیکەی ئێرانەوە لەسەرە و هەتا رادەیەکیش زیاترە؟

بێگومان، یەکەم و رەنگە گرنگترین هۆکار پەرۆشیی فکری و جیهانبینی لەلای دەرهێنەران و سینەماکارانی ئەم دیارە بێت. لەو روانگەوە کە هەمیشە هونەرمەند بەرهەمەکەی بە هۆکارێک بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و فکری خۆی دادەنێت، هەوڵ دەدات لە رێگای هونەرەکەیەوە بۆ گواستنەوەی ئەو روانگە و فکرە تێبکۆشێ و باشترین سوود وەربگرێ کە سینەماکارانی کوردیش لەم راستییە بەری نین.

بێگومان کوردستان هەم نیشتمانیکی جوانە بە مێژینەیەک بە درێژایی شارستانیەت و پاڵپشتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی زۆر دەوڵەمەند و رەسەن و هەم ئەوەی کە خاوەنی کۆمەڵێک کێشە و گرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە پێگەکەی بەرز و تایبەتی تر رادەگرێ.

کاتێک باس لە جیاوازیی بەرهەمی سینەمای کوردی لەگەڵ ساڵانی پێشوو دێتە پێش، بەهۆی بوونی جۆرێک روانگەی شرۆڤەکارانە و فرەچەشنیی کۆمەڵگای کوردستانە. دەرهێنەر و سینەماکارانی کورد بەردەوام هەوڵیان داوە هەم روانینی جوانیناسانە و پێکهاتەخوازانەیان لە هەمبەر فەرهەنگی دەوڵەمەند و فۆلکلۆری ئەم نیشتمانەدا هەبێت و هەم پێوەندییە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان بە وردی بخەنە ژێر نیگای دووربین و هەم ئەو کێشە و گرفتانەی کە ئەگەر بێت و لە بەرامبەریاندا کەمتەرخەم بین، رەسەنایەتیی کۆمەڵگا دەخەنە مەترسیەوە، بە شێوازی جۆراوجۆر لە بەرهەمەکانیاندا وێنا دەکەن و دەیخەنە پێش چاو. رەسەنایەتییەک کە بێگومان دەبێ هونەر و بەتایبەت سینەما سەرنجی پێ بدات و هونەرمەند ئەرکی پاراستنی ئەو رەسەنایەتیە دەخاتە ئەستۆی هونەرەکەی. دەروەست بوون لە هەمبەر کۆمەڵگای دەوروبەر، هەست بە بەرپرسایەتی کردنی جەوهەری و پشت بەستن بە بایەخە ئینسانییەکان بەدوور لە هەرچەشنە لایەنگری و راسپاردە وەرگرتنێک، لە بەرامبەردا بوونی ورەی رەخنەگرانە لە گرنگترین فاکتەر و پوانەکانی هونەرمەند دێنە ئەژمار. بە بوونی ئەو تیایبەتمەندیانە لە پەنای زانست و ئەزموونی تایبەت بە هونەری سینەما بەرهەمێکی رەسەن و نەمر و جێگای تێڕامان دەخولقێ. کە ئەم مەسەلەیە بە بەرفراوانی لەناو سینەماکارانی کوردستاندا بەرچاو دەکەوێ و ئەمە بۆ خۆی

لەو گرنگترین هۆکارانەن کە بوونەتە هۆی هەڵگرتنی هەنگاوی بنەڕەتی لە بیاڤی سینەما لەلایەن دەرهێنەرانی ئەم ناوچەیەوە.

بێگومان سینەما لە کوردستان تەنیا ئامرازێک نییە بۆ دەستەبەربوون و بەدەستهێنانی هێندێ نیازی لاوەکی و دەروونی، یان خستنە رووی هێندێ باوەڕ و روانگەی داخراو و بەدوور لە راستی، بەڵکوو بە پشت بەستن بەو راستییەی کە سینەما ئاوێنەی باڵانوێنی کۆمەڵگایەکە بە گەلاڵە و وێنا کردنی رەهەندە جیاواز و فرەچەشنە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم نیشتمانە و هەروەها خستنە روو، رەخنە و شیتەڵکاریی ئەو لایەنانەی کە رێگای پێشکەوتن و گەشە کردنیان لێ زەوت کردووە و بوونەتە هۆی دووپات بوونەوەی داستانگەلی تراژیک و خەماوی، پەنجەرەیەکی تازەی روو بە دونیای هونەر کردۆتەوە.

سینەما لە کوردستانی ئێران ئیدی ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە کە بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کە کەی و چۆن و لەدایک بووە، بەڵکوو جیا لە فیلمی سینەمایی ئێستا کورتە فیلمی سینەماکارانی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستی ئێران و بەتایبەت فێستیڤاڵە ناوخۆیی و جیهانییەکان جێگا و پێگەیەکی تایبەتی هەیە و زۆرێک لە خەڵاتە سەرکەوتووەکانی فێستیڤاڵ و بۆنە هونەرییەکانیان بۆ خۆیان دەستەبەر کردووە.

ئەمە بێجگە لەوەی کە چەندین فیلم و کورتە فیلمی سینەماکارانی کورد وەکوو: بەهمەن قوبادی، جەمیل رۆستەمی، شەهرام عەلیدی، رەحیم زەبێحی یەکەم کەسانێک بوون کەلە کۆتایی دەیەی نەوەدەکان قۆناغێکی نوێ و گرنگ لە سینەمای جیدی کوردییان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بنیات نا و زۆرێک لە بەرهەمەکانی ئەو کەسانە و بەتایبەتی بەهمەن قوبادی لە فێستیڤاڵ و کۆڕە سینەمایییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان خەڵات کران و توانیان لەو رێگایەوە وەکوو باڵوێزی دیپلۆماسیی هونەریی کورد خۆیان دەربخەن و ناوی کورد و سینەمای کورد و لە زۆرێکیاندا واقیعیەت و راستییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگای کوردی نمایش کران. هەرچەند سەنعەتی سینەما و ئەو بەستێن و زەمینەیەی کە بۆ سینەمایەکی بەهێز و تۆکمە کە بتوانێ لە کۆمەڵدا فەرهەنگسازی بکات لە کوردستان نەبووە و نییە، چونکە سینەما زانکۆ، ناوەندی راهێنان، ئاکادیمیی سینەمایی و ئامێر و کەرەستەی تایبەت بە خۆی هەیە و لە گشت گرنگتر پشتیوانیی دەسەڵات و مادیی دەوێت. کە هیچکام لەوانە لە کوردستان نییە، لە کوردستان تەنیا فکر و پرۆژە و کەسانی داهێنەر و دەروەست هەن و ئێستاش هەر کار دەکەن و زۆر قوتابیی سەرکەوتوویان

پەروەردە کردووە.

پاش ئەو رەوتە سینەماکارانی گەنج و لاو هاتنە مەیدان و بە شێواز و جیهانبینییەکی تازەتر و بە گوڕو تینتر توانیان هەنگاوێکی جیدی تر لەم بارەوە هەڵبگرن، بەڵام بەرەی لاو و تازەکار بۆ کار کردن ژانری کورتە فیلم و دیکیۆمێنتار و ئەنیمەیشنیان بۆ کار کردن هەڵبژارد کە هەتاڕادەیەک تێشیدا سەرکەوتوو بوون.

وەک هەمیشە گەورەترین گرفت و ئاستەنگ بۆ دەرهێنەرانی سینمای کورتە فیلم، پێکهاتە و جۆری کارکردن لەسەر ئەو بیرۆکەیە کە بۆ فیلمەکە هەڵیان بژاردووە، کە لە هەمان حاڵدا کە نوێ و سەرەنجراکێش بێت، بتوانێت لە فیستیڤاڵ و پێشبرکێیە سینەماییەکاندا سەرکەوتن و خەڵاتێک مسۆگەر بکات. کە هەروەک لە بەرهەمەکان و لە زۆرێک لە فێستیڤاڵەکانی چەند ساڵی رابردووی کوردستان و لە ئاستی ئێراندا بینیومانە ئەم راستییە لە کاری کورتە فیلمی دەرهێنەر و هونەرمەندانی کورددادا بە جوانی دەرکەوتووە. هەرچەند ئەم مەسەلەیە و ئەم شێوازە کارکردنە لە هەموو دنیا لە چوارچێوەی کورتە فیلمدا وەڕاست دەگەڕێ و لە تایبەتەمەندییەکانی کورتە فیلم دێنە ئەژمار، چونکە فێستیڤاڵەکان تەنیا شوێنی هەڵسەنگاندن و دەرکەوتنی دەرهێنەرانی لاو لە قەڵەم دەدرێن و وەکوو فیلمە درێژە سینەماییەکان لێژنە و رەخنەگری تایبەت و پرۆفیشناڵ و هونەرمەندانی ناودار بۆ سەرکەوتن یان وەلانانیان دیاری نەکراون.

لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا هونەرمەند، ئەکتەر و بەتایبەت سینەماکارانی لاو لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە چوار فێستیڤاڵی سینەمایی کورتە فیلمی ناوچەیی و ئێرانیدا بە جوانی دەرکەوتن و توانیان بەهرە و تواناکانیان بخەنە روو. یەکەم، فێستیڤاڵی ناوچەیی "ژیار" بوو کەلە شاری بیجاڕ بەڕێوە چوو، دووهەمیان، فێستیڤاڵی کورتە فیلمی تاران، سێهەم، فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی دوورگەی کیش کە ١٥ وڵات تێیدا بەشدار بوون و پتر لە ٢٠٠٠ بەرهەمی سینەماکارانی ئێران و ٧٠٠ بەرهەمی سینەماکارانی بیانی ئامادەی بوون، سینەماکارانی لاوی کورد توانیان سێ خەڵاتی یەکەمی سێ بڕگە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. دوایین رووداوی هونەریش، یازدەهەمین فێستیڤاڵی سینەمایی کورتە فیلم بوو کە لەژێر ناوی کۆسالان ساڵی پار لە شاری سنە بەڕێوە چوو. لە هەر چوار فێستیڤاڵی ناوبراودا بەپێی ئەنجامی فێستیڤاڵەکە و ئاستی سەرکەوتوان و رای داوەران، سینەماکار و دەرهێنەری کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ریزی پێشەوەی سەرکەوانی ئەو فێستیڤاڵانەوە بوون، کە ئەمە بۆ خۆی دەسکەوتێکی بەپێز و

بەنرخە بۆ ژانری هونەری سینەمای کوردستان. سەرەڕای نەبوونی دەرەتان و دەرفەت و کەمیی ئیمکاناتی مادی و شوێن بۆ کار کردن، بەڵام بیرۆکەی داهێنەرانەی هونەرمەندانی سینەماکارانی کورد و ئەو مادە بابەت و خاوەی کە لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا بە بەرفراوانی بەرچاو دەکەوێ، توانیویە ئەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە و زۆرن ئەو فیلمە درێژ و کورتە فیلم و ئەنیمەیشنانەی کەلە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا لە فێستیڤاڵە ناوچەیی، ئێرانی و نێودەوڵەتییەکاندا خەڵاتی شیاویان مسۆگەر کردووە بوونەتە پێشەنگ و لە ئاستی خۆیاندا وەک بەشێک و گۆشەیەکی بچووک لە مێژووی سینەمای کوردی کەلە سەرەتای فۆرم گرتن و قەوارە گرتنی خۆی دایە دەرکەوتوون.

لەناو ئەو سینەماکار و دەرهێنەرانەی کە ئەمڕۆ لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە خەمخۆری و دەروەستییەوە سەرقاڵی کاری بەرهەمهێنانی فیلم و دیکۆمێنتن و دەکرێ چاوەڕوانی ئەوەت لێیان هەبێ کە سینەمای کوردی بەرەو پێشەوە بەرن، دەتوانین ئاماژە بەم کەسانە بکەین: بەهمەن قوبادی، جەمیل رۆستەمی، رەحیم زەبیحی، شەهرام عەلیدی، ئەشکان ئەحمەدی، جەمیل مەفاخری، فەرشید عەبدی، فەریدە نادری، مەهدی خەلیلی، سەرکەوت سەمەدی، کاوە زەکەریایی نەژاد، تەوفیق ئەمانی، عوبەید رۆستەمی، هیوا ئەمین نەژاد، سالم سەڵواتی، ناسر نیکبەخت، جەلال نەسیری، ئومید غەریبی، جەماڵ گەوێلێ، سیاوەش محەممەدی، فەرامەزر هادی، عوسمان محەممەدی، تەیموور قادری، ئازاد محەممەدی، ماشەڵڵا محەممەدی، زانیار تەهماسبی، عەدنان زەندی، نەزیر میرزایی و ... دەیان کەسی دیکەی بە ئەزموون و تازەلاو، بەڵام ئەوەی کە پتر لە گشت جێگای خۆشحاڵییە و دەبێ لەسەری هەڵوەستە بکرێ، مەسەلەی ناوەرۆک و بیرۆکە و بە گشتی پێکهاتەی ئەم بەرهەمانەیە کە لەلایەن دەرهێنەرانی کوردەوە کاریان لەسەر ئەکرێ، کە هەڵگری بیروباوەڕ، داب و نەریت، فەرهەنگ و زمانی کوردی و ناوچەیین و لایەنی نەتەوەیی و پاراستنی ئەو پێگە بەرزە ژیانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کورد بە جوانی تێیایاندا بەرجەستە بۆتەوە، کە ئەمە بۆ خۆی شوناس و فۆرمیکی تەواو کوردی بەو بەرهەمانە دەبەخشێ. بەڵام دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە لە پەنای تەواو ئەو تایبەتمەندییانەدا نوێبوونەوە، بیرۆکەی تازە و سەنعەتە تازەکانی دونیای فیلم و دراماشیان تێدا گونجێنراوە کە هەمان ئەو سەرکەوتن و خەڵات وەرگرتنانە راستییەکن بۆ ئەم وتەیە.

## دیدار لەگەڵ فۆتۆگرافەری جەنگ (**کەیت بروکس**)



# ”ئەگەر فۆتۆگرافی کارێکی ئاسان بوایە، ژمارەیەکی زیاتر لە فۆتۆگرافەر لە جیهاندا دەبوو“

**وەرگێڕانی : ئارا ئەمین**

**کەیت بروکس تەمەنی تەنها ٢٠ ساڵ بوو کە وەک رۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ لە رووسیا دەستی کرد بە کاری فۆتۆ- جۆرنالیستی. سەرەتای کارەکەی بە تۆمارکردنی ئەو پێشێلکاریانە دەست پێکرد کە لە هەتیوخانەکاندا دەرحەق بە منداڵانی بێکەس و بێ لانە دەکران. ئەو فۆتۆیانەی کە لە دواییدا گرتبوونی لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوکرانەوەو بوونە هۆی بە دنیا ناساندنی دۆزەکە و داکۆکیکردن لە مافەکانی هەتیوان و بێنەوایان.**

**لە پاش کارەساتەکەی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، کەیت بروکس شوێنی**

**نیشتەجێبوونی خۆی گواستەوە بۆ وڵاتی پاکستان بە مەبەستی دۆکیومێنت کردنی کاریگەرییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر وڵاتانی ناوچەکە و هەروەها گواستنەوەی وێنەی ژیانی پاش دەسەڵاتی دەوڵەتی تاڵیبان لە ئەفغانستاندا.**

**لە ساڵی ٢٠٠٣ و پاش داگیرکردنی عیراق لەلایەن ئەمریکاوە، بروکس بەشێوەیەکی چڕ ڕووداوەکانی ئەو کاتەی بۆ گۆڤاری (تایم) ی بەناوبانگ ڕوومـاڵ دەکرد و هەر لەوکاتەشەوە بە شێوەیەکی دیار لە وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیاری ئەورووپی و ئەمریکی کاریکردووە. کارەکانی بروکس تەنها خۆیان لە چوارچێوەی ڕووداو و قەیرانە سیاسییەکاندا نابیننەوە، بەڵکو گواستنەوەیەکی ڕاستەوخۆی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ناوچەکە و ناساندنی لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی خەڵکن بە جیهان.**

**بەهۆی ئەو بەرفراوانیی و جۆراوجۆرێتییەی لە کارەکانیدا بەدیدەکرێن، بروکس چەندین خەڵاتی نێودەوڵەتی بە دەستهێناوە و لە بواری فۆتۆگرافی(وێناکردنی ژینگەیی environmental portraiture- ) دا جێگای خۆی کردۆتەوە.**

**لە ئێستادا کەیت بروکس لە بەیروتی پایتەختی لوبنان نیشتەجێیە و هەر لەوێشەوە سەرقاڵی کارەکانێتی.**

ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو چاوپێکەوتنەیە کە لەگەڵی سازکراوە.

**ئەگەر بڕوانامەی خوێندنت هەیە، لە چ بوارێکدایە و چیت خوێندووە؟**

من لە سەرەتادا بۆ دراساتی ڕووسی لە زانکۆ دەمخوێند، بەڵام لە یەکەم ساڵی خوێندنەکەمدا بووم کە وازم هێنا و دەستم کرد بە کاری فۆتۆگرافی بە سەربەخۆیی لە وڵاتی ڕووسیا.

**قورسترین کار کە لە بوارەکەی خۆتدا تا ئێستا پێی هەستابیت چییە؟**

بەلامەوە زۆر ئاسان نییە یەکێک لەوانە هەڵبژێرم، بەتایبەتی خۆت دەزانی من سەدان کاری جیاوازم هەیە، کە لە بارودۆخی جیاوازدا ئەنجامم داون. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هیچ کارێک سەیر نییە بەلامەوە، بەڵکو تەنها ئەوەیە ئەو بارودۆخەی کارەکانی تێدا ئەنجام دەدرێن تایبەتمەندی خۆیان هەیە کە لەوەی پێشتر و دواتریشیان جیادەکاتەوە.

بۆ نموونە، چەند ساڵێک لەمەوپێش فۆتۆ ستۆرییەکم لە چێنای* (پایتەختی ویلایەتی تامیل نوندوو لە وڵاتی هیندستان) لەسەر گەشتیاری تەندروستی لە

هەرێمەکەدا کرد، بۆ بەختی خۆم هەر زوو پاش گەیشتنم بۆ شارەکە ملم تووشی ڕەق بوونێکی سەیر بوو، ئەویش لە ئەنجامی ڕووداوێکی ئۆتۆمبێل بوو کە لە یەکێک لە کارەکانی پێشووترمدا تووشم هاتبوو. ئازاری ملم ناچاری کردم تەوقی مل ببەستم و ببم بە نەخۆشی هەمان ئەو پزیشکانەی کە چیرۆکەکەم لەسەریان دەکرد. ئەوەندەم زانی من دەبوایە فۆتۆی پزیشکەکانی خۆم و نەخۆشەکانی تریان بگرم کە تازە نەشتەرگەری گۆڕینی ئێسقانی سمت و ئەژنۆیان بۆ کرابوو، لە جێگادا کەوتبوون و نەیان دەتوانی بجوولێن. منیش خۆم بە هەزار حاڵ دەمتوانی ملم بجوڵێنم و وێنەیان بگرم و کارەکەم تەواو بکەم، ئیتر ئاوا ئەو کارەی کە وام دەزانی یەکێک دەبێت لە کارە ئاسانەکانم، بوو بە یەکێک لە قوورسترین و سەیرترینیان.

**حەز بە دیداری کام فۆتۆگرافەر دەکەیت؟**

من خۆم بە بەختیار دەزانم کە لە ژیانی پیشەییمدا بە دیداری زۆر لەو فۆتۆگرافەرانە شاد بووم کە خۆیان و کارەکانیان کاریگەریان لەسەرجێهێشتووم، بەڵام زۆر خۆشحاڵ دەبووم ئەگەر بمتوانیانە (کارتییر بریسۆن) پێش کۆچی دواییکردنی ببینم.

**حەز دەکەیت فۆتۆی کام کەسایەتی بەناوبانگ (لەژیاندا مابێت یان مردبێت) بگریت؟**

ئەو کەسایەتییە بەناوبانگەی کە لە ژیاندا ماوە و زۆر حەز دەکەم فۆتۆی بگرم معەمەر قەزافییە لەگەڵ پاسەوانە ژنەکانیدا.

**بێجگە لە کامێرا و کەلوپەلی ڕووناکییەکەت ، ئەو ئامێرە چییە کە ناتوانیت لە کارەکانتدا دەستبەرداری ببیت؟**

ئەو ئامێر و کەلوپەلانەی کە لەگەڵ خۆم هەڵیان دەگرم و بۆ کارەکانم دەیانبەم، زیاتر دەکەوێتە سەر جۆری کارەکە، بەڵام لەم سەردەمی دیجیتاڵدا هەبوونی کۆمپیوتەر و پەیوەندی بەستن بە جیهانی دەرەوە، وەک ئینتەرنێت، هێندەی کامێرا بۆ فۆتۆگرافەر گرنگە. بێجگە لەمەش لە بارودۆخە مەترسیدارەکاندا حەز دەکەم دەرفەتی ئەوەم هەبێت کە هێلەگی قەڵغانیم لەبەردابێت بۆ پاراستنی گیانم. هەندێ شتیش هەیە بۆ هێنانی بەختی باش بۆم لەگەڵ خۆم هەڵیان دەگرم، یەکێک لەوانە وێنەی (پاشا)ی پشیلە کۆچ کردووەکەمە کە بۆ هەموو شوێنێک لەگەڵ خۆم دەیبەم.

**هیچ شتێک هەیە بە ڕێگای دیجیتاڵی دەستکاری نەکەیت؟**

کاتێک پرسیار دێتە سەر دەستکاریکردن و ئێدیتکردنی فۆتۆ، من کەمێک کلاسیکیانە بیر دەکەمەوە، زۆر بەلامەوە گونجاو نییە و لەو باوەڕەدام کارەکان دواجار لە تاقیگەی وێنە شتنەوەدا بەرهەمبێت. دەشکرێت پرۆگرامی فۆتۆشۆپ وەک ئەو تاقیگەیە سەیربکرێت.

**بیرۆکەکانت زیاتر لە کوێوە سەرچاوە دەگرن؟**

لە ژیان و لە خوێندنەوەوە.

**چۆن خۆت دەربازدەکەیت لەو شکبوونانەی جارجارە وەک فۆتۆگرافەرێک تووشی توانای داهێنانت دەبن؟**

وەک فۆتۆگرافەرێکی پرۆفێشناڵ دەبێت سەرەڕای ئەو شکبوونانە من هەر بەردەوام بم لە فۆتۆگرتن، لەبەرئەوەی دواجار بینین فۆتۆیەکی باش وات لێدەکات بەردەوام بیت و هاندەرێکن بۆ داهێنانی بیرۆکەی نوێ.

**بیجگە لە فۆتۆگرافی هیچ بەهرەیەکی تری داهێنەرانەت هەیە؟**

من خۆشییەکی زۆر لە نووسین دەبینم و کاتی خۆشی هەوڵمداوە دەست بدەمە کاری وێنەکێشان.



**ئێستا گوێ لە چ جۆرە میوزیکێک دەگریت؟**

ئەم ماوەیە خوم داوەتە بەسەرکردنەوەی میوزیکی سەردەمی هەرزەکاریم وەک تیپی: (ئێکۆ & زە بەنیمێن-Echo& The Bunnymen,کیوەرCure،) جۆی دیڤیژن( Joy Division لەگەڵ بیلی ئایدڵ Billy Idol.. بێجگە لەمانەش خۆشی زۆرلە گوێگرتن لەمیوزیکی عودی عێراقی دەبینم.

**کارەکەت و ژیانی تایبەتی خۆت چۆن دەگونجێنێت بەشێوەیەک هاوسەنگییەک لە نێوان هەردووکیاندا هەبێت؟**

بە رێکخستنی ئەو ماوانەی لە دەرەوە لەسەر کارەکەم بەسەری دەبەم. جاران بە مانگ بۆ کارێک لە دەرەوە دەمامەوە تا تەواوم دەکرد نەدەهاتمەوەماڵەوە بەڵام ئێستا هەوڵدەدەم لە نێوان گەشتەکانمدا بێمەوە بۆ ماڵەوە، ئەگەر تەنها بۆ چەند کاتژمێرێکی کەمیش بێت. هەست دەکەم کە لە ماڵەکەی خۆم و لە ناو جێگاکەی خۆمدا دەخەوم یان کە لەگەڵ ئاژەڵە ماڵییەکانم کات بەسەردەبەم، ئەوا شوێنێک بۆخۆم دەدۆزمەوە هەمیشە بۆی دەگەڕێمەوە و بە زەوییەوە دەمبەستێتەوە.

هەروەها فێریش بووم چۆن خێزانەکەم و هاوڕێ و دۆست و ئازیزانم لەگەڵ تەندروستی باشم لە سەری سەرەوەی ئەولەویاتەکانم دابنێم. بۆم دەرکەوتووە دۆزینەوەی ئەو هاوسەنگییە گارەنتی بەردەوامین لە ژیاندا.

**جوانترین وتە بەلای تۆوە چییە و هی کێیە؟**

"هەندێک مرۆڤ دەژین بۆ ئەوەی بمرن. هەندێکی تریش دەمرن بۆ ئەوەی بژین. (بێنەزیر بۆتۆ)"

**هیچ ئامۆژگارییەکت هەیە بۆ ئەوانەی تازە دەست دەدەنە کاری فۆتۆ-جۆرنالیستی؟**

کاتێک کە خوێندکاری یەکەم ساڵی زانکۆ بووم، پرۆفیسۆری وانەی فۆتۆ-جۆرنالیزم کە ئەو کاتە یەکێک بوو لە سەرنووسەرە گەورەکانی گۆڤاری (ناشناڵ جیۆگرافیک) داینیشاندم بۆ ئەوەی ئاگادارم بکاتەوە ئەم کارەی من دەستم داوەتێ چەند قورسە. باسی ناجێگیری و ناسەقامگیرییەکەی لە رووی داراییەوە بۆ کردم و پێشی وتم کە چەند لەسەر ژیانی تایبەتیم قورس دەکەوێت، هەمووی

وەک گوێز پاک کرد و خستییە دەستم، بەڵام من ئەوکاتە زۆر سووربووم لەسەر ئەوەی نەهێڵم هیچ کەسێک و هیچ شتێکیش رام بگۆڕێت.

بوون بە فۆتۆجۆرنالیست ئیش و کارێکی وەک فەرمانبەرێتی نییە، هەروەها شێوازی ژیانێکیش نییە لافی پێوە لێدەیت، بەڵکو دەبێت لەناویدا بژیت و وەک هەناسە هەڵیبمژیت تا ئەو رادەیەی کە ئامادە بیت لە پێناویدا ژیانت بخەیتە مەترسییەوە.

**ئەو شتە چییە کە حەزت دەکرد ئەوکاتەی دەستت دایە فۆتۆگرافی بتزانیایە؟**

خۆزگە بمزانیایە کە هەرگیز ئاسانتر نابێت. قورستر دەبێت، بەڵام ئاسانترن نا. پێش ئەوەی دەست بدەمە کارەکە، ئاگاداریان کردمەوە کە زۆر قورسە وەک فۆتۆگرافەرێکی سەربەخۆ بتوانیت بەردەوام بیت. ئەگەر ئەو کاتە گوێم لێبگرتنایە، ئێستا فۆتۆگرافەر نەدەبووم. وابزانم ئەگەر ئاسان بوایە، خەڵکی زیاتر دەبوونە فۆتۆگرافەر.



# لەیلا حاتەمی: سینەما شوناسی منە



و. لە فارسییەوە: جەواد حەیدەری

لەیلا حاتەمی لە خێزانێکی سینەماکاردا لەدایک بووە. دایکی لە سەردەمی حکومەتی "شـا"دا ئەکتەر و باوکیشی نووسەر و دەرهێنەر بـووە. ئەوان هەردووکیان سەرقاڵی بەرهەمهێنانی فیلم بوون.

لەیلا پاش ئەوەی قۆناغی دواناوەندیی لە ئێران تەواوکرد و بۆ درێژەپێدان بە خوێندن ڕێگای سویسرای گرتەبەر، هێشتا خوێندنی لەو وڵاتە تەواو نەکردبوو کە لەبەرنەخۆشی باوکی لە ساڵی ١٩٩٧ گەڕایەوە بۆ ئێران، دوای ماوەیەک باوکی کۆچی دوایی کرد و ئەمەش وای کرد بۆ ماوەیەکی زۆر لە سینەما دابڕێت.

لەیلا سەرەتا لەو فیلمانەی کە باوکی بەرهەمی دەهێنان بەشداری دەکرد. خێزانەکەی حەزیان نەدەکرد کە کچەکەیان بەشداری فیلم بکات، بەڵام لەیلا دەیویست بەرلەوەی دەست بکات بە کاری سینەمایی، ڕەزامەندی ماڵەوەیان لەوبارەیەوە بە دەست بهێنێت. دواتـر داریـوش ئەرجومەندی پێشنیاری هاوکاریکردنی خستەبەردەستی لەیلا بۆئەوەی لە فیلمی "لەیلا" ڕۆڵ بگێڕێت و ئەویش بەشداری کرد و فیلمەکەش لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. پاش ئەوەی باوکی کۆچی کرد بۆ ماوەیەک وازی لە ئیشکردن

هێنا، هەرچەند لەو ماوەیەدا چەندین پێشنیاری خرایە بەردەست بۆئەوەی رۆڵ بگێڕێت، بەڵام لەیلا هەموو ئەو پێشنیارانەی رەتکردەوە.

لەیلا دەڵێت: من بەدوای بەختەوەری و کامەرانییەوەم و هەرگیز نەمویستووە لە رێگای هونەرەکەمەوە پارە و سامان بە دەست بهێنم.

لەیلا وتیشی: پاش ئەوەی لە فیلمی "لەیلا"دا دەرکەوتم زۆر خۆشحاڵ بووم، چونکە فیلمەکە لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازییەکی گەرموگوڕی لێکرا و ئەوەش بە لای منەوە زۆر خۆشبوو. بۆ ماوەیەک هیچ ئیشوکارێکم نەکرد هەتاکو کەمال تەبرێزی پێشنیاری بۆکردم کە لە فیلمی "شەیدا" رۆڵ ببینم و وەک ئەکتەرێک دەرکەوم.

فیلمی "لەیلا" رووداوێکی گرنگ بوو بۆ من، ئەو فیلمە ژیانی منی گۆڕی. من هەر لە سەرەتاوە، هەر لەو کاتەوە کە پێشنیارم پێکرا کە لەو فیلمەدا رۆڵ ببینم، تێگەیشتم کە ئەو رۆڵەی بۆ من دانراوە پڕ بە پێستی منە و دەتوانم بە باشی بە ئەنجامی بگەیەنم و تێدا سەرکەوتوو بم. زۆرجار دەرهێنەرێک حەز ناکات دوو جار لەگەڵ ئەکتەرێک کار بکات و دەرفەت بە ئەکتەرێک بدات کە لە دوو یان چەند فیلمی ئەودا رۆڵ ببینێت. من ئێستاش بەهیوام کە لە فیلمێکی تری داریوش میهرجویی وەک ئەکتەرێک دەرکەوم و رۆڵی خۆم ببینم. هێشتا رۆڵێکی شایستە و گونجاوم پێ پێشنیار نەکراوە، کاری ئەکتەری لەگەڵ دەرهێنەری زۆر جیاوازە. کاتێک کە ئەکتەرێک لە رۆڵێک دەبێتەوە چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە پێشنیاری رۆڵێکی تری پێ بدرێت. هەندێ لە مرۆڤە لەدایک بوون بۆئەوەی رۆڵ ببینن، هەندێکی تر پێشنیاریان پێدەکرێت، هەندێکی تر دەنووسن، بەڵام من زۆر دڕدۆنگ و بەگومانم و حەز دەکەم لە چاوەڕوانیدا بمێنمەوە. کاتێک کە سەیری ژیانی خۆت دەکەی و دەبینی کە چەند ساڵ لە تەمەنت تێپەڕیوە و هێشتا هیچ رۆڵێکی ئەوتۆت نەگێڕاوە یان پرۆژەیەکت نییە، هەست بە نیگەرانی و خەفەت دەکەی بە تایبەتی من کە هێشتا حەسرەتی ئەوەم لە دڵدا ماوەتەوە کە بۆچی خوێندنەکەم تەواو نەکرد. بەختەوەرانە و خۆشبەختانە هاوسەرەکەم (عەلی موستەفا) کە خۆی هەم ئەکتەرە و هەم دەرهێنەر بەردەوام هانی داوم و پشتی گرتووم و پاڵپشتم بووە و دید و بۆچوونەکانی خۆی بۆ خستوومەتە روو، هەرئەوەش وای کرد کە دەست بکەم بە وەرگێڕانی هەندێک بەرهەم لە زمانی فەڕەنسییەوە بۆ سەر زمانی فارسی و روو بکەمە وەرگێڕان. (لەیلا حاتەمی لەلایەن دەوڵەتی فەڕەنسا بە هۆی خزمەتکردن بە ئەدەب و هونەری فەڕەنسی گەورەترین خەڵاتی ئەو وڵاتەی پێبەخشرا– وەرگێڕ).

**بۆ تۆ کە لە ئێران دەژی ئەکتەری چ واتا و مانایەکی هەیە؟**

بەد شانسی، لە ئێران تۆ ناتوانی ئەستێرەیەک بیت بە واتا ئاساییەکەی، چونکە ناتوانی لە شەقام و کۆڵانەکاندا پۆستەر، ئەویش بە تایبەتی پۆستەری ژن، بەکار بهێنی، ئەگەر ئەو کارەش نەکەیت وێنەی ژن بەپێچەوانەی وێنەی پیاو روون و ئاشکرا و دیار نابێت، هەروەها حیجاب و سەرپۆش و شێوەی جلوبەرگ لەبەرکردنیش هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت و ناگۆڕدرێت. هەموو شتەکان دووبارە و رووکەشین. بە هیچ شێوەیەک تۆ ناتوانی رووخساری خۆت لە فیلمێکەوە بۆ فیلمێکی تر بگۆڕی، هەمیشە دەبێت یەک شێوە رووخسار نیشان بدەیت و بەردەوام دەبێت لەسەر یەک شێواز و شێوە بمێنینەوە. پەیوەندی ئێمەی هونەرمەند لەگەڵ خەڵک فەرقی هەیە. من هیچ ئەزموونێکم لەبارەی دەرەوەی ئێرانەوە نەبوو، بەڵام پێدەچێت لە ئێران مەودای نێوان هونەرمەند و خەڵک مەودایەکی کورتە و ئەوان زۆر لە یەک نزیکن. ژیانی هونەرمەندانیش زۆر شێوەی لە ژیانی ئاسایی خەڵک دەچێت. تۆ زۆر بە ئاسانی دەتوانی لە میترۆ هونەرمەندێک ببینی. پێدەچیت هونەرمەندێک لە ئێران بەشێوەی راستەقینەی رێزی لێ نەگیرێت و لەبارەی داراییشەوە ئەکتەر و هونەرمەندێک بە ئەندازەی ئەندازیارێک داهاتی هەیە. هیچ شتێکی نائاسایی و سەیر و سەمەرە لێرە روو نادات و بوونی نییە.

**ئایا جەماوەر و خەڵک تۆ لە میترۆ دەبینین؟**

لە سەیرکردنی زۆربەیان تێدەگەم کە ئەوان من دەناسن، بەڵام دەریناخەن و پێدەچێت مەبەستێکیان هەبێت یان زۆرجار بە ئەنقەست گوێی پێنادەن و بەلایانەوە ئاساییە، بەڵام هەلومەرجەکە لە دەرەوەی وڵات زۆر جیاوازە، لە دەرەوەی وڵات خەڵک بـەرەوڕووت دێن و سۆز و خۆشەویستی خۆیان دەردەبڕن و قسە دەکەن و باس لەوە دەکەن کە سەیری تەلەفزیۆنیان کردووە و رۆڵی تۆیان لە فلانە فیلمدا سەیرکردووە.

**ئایا ناوبانگی تۆ بە تەلەفزیۆن دەگەڕێتەوە یان بۆ سینەما، سینەما بووە هۆی ئەوەی کە تۆ ناوبانگ دەرکەیت و ناودار بیت، ئایا ئەو ناودارییەی تۆ هۆکارەکەی ئەوەیە کە لەو فیلمانەدا بەشدارییت کردووە کە خۆشەویستن و بەلای خەڵکەوە مایەی پەسەندە؟**

فیلمەکانی من چۆن هەڵدەسەنگێنن؟! من لەگەڵ میهرجویی، تەبریزی، کیمیایی و جیرانی لە فیلمی هونەری و بازرگانی کارم کردووە، ئەوەی کە لە میهرجوییدا سەرنجی منی راکێشا ئەوە بوو، کە میهرجویی سەرەڕای ئەوەی کە نووسەر و دەهێنەرە، هاوکاتیش لای خەڵک زۆر خۆشەویستە. ئەو شێوازێکی سرووشتی و ئاسایی خۆی هەیە و خەڵک باش دەناسێت. میهرجویی ئەو چیرۆکانەی کە ئێمە دەیان جار بینومانە و بیستوومانە زۆر بە سادەیی، بەڵام بەشێوەیەکی لێهاتوو و کارامە بۆمان دەگێڕێتەوە. ئیشکردن لە سینەمای بازاڕی و بازرگانی هەرگیز بێ تاقەتم ناکات، بەڵام بۆمن هێڵی سوورە و پێم لەو هێڵە ناخەمە دەرەوە و پێشێلی ناکەم. من بەردەوام لەگەڵ ئەو کەسانەدا ئیش دەکەم کە لەبواری کاری خۆیاندا لێهاتوو و کارامەن و ئیشوکاری خۆیان باش دەزانن یان لانیکەم لە هونەر تێدەگەن و لە بیری پێشکەوتن و سەرکەوتندان.

**ژنانی ئەکتەر لە ئێران چۆن دەبینیت؟**

هەروەکو پیاوان، ئێمەی ژنان دەرهێنەری باشمان هەیە، (بنی ئێعتیماد) هەر وەک میهر جویی وایە، کامێرای ئەو لە شوێنێکی گونجاودایە و سێبەر ناخاتە سەر فیلمەکە، فیلمەکانی بنی ئیعتیماد لە وانی تر باشتر و لەبارەی ناوەڕۆکەوە زۆر بەهێزترە. لەڕاستیدا سینەمای ئێران تووشی گۆڕانکاریی بووە و ئیتر رۆڵی ناڕاست نابینن، سەرەڕای ئەمانەش جارجارە لە هەندێ لە فێستیڤاڵەکان فیلمی ئاستنزم و خراپ دەبینم و لە هەڵبژاردنی ئەو فیلمانە تووشی سەرسوڕمان دەبم، رەنگە ناوەڕۆکی ئەو فیلمانە سەرنجڕاکێش بن.

**ئایا لەگەڵ ئەوەدایت کە ناوەڕۆکی ئەو فیلمانە بۆ رۆژئاواییەکان گرنگی هەیە؟**

بەڵێ، هەندێ لە بابەتەکان لەبەرئەوەی لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەن کە رۆژئاواییەکان پێناسەیان بۆ کردووە زۆر سەرنجڕاکێشن. ئەم جۆرە فیلمانە جیاوازییە کلتوری و فەرهەنگییەکان دەردەخەن، تەنانەت ژنە دەرهێنەرەکانیش خۆیان هۆکارێکن بۆ سەرنجڕاکێشانی ئەو فیلمانە. من بەشبەحاڵی خۆم کاتێک کە سەیری ئەو فیلمانە دەکەم کە جیاوازە فەرهەنگییەکان نیشان دەدات و دەرهێنەرەکانیشیان ژنن زۆر بەلامەوە سەرنجڕاکێشتر دەبن.

**چ شتێک بووە هۆکاری ئەوەی کە لە تەلەفزیۆن چالاکی بنوێنێت لەکاتێکدا کە پێشنیاری زۆرت بۆ ئیشکردن لەسینەمادا خراوەتە بەردەستت؟**

تەلەفزیۆن بەنیازە بەگشتی سینەما بۆ لای خۆی رابکێشێت و ئەمە کارێکە کە تەلەفزیۆن دەستی پێکردووە، حەوت ساڵ لەمەوبەر دوای ئـەوەی کە بەشداریم لە فیلمی دووەمـی خۆم کرد بۆ ماوەی سێ ساڵ بێ ئیشوکار مامەوە. لەوماوەیەدا هەموو ئەو فیلمانەی کە بە من پێشنیار دەکران بۆئەوەی رۆڵی تێدا بگێرم، ئاستنزم و لاواز بوون و بەها و نرخێکی ئەوتۆیان نەبوو. کاتێک کە لە تەلەفزیۆنە پێشنیاری ئیشکردنم پێدرا زۆر خۆشحاڵ بـووم. ئەو سناریۆیەی کە بۆم پێشنیارکرابوو باسی لە کچێکی ئێرانی دەکرد لە سەدەی بیستەمدا، هانیاندام، پێم خۆش بوو چونکە جلوبەرگی ئەو کچە فەرقی هەبوو. بۆ ماوەی سێ مانگ دوودڵ و دڕدۆنگ بووم. پێموابوو نابێت ئەکتەرێکی سینەما لە تەلەفزیۆن دەرکەوێت، چونکە پێموابوو کە ئیشکردن لە تەلەفزیۆن زۆر خراپە و کار و ئیشکردنەکان هەموو بازاڕی و لەبواری بازرگانیدان. ئەوەی کە بووە هۆی ئیشکردن لە تەلەفزیۆن، پشتگیری و پاڵپشتی هاوسەرەکەم و بەهێزبوونی سیناریۆ و هەروەها باشبوونی پێشنیارەکان لە باری دارایـیـەوە، من لە دراماکەی تەلەفزیۆن زۆر سەرکەوتوو بووم، بەڵام بارتەقای ئەوەش هێشتا رازی نەبووم، بەشێوەیەک هەستم بە شەرمەزاری دەکرد کە تەنانەت لە رووم هەڵنەدەهات لە ئاست بنەماڵەکەمدا سەر بەرزبکەمەوە.







**بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو شتانە تۆ پێشنیارێکی نوێی تەلەفزیۆنت قبووڵ کرد؟**

سیناریۆکەی سەرنجی منی بۆ لای خۆی راکێشا. چیرۆکە باس لە ژنێک دەکات کە تەمەنی

لە نێوان ٢٠ ساڵ بۆ ٣٠ساڵدایە. گرێبەستەکەم واژۆ کرد و پاش وێنەگرتن ئەو شتەی کە نەدەبوایە روو بدات، رووی دا، من دەبوایە لە دراماکەدا عەبا و چارشێو بە خۆمدا دەم، مەحاڵ بوو کە لەو سەردەمەدا ژنێک لەو بارودۆخەکەدا عەبا و چارشێو بە خۆیدا بدات، ئەو ژنێکی چالاک و خۆشحاڵ و بەکەیف بوو و ئەمە شتێکی نامەنتیقی و نالۆژێکی بوو کە لەو سەردەمەدا چارشێو بکات، هەر لەبەر ئەو هۆیە لە ماڵەوە دانیشت و چاوپۆشی لە هەموو کار و چالاکییەکانی خۆی کرد، سیناریۆکە گۆڕا بوو، هاوکات دەبوایە لە دراماکەدا لەگەڵ کەسێک هاوسەرگیری بکەم کە کەسێکی زۆر خراپ و نێگەتیڤ بوو، هەموو نیگا عاشقانەکان لەو درامایەدا سڕایەوە، تەنانەت ئەو ساتانەی کە لەگەڵ هاوسەرەکەی خۆم رۆڵم دەبینی، هەمووی سڕایەوە، هیچ رێگەیەکیش بۆ گەڕانەوە نەبوو، ئەوەندەم پێناخۆش بوو لە داخان دەگریام، لەگەڵ بەرپرسە دراماکە قسەم کرد ئەوان تەنها بەڵێنی بێ کردەوەیان دەدا، ئێتر نازانم خەڵک چۆن ئەو درامایەیان موتابەعە دەکرد.

**تۆ و هاوسەرەکەت هۆڵی سینەما و کافتریا بەڕێوەدەبەن کە لەلایەن جەماوەرە بە گەرمی پێشوازی لێدەکرێت. بارودۆخی سینەما لە تاران چۆنە؟**

من و باوکم لە پانزدە ساڵ لەمەوبەرە ئەم هۆڵەمان لەئەستۆ گرتووە و بەدەست ئێمەوەیە. پاش مردنی باوکم ئەم هۆڵە بە میرات بە من بڕا. لەڕاستیدا ئامادەبوونی ئێمە لە دونیای سینەمادا بە مانای ئەوە نییە کە ئێمە توانای بەڕێوەبردنی هۆڵێکی سینەمامان هەیە، ئەم بابەتە زۆر سەخت و دژوارە، چونکە ئەم هۆڵە لە گەڕەکێکدا هەڵکەوتووە کە لە ئێستادا ئەو شوێنە بووەتە شوێنێکی بازرگانی. پێمان وابوو دەتوانین ئەگەر مەراسیم و ئاهەنگەکانی خوێندکاران لەوێ ساز بکەین بۆئەوەی بتوانین سەرنجی بەشێکی تری لە خەڵک بۆ لای خۆمان رابکێشین. هیچ مەبەستێکم نەبوو و بەنیازی ئەوەش نەبووم کە ئەو کافتریایە بکەمە شوێنی چینێکی تایبەت، بەڵکو مەبەستم ئەوە بوو کە شوێنێکی سرووشتی و سادە و شاعیرانە فەراهەم بکەم بۆئەوەی هەموو کەسێک وا هەست بکات کە ماڵی خۆیەتی، کافتریا لە ئێستادا لەناو کلتوور و فەرهەنگی ئێمەدا چەمک و مانای خۆی لەدەست داوە و من تەنها دەمویست ئەو چەمک و مانا و واتایە بۆ کافتریا بگەڕێنمەوە.

**ئایا لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئەگەری ئەوە هەیە کە شوێنێکی فەرهەنگی بکرێت بە شوێنێکی بازرگانی، لە ئێستادا بازرگانی گەمارۆی تۆی داوە، ئایا حکومەت پشتیوانی و پاڵپشتی تۆ دەکات؟**

هۆڵی سینەما وەک ئاڵتوون و زێڕ وایە، بەڵام ئەگەری فرۆشتنی بۆ ئێمە لە ئارادا نییە مەگەر ئەوەی کە هۆڵێکی تر لە شوێنێکی تر دابمەزرێنین. من لەگەڵ رابردوودا بەشێوەیەکی جدییە لە پەیوەندیدام، من تەنیا کچی بنەماڵەکەی خۆمانم، کاتێک باوکم کۆچی دوایی کرد، نەمهێشت کەس دەست لە کەلوپەلی تایبەتی باوکم بدات. دایکم بەپێچەوانەی من زۆر سەربەگۆبەند و سەر بە گێچەڵە، هەموو موڵک و ماڵی ئێمەی فرۆشتووە و تەنانەت بەنیاز بوو ئەو هۆڵەی کە هەمانبوو، بیفرۆشێت. من داوام لێکرد هەتا منداڵەکەی من گەورە دەبێت دەست راگرێت و دان بەخۆیدا بگرێت. من زۆر عاتفی و بەسۆز و دلۆڤانم و هۆڵی سینەمام زۆر خۆش دەوێت. کورسییەکەی باوکمیان هێناوە بۆ ئێرە، من زۆر خۆشحاڵ دەبم کاتێک دەبینم کە هەموو شتەکان لێرە زیندووە، نەک ئەوەی کە بەشێک بن لە مۆزەخانە. پێموابوو کە دەتوانم پاش ئەوەی منداڵم ببێت بارودۆخەکە بگۆڕم و کاتێکی زیاتر بۆ هۆڵی سینەما تەرخان بکەم، بەڵام نەکرا.

**(لەیلاحاتمی ئەکتەری ناوداری ئێرانی ساڵی ١٩٧٢ لە تارانی پایتەختی ئێران لە ناوی بنەماڵەیەکی هونەرییدا لەدایک بووە، ناوی مێردەکەی عەلی موساەفایە و کوڕ و کچێکی بەناوەکانی مانی و عەسەل هەیە. لەبەری ئەو خزمەتانەی کە لە بواری وەرگێڕان بە ئەدەب و هونەری فەڕەنسای کردووە ئەو وڵاتە خەڵاتی "شوالیە"، کە بەرزترین خەڵات لەو وڵاتەدا لە قەڵەمدەدرێت دەبەخشێتە لەیلا حاتەمی، ناوبراو لە فێستیڤاڵی کان لە ساڵی ٢٠١٢ بەشداری دەکات و خەڵاتی پێدەبەخشرێت. تائێستا چەندین خەڵاتی جیهانی و ناوخۆیی بەدەستهێناوە و لە ئێستادا لە تاران دەژیت).**

**سەرچاوە:**
www.cinemaema.com

دەتوانیت گۆڤاری

هەنار

لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.henar.org

www.dengekan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە